# کـــــــــردەقسەییەکان ( هێورکردنەوە لە دەربڕیندا )

نامەیەکە

نــــــاز ئـەکــرەم ســــەعـید

پێشکەشی فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان / سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا .

سـەرپەرشـــت :

پ.ی.د. ئەبـوبـەکـر عـومـەر قــادر

( ٢٧١٣ ) ی کوردی ( ٢٠١٣ ) ی زایینی

**ئەم نامەیە بە چاودێری من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا .**

**ناو :**

**ڕۆژ : / / ٢٠١٣**

**بە پێی ئەو پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم .**

**ناو :**

**سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا**

**ڕۆژ : / / ٢٠١٣**

**ئێمە ئەندامانی لیژنەی وتوویژ و هەڵسەنگاندن ، ئەم نامەیەمان خوێندنەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا ، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (            ) بڕوانامەی ماستەری لەزمانی کوردیدا پێ بدرێت.**

**ناو : پ.د. بەکر عومەر عەلی**
**ئـــەنـدام**
**ڕۆژ : ١٠ / ١٠ / ٢٠١٣**

**ناو : پ.د. فەرەیدون عەبدول محەمەد**
**سەرۆکی لیژنە**
**ڕۆژ : ١٠ / ١٠ / ٢٠١٣**

**ناو: د. کاروان عومەر قادر**
**ئـــەنـدام**
**ڕۆژ : ١٠ / ١٠ / ٢٠١٣**

**ناو : پ.ی.د. ئەبوبەکر عومەر قادر**
**ئەندام و سەرپەرشت**
**ڕۆژ : ١٠ / ١٠ / ٢٠١٣**

**لەلایەن ئە نجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا.**

**ناو :**
**سەرۆکی سکوڵی زمان**
**ڕۆژ:    /    / ٢٠١٣**

# پێشـــەکیی

# بەشی یەکەم :

# زمان و کردە قسەییەکان

# بەشی دووهەم :

# هێورکردنەوە و زمانی جەستە

## بەشی سێهەم :

## ڕەنگدانەوەی هێورکردنەوە لە دەربڕیندا (زمانی کوردی)

# ئـــەنجــام

# پــاشـــكـۆكان

# ســـــەرچاوەكان

## پێشکەشە بە :

١. دوو چرای بەردەوامی ڕێگای ژیانم : ( دایکم ، باوکم ).

٢. چوار گوڵی گەشاوەی ژینم ( خوشکەکانم ) : ( لۆڤان ،سۆزان ،شۆخان ، چاوان ) .

٣. ( خۆشەویست و هاوڕێیانم ) .

٤. ( سەرجەم خوێنەران ).

# سوپاسنامە :

## سوپاس و پێزانینم بۆ :


١. ڕێز و سوپاسی بێپایانم بۆ مامۆستای زۆر بەڕێزم ( پ.ی.د. ئەبوبەکر عومەر قادر ) ، کە وەك باوك و مامۆستایەکی گەورە ، ئەرك و ماندووبوونی لە سەرپەرشتیکردنی ئەم نامەیەدا گرتووەتە ئەستۆ و بە ڕێنمایی زانستییانە هاوکارم بووە ، هیوای لەشساغی و تەمەن درێژی بۆ بەڕێزی دەخوازم .

٢. زۆر سوپاس بۆ مامۆستای ئازیز ( د. قەیس کاکل تۆفیق ) مامۆستای زانکۆی سۆران / کۆلێژی ئاداب ، هاوکاریی کردووم بە تێبینییەکانی .

٣. ڕێز و سوپاسی تایبەتم بۆ مامۆستای بەڕێز ( توانا فەرەیدون حسێن ) مامۆستای زانکۆی کۆیە / کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان ، بە تێبینی و زانیاری بەسوود لە بواری ( زانستی کۆمەڵناسی ) و پێدانی سەرچاوەی پێویست لەو بابەتانە و کۆکردنەوەی داتای بابەتی نامەکە یارمەتیدەرم بووە .

٤. سوپاسی تایبەتم بۆ مامۆستای زمانی عەرەبی ( موحسین پیرۆت ) ، لە کاری وەرگێڕانی سەرچاوە عەرەبییەکاندا یارمەتیدەرم بووە، سوپاسی مامۆستای بەڕێزم (پ.ی.د. عەبدولسەلام ) کاری وەرگێڕانی کورتەی نامەکەم بۆ زمانی عەرەبی گرتە ئەستۆ .

٥. سوپاس بۆ خوشکی دڵسۆزم (چاوان ئەکرەم سەعید) لە کاری کۆمپیوتەری ئەم لێکۆڵینەوەیەمدا ماندوو بووە ، خوشکی ئازیزم ( شۆخان ئەکرەم سەعید ) وەرگێڕانی سەرچاوە ئینگلیزییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەمی گرتە ئەستۆ زۆر سوپاسی دەکەم .

٦. سوپاسی هاوڕێی بەڕێز و دڵسۆزم ( چۆلی ئەسعەد ) دەکەم ، کە بە سەرچاوە و تێبینی لە کاری ئەم نامەیەدا هاوکاریی کردووم ، ئازیز و دڵسۆزم ( عومەر خیام ) کاری وەرگێڕانی کورتەی نامەکەم بۆ زمانی ئینگلیزی گرتە ئەستۆ زۆر سوپاسی دەکەم ، سوپاس بۆ هاوڕێی خۆشەویستم ( شۆخان عەزیز عومەر ) بە سەرچاوە هاوکارم بووە .

# هێما و کورتکراوەکان

| لێکدانەوە | هێما |
| --- | --- |
| یان | / |
| قسەکەر | ق |
| گوێگر | گ |
| سترێس |  |
| زۆرترە لە | ~ |
| ڕوونکردنەوە | * |
| دەگەڕێتەوە بۆ | ↔ |
| گەورەتر و یەکسانە بە | ≤ |
| پێچەوانە | × |
| ڕستە | ڕ |
| فرێزی ناوی | ف. ن |
| فرێزی کرداری | ف . ك |

## لیستی زاراوەکان

| ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|
| | ئـــ |
| Intonation | ئاوازە |
| Communication Skills | لێهاتوویی پەیوەندییکردن |
| Acoustic Level | ئاستی بیستن |
| Physiological Level | ئاستی فیسیۆلۆژیی |
| Linguistic Level | ئاستی زمانەوانی |
| | بـــ |
| Speech Production | بەرهەمی قسەکردن |
| | پـــ |
| Communication | پەیوەندییکردن |
| Verbal Communication | پەیوەندییکردنی دەمیی |
| non-verbal Communication | پەیوەندییکردنی نادەمیی |
| Syntagmatic communication | پەیوەندی تەکنیشینی |
| Paradigmatic communication | پەیوەندی ستوونی |
| Message | پەیام |
| Para Language | پارازمانیی |
| | تـــ |
| Age | تەمەن |
| Speech Acts Theory | تیۆری کردەقسەییەکان |
| | چ |
| Pronunciation | چۆنیەتی دەربڕین |
| | د |
| Motor Nerves | دەمارە بزوێنەرەکان |
| Sensory Nerves | دەمارە هەستیارییەکان |
| | ڕ |

| | |
|---|---|
| Gender | ڕەگەز |
| Pitch | ڕەوت |
| | ز |
| Language | زمان |
| Speech Chain | زنجیرەی قسەکردن |
| | ژ |
| Noise | ژاوەژاو |
| | س |
| Stress | سترێس |
| | ش |
| Style | شێواز |
| | ق |
| Speech | قسەکردن |
| Speaker | قسەکەر |
| | کـ |
| Channel | کەناڵ |
| Direct Speech Act | کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ |
| Indirect Speech Act | کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ |
| Tag Question | کلکە پرسیار |
| Code | کۆد |
| | گـ |
| The Contact Theory | گریمانەی پەیوەندیی |
| Hearer | گوێگر |
| Inflection | گۆڕانی دەنگ / شکاندنەوە |
| | م |
| Vocal Muscle | ماسولکە ڤۆکاڵییەکان |
| Female | مێ |
| | نـ |

| | |
|---|---|
| Content | ناوەڕۆك |
| Mitigation Device | نەرمی جوڵانەوە |
| Deixis Discourse | نیشانەی دەق |
| Deixis Time | نیشانەی کات |
| Deixis Place | نیشانەی شوێن |
| | هـ |
| Attitude | هەڵوێست |
| Calm-Down | هێورکردنەوە |

## نـــاوەڕۆك


| ژ. لاپەڕە | بـــابەت |
|---|---|
| | پێشەكیی |
| ٢ | ١/٠ ناونیشانی نامەكە |
| ٢ | ٢/٠ هۆی هەڵبژاردنی نامەكە |
| ٢ | ٣/٠ كەرەستەی بەكارهاتوو لە نامەكەدا |
| ٢ | ٤/٠ ڕێبازی لێكۆڵینەوەی نامەكە |
| ٣ | ٥/٠ گرنگی نامەكە |
| ٣-٤ | ٦/٠ ناوەڕۆك و بەشەكانی نامەكە |
| ٥ | **بەشـــــی یەكەم :**<br>**زمـــــان و كردەقسـەییەكـان** |
| ٦-٧ | ١/ ١ ) زمان و زنجیرەی ئاخاوتن . |
| ٨ | ١ / ١ – ١ ) ئەو تایبەتمەندییانەی ، كە لەو پێناسانەوە هەڵدەهێنجرێن . |
| ٩ | ١ / ١ – ٢ –١ ) زنجیرەی قسەكردن |
| ٩ – ١٠ | ١ / ١ – ٢ – ٢ ) سووڕی زنجیرەی قسەكردن |
| ١١ | ١ / ١ – ٢ – ٣ ) بەرهەمی قسەكردن |
| ١٢ – ١٣ | ١ / ١ – ٢ – ٤ ) تێگەیشتنی قسە |
| ١٤ – ١٩ | ١ / ٢ ) كردەی پەیوەندییكردن و ڕەگەزەكانی |
| ١٤ – ١٥ | ١ / ٢ – ١ ) كردەی پەیوەندییكردن |
| ١٦ – ١٨ | ١ / ٢ – ٢ ) ڕەگەزەكانی : |
| ١٦ | ١ / ٢ – ٢ – ١ ) قسەكەر |
| ١٦ | ١ / ٢ –٢ – ٢ ) پەیام |
| ١٧ | ١ / ٢ – ٢ – ٣ ) گوێگر |
| ١٧ | ١ / ٢ – ٢ – ٤ ) كەناڵ |
| ١٧– ١٨ | ١ / ٢ – ٢ – ٥ ) كۆد |
| ١٩ | ١ / ٢ – ٢ – ٦ ) ژاوەژاو |
| ٢٠ – ٢٢ | ١ / ٢ – ٣ ) دەربڕاوەكانی پەیام لە كردەی پەیوەندییكردندا |

| | |
|---|---|
| ١ / ٢ – ٣ – ١ ) وشە | ٢٠ |
| ١ / ٢ – ٣ – ٢ ) ڕستە | ٢٠ – ٢١ |
| ١ / ٢ – ٣ – ٣ ) دەق ( قسەکردن ، نووسین ) | ٢٢ |
| ١ / ٣ ) شێوەکانی پرۆسەی پەیوەندییکردن لە ڕووی بەکارهێنانی زمانەوە : | ٢٢ – ٢٥ |
| ١ / ٣ – ١ – ١ ) پەیوەندییکردنی جەستەیی | ٢٤ |
| ١ / ٣ – ١ – ٢ ) پەیوەندییکردنی دەمیی | ٢٤ – ٢٥ |
| ١ / ٣ – ٢ ) ئامانجی کردەی پەیوەندییکردن | ٢٥ – ٢٦ |
| ١ / ٤ ) تیۆری کردە قسەییەکان | ٢٧ – ٢٨ |
| ١ / ٤ – ١ ) تیۆری ئۆستن | ٢٨ – ٢٩ |
| ١ / ٤ – ١ – ٢ ) بەرهەمی تیۆری ئۆستن | ٢٩– ٣٣ |
| ١ / ٤ – ٢ ) پۆلێنکردنی جۆری کردە قسەییەکان | ٣٣ |
| ١ / ٤ – ٢ – ١ ) پۆلێنکردنی جۆری کردە قسەییەکان بەبۆچوونی ( ئۆستن ) | ٣٤ – ٣٦ |
| ١ / ٤ – ٢ – ٢ ) پۆلێنکردنی جۆری کردە قسەییەکان بەبۆچوونی ( سیریەل ) | ٣٦ – ٣٩ |
| ١ / ٤ – ٣ ) کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ( تیان ) | ٤٠ – ٤٢ |
| ١ / ٤ – ٣ – ١ ) فاکتەری بەکارهێنانی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ لە دەربڕیندا | ٤٢ – ٤٣ |
| ١ / ٤ – ٣ – ٢ ) پۆزەتیڤی تیۆری کردە قسەییەکان | ٤٣ |
| **بەشی دووهەم :**<br>**زمانی جەستە و هێورکردنەوە** | ٤٤ |
| ٢ / ١ ) زاراوە و چەمکی هێورکردنەوە | ٤٥ |
| ٢ / ١ – ١ ) زاراوەی هێورکردنەوە | ٤٥ |
| ٢ / ١ – ٢ ) چەمکی هێورکردنەوە | ٤٥– ٤٩ |
| ٢ / ٢ ) هەمەجۆریی وروژێنەرەکانی دەروون بەپێی جۆری دەربڕین : | ٥٠– ٥٢ |
| ٢ / ٢ – ١ ) دەربڕینە نادەمییەکان : | ٥١ |
| أ / قۆناغی بانگ و قیژە | ٥١ |
| ب / بزاوتنی جوولە و بەکارهێنانی نیشانە | ٥٢ – ٥٦ |
| ٢ / ٢ – ٢ ) دەربڕینە دەمییەکان: | ٥٦ |
| أ / یەکەی فەرهەنگی ( وشە ) | ٥٦ – ٥٨ |
| ب / فرێز | ٥٨ |

| | |
|---|---|
| پ / ڕسته | ٥٨- ٦٤ |
| ٢ / ٣ ) تەكنیكی پرۆسێسی هێوركردنەوە : | ٦٤ |
| ٢ / ٣ – ١ ) تەكنیكی سایكۆلۆژیی | ٦٥- ٦٦ |
| ٢/ ٣ – ٢ ) تەكنیكی نادەمیی و دەمیی | ٦٦- ٧١ |
| ٢ / ٤ ) زمانی جەستە و هێوركردنەوە | ٧١ |
| ٢ / ٤ – ١ ) گرنگی زمانی جەستە لە هێوركردنەوەدا | ٧١- ٧٨ |
| ٢ / ٤ – ٢ ) پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی هێوركردنەوە لە زمانی جەستەدا | ٧٨- ٧٩ |
| **بەشی سێهەم :**<br>**ڕەنگدانەوەی هێوركردنەوە لە دەربڕیندا ( زمانی كوردی )** | ٨٠ |
| ٣ / ١ ) كەتیگۆری نیشانە پراگماتیكییەكان وەك ئامرازی هێوركردنەوە | ٨١ |
| ٣ / ١ – ١ ) شێوەی ڕەنگدانەوەی ئامرازەكانی ڕەوشتیی | ٨١ – ٩٠ |
| ٣ / ١ – ٢ ) ڕێزگرتن و ماگزیمەكانی | ٩٠ – ٩٤ |
| ٣/ ٢ ) ڕەنگدانەوەی هێوركردنەوە لە دەربڕیندا | ٩٥ |
| ٢ / ٢ – ١ ) پێكهاتە كۆمەڵایەتییەكان و ڕەنگدانەوەی هێوركردنەوە لە دەربڕینی كێشەكاندا . | ٩٥- ١٠٠ |
| ٣ / ٢ – ١ – ١ ) پێكهاتە كۆمەڵایەتییەكان | ١٠٠ |
| ٣ / ٢ – ١ – ٢ ) هەمەجۆریی پیشە و پێگە كۆمەڵایەتییەكان | ١٠٠- ١٠٢ |
| ٣ / ٢ – ١ – ٣ ) كێشەی سیاسی و ئابووری | ١٠٢- ١٠٤ |
| ٣ / ٢ – ٢ ) هێوركردنەوە لە زمانی ڕاگەیاندندا ( ڕۆژنامە ) | ١٠٤- ١١٣ |
| ٣ / ٢ – ٣ ) هێوركردنەوە لە گوتاردا ( ئاینیی ) | ١١٣- ١٢٠ |
| ٣ / ٣ ) كاریگەریی هێوركردنەوە لە دەربڕیندا | ١٢٠- ١٣٣ |
| ٣/ ٤ ) فەرهەنگی وشە نەرم و واتا_جوانبەخشەكان لە زمانی كوردیدا | ١٣٤ – ١٣٦ |
| ئەنجــام | ١٣٧ – ١٣٨ |
| پاشكۆ | ١٣٩ – ١٤٨ |
| سەرچاوەكان | ١٤٩ – ١٥٤ |
| ملخص البحث | ١٥٥ |
| Abstract | ١٥٦ – ١٥٧ |

# پێشەکیی

## ٠ / ١ ) ناونیشان و بواری نامەکە :

ناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ : کردەقسەییەکان ( هێورکردنەوە لە دەربڕیندا ) تەرخانکراوە ، بەپێی ئەم تیۆرییە قسەکردن ڕاپەڕاندنی کردارێکە کە بە پراگماتیکەوە بەستراوەتەوە ، واتە ئەم باسە لێکۆڵینەوەیەکی پراکتیکییە پشت بە زانستی پراگماتیك ( سۆسیۆ – پڕاگماتیك ) دەبەستێت . هێورکردنەوە وەکو کردەیەکی قسەیی یەکێکە لە مەبەستی قسەکانی قسەکەر ، بە مەبەستی ڕەواندنەوە و کەمکردنەوەی ئاڵۆزیی چەمکی پەیام لە پرۆسێسی تێگەیشتندا ، کە پەیوەستە بە کات، شوێن ، باری دەروونیی گوێگر ، دەوروبەری گوتن .

## ٠ / ٢ ) هۆی هەڵبژاردنی نامەکە :

بایەخدان بە بابەتی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی و پەیوەستکردنی ئەم بابەتە ( هێورکردنەوە ) لە ( کردەقسەییەکان ) دا ، هۆی سەرەکی هەڵبژاردنی بابەتەکەیە ، چونکە جگە لە بواری سیمانتیك، پراگماتیکیش گرنگی خۆی دەردەخات لە چالاکی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا لە پێناوی ڕوونکردنەوەی مەبەستی قسەکردندا .

## ٠ / ٣ ) کەرەستەی بەکارهاتوو لە نامەکەدا :

لەم نامەیەدا " زمانی کوردیی – دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست – شێوەزاری سلێمانی " بەکارهاتووە ، بۆ کەرەستەکانیش سوود لە فۆرمە زمانیی و نازمانییەکانی پەیوەندییکردنی ڕۆژانەی خەڵك وەرگیراوە لە کاتی پێویستدا ، چ لە زمانی ئاخاوتن چ لە زمانی نووسیندا .

## ٠ / ٤ ) ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە :

لە نووسینی ئەم نامەیەدا ، بە شێوەیەکی سەرەکی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی شیکاریی پەسنکارانە پێڕەوکراوە ، لەگەڵ ئەوەی لە هەندێك باردا لەپێناوی ڕوونتر خستنەڕووی بابەتەکە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری بەکارهاتووە .

## ٠ / ٥ ) گرنگی نامەکە :

لەم چەند خاڵەدا ئامانج و گرنگی ئەم بابەتە دەستنیشانکراوە :

١. کردەقسەییەکان دەستنیشانکەری مەبەستی قسەکانی ڕۆژانەی خەڵکە لەکاتی ئاخاوتندا ، چونکە زمان بە تەنها دەربڕینی قسە نییە ، بەڵکو جێبەجێکردنی کردەیە ، ئەمەش بەهۆی دەربڕینی هەر قسەیەك ، کە پەیوەستە بە کات و شوێن و دەوروبەری گوتن و باری دەروونیی گوێگرەوە .
٢. هێورکردنەوە، وەك چەمکێکی زمانیی بۆ کەمکردنەوەی ئاڵۆزی لە لێڵی واتایی فۆرمە دەربڕاوەکان دا بەرامبەر بە چەندێتی و چۆنیەتی تێگەیشتنی گوێگر لە مەبەستی قسەدا بەرجەستەدەبێت ، هاوکات کەمکردنەوەیە بۆ باری وروژاوی دەروونی گوێگر / وەك پەرژینێك Hedge لەبەردەم دەربڕینی ئەو ستراکچەرانەی لەلای گوێگر کاردانەوەی نێگەتیڤ دەهێنێتە ئاراوە .
٣. خستنەڕووی ئامارێکی زانستی بۆ بەکارهێنانی گرنگی و کاریگەریی هێورکردنەوە لە دەربڕینی زمانی کوردییدا لەلای گوێگر .

## ٠ / ٦ ) ناوەڕۆك و بەشەکانی نامەکە :

ئەم نامەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان ، لە سێ بەش پێکهاتووە :

**بەشی یەکەم :**

تەرخانکراوە بۆ ( زمان و کردەقسەییەکان ) ، کە چەند بابەتێکی لەخۆ گرتووە ، لە وانە : زمان و زنجیرەی ئاخاوتن ، کە چەند پرۆسەیەکی گرتووەتە خۆ ، وەك پرۆسەکانی : ( بەرهەمی قسەکردن ، تێگەیشتنی قسە ) ، کردەی پەیوەندییکردن و ڕەگەزەکانی ، شێوەکانی پەیام لە کردەی پەیوەندییکردندا، شێوەکانی پرۆسەی پەیوەندییکردن لە ڕووی بەکارهێنانی زمانەوە ، تیۆری کردە قسەییەکان ( ئەم تیۆرەش چەند بابەتێك دەگرێتە خۆ : تیۆری ئۆستن ، پۆلێنکردنی جۆری کردەقسەییەکان ) ، کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ( تیان ) ، لە کۆتایی ئەم بەشەدا پۆزەتیڤیی تیۆری کردە قسەییەکان دەستنیشانکراوە .

**بەشی دووهەم :**

ناونیشانی ( زمانی جەستە و هێورکردنەوە ) ی پێدراوە ، کە ئەم بابەتانەی لەخۆ گرتووە : زاراوە و چەمکی هێورکردنەوە، هەمەجۆریی وروژێنەرەکانی دەروون بەپێی جۆری دەربڕین ، لێرەدا تەوەرێك دەردەکەوێت بە تەنها ستراکچەرە دەمییەکان بەشدارنابن لە پرۆسەی هێورکردنەوەدا بەڵکو کردە نادەمییەکانیش دەتوانن ببنە ئامرازی بزوێنەر و فۆرمی هێورکردنەوەش ، هەر لەم تەوەرەدا باس لە تەکنیکی پرۆسێسی هێورکردنەوە ، گرنگی زمانی جەستە لە هێورکردنەوەدا کراوە . لە کۆتایی ئەم بەشەدا: پۆزەتیف و نێگەتیڤی هێورکردنەوە لە زمانی جەستەدا ئاماژەپێکراوە .

**بەشی سێهەم :**

بە ناونیشانی ( ڕەنگدانەوەی هێورکردنەوە لە دەربڕیندا ) یە و کاری پراکتیکی و مەیدانی تێدا پێڕەوکراوە ، لەم بەشەدا کار بۆ کۆکردنەوەی ئەو نموونانە کراوە کە کاریگەریی گوتن لە دەربڕینی فۆرمە دەمییەکاندا بەمەبەستی هێورکردنەوە بەرجەستە دەبن ، بۆ نموونە: کەتیگۆری نیشانە پراگماتیکییەکان وەك ئامرازی هێورکردنەوە، ڕەنگدانەوەی هێورکردنەوە لە دەربڕینی کێشەکاندا (کێشەی سیاسی ، ئابووری) ، کە زیاتر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن گرنگیی خۆی دەگێڕێت ، لە کۆتاییدا کاریگەری هێورکردنەوە لە دەربڕینی زمانی کوردیدا ئامادەکراوە بەپێی کاری وەرگرتنی داتای ئەو کارە مەیدانییەی ، کە پێڕەوکراوە، هاوکات فەرهەنگێکی بچووك بۆ کۆکردنەوەی وشە واتا_ جوانبەخشەکانی ناو ئەم لێکۆڵینەوەیە ئاماژەپێدراوە .

**١/ ١ ) زمان و زنجیرەی ئاخاوتن :**

زمان هۆکارێکە بۆ بەستنەوەی پێکهاتەکانی بیر و هۆشی مرۆڤ لە ڕێگەی ئەو دەنگانەی، کە لە ئەنجامی قسەکردندا بەرهەمدەهێنرێت لەسەر بنەمای وەرگرتن و دەربڕینی دەنگەکان . بە واتای زمان و قسە بواری چالاکی زمانەوانە. هەروەك ( فەردینان دی سۆسێر ) گۆڕانێکی گەورەی لەبواری زمانەوانیدا هێنایە ئاراوە و لە یەکێك لە داهێنانەکانیدا ئەوەی خستووەتە ڕوو، کە زمان: زبان و گوتنە. بەمەش سێ چەمکی جیای دیاریکرد، کە بریتی بوون لە: ( زمان LANGUAGE، زبان LANGUE، قسەPAROL). بە بۆچوونی ( دی سۆسێر ) : "زبان : هەمایەتی زمانە، کۆی هەموو ئەو وشە و وێنانەیە، کە لە مێشکی تاکە کەسێکدا هەڵگیراوە"[١]، هەروەها بەم شێوەیە ڕوانیویەتیە زمان ، کە : "دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە بەو مانایەی ، کە بەردەوام پێوەندی نێوان تاکێك و تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگا دروست دەکات ، واتە زمان لە ڕووە کۆمەڵایەتییەکەیەوە جگە لە ڕێکخستن و پێکهێنانی پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا هیچ ئەرکێکی دیکەی نییە"[٢]. بەڵام زمان جگە لەو ئەرکە کۆمەڵایەتییەی، کە (دی سۆسێر) ئاماژەی پێداوە، چەند ئەرکێکی تریش بەجێدەهێنێت، وەك : هەست دەربڕین، زانیاری و هەواڵ گەیاندن ، داواکردن......، هەروەها " زمان لە زۆر باردا بۆ جێخۆشکردن ، خۆچەسپاندن ، شوێنگرتنە لەناو ڕیزەکانی خەڵکیدا، وەك: چۆنی؟چاکی؟، ئەمەش لە قسەکردنی ژیانی ڕۆژانەی ناو خەڵکدا دەیانجار دووپاتدەبێتەوە بەمەبەستی ڕازیکردنی خەڵك"[٣]. چونکە بەشێکی زۆری ژیانی مرۆڤ وەستاوەتە سەر کردەی ڕازیکردن، بەو ئامانجەی کە قسەکەر تا چ ڕادەیەك دەتوانێت کەسانی بەرامبەر و دەورووپشتی ڕازی بکات ، ئەویش لە ڕێگەی هەڵبژاردن، چۆنیەتی بەکارهێنان، ئاراستەکردنی ئەو وشە و دەربڕاوە جیاوازانە بۆ گەیاندنی مەبەستی گوتنەکەی بە گوێگران لەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی ، کە تێیدایەتی.

هەر لەبارەی زمانەوە، لایۆنز دەڵێت: "ئەگەر بڵێین زمان ئامێرێکە خزمەتی پرۆسەی پەیوەندییکردن دەکات ڕاستمان گوتووە"[٤]. هاوکات دەبێتە توانای قسەکردنی مرۆڤیش ، چونکە "فۆرمی (زمان) لە دەربڕینی کوردیدا بەواتای توانای قسەکردن دێت، وێڕای خستنە ڕووی توانای فەرهەنگی جیاکاری نێوان زماندار و بێزمان"[٥]. لێرەدا فۆرمەکانی زمان بۆ توانای قسەکردن پرسێك دەوروژێنن، ئایا زمان و قسە هەمان تایبەتمەندیی یەکتریان هەیە؟ / دوو دیاردەی چوونیەکن / جیاوازن لە یەکتر؟

---

[١] یوئیل یوسف عزیز (١٩٨٨: ٣٨).

[٢] بەهزاد موحسین (٢٠٠٨: ١١٣).

[٣] محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٨٦: ١٣٧).

[٤] کاوە عەبدولکەریم (٢٠٠٧: ١٥٧).

[٥] محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٦).

ئاشکرایە لە ڕووی مێژووییەوە ، تا ڕادەیەك لەڕووی بایلۆجیشەوە زمانی ئاخاوتن لە هەموو زمانە سروشتییەکاندا پێش زمانی نووسین کەوتووە ، کە ئەمەش بۆچوونی زۆرینەی زانایانی بواری زمانە.

بە بڕوای (دی سۆسێر) "زمان سەربەخۆیە لەو کەسەی قسەکەر بەکاریدەهێنێت و بەرهەمهێنەری ئاخاوتنێکی تاکی (کەسی) یە، هەروەك چۆن میوزیکژەنێك ئامێرێکی مۆسیقی بەکاردەهێنێت و ئاوازێکی جیاواز لە ئاوازی میوزیکژەنێکی تر دەژەنێت، لەکاتێکدا ئامێرەکە سەربەخۆیە لە کەسی میوزیکژەن ، هەروەها خاوەنی تایبەتمەندی و خەسڵەتی سەربەخۆیە" [١]، لەگەڵ ئەوەی زمانیش سەربەخۆیە و بەرهەمهێنەری قسەیە، قسەش بەرهەمی تاکە کەسە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، کە لە ستایلی دەربڕینیشدا جیاوازە، هەر بۆیە "قسە: لە وتەی گوتراو یان نەگوتراوی تاکدا سەرچاوە دەگرێت" [٢]. بەواتای مەرج نییە بە تەنها لە وتەیەکەوە بەرهەمبێت، کە گوتراو بێت بەڵکو لەو وتە و دەربڕینانەشەوە بەرهەمدێت، کە نەگوتراون . چونکە هەر تاکێك ئەو بیرەی کە لە مێشکیدایە لە شێوەی قسە و چەند دەربڕراوێك بەرهەمیدەهێنێت دەریدەبڕێت ، کە دەگونجێت ئەو قسەیەی لە کات و شوێنی تردا نەگوتبێت.

" قسەش چەند چالاکییەك لەخۆ دەگرێت، وەکو : گفتوگۆ ، چاوپێکەوتن، کۆبوونەوە، وانە وتنەوە، پیاهەڵدان، نوکتە گێڕانەوە .." [٣]، بە سەرنجدانی هەریەکێك لەم چالاکییانە دەبینین کاتێك مرۆڤ قسە دەکات بۆ هەندێك چالاکی وەك : چاوپێکەوتنی بەرنامەیەکی ڕاگەیاندن ، وانەوتنەوەی مامۆستایەك لە پۆلدا، قسەکەر پێشوەخت خۆی بۆ ئەو قسە و دەربڕینانە ئامادە دەکات ، کە دەیەوێت دەریانبڕێت، بەڵام جگە لەو کار و چالاکییە قسەییانەی کە باسکرا پێویست بەخۆ ئامادەکردن ناکات، چونکە "سروشتی قسەکردن ڕاستەوخۆیە، خۆبەخۆیە و تاکو ڕادەیەك لە دەرەوەی کۆنترۆڵی مرۆڤدایە، خۆ ئامادەکردنی بە شێوەی شێنەیی تێدانییە" [٤]. هەر بۆیە هەندێك کات لە دوای تەواوبوونی قسە و گوتنەکانمان خۆزگە دەخوازین هەندێك قسە و دەربڕینمان نەگوتبایە [*] .

---

[١]. ابراهيم محمود (٢٠٠٧ : ١٧).

[٢]. حاتم صالح الضامن ( ١٩٨٩ : ١٢٩).

[٣].هدسون ، ت: محمود عبدالغنی عیاد (١٩٨٧ : ١٨٢).

[٤]. لارس میلێن ، و:غازی عەلی خورشید (٢٠١٠: ١٣٧).

[*]بۆ ئەم مەبەستە پێشینان گوتوویانە : پڕی سکم قسەیە، سەری زمانم بڤەیە.

**١/ ١_١ ) ئەو تایبەتمەندییانەی ، کە لە ئەنجامی ئەو پێناسانەوە هەڵدەهێنجرێن :**

١. زمان و قسە دوو ڕووی یەك دیاردەن چونکە " قسە ڕووی (کەسی) یە لە هەڵسوکەوتی قسەکردن، بەڵام زمان هەڵسوکەوتێکی کۆمەڵایەتییە" [١]، بۆیە زمان ناتوانێت موڵکی تاك بێت، بەڵام قسەکردن موڵکی تاکە.

٢. " قسەکردن زیاتر پڕاگماتیکە ، تاکو ڕێزمان" [٢]. چونکە قسەکەر لە کاتی دەربڕیندا ستراکچەری بابەتێك پێشدەخات، کە زیاتر مەبەستێتی. بەڵام زمان زیاتر جەخت لەسەر فۆرم و پێکهاتەکان و چۆنێتی ڕیزکردن و کارکردنیان لەناو یاسا و بنەما سینتاکسییەکاندا دەکات. بۆ نموونە:

١_ باوکم میوەی نەکڕیوە.
بکەر بابەت کردار

٢_ میوەی نەکڕیوە ، باوکم. ( بابەت لەم نموونەیەدا پێشخراوە بەپێی ئەو بار و کات و شوێنەی قسەکەر تێیدایە).
بابەت بکەر

٣. لە باری قسەکردندا چەند کردەیەك ڕوودەدات ، وەك : قسە پێبڕین، پشوو وەرگرتن ، ناڕێکی و پچڕپچڕی دەربڕین . ئەم کردانەش پەیوەستن بە جۆری بابەت ، کات ، شوێن ، مەبەستی قسەکردن ، باری دەروونی قسەکەر، بۆ نموونە : کاتێك قسەکەر ئامادەبێت بۆ قسەکردن لەسەر بابەتێکی سیاسی، هاوکات لە بارێکی دەروونی ئاڵۆزدا بێت ، ئەوا ناڕێکی و پچڕپچڕبوون لە قسە و دەربڕینەکانیدا بەدیدەکرێت ، بەمەش شێوازی قسەکردنی کەسێك جیاوازە لە کەسێکی تر ئەگەرچی لەسەر هەمان بابەتیش قسەبکات بەڵام لە بارێکی دەروونیی جێگیر و ئاساییدا بێت.

٤. ( لە ڕووی لۆجیکەوە زمان مەرجە بۆ پەیدابوونی قسە/ ئاخاوتن، چونکە مرۆڤ ناتوانێت بدوێت بەبێ زمان ( زمانێکی دیاریکراو )، لە کاتێکدا زمان ئەتوانێت هەبێت بەبێ پەیدابوونی قسە و ئاخاوتن) [٣]. زمانیش چەند شێوەیەکی لە خۆ گرتووە ، وەکو : زمانی جەستە، کە زمانێکە بەبێ دەربڕینی زنجیرەیەك لەدەنگ ، هەروەها زمانی نووسین : وتەی گوتراوە بەشێوەی بینراو. بۆ نموونە: نووسینی سەر تابلۆی شەقام و فرۆشگا...هتد. بەڵام ، قسە : گوتن و دەربڕینی وتەیە بە شێوەی دەنگ . هەر بۆیە بناغەی زمان زارەکییە زیاتر لەوەی ، کە نووسین بێت .

٥. زمان وەك دیاردەیەکی گشتییە چونکە هەموو ئاستەکانی زمان دەگرێتەوە لە دەنگسازی، مۆرفۆلۆژیی، ڕستەسازی، واتاسازی، بەڵام " قسە لایەنی ڕستە دەگرێتەوە، چونکە چەمکی تەواوی تێگەیشتنی بەرامبەری تێدایە" [٤].

---

[١] حاتم صالح الضامن (١٩٨٩: ١٣٠).

[٢] لارس میلێن، و:غازی عەلی خورشید (٢٠١٠: ١٣٧).

[٣] حاتم صالح الضامن (١٩٨٩: ١٣٠).

[٤] ڕەفیق شوانی (٢٠٠٩: ٢١).

### ١/ ١_ ٢ ) سووڕی زنجیرەی قسەکردن :

کردەی پەیوەندییکردنی نێوان قسەکەر و گوێگر بەمەبەستی لەیەکترگەیشتن، لە شێوەی ڕیزبەندی قسەکردندا دەبێت ، هەریەك لە سەرەتا و کۆتایی دەربڕاوەکانیان چەمکێك لەخۆ دەگرێت بەشێوەی سووڕی زنجیرەی پێکەوە بەستراو، ئەوانیش: ( بەرهەمی قسەکردن، گوێزەرەوەی کاری بیستن ، کاری وەرگرتنی قسە ) یە.

لەم سوڕی پەیوەندییەدا پێنج ئاست بەدیدەکرێت ، کە ئەمانەن:

١. ئاستی زمانەوانی (لایەنی قسەکەر).
٢. ئاستی فیسیۆلۆژیی (جومگەیی).
} لای قسەکەر

٣. ئاستی بیستن (دەنگناسی).
٤. ئاستی فیسیۆلۆژیی .
٥. ئاستی زمانەوانی (لایەنی گوێگر).
} لای گوێگر

لە ئاستی زمانەوانی ( لایەنی قسەکەر ) دا، دەبینرێت قسەکەر فۆرمەکان وەك دەربڕاوی گونجاو داوادەکات ، پاشان کۆیاندەکاتەوە و هەڵیاندەبژێرێت بۆ پێکهێنانی فۆرمێك لەڕستەی گونجاو. هاوکات ئەم حاڵەتە دەگوێزرێتەوە بۆ ئاستی فیسیۆلۆجی (جومگەیی)* ، کە بە پێی ڕێژەی بەشداریکردنی هێماکان و چالاکی ماسولکەی ئەندامەکانی گوتن دەستپێدەکات لەشێوەی ناوەندێکدا ، کە ئەم دەزگای ڤۆکالییە لە ئەندامی سییەکانەوەیە .

هەر لەم ئاستەشدا ( ئاستی فیسیۆلۆژیی ) شەپۆلە دەنگی قسە بەرهەمدێت ، هەر ئەم شەپۆلە تێپەڕیوە بەسەر ناوەندی هەوادا لەو کاتەی کە دەگات بە ئەندامی بیستنی گوێگر ، پاشان ئەم حاڵەتە دەگوێزرێتەوە بۆ ئاستی بیستراو . هاوکات " کاری شەپۆلی هاتوو دەبێتە هۆی چالاککردنی میکانیزمی بیستن لەوکاتەی ، کە بەشداری دەکات لە چالاکی کۆئەندامی هەستەدەمار، لە کاری بیستن و میکانیزمی هەستپێکراودا . دواتر، سووڕی زنجیرەی قسەکردن کۆتایی دێت لە ئاستی زمانەوانی (لایەنی گوێگر) دا لەو کاتەی گوێگر وشە و ڕستە بەرهەمهاتووەکان دەناسێتەوە، کە لەلایەن قسەکەرەوە هاتووە" [١] .

کەواتە پێکهاتن و دەربڕینی قسە و گواستنەوەی لە قسەکەرەوە بۆ گوێگر هەمیشە شێوەی سووڕێك وەردەگرێت، هەر ناڕێکییەك لە یەکێك لەو ئاستانەدا دەبێتە ناجێگیریی و تەواو نەبوونی سووڕەکە، لەگەڵ ئەوەشدا لەناو ئەم سووڕەدا دوو چالاکیی تر بەشداردەبن ، کە ئەوانیش : ( بەرهەمی قسەکردن ، تێگەیشتنی قسە ) یە.

---

* بە بۆچوونی ( دەیڤد کریستاڵ ) ئاستی فیسیۆلۆژیی : بەکارهێنانی ماسولکەکانی قورگە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەندامە ژێیەکان. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە : DAVID CRYSTAL : (1992: 362).

١. www.rle.mit.edu/smcg/perkell-people.html

لێرەدا ئاماژە بەو نەخشەیە دراوە، کە چۆنیەتی کارکردنی سووڕی زنجیرەی قسەکردن و ئاڵوگۆڕکردنی بیری نێوان قسەکەر و گوێگر و گرنگی ئاستەکان دەردەخات لە ڕێگەی زنجیرەی کردەی پەیوەندییکردنەوە .




**نەخشەی (١)* : سووڕی زنجیرەی قسەکردن**

* www.rle.mit.edu/smcg/perkell-people.html

## ١/ ١_٢_١ ) بەرهەمی قسەکردن :

مرۆڤ بەردەوام لە ژیانی ڕۆژانەیدا ، " لە کاتی دەربڕینی گوتە و قسەکانیدا چەندەها ماسولکە لە دەم، ڕوو، قورگ ، سییەکان ، سك،...هتد، دەکەونە بزواندن . دەگونجێت هەندێکجاریش قسەکەر جووڵەی ئەندامەکانی، وەك: چاو ، هەموو ڕووی دەموچاوی ، دەستەکان ،... ئاڕاستەی کەسی بەرامبەری بکات بەشێوەیەك ، کە لێوەکانی هەم دەنگ دەربهێنێ و هەم بزە" [١]. ئەم چالاکییانەش لە ڕێگەی فەرمانی مێشکەوە بەڕێوەدەچێت  بە واتای "ئەم چالاکی و فەرمانانە زۆر بە خێرایی دەڕوات لە نزیکەی چرکەیەکدا تەواو دەبێت قسەکەریش بەپەلە لە گوتنەکانی دا بەردەوام دەبێت" [٢].

کەواتە بەرهەمی قسەکردن : "یەکێکە لەو چالاکییانەی لە پاڵ هەناسەدان و بێژەی گوتەیی و سیستەمەکانی دەربڕیندا پێڕەو دەکرێت، هاوکات ئاوێتەیە بە پێکەوەبەستنی پرۆگرامەکانی کۆئەندامی دەمار، کە لە یەکخستن و بەکارهێناندا بەدیدەکرێت ، وێڕای بەدیکردنی جیاوازی لە ڕێگەی شێوەی وەرگرتنی پەیوەندییە قسەییەکاندا. بۆ نموونە : تێگەیشتنی قسە/ ناسینەوەی قسە" [٣]. یاخود ، بەرهەمی قسەکردن بەوە پێناسە کراوە ، کە " ئاسانترین ڕێگەی بەرجەستەکردنی پلان و بیرکردنەوەی قسەکەرە لە شێوەی پەیامێکدا، کە چەمکێکی ڕووت لەخۆ دەگرێت و لە ڕێی دەزگای دەنگە ژێیەکانەوە ئاڕاستەی گوێگر دەکرێت" [٤]. هەر بۆیە ئەو چالاکی و دیاردەیەی کە لەلایەن قسەکەرەوە بەرهەمدێت بە بەرهەمی قسەکردن ناوبراوە و گوتراوە: دەربڕینی قسەی ڕوونە، کە دەتوانێت سەربەخۆبێت هەروەك چۆن کەسێك لە کاتی دەربڕین و قسەکردندا سەربەخۆ چەند وشەیەك دەردەبڕێت ، بەرهەمی قسەکردنیش بە هەمان شێوەیە .

لەگەڵ ئەوەشدا، " ئەم بەرهەمە وەك بەرهەمی زمان نییە، لە کاتێکدا زمان دەکرێت بەهۆی هێماکانەوە بە دەستکاریکردن و گۆڕانکارییەوە بێتە بەرهەم " [٥]. بەواتا دەشێت گۆڕانکاری لە یاساکانی زماندا بکرێت بەڵام ناتوانرێت ئەو گۆڕانکارییە لە بەرهەمی قسەکردنی تاکە کەسێکدایە بکرێت بە تایبەتی لەو کاتەی دەردەبڕێت و دەگوێزرێتەوە بۆ گوێگر، بێئەوەی واتاکەی بگۆڕێت .

---

١. لارس میلێن ، و: غازی عەلی خورشید  (٢٠١٠: ١٣٥).

٢. سەرچاوەی پێشوو.

٣. DAVID CRYSTAL  (1992:363).

٤. ADRIAN AKMAJIAN  (1995:396).

٥. http://www.cognitiveatlas.org/term/id/trm 4a3fd79d0b247.

### ١/١_٢_٣): تێگەیشتنی قسە :

دوابەدوای پرۆسەی بەرهەمی قسەکردن و گواستنەوە و گەیاندنی ئەم بەرهەمە لە ڕێگەی شەپۆلی دەنگ و کاری وەرگرتنی ئەم بەرهەمە لەلایەن گوێگرەوە ، پرۆسەی تێگەیشتنی قسە دێتە کایەوە، بە واتای لەو کاتەی گوێگر هەموو ئەو گوتراوانەی قسەکەر دەریاندەبڕێت ، دەیبیستێت و دەستدەکات بە دۆزینەوەی واتاکانیان . لەگەڵ ئەوەی کە " ستراکچەری ڕستەکان بە شێوەیەکی فیزیکی لە تەوژمی دەنگەکان پێکهاتووە، نەك لەو یەکە زمانییە هەمەجۆرانەی پێیان دەوترێت وشە" [١]. چونکە هەر تەوژمی دەنگەکانە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لەم پرۆسەیەدا بەتایبەتی کاریگەری کۆنتێکست ، کە زمانەوان وارین (١٩٧٠) لە باسێکیدا بەناوی ( کاریگەری گەڕانەوەی فۆنێم ) لە پرۆسەی تێگەیشتنی قسەدا لە زمانی ئینگلیزیدا خستوویەتیە ڕوو، هاوکات ئەم پرۆسەیەش بۆ زمانی کوردیش دەگونجێت ، بۆ نموونە: گۆکردنی دەنگی (ئـ) لە نیشانەیەکی کەسی وەك (ئەوان)دا ، بەتەنها دەربڕینی ئەم وشەیە دەنگەکەش دەردەبڕێت، بەڵام هەر ئەم ستراکچەرەیە بخرێتە کۆنتێکستی ڕستەوە گۆڕانکاری بەسەر چۆنیەتی گۆکردنیدا دێت ، بۆ نموونە: ٣_جلەکانم بە ئەوان دا بۆ بنێرە. لە ( زمانی نووسین )دا.

٤_ جلەکانم بە واندا / بە وانا بۆ بنێرە. لە ( ئاخاوتن ) دا.

هەر بۆیە ئەگەر گوێگر بەئاگا نەبێت لە شێوەی گۆگردنی دەنگ و فۆنیمەکانی ئەو زمانەی قسەی پێدەکرێت تێنەگەیشتن لە بەرهەمی قسەکردندا دروست دەبێت . کەواتە تێگەیشتنی قسە ، پرۆسەی تێگەیشتنە لە زنجیرەی فۆنەتیکی جیاواز و یەکە زمانییە دەربڕراوەکانی قسەکەر لە لایەن گوێگرەوە.

بۆ ئەمەش ئاماژە بە نەخشەیەك دراوە، کە تیشك خراوەتە سەر هەردوو پرۆسەی بەرهەمی قسەکردن و تێگەیشتنی قسە [٢]:




---

١. Adrian Akmajian:( 1995:406)

٢ زمانەوان Warren وشەیەکی وەك (Legislatures: ئەنجوومەنی یاسادانان) بەنموونە هێناوەتەوە ، تێیدا ئەوەی ڕوونکردوەتەوە ،کە دەنگی /jɨs/ لەگۆکردندا دەرنابڕێت بەڵام دەنگێکی شێوەی کۆکە شوێنی گرتوەتەوە.

هەر دەربارەی ئەم پرۆسەیە، ئەگەر سەرنج بدرێتە هەموو ئەو بەرهەمە زارییانەی خەڵك ، تەنانەت گفتوگۆی دانوستانە گرنگەکانی ناو بەرنامەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەتایبەتی بەرنامە سیاسییەکان، کە لەگەڵ کەسانی سیاسەتمەدار/ ڕۆشنبیردا دەکرێت ، لە کاتی دەربڕینی قسەکانیاندا ئەگەرچی بەرێکەوتیش بێت دەربڕاوێك بە هەڵە/ بەبێ مەبەست دەگوترێت ، ئەگەرچی " مرۆڤ لە کاتی قسەکردن و پەیوەندییەکانیدا دەیەوێت بە شێوەیەك قسەبکات ، کە پلاندانراو، بیرلێکراو، هەڵسەنگێنراوبێت لەگەڵ ئەوەی ، کە یەکەمجار بیردەکەینەوە ئینجا دەستدەکەین بە قسەکردن، لەگەڵ ئەوەی هەندێکجار زار پێش بیرکردنەوە و وریابوون دەکەوێت "[1] ، بەمەش تووشی بەهەڵە دەربڕینی قسەکانمان دەبین. بۆیە باشتر وایە بڵێین : قسە بیگێژە، بیبێژە ، بیوێژە. لەگەڵ ئەوەی ، کە وتراوە :

" قسەکردنی هۆشمەندانە وەك یاری شەترەنج وایە، چونکە هەموو هەنگاوەکانی هەڵسەنگێنراوە، بەڵام هەموو قسەکردنێکی ڕۆتینانە وەکو تۆپی سەر مێزی تێنس وایە، کە تیژ تێپەڕدەبێت"[2]. بۆ نموونە جیاوازی لە نێوان زمانی قسەکردن و نووسیندا ، لە قسەکردندا هەموو شتێك ناگوترێت ، بەڵام هەمان قسە بە زمانی نووسین بە شێوەی وردتر و گونجاوتر دەنووسرێت ، وەکو:

٥_ بەیانی ئەچمە هەولێر . ( لە ئاخاوتندا )

٦_ من بەیانی دەچم بۆ هەولێر. ( لە نووسیندا )

لە ڕووی ستراکچەریشەوە، کە سەرنجی ئەو ڕستە و پێکهاتە و دەربڕینانەی قسەکردن بدرێت ڕستەکان کورتن بە بەراورد لەگەڵ ڕستەی ئاسایی نووسین دا ، بۆیە هەموو ئەو وشە و فرێزانەی کە لە قسەکردندا دەگوترێن ناچنە ناو ڕستەی تەواوکراوەوە.

دواتر لە ئەنجامی بەکارهێنانی زمان و پرۆسەی بەرهەمهێنانی قسە و دەربڕراوەکانی زمان لەلایەن هەر تاکێکی ناو کۆمەڵگاوە، بە مەبەستی گەیاندنی بیر و ئاڵوگۆڕکردنی پەیامی نێوان تاکەکان، بە کردەیەك ئەنجام دەدرێت کە ئەویش کردەی پەیوەندییکردنە.

---

[1] لارس میلێن ، و:غازی عەلی خورشید (٢٠١٠: ١٣٦).

[2] سەرچاوەی پێشوو (٢٠١٠: ١٣٨).

## ١/ ٢ ) پرۆسەی کردەی پەیوەندییکردن و ڕەگەزەکانی :

### ١/ ٢_١ ) کردەی پەیوەندییکردن :

خودی ئەم کردەیە * دیاردەیەکە، کە گشت بوونەوەرانی سەر زەوی پێڕەوی دەکەن، تاکەکانی کۆمەڵگا مرۆییەکانیش چالاکانە بەمەبەستی بەردەوامبوون و درێژەدان بە پێکەوە ژیانیان، پەنا دەبەنە بەر پرۆسەی پەیوەندییکردن. چونکە ئەم کردەیە "دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و هەمیشە لە دوو توێی دەقێکدا بەشداری دەکات ، کە تێیدا بە وردی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ڕووندەکاتەوە" [١]. بنچینەی وشەی کردەی پەیوەندییکردن (Communication) بۆ" وشەی (Communis) ی لاتینی دەگەڕێتەوە، کە بە واتای (Common) هاوبەش/ گەیاندن دێت" [٢]. مێژووی ئەم کردەیەش بەچوار قۆناغی دیاریکراودا تێدەپەڕێت ، ئەمانەن [٣]:

١. **پەیوەندییکردنی زارەکی:**

پەیوەستە بە مێژووی پەیدابوونی مرۆڤایەتییەوە، کە ئاخاوتنی نێوان تاکەکان و لەیەکترگەیشتن، کۆمەڵگای دروستکردووە.

٢. **پەیوەندییکردن لەڕێگەی نووسینەوە:**

پشت بەستووە بە داهێنانی هێماکانی نووسین ، کە هەوڵی مرۆڤە بۆ هێشتنەوەی دەربڕراوەکان، هاوکات بڵاوبوونەوەی نووسین بە مەبەستی پەیوەندییکردن کارێکی هەروا ئاسان نەبووە.

٣. **پەیوەندییکردن لە ڕێگەی چاپ و چاپەمەنییەوە:**

بڵاوبوونەوەی چاپەمەنی و چاپکردنی بەرهەمەکانی وەك: کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە... جۆرێکی تری لەپەیوەندی نێوان نووسەر و خوێنەردا هێنایە ئاراوە.

٤. **پەیوەندییکردن لە ڕێگەی میدیای ئەلەکترۆنییەوە :**

لە پاش سەرهەڵدانی شۆڕشی تەکنەلۆژیا، میدیای ئەلەکترۆنیی و پەیوەندییەکان لە ڕێگەی ئەم جۆرە میدیایانەوە گەشەی کردەوە.

بە پێی قۆناغەکان ، کردەی پەیوەندییکردن: گرنگترین هۆکاری گواستنەوە و گەیاندنی بیر و زانیارییەکانی ناو مێشکە ، کە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوێزرێتەوە لە ڕێگەی هەر هۆکارێکی

---

* بە بۆچوونی محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٣١) زاراوەی (Communication) چەند واتایەکی لەخۆیدا هەڵگرتووە ، کە لەیەکگەیشتن سەرەکییەکەیانە ( گواستنەوەی زانیاریی و گەیاندن ) لەڕێی هێما و زمانەوە دەبەخشێت .

[١] ADRIAN AKMAJIAN (1995: 345).

[٢] سەمیرە ئەحمەد (٢٠٠٨: ٦٥).

[٣] کاوە عەبدولکەریم (٢٠٠٧: ١٥٧).

گەیاندنەوە بێت . یان بریتییە لە" کاریگەریی خستنەسەر کەسی وەرگر ، تاوەکو ئەوەی نێرەر مەبەستێتی ڕووبدات"[١]، ئەگەرچی لەگەڵ پەیوەندییکردنەکەدا مەرج نییە هەندێکجار پرۆسەی لەیەکگەیشتن لە جۆری پۆزەتیڤ بێتە ئاراوە. بۆ نموونە:

٧_ لە قسەکانت تێناگەم . ( نازانم مەبەستت چییە ؟ ).

٨_ ئێمە باش لەیەکدەگەین . ( کرۆك/ مەبەست ) ی قسەکانی یەکتر تێدەگەین.

٩_ قسەی بە توێکڵ ئەکەیت ! ! ( دەبێت لێکدانەوە بۆ قسەکان بکرێت ، ئینجا تێدەگەیت ).

لە نموونەی حەوتەم و نۆهەمدا شێوەیەك لە پرۆسەی تێنەگەیشتن لەلایەن کەسی گوێگرەوە بەدیدەکرێت، هەرچەندە پەیامێك لە شێوەی ( تاکە وشە، ڕستە، قسە....هتد ) بە کەسی گوێگر بگەیەنرێت ، بەڵام بەهۆی چەند هۆکارێکەوە لەیەکنەگەیشتن* دێتەکایەوە. هەربۆیە هەندێك لە پەیامی قسەکردن پێویستی بە زیاتر لێکدانەوە و شیکردنەوەیە، بە مەبەستی هاتنە ئارای توانای تێگەیشتنی کەسی گوێگر.

لێکۆڵینەوە لە کردەی پەیوەندییکردن " توخمێکی سەرەکییە لە توخمەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی کۆمەڵایەتی، چونکە مرۆڤ ناتوانێت بە ئاسانی لێی تێبگات ، بۆیە دەبێت هەموو ئەو ڕێگایانەی کردەی پەیوەندییکردن بزانێت ، کە ئەو ڕێگایانەش بە گۆڕانی چالاکی کۆمەڵگاکان دەگۆڕێت ، لە کاتێکدا کە زانستی کۆمەڵایەتی لە چەند گۆشەیەکی جیاوازەوە باس لەم کردەیە دەکات"[٢]. بۆ نموونە ئەم پرۆسەیە لە پڕکردنەوەی بۆشایی ڕەفتارەکۆمەڵایەتییەکانیشدا بەکاردەهێنرێت، هەروەك لە کاتی سەردان نەکردنی کەسێکی نەخۆشدا دەتوانرێت بەهۆی ئەم کردەیەوە داوای لێبوردن/ پۆزش بهێنرێتەوە بۆ کەسی بەرامبەر. هەروەها لە ڕووی زاراوەشەوە ئەم کردەی پەیوەندییکردنە بە چەند شێوەیەکی جیاواز بەکاردەهێنرێت بۆ نموونە : " لەلای هەندێك کەس وەك زمان باسدەکرێت لەلای هەندێکی تر وەك کارکردنی کەسایەتی... بەڵام زمان خۆی سیفەتێکی سەرەکییە لە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکاندا"[٣].

---

[١] محەمەد ئەمین حسێن (٢٠٠٨: ١٠).

* پەیدابوونی چەند فاکتەرێك لە پرۆسەی قسەکردندا دەبێتە تێنەگەیشتنی گوێگر لەو پرۆسەیەدا ، کە ئەمەش کاریگەریی نێگەتیڤی لە دەروونی گوێگردا ڕەنگدەداتەوە ، بۆیە دەگونجێت کاردانەوەی وەك هەڵچوونی نێگەتیڤی ( ترس ، تووڕەبوون، ...) بەرجەستە ببێت .
بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە بەشی دووەم ٢ / ٢ ) هەمەجۆریی ورووژێنەرەکانی دەروون بەپێی جۆری دەربڕین ) ی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

[٢] عبده الراجحی ( ٢٠٠٤: ٣٣).

[٣] سەرچاوەی پێشوو.

## ١/ ٢_٢ ) ڕەگەزەكانی پرۆسەی كردەی پەیوەندییكردن :

لە پرۆسەی كردەی پەیوەندییكردندا چەند ڕەگەزێك بە مەبەستی كارپێكردن، گۆڕینەوەی بیر، زانیارییەكان بەشداری دەكەن ، كە ئەمانەن:

## ١/ ٢_٢_١ ) قسەكەر :

سەرەكیترین ڕەگەزی كردەی پەیوەندییكردن قسەكەرە ، كە" بیر و پەیامی خۆی ڕێكدەخات و ئاڕاستەی گوێگری دەكات، گەیاندنی ئەم پەیامەش لە كات، شوێن ، بارودۆخی تایبەتی خۆیدا دەبێت لەگەڵ ڕەچاوكردنی یاسا ڕێزمانیی و واتاییەكان دا "[١]. لەكردەی پەیوەندییكردنی مەعنەوییدا قسەكەر بە ڕەگەزی نێرەر Sender ناودەبرێت ، كە كاری گەیاندنی پەیام لە ئەستۆ دەگرێت ، دەگونجێ نێرەر یەكێك بێت لەمانە، وەك " دەزگا تەكنیكییەكان (ئامێری ڕادیۆ)، دەزگای كۆمپانیا، وەزارەت..."[٢].

كەواتە لەم كردەیەدا جگە لە مرۆڤـ ، دەزگا تەكنیكییەكانیش دەتوانن ببنە نێرەر و وەرگر، لەڕێی وەرگرتنی پەیامی نێرەر/ هاوبەشەكانیان.

## ١/ ٢_٢_٢ ) پەیام :

ئەو زانیاری و بیروبۆچوونەیە ، كە لەلایەن قسەكەرەوە لەڕێگەی زنجیرەی دەنگەوە بە تاك و كۆمەڵی گوێگر دەگەیەنرێت ، بە دەربڕینی ستراكچەرە زمانییەكانی وەك : ( وشە، ڕستە، دەق ...هتد)، / جوولەی جەستەیی/ لە ڕێگەی نووسینەوە ( بەكارهێنانی پیت )....هتد. ئەگەر قسەكەر نەیتوانی ئەم پەیامە بەشێوەیەكی ئەوتۆ بیگەیەنێت ئەوا گوێگر لە مەبەستی گوتنەكەی تێناگات ، بۆیە قسەكەر هەوڵدەدات پەیام لە ئاستی تێگەیشتنی گوێگردابێت تا وەك هاوبەشێك وەڵام بداتەوە/ كاردانەوەی لەلا دروست ببێت . لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە لە كاتی تێگەیشتن لە مەبەستی گوتراوەكانی قسەكەر دا كاردانەوە لەلای كەسی گوێگر دروست ببێت ، " هەروەك لە كاتی پێشكەشكردنی هەندێك وتار و بەرنامەدا گوێگر یان جەماوەر ناتوانن وەڵامدانەوەیان هەبێت ، وەك ئەو وتارانەی لەلایەن مامۆستایەكی ئایینی لە ڕۆژی هەینیدا لە مزگەوت/ بەرنامەیەكی كەناڵی ڕاگەیاندنەوە پێشكەش دەكرێت"[٣]. لەم ڕووەوە " پەیامی پەیوەندییكردن ناگەڕێنرێتەوە، ئەو كاریگەرییەی لەو پەیامەدا ڕوویداوە ئاسان نییە هەڵبوەشێنرێتەوە هەرچەندە بێمەبەستیش بێت"[٤] .

---

[١] عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٠: ٢٩).

[٢] محەمەدی مەحویی (٢٠٠٩: ٣٤).

[٣] محەمەد ئەمین حسێن ( ٢٠٠٨: ١٢).

[٤] شیلان عوسمان عەبدولرەحمان (٢٠١٠: ٥٥ ).

## ١/ ٢_٢_٣ ) گوێگر :

یەکێك لە ڕەگەزەکانی تری ئەم کردەیە کەسی گوێگرە، واتە ئەو کەسەی قسەکەر پەیامەکەی ئاڕاستە دەکات ، ئەم ڕەگەزە هەوڵدەدات دەنگە هاتووەکان بناسێتەوە و واتاکانیش لە دوو توێی ڕستەکاندا شیبکاتەوە، بەمەش کۆدی پەیامەکە سەرکەوتووانە هەڵدەوەشێنێتەوە، بەڵام " ئەگەر وەرگر لە پەیامی قسەکەر تێنەگەیشت ، ئەرکی مێشك گرانتر دەبێت ، چونکە پێویستی بە تێگەیشتنی قووڵ دەبێت ، کە زۆر گرانە و دەشێت ئەستەم بێت ، بۆیە وەرگر پەنا دەباتە بەر ئەم سێ قۆناغە "[١]:

١. لێکدانەوەی واتای فەرهەنگیی ، لەڕێگەی واتای وشە و لێکدانەکانیانەوە.
٢. بەراوردکردنی پەیام لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی ، کە تیایدا وتراوە، تا بزانرێت دەگونجێت یان نا.
٣. ئەگەر مەبەستەکەی نەگەیاند، ئەوا دەبێت بگەڕێتەوە بۆ هەندێك زانیاریی کەسیی و کلتووریی .

## ١/ ٢_٢_٤ ) کەناڵ :

ڕەگەز و هۆکاری گەیاندن و بەستنەوەی قسەکەر و گوێگرە بەیەکترەوە، کە بەپێی جۆری پەیوەندییەکە جۆری کەناڵەکەش دەگۆڕێت ، بۆنموونە " کەناڵی کردەی پەیوەندیی _لەیەکگەیشتنی زمانیی ( بەزمان/ زارەکی ) شەپۆلی لەرەیە، واتە نێرەری بێتەل و وەرگری بێتەل لە ڕێی شەپۆلی بێتەلەوە بەیەکەوە بەستراونەتەوە و بەیەکدەگەن" [٢]، کە بەم کەناڵەدا شەپۆلی لەرە و زنجیرە دەنگەکان دەگوێزرێنەوە.

## ١/ ٢_٢_٥ ) کۆد :

هەڵگر و گوێزەرەوەی زانیارییەکانی پەیامی قسەکەرە ، کە وەکو سیستەمێکی زمانی کاردەکات بە مەبەستی لەیەکگەیشتن ، چونکە ئەگەر قسەکەر و گوێگر هەمان کۆد/ جفرە بەکارنەهێنن ئەگەرچی کردەی پەیوەندییکردن لەنێوانیاندا ڕوودات ، بەڵام لەیەکگەیشتن لە مەبەستی قسەکردن و گوتراوی نێوانیاندا بە شێوەی تەواو پڕاوپڕ دروست نابێت . بۆیە لە کردەی پەیوەندییکردندا دوو شێوە کۆد دێتە کایەوە ، کە لەم بارەیەوە( د. هدسن) باسی لێوەکردووە[٣] :

١. **کۆدی فراوان Elaborated Code** :

ڕوونیی و ڕاشکاوێتی تەواوی تێدایە و وای دادەنێت ، کە گوێگر هیچ زانیارییەکی پێشینەی نییە .

---

١. جمعه سيد يوسف (١٩٩٠: ١٢٨).

٢. محەمەدی مەحویی (٢٠٠٩: ٣٥).

٣. هۆگر مەحمود فەرەج (٢٠٠٠: ١٦٨).

### ٢. کۆدی تەسك Restricted Code :

ئەم جۆرە کۆدە ڕوون و گونجاو نییە، بەڵکو پێویستی بە بڕێکی زۆر لە زانیاری هاوبەش لەنێوان قسەکەر و گوێگردا هەیە ، کە چینەکانی کۆمەڵگا ( چینی خوارەوە ) بەکاریدەهێنن و دەچێتە خانەی پراگماتیکەوە . لەم کردەیەدا لەگەڵ گەیاندنی پەیامی قسەکەر ، دوو سیستەمی زمانیی لەلایەن هەریەك لە قسەکەر و گوێگرەوە پەیڕەو دەکرێن ، کە ئەمانەن:

### ١. بەکۆدکردن :

ئەو بیر و پەیامەی لە مێشکی قسەکەردایە لە شێوەی شریتێکی دەنگییدا ڕێکدەخات ، هەروەك ڕێکخستن و ڕێکوپێککردنی وشەکان بە خواستی خۆی لەشێوەی پەیامێکدا دەنێرێت و ئاڕاستەی گوێگری دەکات.

### ٢. شیکردنەوەی کۆد :

وەرگرتن و شیکردنەوەی شریتی پەیامی قسەکەرە بەهۆی کاری بیستنەوە لەلایەن گوێگرەوە ، کە ڕێگە بە ناسینەوەی دەنگە هاتووەکان دەدات ، پاشان ڕستە ، واتاکان ، ڕێکخستنەوەیان ، تێگەیشتن لە واتای فۆرمەکان بەرجەستەدەبێت بەمەش گوێگر توانای بەسەر هەڵوەشاندنەوەی کۆدی پەیامی قسەکەردا دەشکێت ، واتە بەرهەمداری پەیوەندییکردن پەیوەستە بە بوونی کۆدەوە .




نەخشەی سێهەم : ( چۆنێتی کارکردن و گەیاندنی پەیام لە پرۆسەی پەیوەندییکردندا )[١]

١. Adrian Akmajian (1984:346).

## ١/ ٢_٢_ ٦) ژاوەژاو :

ڕەگەزێکی ناجێگیری کردەی پەیوەندییکردنە ، چونکە لە هەموو کات و شوێن و باری پەیوەندییکردنێکدا دروست نابێت ، ( زمانەوانەکانیش ئەم ڕەگەزەیان دابەشکردووە بۆ دوو جۆری سەرەکی: ژاوەژاوی تەکنیکی و ژاوەژاوی واتایی، لەگەڵ ئەوەشدا لە لێکۆڵینەوەکانی دواتردا چەند جۆرێکی تر لەم دیاردەیە دەستنیشان کراون، وەك: ژاوەژاوی دەروونیی و جەستەیی )[١]. زاراوەی ژاوەژاو بەوە پێناسەدەکرێت ، کە بەربەستێکە لە بەردەم گەیاندنی پەیامی قسەکەر بە گوێگر، ئەمەش کاردەکاتە سەر کردەی پەیوەندییکردن و شێوەیەك لەتێنەگەیشتن و پچڕانی پەیوەندییکردن ڕوودەدات لە نێوانیاندا ، بۆ نموونە : بەرزی و نزمیی دەنگی قسەکەر لە کاتی قسەکردندا دەبێتە ژاوەژاوی تەکنیکی، شڵەژانی باری دەروونیی قسەکەر وەك لە کاتی ترس و شەرمکردن ژاوەژاوی دەروونیی دروست دەکات ، هەروەها پەیدابوونی نەخۆشییە جەستەییەکان لە ئەندامەکانی ئاخاوتن دا چ لەلای قسەکەر بێت/ گوێگر، وەك : زمان لاڵی، لاوازی بیستن ، دەبێتە ژاوەژاوی جەستەیی لەلای قسەکەر/ گوێگر، هەروەها لێڵی واتایی دەربڕاوەکانی ئاخاوتنی قسەکەر لەکاتی گوتندا ، وەك ئەو وشە و ڕستانەی زیاتر لە واتایەك دەبەخشن ژاوەژاوی واتایی دەهێنێتە ئاراوە. بۆ نموونە:

١٠_ وشەی ( ئازار )، بە واتای : ١. ( ئێش و ئازار ) . / ٢. ( مانگی ئازار )

١١_ ڕستەی ( پێم دەخورێت )، بە واتای :

١. ( قاچی من دەخورێت ). / ٢.( ئەم خواردنە بە من دەخورێت ).

بە شێوەیەکی گشتی ڕەگەزەکانی وەك ( قسەکەر، پەیام ، گوێگر ، کەناڵ ، کۆد )[٢] بە ڕەگەزی جێگیری کردەی پەیوەندییکردن دادەنرێن ، بەڵام (کاردانەوە و ژاوەژاو) بەڕەگەزی ناجێگیر ، چونکە مەرج نییە لەگەڵ هەر کردەیەکی پەیوەندییکردندا ئەم دوو ڕەگەزە بێنە ئاراوە، واتە بە پێی جۆری پەیوەندییەکان ئەم ڕەگەزانە بەشداردەبن .

[١] شیلان عوسمان عەبدولرەحمان (٢٠١٠: ٥٤).

| قسەکەر | پەیام | هەستەوەرەکان | گوێگر |
|---|---|---|---|
| لێهاتووی پەیوەندییکردن | ناوەڕۆك | بیستن | لێهاتووی پەیوەندییکردن |
| هەڵوێست | ئیلیمێنتەکان | بینین | هەڵوێست |
| زانیاریی | چارەسەر | بەرکەوتن | زانیاریی |
| سیستەمی کلتووریی – کۆمەڵایەتی | ستراکچەر | تامکردن | سیستەمی کلتووریی – کۆمەڵایەتی |
| | کۆدەکان | هەستکردن | |

## ١/ ٢_ ٣ ) دەربڕاوەکانی پەیام لە پرۆسەی پەیوەندییکردندا :

ئەو بیر و زانیارییانەی لە مێشکی قسەکەردایە و بە هەر مەبەستێك لە کات و شوێنی خۆیدا بە گوێگری دەگەیەنێت بەهۆی پەیوەندییکردنەوە، لە شێوەی چەند ستراکچەرێکی زمانییدا ، کە ئەمانەن:

## ١/ ٢_٣_١ ) وشە :

یەکەی فەرهەنگیی / ستراکچەرێکی زمانیی واتادارە، لە یەکگرتنی زنجیرە دەنگێك پێکهاتووە. دەگونجێت تاکە وشەیەکی سەربەخۆ بەشداری بکات لە پێکهێنانی پەیامی قسەکەردا، کە دەبێتە هەڵگری واتا و مەبەستێك بەرامبەر بە گوێگر ، چونکە " هەندێکجار تاکە وشەیەك دەبێتە هۆی دروستبوونی/ لەناوچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان" [١].یاخود دەربڕینی "هەندێك فۆرمی وشەی وەك (ناو ) کە پەیوەندی بە واتای دەروونییەوە هەیە کاریگەریی خراپی دەبێت بۆ سەر کەسی بەرامبەر" [٢]، بۆ نموونە دەربڕینی تاکە وشەیەکی وەك ( کەر ) کە ناوە بۆ ئاژەڵی چوار پەل ، لە باری گوتندا هەندێك جار وەك وشەی واتا_ناشرینبەخش بەکاردەهێنرێت بەرامبەر بە کردەیەکی نەگونجاوی بکەرێك ، هەروەها چۆنێتی گۆکردنی ئەم تاکە وشەیە لەڕێگەی ڕەوت و پلەی دەنگەوە لە کاتی دەربڕیندا دەردەکەوێت ، چونکە " پلەی دەنگ : بریتییە لە ئاستی دەنگ ، کە بە هۆی توندی جۆراوجۆر لە دەنگە ژێیەکان دا دروستدەبێت " [٣].

## ١ / ٢_٣_٢ ) ڕستە :

ئەم ستراکچەرە زمانییە لە ئەنجامی پێکەوە بەستنی کۆمەڵێك وشە و گرێ دا بە پەیڕەوکردنی یاسا ڕێزمانییەکان واتایەك لە خۆ دەگرێت . لەگەڵ ڕەچاوکردنی باری گوتن ، کات ، شوێنی دەربڕین، کە مەبەست و زانیارییەکانی قسەکەر ڕوونتر دەردەخات، چونکە بەهۆی لێڵ واتایی ڕستە یان گۆڕینی ئاوازەی* دەربڕینی ڕستەکە دەبێتە هۆی هەڵە تێگەیشتن لە مەبەستی پەیامی قسەکەر ئەگەرچی ڕستەکە لە ڕووی ڕێزمانییەوە ڕێزماندروست بێت . بۆ نموونە قسەکەر بە دەربڕینی ئەم ڕستەیە:

١٢_ (چایەکەت ناخۆی؟) ، بەهۆی ئاوازەی دەربڕینەوە دەیەوێت گوێگر ئاگادار بکاتەوە بە مەبەستی ( زوو خواردنەوە و ساردنەبوونەوەی چایەکە ) نەك بە واتای پرسیارکردن ، هەربۆیە لێرەدا بارە دەروونییەکە شێوەی گۆکردن دیاریدەکات ، بەڵام ئەگەر وەڵامدانەوەی گوێگر لە یەکێك لەم شێوە وەڵامانەی هەڵبژارد:

---

[١] شیلان عوسمان عەبدولرەحمان (٢٠١٠: ١١٧).

[٢] عەبدولواحید موشیر دزەیی ( ٢٠٠٥: ٨٧).

[٣] هـ.د. ویدۆوسن ، و: هۆشەنگ فاروق ( ٢٠٠٨: ١٤٣).

١٢- أ ( ببورە چا ناخۆم ).

ب ( حەزدەکەم چایەکەم کەمێك ساردبێت ).

ئەگەر وەڵامی ( ١٢- أ ) بێت ، ئەوا گوێگر لە مەبەستی پەیامی قسەکەر تێنەگەیشتووە، چونکە قسەکەر لە ڕێگەی ئاوازەی دەربڕینەوە دەریدەخات مەبەستی کردەی پرسیارکردن نییە ، کەواتە دەبێت گوێگر لە (١٢- ب) دا بکاتە وەڵام بۆ مەبەستی پەیامی قسەکەر.

## ١/ ٢_٣_٣ ) دەربڕین ( گوتن ) :

گۆکردنی هەموو ئەو دەربڕاوانەیە، کە پێویستە قسەکەر دەریانبڕێت لە شێوەی پەیامێکدا. بە شێوەیەکی گشتی گوتن بەم دوو شێوەیەیە :

١. قسەکردن : شێوەیەکی دەربڕینە ، کە تێیدا دەنگەکانی زمان بەکاردەهێنرێت لە ڕێگەی ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە گۆدەکرێت .

٢. نووسین: وێنەی قسەکردنە، کە پیت و هێماکان بەکاردەهێنرێت بۆ وێنەکردنی دەنگەکانی زمان و پاراستنی قسە.

هاوکات لەگەڵ ئەم شێوانەی دەربڕیندا ، بە بۆچوونی دانەرانی گریمانەکانی زمان ، سەرەتاکانی دەربڕین لە چەند شێوەیەکدا خۆی بینیوەتەوە ، لەوانە: " بە باوەڕی دانەری گریمانەی بانگ و قیژەی هەست دەربڕ یەکەم گوتن لە زماندا لە شێوەی سەرسوڕماندا بووە ، بەڵام بە باوەڕی ( ڕێڤیز ) ، کە دانەری گریمانەی پەیوەندییە یەکەم گوتن لە شێوەی داواکردن/ فەرماندانادا بووە پاشان شێوەکانی تری وەك: هەواڵدان و پرسیارکردن هاتوونەتە کایەوە" [١]. بەشێوەیەکی گشتی " قسەکردن بە دانەیەکی زمانیی کاریگەر دادەنرێت ، چونکە قسەکەر و گوێگر تێیدا ئامادەییان هەیە، هاوکات جووڵەی جەستە و ئاواز و پارا زمانییەکانیش ئەو کاریگەرییە زیاتر دەردەخەن" [٢]. هەموو ئەمانەش دەبنە زیاتر خستنە ڕووی مەبەست و واتای گوتن و ئاسان تێگەیشتن لێی . بۆ نموونە:

١٣_ " تۆ و تۆ وەرن ، ئێوە بڕۆن" [٣] . لەم نموونەیەدا ئەگەر جووڵەی جەستە بەشداری نەکات ، هەڵە تێگەیشتن لە لای گوێگرانەوە بەرجەستە دەبێت .

هەر پەیامێك لە شێوەی گوتراودا بێت ، ناتوانرێت گۆڕانکاری تێدابکرێت بە مەبەستی چاککردنەوەی هەڵەکانی ، بەڵام لە پەیامی نووسیندا دەتوانرێت هەروەك پەیامی بەرهەمی نووسەرێك ، کە توانای بەسەر گۆڕانکاریی و چاککردنی بابەتی بەرهەمەکانیدا دەبێت.

---

[١] محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١١: ١٥).

[٢] شیلان عوسمان عەبدولڕەحمان (٢٠١٠: ١١٩).

[٣] محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١١: ٢٠٦).

**١/ ٢_٣_٤ ) دەق :**

چەند ڕستەیەکی بەدوایەکتردا هاتووی بابەتێکە بەشێوەی زنجیرە بەزمانی گوتراو بێت/ نووسراو، چونکە " دەق هەر دەقی نووسین ناگرێتەوە، گفتوگۆی نێوان دوو کەسیش پێی دەوترێت دەق" [١]. بەلاَم "دەقی نووسین ناچێتە سنووری کردەی پەیوەندییکردنی کەسییەوە" [٢]، چونکە لە لایەن نووسەرێکەوە دەنووسرێت و بەشێوەی نووسراویش پەیامەکە دەگوێزرێتەوە، هەروەك ئەو دەقانەی لە لاپەڕەی ڕۆژنامە، گۆڤار، بلاَوکراوەکانی ڕاگەیاندندا بەدیدەکرێن/ ئەو دەقانەی بەشێوەی هەواڵ لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی (T.V) پێشکەشدەکرێت.

**١/ ٣ ) شێوەکانی پرۆسەی کردەی پەیوەندییکردن لە ڕووی بەکارهێنانی زمانەوە:**

پرۆسەی پەیوەندییکردن، کە لەگەڵ ژیانی مرۆڤایەتی و پەیدابوونی زماندا پەرەی سەندووە، چەند شێوەیەکی لێ دروست بووە لە ڕووی بەکارهێنانی زمانەوە لە جۆری پەیوەندیی کەسییدا. کە بریتیین لە:

١/ ٣_١ ) پەیوەندییکردنی نادەمیی.

١/ ٣_٢ ) پەیوەندییکردنی دەمیی.

بە پێی ئەو سەرچاوانەی ئاماژەیان بەم دوو شێوە پەیوەندییکردنە داوە ، باس لە پەیوەندییکردنی دەمیی پێش نادەمیی کراوە، بەواتای شێوەی پەیوەندییکردن لەنێوان مرۆڤەکاندا بە دەربڕینی دەنگ و ستراکچەرە زمانییەکان دەستیپێکردووە، دواتر زمانی جەستە و بەشداریکردنی پارا زمانییەکان هاتووەتە کایەوە.

قوتابخانەی ( نەوام چۆمسکی ) کە لێکۆڵینەوەکانی لەسەر سروشتی زمان کردووە باوەڕی وابوو "مرۆڤ کاتێك لەدایك دەبێت ، توانای زمانەوانی سنورداری هەیە ، کە یارمەتی دەدات کار بۆ وەرگرتنی هەر زمانێکی تر بکات ، کە لە کۆمەڵگادا کاری پێدەکرێت" [٣]. کەواتە مێشکی مرۆڤـ هەڵگری توانستێکی زمانەوانییە، ئەگەرچی مرۆڤـ پەیوەندییەکانی لەسەرەتادا لە شێوەی نادەمیی دا بوو بێت . هەر ئەم توانایەشە دەبێتە بنچینەی زانیاریی زمان، کە ( ئەم بنچینەیە لەناو مێشکی مناڵدا ئاشکرا و فراوانترە لەو داتا زانیارییانەی ، کە پێشکەشی دەکات) [٤] .

---

[١] محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١١: ١٩٧).

[٢] شیلان عوسمان عەبدولرەحمان (٢٠١٠: ١١٩).

[٣] نایف خرما (١٩٧٨: ١١٦).

[٤] ئەبوبەکر عومەر قادر ( وانەی خوێندنی بالاَ ، ٢٠١٢ ) .

بۆیە پەیوەندییکردن هاوشێوەی زمان پەرەی سەندووە، چونکە زمانیش لە سەرەتای پەیدابوونیەوە سیستەمێکی ئالۆز بووە و ڕەنگدانەوەی ئەمەش لە مۆدێلی تیۆری گەشەسەندنی (چارلس داروین) دایە ، کە چارلس ئەوەی بەرجەستەکردووە " زمان وەك سیستەمی ئەندامە ئالۆزەکان وایە، دواتر هەنگاو لەدوای هەنگاو گەشەی سەندووە، هەریەکێك لەو هەنگاوانەش شیکارەکانی گونجێنراوە"[١]. ئەگەر زمان لەو سیستەمە ئالۆزە پەرەی سەندبێت ، پەیوەندییکردنیش کە پەیوەستە بەزمانەوە لەو جۆرەی، کە نازمانیی بووە پەرەی سەندووە. چونکە مرۆڤ لە سەرەتادا بە سیگناڵی نادەمیی دەستی پێکردووە، ئەگەرچی کەموکورتی زۆرتر هاتووەتە ڕێ بەتایبەتی لەو کات و شوێنانەی تاریك بووە گران بووە بۆ کردەی پەیوەندییکردن لە نێوان تاکەکاندا.

چۆمسکی لەو باوەڕەدایە ، کە" کۆئەندامی دەماریی مرۆڤ لە شێوەی قاڵبەکاندا ڕێکخراوە، هەر قاڵبە و سەربەخۆ لەوی دیکە کاردەکات . جگە لەو قاڵبەی ، کە بەسەر توانای زمانەوانییدا زاڵە و دەکرێت پێی بڵێن ( ئەندامی زمان )"[٢]. ئەو ئەندامە زمانییە ڕێزمانی گشتی دەگرێتەوە ، کە بنەڕەتی ئەو سیستەمە خۆڕسکە و لەنێو سیستەمە ڕێزمانییەکاندا وای لە مرۆڤ کردووە گوتە و ستراکچەرە زمانییەکان دروست بکات و لێی تێبگات.

بەتێڕوانین لە گریمانەکانی زمانیش ئەگەرچی ئەم گریمانانە، بیرۆکەی سادە و نەسەلمێنراوبوون خاوەنی چەند کەموکورتییەکن، بەڵام بە پێی ئەو پلە بەندییەی بۆ پەیوەندییکردن و هاتنە ئارای پەیوەندیی دەمیی کراوە دەریدەخات ، کە پەیدابوونی پەیوەندییکردنی نادەمیی مێژوویەکی کۆنتری هەیە لە شێوەی دەمیی ، بەڵگە بۆ ئەمەش بە پێی هەردوو گریمانەی بزاوتن و پەیوەندی ( contact ) تیشك خراوەتە سەر پەیدابوونی زمان ، کە بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە[٣] :

١. لە قۆناغی قیژەدا، زمان ئاڕاستەی دەوروبەر کراوە ، بەڵام بۆ تێگەیاندن نەبووە . هاوکات جووڵەی ئەندامانی لەشی مرۆڤ هەروەك لەقاندنی سەر، چاوتروکاندن، لێو قوچاندن، جووڵەی پەنجەکانی دەست ، بەر لەپەیدابوونی قسە هاتوونەتە کایەوە، کەواتە لەیەکترگەیشتن لەناو مرۆڤدا لە سەرەتادا لەم شێوە بزاوتنە بووە دواتر پەرەی سەندووە بۆ زمانی ئاسایی .
٢. لە قۆناغی بانگکردندا زمان ئاڕاستەی دەوروبەر کراوە بە هیوای هێنانەدی ئاوات و ویستی قسەکەران .
٣. لە قۆناغی وشەدا دەنگەکان وەك ڕەمز بەکارهێنراوە.

---

٤. Victoria , Fromkin , Others (2011:6).

[٢] فلیپ لیبرمان ، و: ڕۆشنا ئەحمەد (١٩٨٨: ٦٨).

[٣] محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١١: ١٦).

کەواتە بە پشت بەستن بە هەردوو گریمانەی زمانیی ( بزاوتن و پەیوەندی ) و بۆچوونەکەی (چۆمسکی ) ، خانەکانی مێشکی مرۆڤـ هەڵگری قاڵبە ڕێزمانیی و زانیارییە زمانییەکانە، ئەگەرچی لە سەرەتای پەیوەندییکردنی بە دەوروبەرییەوە بەشێوەی نادەمیی پەیدابووبێت ، بەڵام لەگەڵ قۆناغەکانی پەرەسەندنی زمان و گەشەسەندنی ماسولکە و ئەندامەکانی ئاخاوتن بۆ بزاوتن بە شێوەی دەمیی (قۆناغی وشە)، شێوەکانی پەیوەندییکردن لە پەیوەندیی کەسییدا ئەم جۆرانەی لەخۆگرتووە :

## ١/ ٣_١_١ ) پەیوەندییکردنی نادەمیی :

لەم هەنگاوەدا : دەنگ ، ناوەند ، جووڵە ، کات ، پێنج هەستەوەرەکانی مرۆڤ ، ئەندامەکانی لەش... وەك پرۆسەیەك پێکەوە بەشداریدەکەن بۆ گواستنەوە ، گەیاندنی واتا ، مەبەستی پەیامی قسەکەر ، بەبێ بەکارهێنانی وشە و ستراکچەرەکانی زمان . " مرۆڤ بە بەردەوامی لە ڕێگەی چاوەکانیان، پێکەنینیان، جووڵەی لەشیان، پەیام لەگەڵ یەکتردا دەگۆڕنەوە" [١]. هەروەها ( جودی پێرسون ) ئاماژە ڤۆکاڵییەکان دەخاتە خانەی پەیوەندییکردنی نازمانییەوە، چونکە باوەڕی وایە "ئاماژە دەنگییەکان لایەنە دەربڕینەکانی دەنگ دەگرێتەوە جگە لە خودی وشەکان ، وەکو بەرزی و نزمی دەنگ ، خێرایی قسەکردن ، گۆڕانی دەنگ..." [٢].

## ١/ ٣_١_٢ ) پەیوەندییکردنی دەمیی :

بەکارهێنانی دەنگەکانی زمان وەك هێما ، پێکهێنانی فۆرمەکانی زمان لە شێوەی وشە ، فرێز ، ڕستە، لە دەربڕیندا / بەکارهێنانی وێنەی دەنگەکان بە شێوەی نووسین ، بە مەبەستی گواستنەوەی زانیاری و پەیامی قسەکەر لە ڕێگەی پەیوەندییکردنەوە بە پەیوەندییکردنی دەمیی ناودەبرێت هاوکات زمانی جەستە و جووڵەی ئەندامانی لەش زیاتر واتای پەیام ڕوونتر دەکەنەوە ، واتە گوێگر دوو کەناڵ بەکاردەهێنێت ( بینین و بیستن ) بۆ تێگەیشتن لە پەیامی قسەکەر ، بۆ نموونە: دادوەر لە کاتی گوتنی بڕیاردان بەسەر کەسی دەستگیرکراودا ، کە چەشنێك لە ژاوەژاوی فیزیکی دێتەکایەوە لەلایەن ئامادەبووان و کەسی دەستگیرکراوەکەدا ، لەگەڵ دەربڕینی فۆرمی ( تکایە بێدەنگی ) لەلایەن دادوەرەوە ، هاوکات بە مێزەکەی بەردەمیدا دەدات ، بە مەبەستی زیاتر ئاگادارکردنەوەی ئامادەبووان/ گوێگران . کەواتە لەم شێوە پەیوەندییەدا بەتەنها ستراکچەرە دەربڕاوەکان بەشداری ناکەن بەڵکو جووڵەی ئەندامەکانی لەشیش بەشداردەبن .

[١] کاوە عەبدولکەریم (٢٠٠٧: ١٦٠).

[٢] شیلان عوسمان عەبدولرەحمان (٢٠١١: ٨١).

به ئامانجی كاركردنی هەردوو شێوەی پەیوەندییكردن ( نادەمیی و دەمیی ) و كاریگەرییان لە بەكارهێنانی زمانی مرۆڤدا ، ئاماژە بە رێژەی بەشداریكردنی ئەم دوو شێوە پەیوەندییكردنە دراوە[١] :




چارتی یەكەم : ( چەندێتی كاركردنی هەردوو پەیوەندیی نادەمیی و دەمیی )

لە پەیوەندییكردنی نادەمییدا ئەم توخمانە بەشداری دەكەن ، كە رێژەیەكی بەرچاو پێكدەهێنن بە بەراورد لەگەڵ پەیوەندییكردنی دەمییدا: ( دەربرینی رواڵەتیی ، تۆنی دەنگ ، جووڵەی ئەندامەكانی لەش ، دەركەوتنی باری رووخسار ، زمانی چاو ، بارودۆخ ).

## ١/ ٣_٢ ) ئامانجی كردەی پەیوەندییكردن :

زمان لای هەر تاكی كۆمەڵگاوە لە كاتی بەكارهێنانیدا چەند ئەركێك بەجێدەهێنێت ، یەكێك لەوانە بۆ ( پەیوەندییكردن )ە. ئەم پرۆسەیەش چەند ئامانجێك بەرجەستە دەكات :

**١. بۆ موجامەلەكردن و دەستكەوتنی زانیاری :**

مرۆڤ لە رێگەی موجامەلەكردنەوە لەگەڵ یەكتردا، دەتوانێت ئەو زانیارییانەی مەبەستێتی بەدەستی بهێنێت.هەندێ جاریش پەیوەندییكردن بەمەبەستی پتەوكردنی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانە، چونكە " مرۆڤ بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتییە، كە پێویستی بەم پرۆسەیە هەیە ، بە هەر شێوەیەك بێت هەوڵدەدات دەرگای قسەكردن بكاتەوە و پیشانی بدات قسەكەر سەر بە چ خێزانێك، گروپێك ، چینێك ، یان كۆمەڵگایەكە "[٢].

Joi-commstudies.blogspot.com

[١].

[٢] كاوە عەبدولكەریم (٢٠٠٧: ١٦٠).

بەتایبەتی لەکاتێکدا کەسێك گەشت بکات و بیەوێت موجامەلەی کەسێك بکات ، کە نایناسێت. یان بەشداریکردنی تاکێك لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا پێویستی بە پەیوەندییکردنە ، وەك: بۆنەی پرسە، ئاهەنگگێڕان ، کۆڕ و کۆبوونەوەی ئایینی / سیاسی.

**٢. بۆ یارمەتیدان :**

لەگەڵ پتەوکردنی پەیوەندی لە نێوان تاکی کۆمەڵگادا ، زۆرجار مەبەستی پەیوەندییکردن خستنەڕووی بواری یارمەتیدانی یەکترە بەتایبەتی لە چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا ، خێزان ، وڵاتان....هتد.

**٣. بۆ وروژاندن و قایلکردن :**

هەستوسۆز بەشداری دەکات لە وروژاندن و قایلکردنی خەڵکیدا، بۆیە " بەکارهێنانی زمان بە شێوەی دەمیی یەکێکە لە گرنگترین ئامێرەکانی قایلکردن ، تەنانەت ( ئەرستۆ )ش یەکەم فەیلەسوفە ، کە باسی گرنگی قایلکردنی کردووە لە پرۆسەی پەیوەندییکردندا "[١]. واتە توانای قایلکردن ، کە ڕێژەییە لەناو تاکەکانی کۆمەڵدا بوارێکی دیار و کارای پەیوەندییکردنە ، تەنانەت کاریگەری ئەم بوارە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا ڕوون و ئاشکرایە لە ئاڕاستەکردنی جەماوەر و گۆڕینی هەڵوێستیاندا .

**٤. بۆ کاتبەسەربردن :**

هەر لەسەردەمی دێرینەوە تا ئەمڕۆ ، پەیوەندییەکانی مرۆڤ گەشە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەگەرچی مرۆڤ لەئەمڕۆدا بەهۆی زۆر پەیوەستبوونی بە کاروباری ڕۆژانەیەوە ، پەیوەندییەکانیشی ئاڵۆزتر و سنوردارتر بووە . بۆ نموونە : هەندێك کەس بەمەبەستی خۆ دەربازکردن لە واقیعی سەرقاڵبوون، بە ئامانجی کاتبەسەربردن و کەمکردنەوەی سترێسەکانی هانا بۆ پەیوەندییکردن دەبەن .
هەندێکجار پەیوەندییکردن بە مەبەستی هەڵخەڵەتاندنی کەسی بەرامبەر بەکاردەهێنرێت ، بۆ نموونە : لە هەندێك پەیوەندیی خۆشەویستی نێوان ڕەگەزی نێر ومێ / نێوان هاوڕێیاندا بە ئامانجی بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکان ، هەوڵدەدرێت لە ڕێگەی پەیوەندییکردنەوە کەسی بەرامبەر هەڵبخەڵەتێنرێت . ئامانجی بەکارهێنانی ئەم پرۆسەیە ئامانجی بەکارهێنانی زمانیشە ، بە واتای مرۆڤ لە ڕێگەی زمانەوە بە هەر مەبەستێك بێت ، کە بیەوێت دەتوانێت پەیامەکەی بە گوێگر بگەیەنێت .

---

[١] کاوە عەبدولکەریم (٢٠٠٧: ١٦١).

## ١/ ٤_١ ) تیۆری کردە قسەییەکان :

چالاکییەکانی گوتن بەردەوام پێویستی بە شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی ئەو مەبەستانەیە، کە تێیدا بەرجەستە دەبێت لە گوتەی قسەکەردا/ لە وەڵامی گوتەی گوێگر بۆ قسەکەردا . خستنەڕووی ئەم ڕوونکردنەوانە بە کردەی قسەیی ناودەبرێت . بە واتا " کردەی قسەیی بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەربڕراوەکانە* ، کە بەهۆی بەکارهێنانی زمانەوە جێبەجێ دەبێت لە ڕێگەی ئاماژە و هێزی ڕەوانبێژی و کاریگەرییەکانییەوە"[١]، هەربۆیە کردەی قسەیی بە پردی پەیوەندیی نێوان زمان و ئەو بارودۆخە دەرەکییانەی، کە زمانی تێدا بەکاردەهێنرێت دادەنرێت ، چونکە " زمان ئەداکردنی چەند کاروبارێکە لەیەك کاتدا ، وتەش یەکێکە لە کاروبارەکان وەك ئەوەی دەشێت بۆ: زەمکردن/ پیاهەڵدان/ بڕیاردان/ هەڕەشەکردن/ گلەییکردن/ هێورکردنەوە/ هەڵخەڵەتاندن / پاکانەکردن ..بێت" [٢]. کەواتە " چەمکێکی بە سوود لە پەسنکردنی کردە قسەییەکاندا قسە_مەبەست intention ە ، کە ئاماژە بە مەبەستی گفتوگۆکردنی قسەکەر لە بەرهەمهێنانی دەربڕراوێکدا دەدات ، چەشنەکانی قسە_مەبەست و داواکردن بۆ کردە و چالاکیی ( فرمان و داخوازیی ) و داواکردن بۆ زانیاریی ( پرسیار ) ن"[٣]. لەم ڕووەوە واتاناسە دێرینەکان، بە پەیڕەوکردنیان بە پێشینەی فەلسەفی بۆ ڕاست و هەڵەی ڕستەکان دوور لە نیشانەی پڕاگماتیکی ، گریمانەی پێشینەیی ، واتای بەخشکەیی دەربڕین و پەیوەست بە واتای مەرجی سیمانتیکی لە ڕستەدا ، ستراکچەری ڕستەیان بە هەڵە یان ڕاست پەسن دەکرد دوور لە لێکدانەوەی دەوروبەر ، بەڵام " زمانەوان ( ویتگنشتاین ) لە لێکۆڵینەوە فەلسەفیە لۆجیکییەکەیدا بەناوی ( واتا بەکارهێنان )، گوتنی بە کردار لە قەڵەمدا و پەسنی زمانیشی بە ( گەمەکانی زمان ) ناوبرد"[٤]، کەواتە ئەگەر گوتن جێبەجێکردنی کردار بێت ، ئەوا زمان فاکتەرە بۆ پێناسەکردنی هەر بارودۆخێکی گوتن .

بۆ نموونە :

١٦_ئێمە ئەو کارەمان نەکردووە.

دەربڕینی ئەم گوتراوە زمانییە لە بار و دەوروبەرێکدا دەشێت ( توانج لێدان ) بێت بەرامبەر بە کردەیەك ، کە جێگەی گومان بێت لە لایەن نیشانەی کەسی ( ئێمە ) کرابێت / دەگونجێت (دڵنیاکردنەوە) بێت ، کە ( ئێمە ) ئەو کارەمان نەکردووە بەڵکو کەسانی تر جێبەجێکەری ئەو کردارە بوون/ دەگونجێت ( هێورکردنەوە ) بێت بەرامبەر بە هەستی ترسی کەسێك .

---

* بە بۆچوونی قەیس کاکل تۆفیق ، کردەی قسەیی بۆ شیکردنەوەی زمانی قسەکردنە تا نووسین ، چونکە هەر قسە بە بەرچاوەوە دەگیرێت . بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە : قەیس کاکل تۆفیق (١٩٩٥: ٣٩).

[١] هـ.د.ویدۆوسن، و: هۆشەنگ فاروق (٢٠٠٨: ١٥٢).

[٢] محەمەد محەمەد یونس عەلی : و: نەریمان خۆشناو (٢٠١٠: ٣٨).

[٣] محەمەدی مەحویی: بەرگی دووهەم (٢٠٠٩: ٢١٢).

[٤] تریفە عومەر قادر ( ٢٠٠٨: ٦٦).

کەواتە دەتوانرێت هاوکێشە زمانییەکە بەم شێوەیە هاوسەنگ بکرێت :

لەلای واتاناسە دێرینەکان : قسەکردن X کردە ( پێچەوانەی یەکن )

بۆ نموونە : ١٧_ بە قسەم مەکە، بە کردەوەم بکە [١].

بە پێی تیۆری کردەقسەییەکان : قسەکردن = کردە

بۆ نموونە: ١٨_ بە قسەم بکە، زەرەر ناکەیت . ( ئاگادارکردنەوە/ ئامۆژگارییکردن ).

بە لێکدانەوە و ڕەچاوکردنی دەوروبەری گوتنی ئەو دەربڕراوانە و جێبەجێکردنی ئەو کردانە دەبنە گرتنەبەری ڕاست ڕۆشتنی کردەیەکی ڕەفتاریی بۆ کەسی گوێگر ، کەواتە قسەکردن و کردە دوو دیاردەی چونیەکن ، نەك پێچەوانە . هەر بۆیە تیۆری کردەقسەییەکان بەندە بە دوو بنەمای گرنگەوە [٢]:

١. هەموو گوتنێك بۆ جێبەجێکردنی نیاز و مەبەستی قسەکەرە.

٢. پەسنی بارودۆخ ، کە بە پێی قسەکردن / مەبەستەکەی ، واتاکەی دەگۆڕێت .

## ١/ ٤_١_١ ) تیۆری ئۆستن :

لەپاش بانگەشەکردنی زمانەوان ( ویتگنشتاین ) بۆ گوتن و کردەقسەییەکان، فەیلەسوفی بەریتانی ( جۆن ئۆستن ) بۆچوونی کردە قسەییەکانی لەلای قوتابییەکانی لە زانکۆی ( هارڤەرد ) ساڵی (١٩٥٥) ز بڵاوکردەوە، کە تێیدا ئەوەی خستەڕوو " هەندێك قسە بە کردە ڕاپەڕاندن دادەنێت و مەبەستی سەرەکی لە گوتندا بەکارهێنان و وەسفکردنی نەبووە، بەڵکو هەموو گوتنێك وەك گوتنەکانی تر، ڕاسپاردە/ پرسیار/ فەرمانن" [٣]. بە واتای زۆر بە وردی بارودۆخی بەکارهێنان و گوێگر و بەکارهێنانی ڕستەکانی دیاریکردووە. هەربۆیە تیۆری کردەقسەییەکانی ئۆستن بە " هێڵی تەریبی نێوان (بەکارهێنانی زمان) و (گەمەکانی زمان)ی ویتگنشتاین دادەنرێت" [٤]. جێگەی باسکردنە، کردەقسەییەکان تەنها لە ڕستەدا بەدیناکرێت ، بەڵکو دەگونجێت تاکە وشەیەك ڕاپەڕاندنی کردەیەك بێت بە پێی بار و مەبەستی قسەکەر لە دەربڕیندا / " ئەو دەنگانەی ، کە بۆ ئاگادارکردنەوە/ ئەو وشە و زاراوانەی لە یاریکردندا بەکاردەهێنرێن" [٥]. بۆ نموونە : لە یاری شەترەنجدا چەند زاراوەیەك دەگوترێت، لەگەڵ دەربڕینی ئەم زاراوانەدا چەند کردەیەك جێبەجێ دەکرێت ، وەك: (کشمات : بەدەربڕینی ئەم تاکە زاراوەیە لە بارودۆخی یاریکردنەکەدا گوێگر لە مەبەستی قسەکەر تێدەگات و دەزانێت لەم یارییەدا هەنگاوی بەرەو دۆڕاندن ناوە.

---

[١]. قەیس کاکل تۆفیق (١٩٩٥: ٣٨).

[٢]. محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١١: ٢٠٧).

[٣]. قەیس کاکل تۆفیق (١٩٩٥: ٤٧).

[٤]. تریفە عومەر قادر (٢٠٠٨: ٦٦).

[٥]. قەیس کاکل تۆفیق (١٩٩٥: ٧٣)

هەروەها لە یاری( چاوشارکێ )دا ئەو کەسانەی خۆیان شاردۆتەوە پێیان دەوترێت ( جۆ ) ئەمەش بە واتای کردەی بینین و دۆزینەوەی ئەو کەسانە دێت کە دۆزراونەتەوە. کەواتە جێبەجێکردنی کردەکە لەگەڵ کاتی گوتنی زاراوەکەدایە .

تیۆری ئۆستن ئەگەرچی وەك هەموو تیۆرەکانی تر بەدەر نییە لە کەموکورتی ، بەڵام هەندێك فاکتەر بە کەموکورتی هەژمارکراوە [١] ، لەوانە :

١. زۆربەی یەکەکانی گوتن لە ئاخاوتندا زیاتر لە مەبەستێك دەگەیەنێت.
٢. چالاکییە نازمانییەکانی وەك: بێدەنگی ، بزاوتنی چاو ، دەم و لێو ، جوڵاندنەوەی دەست، کردەی پێکەنین ، زەردەخەنە ناگرێتەوە ، کە زۆرجار دەبنە وەڵام بەرامبەر بە کردەیەك.

بۆیە یەکەکانی گوتن لە دەربڕیندا ئەگەر زیاتر لە مەبەستێکی گەیاند ، تیۆری کردەقسەییەکان چارەسەری ئەو گوتراوانە دەکات و دەیانخاتە دەوروبەر و باری گوتنەوە ، ئەگەرچی پێشتر لەلای واتاناسە دێرینەکان گوتراوەکان لە دەوروبەر دابڕابوون . کەواتە هەر دەوروبەرە [*] مەبەستەکانی زنجیرەی قسە ڕوونتر دەکاتەوە و دووریدەخاتەوە لە لێڵواتایی و هەڵە تێگەیشتن ، جگە لە یەکەکانی گوتن، چالاکییە نازمانییەکانیش لە هەر زمان و کلتوور و نەتەوەیەکی خۆیدا واتا و مەبەستی خۆی دەگەیەنێت، چونکە هیچ کام لەم چالاکییانە بێمەبەست و واتا نین ، بۆ نموونە :

کردەی بێدەنگی: بە واتای: ١. لە هەندێك باری گوتندا بە واتای ڕازیبوون دێت بەرامبەر بە کردەیەك.
٢.پچڕانی پەیوەندییکردن لەگەڵ کەسانی دەوروبەر.

کردەی پێکەنین : بە واتای: ١.سوکایەتی پێکردن.
٢.دەربڕینی هەستی خۆشی.

کەواتە کردەقسەییەکان ڕێگایەکیشە بۆ لێکدانەوە و خستنەڕووی مەبەست و واتای چالاکییە نازمانییەکانیش ئەگەرچی هەندێکجار تەمومژی و لێڵواتایی تێیدا دێتە کایەوە، ئەویش لە ئەنجامی بەئاگانەبوونی گوێگر بە باری کۆمەڵایەتی ، کلتوور، کات ، شوێن ، دەوروبەر.

---

[١] عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١١: ٦٦).

[*] سیما جیاکەرەوەکانی کردەی لێکگەیشتن چەند جۆرێك دەوروبەر دیاریدەکەن: ١.دەوروبەری فیزیکی ، ٢.دەوروبەری زمانەوانی ، ٣.دەوروبەری کۆمەڵایەتی ، ٤.دەوروبەری ئەبستمی ، ٥.دەوروبەری دەروونی ، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە :
ئاڤێستا کەمال مەحمود : پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان ( ٢٠٠٦ : ١٣–١٧).

## ١/ ٤_١_٢ ) چۆن شتەکانی دەوروبەر لە ڕێگەی وشەکانەوە بە ئەنجام دەگەن؟

ئۆستن لە بەرهەمەکەیدا ( چۆن شتەکانی دەوروبەر لە ڕێگەی وشەکانەوە بە ئەنجام دەگەن؟ )، ئاماژە بەوە دەکات ، کە " لەڕاستیدا چەندین جۆر گوتە لە دەم دێنەدەر، بە بێئەوەی زانیاری تەواو بە دەستەوە بدەن یان باس لە هەر شتێکی تر بکەن ، بە واتای ئەوەی ناتوانرێت بوترێت ئەو گوتراوە ڕاستە/ هەڵەیە ، چونکە دەربڕینی ڕستە بۆخۆی ڕووداوە/ بەشێکە لە ڕووداو" [١]. بۆ نموونە :

١٩_من واز لە پیشەی مامۆستایی دەهێنم .

ئەم ڕستەیە بە تەنها هەواڵدان و پەسنکردن نییە چونکە زیاتر ڕاپەڕاندنی کردەیەکە ، کە ( وازهێنان )ە لەو پیشەیە . واتای ئەم ڕستەیەش پەیوەستە بە ڕاپەڕاندنی کردەکە نەك ڕاست و هەڵەی ڕستەکە. ئۆستن لەم بەرهەمەیدا چەند لایەنێکی تری زمانیی خستووەتە ڕوو لەوانە :

١. زیاتر جەختی خستوەتە سەر ڕستەی هەواڵدان ، کە " جۆرێکە لە ڕووداوی قسەکردن / بەرهەمی ڕووداوێکی نازانیارییە هەروەك چۆن لە پەیمانپێدان/ بەئاگا هێنانەوەدا ڕەچاودەکرێت"[٢]، بە واتای جیاکردنەوەی ئەو قسانەی لە ڕێی پەیمان و ئاگادارکردنەوە لە دەم دێنە دەرەوە. بۆ نموونە :

٢٠_ کاتژمێر (٦) ی ئێوارە پێکەوە دەچین بۆ شەقلاوە . ( هەواڵدان / کاتی ئێستا ).

٢١_ ڕۆژی سێشەممە ئارایشتگا نییە. ( ئاگادارکردنەوە )

٢٢_ بەڵێنت پێدەدەم ، کە هەرگیز ئەم کردارە نەکەم . ( بەڵێنپێدان )

٢. ئۆستن جیاوازی لە نێوان دوو بەکارهێنانی زماندا کردووە [٣]:

أ. بەکارهێنانی ئاسایی : ئەم جۆرە بەکارهێنانە لە زمانی قسەکردنی ئاسایی ناو کۆمەڵدا بەکاردەهێنرێت.

ب. بەکارهێنانی نائاسایی: مەبەست لەو بەکارهێنانەیە ، کە لە زمانی شیعر و ڕۆمان و شانۆدا بەکاردەهێنرێت.

٣. ئۆستن، کردارەکانی زمانی لە ئەنجامی شیکردنەوەی واتا و مەبەستی گوتراوەکان پۆلێن کردووە بۆ :

أ. کرداری ڕاپەڕاندن: ئەم جۆرە کردارەش دوو شێوەی لەخۆ گرتووە :

أ.١. ڕاپەڕاندنی ئاشکرا.

أ.٢. ڕاپەڕاندنی شاراوە.

ب.کرداری ناڕاپەڕاندن .

---

[١] جون لاینز (١٩٨٧: ١٨٧).

[٢] سەرچاوەی پێشوو (١٩٨٧: ١٨٨).

[٣] عەبدولواحید موشیر دزەیی ( ٢٠١١: ٥٣).

٣.أ. **کرداری ڕاپەڕاندن** : هەموو ئەو کردارانە دەگرێتەوە ، کە هاوکات لەگەڵ دەربڕینی گوتراوەکاندا کردەکە جێبەجێ دەکرێت، جا لەکاتی قسەکردنەکەدا بێت/ پاش قسەکردن ، هەروەك لە کاتی (پەیماندان، سوێندخواردن، سوپاسکردن، تەڵاقدان، بڕیاردان ) لەم کردانەدا کات و شوێن لە دەمی گوتندا لە گوتراوەکەدا ئاوێتەیە .

بۆ نموونە: دادوەر لە کاتی دادگاییکردندا دەڵێت :

٢٣_ بڕیارمان دا تاوانبار بۆ ماوەی سێ ساڵ زیندانی بکرێت. ( بڕیاردان/ ڕاپەڕاندنی ئاشکرا ).

٢٤_سێ بەسێ تەڵاقم کەوتبێت ، جارێکی تر نایەمەوە بۆ ئەم ماڵە. ( تەڵاقدان/ ڕاپەڕاندنی ئاشکرا ).

٢٥_ سوپاست دەکەم بۆ یارمەتیدانت. ( سوپاسکردن / ڕاپەڕاندنی ئاشکرا ).

هەریەکێك لەم گوتراوانە لە کاتی دەربڕیندا هێزێکی ڕەوانبێژی لەگەڵدایە ، کە ئەمەش وایکردووە دەربڕاوەکان بەشێوەی ئاشکرا بەو مەبەستەی دەگوترێت بگەیەنرێت بە گوێگر ، هەر بۆیە قسەکەریش ناچار نابێت، کە هێمایەکی ڕوونتر لە قسەکردندا بەکاربهێنێت بە مەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی مەبەستی گوتنەکەی . کەواتە کردە قسەییەکان بە دوو ڕێگە دەگەیەنرێت بە گوێگر [١] :

١. بەکارهێنانی کردارێکی ڕاپەڕاندن [*] : بەکارهێنانی لە کردەی قسەدا ئاسانتر و ئاشکراتر مەبەستی گوتن دەردەخەن.
٢. بەهۆی ئاوازە و بۆتەی ڕێزمانی لەبارەوە: بەکارهێنانی لە کردەی قسەدا بێهێزترن و کەمتر بەکاردەهێنرێت.

**٣.أ_١. کرداری ڕاپەڕاندنی ئاشکرا:**

ئەو کردارانە دەگرێتەوە لەگەڵ دەربڕیندا کردارێکی ڕاپەڕاندن بەکاردەهێنرێت ، کە هاوکات هێزی ڕەوانبێژییان لەگەڵدایە ، بۆ نموونە : ( پیرۆزباییکردن، سوێندخواردن، نەفرەتکردن...) بۆ نموونە :

٢٦_ سوێند دەخۆم ، کە جگەرە ناکێشم. لەم گوتنانەدا کاتی گوتن و کاتی مەبەستی گوتن بووە بە یەك [**] .

---

[١] قەیس کاکل تۆفیق (١٩٩٥: ٤٤).

[*] کرداری ڕاپەڕاندن بە هەردوو جۆرەکەیەوە ، چەند مەرجێکی هەیە : أ. پێویستە کرداری ڕستەکە لە تافی ئێستادا بێت ( ڕانەبردوو ) . ب. بکەری ڕستەکە یەکەمی تاك/ کۆ بێت : بۆ نموونە: گرەو دەکەم ، کە ئەمڕۆ مامۆستای بیرکاری نایەتەوە.

[**] هۆگر مەحمود فەرەج لەم بارەیەوە باسی لە دوو جۆر کات کردووە ، کە لەهەر وتنێکدا بەدیدەکرێت :
أ. کاتی گوتن ( ڕوودانی کاتی گوتن ). ب. کاتی مەبەستی ناو گوتن ( یان دیاریکردنی کات لەناو گوتندا ) . بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە : ( پراگماتیك و واتای نیشانەکان ، ٢٠٠٠: ٧٣ – ٩٢).

**٣. أ _٢. کرداری ڕاپەڕاندنی شاراوە( نائاشکرا ):**

ئەو کردارانە دەگرێتەوە ، کە لە کاتی گوتندا جەخت دەخرێتە سەر بۆتەی ڕێزمانی و بەکارهێنانی ئاوازە، چونکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ مەبەست بە گوێگر ناگەیەنێت . هەروەها " ئەم جۆرە کردارانە هەڵگری خەسڵەتی ڕاست و هەڵە نین ، بەڵکو ئەوەی دەکرێت زیاترە لەوەی دەگوترێت "[١]. بۆ نموونە:

٢٧_ بەیانی لەگەڵما دێیت بۆ ئاهەنگەکە ( بەهۆی بۆتەی ڕێزمانییەوە : داواکردنە نەك پرسیار ).

٢٨_ بەیانی لەگەڵما دێیت بۆ ئاهەنگەکە ! ( بەهۆی ئاوازەوە: سەرسوڕمانە ).

**٣.ب.کرداری ناڕاپەڕاندن :**

مەبەست لەو کردارانەیە، کە لە کاتی گوتندا ڕاستەوخۆ کردەکە جێبەجێ ناکرێت ./ بە پێچەوانەی مەرجەکانی کرداری ڕاپەڕاندنەوەیە . بۆ نموونە:

٢٩_ بەڕێوەبەر سزا بەسەر هەردوو خوێندکارەکەدا دەدات، کە لە تاقیکردنەوەکەی ئەمڕۆدا ئامادە نەبوون.

٣٠_ حکومەتی هەرێمی کوردستان، خوێندکارە یەکەمەکانی زانکۆ خەڵاتدەکات.

کردارەکانی ( سزا دەدات، خەڵاتدەکات ) لەگەڵ دەربڕینیاندا هاوکات کردەکە جێبەجێ ناکرێت ، ئەمەش پێچەوانەی کرداری ڕاپەڕاندنە.

لەگەڵ مەرجەکانی هەریەك لە کرداری ڕاپەڕاندن و ناڕاپەڕاندن ، هەموو کردارێکی ڕاپەڕاندن دەبێتە کرداری ناڕاپەڕاندن ، بەمەرجێك بکەری ڕستەکە یان کاتی ڕستەکە بگۆڕرێت . بۆ نموونە:

٣١_ کوڕەکە بڕیاریدا ، کە بێت بۆ ئێرە . ( بکەری ڕستەکە گۆڕاوە بۆ کەسی سێهەم ).

هەندێك جار لە پۆلێنکردنی کردارەکانی ڕستەدا کەموکورتییەك دێتە ئاراوە ، چونکە " هەندێك کردار لە زماندا نە دەچنە پۆلی کرداری ڕاپەڕاندنەوە نە دەچنە ناڕاپەڕاندنیشەوە ، یان دەشێت هەردوو پۆلەکەش بێت"[٢]. بۆ نموونە :

٣٢_ من لەو بارەیەوە دەدوێم.

[١] تریفە عومەر قادر (٢٠٠٨: ٦٦).

[٢] قەیس کاکل تۆفیق (١٩٩٥: ٤٦).

قسەکەر دەگونجێت ڕاستەوخۆ لەکاتی قسەکردندا لەو بابەتە بدوێت ، کە پێویستە بەڵام دەشێت نەدوێت لە کاتێکی تردا بدوێت ئەگەرچی ئەم گوتراوەش دەربڕێت ، لێرەدا ئاڵۆزییەك لە تێگەیشتنی ڕووداوی ئەو گوتراوەدا دروستدەبێت .

## ١/ ٤_٢ ) پۆلێنکردنی جۆری کردەقسەییەکان :

دەستنیشانکردن و پۆلێنکردنی جۆری کردەقسەییەکان کارێکی ئاسان نییە، ئەگەرچی کردارەکانیش پۆلێن بکرێن ، کە بە پێی مەبەستی ڕەوانبێژی بەکاردێت ، ئەنجامێکی ئەوتۆ بەدەست نایەت ، لەم ڕووەوە ( قەیس کاکل ) دەڵێت: " ئەو کردارانە وا چاوەڕوان دەکرێت لایەنێکی فراوان و بەربڵاوی ئەو کردانە ڕوون بکەنەوە، کە دەیگەیەننە گوێگر" [١]. بۆیە ناتوانرێت ژمارەی کردارەکان بکرێتە بنەمایەکی ڕاست بۆ پۆلێنکردنی جۆری کردەقسەییەکان، چونکە ژمارەی کردارەکان زۆر لەوە زیاترن ، بۆ نموونە: ئەگەر سەرنج بدرێتە پۆلێنکردنەکەی نێوان ( ئۆستن ) و ( سیریەل ) جیاوازی تێدا بەدیدەکرێت . بەشێوەیەکی گشتی کردەقسەییەکان لە هەر زمانێکی ئەم جیهانەدا پۆلێن دەبێت بۆ پێنج جۆر [٢]:

**١. هەواڵدان:**

جۆرێکی کردەقسەییەکانە، کە بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندنی پەیامە لەکاتی ڕوودانی هەر دیاردەیەکدا لە لایەن قسەکەرەوە بۆ گوێگر/ خوێنەر ، بۆ نموونە:

٣٣_ ق: من ئێستا هاوسەرگیری ئێوە ڕادەگەیەنم. ( گوتنی مەلایەك لە کاتی مارەبڕینی پرۆسەی هاوسەرگیرییدا ).

**٢. کردەی نواندن :**

ئەو گوتراوەی قسەکەر دەگرێتەوە ، کە دەریدەبڕێت و ئایا جێگەی باوەڕپێکردنە یان نا! ئەمەش زیاتر ( پەسنکردن ، گەیشتنە ئەنجام، دەستەواژەی دیاردە ڕاستییەکان ) دەگرێتەوە ، بۆ نموونە:

٣٤_ ق: کەشوهەوای دوێنێ خۆرهەتاوێکی گەرم بوو. ( پەسنکردنی دیاردەیەکی ڕاستی ).

**٣. کردەی هەستدەربڕین :**

جۆرێکی کردە قسەییەکانە ئەو گوتراوانە دەگرێتەوە ، کە ڕەنگدانەوەی هەستی قسەکەرە لە کاتی گوتندا وەکو ( دەربڕاوە سایکۆلۆژییەکان ، هەستی خۆشی ، ناخۆشی ، سوپاسکردن، پۆزشهێنانەوە ).

---

[١] قەیس کاکل تۆفیق (١٩٩٥: ٥٣).

[٢] Cameron Shelley ( 1992: 27).

٣٥_ ق: ئاخ لە دەردی هەژاری! ( دەربڕینی هەستی ناخۆش )

٣٦_ ق: پیرۆزە ، خۆشحاڵین بە دەرچوونت. ( دەربڕینی هەستی خۆش )

**٤. کردەی فەرمانکردن :**

لەم جۆرە کردەیەدا قسەکەر پێویستی بە کەسێکە بۆ ڕاپەڕاندنی هەندێك کردار، بۆیە چەند فۆرمێك بۆ ئەو کردارەی ، کە پێویستە جێبەجێبکرێت دەردەبڕێت، ئەمیش لە شێوەی (داواکردن ، ڕێنماییکردن، پاڕانەوە، پێشنیازکردن ، فەرمانکردن) . بۆ نموونە:

٣٧_ بەیارمەتیت، دەتوانیت کۆمپیوتەرەکەتم بدەیتێ. (پرسیارکردن نییە بەڵکو داواکردنی کەرەستەیەکە).

٣٨_ ژوورەکە ساردە، وانییە؟* (داواکردنە ، بە مەبەستی داخستنی دەرگاکە).

**٥. پەیوەستبوون:**

" لەم جۆرە کردەیەدا ئەو دەربڕاوانە دەگوترێن ، کە بۆ پەیوەستبوونی قسەکەر بە هەندێك چالاکی کرداری داهاتووەوەیە"[١]، هەروەها تێیدا مەبەست و ئامانجەکانیان دەخەنە ڕوو لەشێوەی (هەڕەشەکردن، سەرپێچیکردن، بەڵێندان) . بۆ نموونە:

٣٩_ جارێکیتر بتبینمەوە لەگەڵ خوشکەکەمدا ، دەتکوژم . ( کرداری هەڕەشەکردن )

٤٠_ بەڵێن دەدەم ، کە سەرپێچی ڕێنماییەکانی هاتوچۆ نەکەم. ( بەڵێندان )

ئەم شێوە پۆلێنکردنە ، شێوەیەکی گشتی پۆلێنکردنی جۆری کردەقسەییەکانە لە زۆربەی زمانەکاندا ، بەڵام پۆلێنکردنەکەی (ئۆستن) و (سیریەل) تا ڕادەیەك نزیکن لەم پۆلێنکردنەوە ، بەڵام لە یەکتریش جیاوازن .

## ١/ ٤_٢_١ ) پۆلێنکردنی جۆری کردەقسەییەکان بە بۆچوونی ( ئۆستن ) :

جۆن ل.ئۆستن (١٩٦٢)، لەپاش جیاکردنەوەی جۆرەکانی کردار ( ڕاپەڕاندن، ناڕاپەڕاندن ) ویستی لەسەر بنەمای جۆری کردار جۆری کردەقسەییەکان پۆلێن بکات . هەرچەندە گەیشتە ئەو باوەڕەی ، کە ئەم دوو جۆر کردارە ناتوانن مەبەستەکانی ئاخاوتن زیاتر لێکبدەنەوە، بۆیە بە مەبەستی دەرخستنی چۆنیەتی گەیاندن لە کردەی ڕاپەڕاندندا و هاوکات چالاکییەکانی گوتن ، کە لە بەرهەمهێنانی گوتراوێك دروستبووە ، ئاماژە بە سێ کردەی پەیوەندیدار* داوە، کە ئەمانەن [١] :

* لە زمانی کوردیدا ئەم چەشنە قاڵبە ڕێزمانییە بەکاردەهێنرێت بە مەبەستی دڵنیابوون / چێککردنی زانیاریی و هەندێکجاریش بە مەبەستی داواکردنە ، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە : ئەبوبەکر عومەر قادر : پرسیار لە زمانی کوردیدا (١٩٩٢: ٣٨).

[١] Jef Verschueran (1999: 24).

### ١. كردەی واتای فۆرمی ( Locutionary Act) :

جەخت خستنەسەر كردەی دەربڕینە بۆ لێكدان و ڕیزكردنی ڕێزماندروستی مۆرفیم و وشەكان ، بە مەبەستی پێكهێنانی ستراكچەری ڕستەیەكی واتادار دوور لەتەمومژی، بۆ نموونە:

٤١_ ق: كتێبێك لەسەر مێزەكە دانراوە.( پێویستە گوێگر لە ( واتای كتێب +مێز ) بگات ، كە بە هۆی ئامرازەكەوە پێكەوە بەستراون .

### ٢. كردەی هێزی واتای نافۆرمی ( Illocutionary Act ) :

هەمیشە قسەكەر لە گوتنەكەیدا مەبەستێكی هەیە، هەر ئەم مەبەستەش كاریگەری دەبێت لەلای گوێگر، بۆ نموونە:" كاریگەری هەندێك وشە لەسەر ڕازیكردنی كەسێك، ئەمەش پەیوەندی بە بنەمای دەروونی و كۆمەڵایەتییەوە هەیە" [٢]، ئەم كردەیە: بەڵێندان ، دانپێدانان، بانگهێشتكردنیش دەگرێتەوە، بۆ نموونە:

٤٢_ئەم هەفتەیە ئاهەنگی دەرچووانی قۆناغی چوارەم سازدەكرێت . (بانگهێشتكردنە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ).

### ٣. كردەی بەجێهێنان لە دركاندنەوە* :

ڕەنگدانەوەی ئەو كاریگەرییانەیە، كە لەلای گوێگرەوە دروستدەبێت بەهۆی دەوروبەری گوتنەوە، كە گوتراوەكە مەبەستی تر دەبەخشێت جگە لە واتا فەرهەنگییەكەی . بەمەش دەبێتە ڕاپەڕاندنی كردارەكە، هەروەك لەقەناعەتهێنان بە ئامۆژگاری/ ملكەچبوونی گوێگر بۆ فەرمانی قسەكەر دەردەكەوێت، بۆ نموونە:

٤٣_ ق: جگەرەكەی دەستت بكوژێنەرەوە.(داواكردن/ ئاگاداركردنەوەی گوێگرە، كە پێویستە جگەرەكە بكوژێنێتەوە).

---

* ئەم جۆرە كردەیە لەلای ئاڤێستا كەمال مەحمود (٢٠٠٦: ٤٦) بە زاراوەی ( كاریگەر Effect ) ناوبراوە .

[١] George Yule (1996:48).

[٢] عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١١: ٥٥).

هاوكات ئۆستن جۆری كردەقسەییەكانی بەم شێوەیە پۆلێنكرد :

جۆری كردە قسەییەكان بە بۆچوونی ( ئۆستن )

١.كردارەكانی بڕیاردان

٢. داخوازییكردن

٣.پەیوەستبوون

٤.كردارەكانی ڕەفتار

٥.كردارەكانی گفتوگۆ

## ١/ ٤_١_٢_٢) پۆلێنكردنی جۆری كردە قسەییەكان بە بۆچوونی ( سیریەل ):

جۆری كردە قسەییەكان پەیوەستن بەو كردارانەی ، كە بۆ دەربڕین بەكاردێت ئەمەش دەبێتە هۆی دیاریكردنی سیمای واتای كردارەكان لە ڕێگەی پەیوەندی كردەكانەوە ، ئەگەرچی " مەرج نییە هەموو سیمایەكی واتایی ببێتە دەرخستنی جیاوازی نێوان جۆری كردەی قسەیی" [١]. هەربۆیە (سیریەل) لەپاش پۆلێنكردنەكەی (ئۆستن) ئامانجەكانی خۆی بەم شێوەیە خستەڕوو :

أ. بەهۆی پەیوەندی نێوان ( وشە ) و ( دونیا )ەوە، كردە قسەییەكان دەتوانرێت دابەشبكرێن ، بە واتای" لە هەر كەتیگۆرییەكدا یەك پێوانەی پەیوەندی نێوان ( وشە ) و ( دونیا ) كۆیان بكاتەوە" [٢].

بۆ نموونە :

٤٤_ مافی ئافرەت لەم وڵاتەدا پێشێل نەكراوە. ( وشەكان جیهان پێوانە دەكەن وەك ئەوەی، كە هەیە).

ب. (سیریەل)"لێكۆڵینەوە پڕاگماتیكییەكانی لە ڕستە و دەوروبەری ئامادەكراو جیاكردەوە، لەبەرئەوەی نەدەتوانرا تیۆری كردە قسەییەكان بەسەر بڕگەی درێژتر و چەمكی كۆمەڵایەتی و لێڵواتاییدا جێبەجێ بكرێت" [٣]. بۆیە چەند جیاوازییەك لە نێوان ئەم دوو پۆلێنەدا هەیە ، ئەگەرچی خاڵی هاوبەشیش لە نێوانیاندا بەدیدەكرێت .

---

[١] عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١١: ٦٠).

[٢] ئاڤێستا كەمال مەحمود (٢٠٠٦: ٤٣).

[٣] سەرچاوەی پێشوو.

پۆلێنکردنەکەی ( سیریەل ) بۆ جۆری کردەقسەییەکان بەم شێوەیە بوو :




(سیریەل) ، هێزەکانیشی هاوشێوەی (ئۆستن) پۆلێنکرد بەڵام ژمارەی ئەو هێزانە گەیشتە چوار هێز:

١. بۆ کرداری ڕاپەڕاندن ، هێزی واتای نافۆرمی.
٢. بۆ کرداری ناڕاپەڕاندن ، کردەی واتای فۆرمی.
٣. کاریگەریی قسەکەر لەسەر گوێگر (Effect).
٤. کردەی ئاماژە: واتای کردەکانە لە ڕێگەی ئاماژە و گوزارشتکردنەوە.

لە ڕوانگەی ئەم دوو پۆلێنکردنەوە بۆ جۆری کردەقسەییەکان ، چەند خاڵێکی بەراوردکاری بەرجەستە دەبێت:

١. کردارەکانی بڕیاردان : لەلای (ئۆستن) بەرامبەر کردەکانی نواندن لای (سیریەل) دەوەستێتەوە، هاوکات خاڵی جیاوازە لەنێوانیاندا ، چونکە کردارەکانی بڕیاردان: ئەو کردارانە دەگرێتەوە، کە زیاتر دەرخستنی توانا و شارەزایی قسەکەر ڕووندەکاتەوە، هەروەك لە کاتی بڕیاردان/ پێشکەشکردن/ هەڵسەنگاندن/ پلەپێبەخشین / تەلاقدان ....دەگرێتەوە، بۆ نموونە:

٤٥_چەپکێك گوڵ پێشکەشی دایکم دەکەم . ( پێشکەشکردن )

بەڵام کردەکانی نواندن لەلای (سیریەل) ، نواندنی بارێکە لەلایەن قسەکەرێکەوە، ڕاست بێت/ ناڕاست، ئەمەش لە هەواڵگەیاندن / داکۆکیکردن/ پێشبینیکردن/ پەسنکردن دا بەدیدەکرێت ، بۆ نموونە:

٤٦_من پێشبینی دەکەم، کە لەم مانگەوە ئەنجوومەنی پەرلەمان پێداچوونەوە بە یاساکانی پاراستنی مافی ئافرەتاندا بکات . ( پێشبینیکردن )

٢. داخوازیکردن، لەلای (ئۆستن) بەرامبەر بە فەرماندان لای (سیریەل) دەبێت ، ئەم دوو کردەیە لە ڕووی واتا و مەبەستەوە لە یەکتر جیاوازن ، چونکە داخوازی فەرماندان ناگرێتەوە، لە داخوازییکردندا قسەکەر داوا لەگوێگر دەکات بۆ جێبەجێکردنی کردارێك ، کە پێویستە ئەگەرچی مەرج نییە جێبەجێ بکرێت ، بەڵام لە فەرماندانا بۆ جێبەجێکردنە ، بۆ نموونە:

٤٧_ تکایە یارمەتیم بدە، با لەتاقیکردنەوەکەدا دەربچم . ( تکاکردنە ، داخوازییکردنە ).

٤٨_ من فەرمانت پێدەکەم ، کە ئەم کارەم بۆ بکەیت . ( فەرماندانە ).

### ٣.پەیوەستبوون :

خاڵی هاوبەشە لە نێوان هەردوو جۆری پۆلێنکردنەکەدا ، مەبەست لەم کردەیەش قسەکەر دەبەستێتەوە بەو بەڵێنەی لە داهاتوودا ، کەپێویستە جێبەجێی بکات هەروەك لە (بەڵێندان/ پەیماندان/ سوێندخواردن/ هەڕەشەکردن/ گرەوکردن [١]) دا دەردەکەوێت ، بۆ نموونە:

٤٩_ سوێند دەخۆم ، کە لە دادگا پشتگیری لە قسەکانت بکەم . ( سوێنخواردن ).

### ٤.کردەی ڕەفتارنواندن :

لەلای (ئۆستن) بەرامبەر بە کردەکانی هەستدەربڕین لای (سیریەل) دەوەستێت، ئەگەرچی هەستدەربڕین چەشنێکە لە ڕەفتار ، بە واتای ئەگەر ڕەفتار چەمکێکی گشتی بێت ئەوا هەستدەربڕین بەشێکە لەو چەمکە گشتییە، هاوکات ڕەفتار ، کۆی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە، بەڵام هەستدەربڕین دەربڕینی هەستی پەنگخواردووی دەروونی قسەکەرە بەرامبەر بە بارودۆخێك، بۆ نموونە:

٥٠_ ئەمڕۆ خۆشحاڵم بە ئامادەبوونتان لە گفتوگۆی نامەکەمدا . (هەستدەربڕینە ، کە ڕەفتارێکە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان) . ئەگەرچی (ئۆستن) زاراوەیەکی گشتی بەکارهێناوە بەرامبەر بەو زاراوە سنوردارەی ، کە (سیریەل) ئاماژەی پێداوە ، بەڵام دەبێتە خاڵی لەیەکچوون .

### ٥.کردەکانی گفتوگۆ :

لەلای (ئۆستن) بەرامبەر بە کردەی ڕاگەیاندن لای (سیریەل) ، گفتوگۆ: شیکردنەوەی ئەو قسانە دەگرێتەوە، کە دەگوترێن . بۆ نموونە :

٥١_ بە بیرت دەهێنمەوە ، کە هەرگیز من ئەو قسانەم نەکردووە. ( داکۆکیکردن، کردەی گفتوگۆ ).

بەڵام کردەی ڕاگەیاندن ، " کە بەشێکە لە کرداری گفتوگۆ هێنانەدی کردەکە و واتاو دەوروبەر جووتدەکات، کە بۆ هێنانەدی ئەمەش پێویستی بەڕێکخراوی کۆمەڵایەتی هەیە" [٢]، ئەگەر هەواڵەکە ڕاست نەبێت جووت نابێت ، هەروەك لە کاتی بەجێهێشتنی میراتدا/ دەرکردنی کەسێك لەسەر کارێك/ ناونانی مناڵ بەدیدەکرێت . بۆ نموونە:

٥٢_ وا من دەست لەم بەشەمیراتییە هەڵدەگرم . ( ڕاگەیاندن )

ڕاگەیاندن بەشێکی ناو کردەی گفتوگۆیە، ئەمەش خاڵێکی تری هاوبەشی نێوان هەردوو پۆلێنکردنەکەیە.

[١] قەیس کاکل تۆفیق (١٩٩٥: ٥٨).

[٢] سەرچاوەی پێشوو (١٩٩٥: ٥٩).

لەم بارەیەوە ، ئاماژە بۆ نەخشەیەك كراوە ، كە تێیدا گونجاندن لەنێوان پێكهاتەكاندا دەخاتەڕوو لە واتای فۆرمی و واتای كردارەكانی كردەی قسەییدا [١] :




نەخشەی پێنجەم : ( گونجاندنی پێكهاتە زمانییەكان لە واتای فۆرمی و كردەی قسەییدا )

كرداری كردەقسەییەكان بەكاردێت بۆ " ئاماژەپێكردنی كردەقسەییەكان ، كە واتاكانیان ڕەنگە لەبەرئەوە پەسنكرابن ، كە لەتایبەتمەندی زاراوەكانی بار و حاڵەت بەكارهێنرابن بۆ گوزارشتكردن" [٢] . نموونەی ئەم كردارانەش : هەموو ئەو كەتیگۆریی كردارانە دەگرێتەوە ، كە (ئۆستن) و (سیریەل) لە كاری پۆلێنەكانیاندا خستوویانەتە ڕوو ، وەك ( بڕیاردان ، پەیوەستبوون ، ڕەفتار .....) .

---

١. http://www.sciencedirect.com/science/article/pii/B0080448542010750

٢. سەرچاوەی پێشوو.

## ١/ ٤_٣_١ ) کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ( تیان )* :

ستراکچەری ڕستە ، دەتوانرێت بکرێتە بناغەی ڕێگایەك بۆ جیاکردنەوەی جۆری کردەقسەییەکان، بۆیە " بەشێوەیەکی گشتی کردەقسەییەکان جیاوازی لە نێوان سێ ستراکچەری ڕستە و پەیوەندی ئەرکییدا دەکات "[١]، ستراکچەری جۆری ڕستەکانیش ئەمانەن :

١. **ڕستەی هەواڵدان** : ئەو جۆرە ڕستەیە دەگرێتەوە ، جگە لە کاری گەیاندنی زانیاری و هەواڵ بە دەوروبەر ، لە ڕووی کردەقسەییەوە چەند ئەرکێك بەجێدەهێنێت ، وەك: ( ئاگادارکردنەوە، پەیماندان، گرەوکردن، داواکردن،.. ). بۆ نموونە:

٥٣_ ئەمڕۆ ناوی خوێندکارە دەرچووەکانی پۆلی دوانزەیەم ڕادەگەیەنرێت.( هەواڵدانە ).

٢. **ڕستەی پرسیارکردن:** دەستکەوتن و وەرگرتنی زانیارییە لە دوو توێی وەڵامی ئەو پرسیارانەی ئاڕاستەی گوێگر دەکرێت. بۆ نموونە :

٥٤_ بەچەند کاژێری تر دەگەینە شاری ئەنقەرە؟ ( پرسیارکردنە ).

٣. **ڕستەی سەرسوڕمان:** هەستدەربڕینە بەرامبەر بە ئاشکرابوونی دیاردەیەکی چاوەڕواننەکراو .

بۆ نموونە: ٥٥_ بەه بەه..ئەڵلا ، کە جوانە ئەو منالە !

جگە لە جۆری ڕستەکان، پەیوەندییە ئەرکییەکانیش ئەمانە دەگرێتەوە:

١. هەواڵدان.
٢. پرسیارکردن.
٣. داواکردن/ داخوازی.

لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت لە زمانی کوردیدا ئەو ڕاستییە بخرێتەڕوو ، کە ستراکچەری ڕستەی سەرسوڕمان بەهۆی بوونی پارتیکڵەکانی* سەرسوڕمانەوە ، جگە لە ئاواز ، جۆری ڕستە و ئەرکەکانیش بکاتە چوار جۆر ، بۆ نموونە:

٤. ٥٦_ ئیف، کە ( ئەم خواردنە ) بەلەزەتە ! ( ئەرکەکەی: سەرسوڕمانە ).

---

* محەمەد مەعروف فەتاح لە کتێبی ( زمانەوانی :٢٠١١: ٢١٠) ، کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ بە ( تیان ) ناویبردووە.

[١] George Yule (1996: 54).

* پارتیکڵ : زاراوەیەکە هەندێکجار بۆ وشەیەك بەکاردێت ، کە ناسینەوەی ئاسان نییە لەگەڵ بەشی سەرەکی ئاخاوتندا ، وەك: ناو ، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار ...هەروەها وەك ئاوەڵکردار ، کاتێك ئەرکەکانیان وەك پارتیکڵی ئاوەڵکردارییە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە :

ئەبوبەکر عومەر قادر: پارتیکڵ لە زمانی کوردیدا (٢٠٠٧: ٢٨).

هەر بۆیە" ئەگەر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ستراکچەری ڕستە و پەیوەندی ئەرکی ڕستەکەدا هەبوو ، کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ پێکدێت، هەروەها ئەگەر پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆ لەنێوان ستراکچەری ڕستە و پەیوەندیی ئەرکی ڕستەکەدا هەبوو ، کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ پێکدێت"[١]. کەواتە " کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ ، بەهۆی ستراکچەری زمانەوە کردەکان بە ئاڕاستەیەکی ڕاستەوخۆ جێبەجێدەکرێن ، بەڵام کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ لە پشت ستراکچەرە زمانییەکەوە، مەبەستێك یان چەند مەبەستی تر دەگەیەنێت" [٢]. بە تیشك خستنەسەر هەندێك ستراکچەری ڕستە، وەك ئەوەی هەواڵدانە و پەیوەندییە ئەرکییەکەشی هەواڵدان بێت . بۆ نموونە :

٥٧_ ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی سۆماڵ دووچاری قەیرانی برسێتی بوونەتەوە. (ستراکچەری ڕستە: هەواڵدانە، کردەی قسەیی ڕاستەوخۆیە). هەمان ستراکچەری ڕستەکە، لە ڕێگەی گۆڕینی ئاوازی دەربڕینەوە پەیوەندی ئەرك و مەبەستی واتاکەش دەگۆڕێت . بۆ نموونە :

١. دەگونجێت ( داواکردن ) بگەیەنێت لە کەسی دەوڵەمەند ، بە مەبەستی یارمەتیدان.
٢. دەگونجێت ( ئاگادارکردنەوە ) ی جیهان بێت لە مەترسییەکانی قەیرانی برسییەتی .

کەواتە: کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ، ستراکچەری وشە و ڕستەکە وەك خۆیەتی ، بەڵام هاوکات گۆڕینی ئاوازە لە چۆنیەتی دەربڕینی گوتراوەکان و گۆڕانکاری لە مەبەست و کرۆکی گوتنە ڕاستەوخۆکە پێکدەهێنێت. بۆیە لەگەڵ ئەوەشدا ئاوازەی دەربڕین تاکە فاکتەری پەیدابوونی گۆڕانکاری مەبەستی کرۆکی گوتن نییە، بەڵکو چەند فاکتەرێکی تریش بەشداردەبن لە پەیدابوون و هێنانەکایەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆدا، لەوانە:

١. گۆڕینی دەوروبەری گوتن ، کە کاریگەریی هەیە لەسەر چۆنێتی لێکدانەوە و تێگەیشتن لە مەبەستی قسەدا ، ئەمەش دەبێتە فاکتەرێك بۆ پەیدابوونی کێشەکانی ڕۆژانەی خەڵك .
٢. ستراکچەری وەك (پەندی پێشینان) چەشنێکە لەو ستراکچەرانەی ، کە ناڕاستەوخۆیانە مەبەستی قسە دەگەیەنێت ، بە واتای لە شێوە قاڵبی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆدا بەدیدەکرێت . بۆ نموونە :

٥٨_ بووکێ لەگەڵ تۆمە ، خەسوو گوێت لێبێت.

لە دەربڕینی ئەم پەندەدا " ئاڕاستەی قسە بۆ گوێگر قسە لەگەڵکراو نییە، بەڵکو قسە بەگوێدراو گوێهەڵخەرە، کە بە ناڕاستەوخۆ قسەکەر دەیکاتە گوێگر" [٣]. مەبەستی قسەکەر لەم دەربڕراوەدا ( توانج لێدان ) ە ، لە قسە بەگوێدراو بەرامبەر بە جێبەجێکردنی کردەیەکی نەویستراو .

---

[١] George Yule (1996: 55).

[٢] تریفە عومەر قادر (٢٠٠٨: ٦٧).

[٣] هۆگر مەحمود فەرەج (٢٠٠٨: ٤٩).

هاوكات لەم نموونەیەدا :

٥٩_أ. ژوان: ئەریّ كارەبا هەر نایەتەوە ؟ (پرسیاركردن نییە،بەڵكو ناڕەزایی دەربڕینە/ دڵنیاكردنەوەیە).

٥٩_ب. ئالان: شكور چاكی! ( وەڵامدانەوە نییە بەرامبەر بە پرسیاركردن/ سڵاوكردن نییە ، بەڵكو توانجلێدانە وەك ئەوەی بوترێت ( تۆ بێئاگایت چونكە ئەمشەو كارەبا بە هیچ شێوەیەك نابێت ) .

## ١/ ٤_٣_٢ ) فاكتەری بەكارهێنانی كردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ لە دەربڕیندا :

هەموو ئەو فاكتەرانەی هاندەرن لە بەكارهێنانی شێوەی كردەی قسەیی ناڕاستەوخۆدا ، لە چەند خاڵێكدا كۆكراونەتەوە، كە ئەمانەن:

١. هەر قسەیەك هەڵگری مەبەستێكی شاراوە بێت ، هۆكارێكە بۆ بەكارهێنانی شێوەی كردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ، هەر بۆیە " لە ڕوانگەی پڕاگماتیكەوە قسەكەر مەبەستی ڕستەكەی بە جۆرە ڕستەیەكی تر دەدركێنێت، بەڵام پەیوەندی بە مەبەستە شاراوەكەوە هەیە، لە پێناوی پەشیمان بوونەوەدا هەر كاتێك قسەكەر بیەوێت " [١]. بۆ نموونە:

٦٠_أ. ئالان: لەم ڕۆژانەدا دەتبینم.

٦٠ _ب. ژوان: بەیانی سەفەر دەكەم.

واتای مەبەستی ئەم وەڵامە : ب_١. ژوان نایەوێت یەكتر ببینن هەتا كاتێكی دیارینەكراو.

ب_٢. ژوان دەیەوێت بە زووترین كات یەكتر ببینن ، بە واتای پێش كاتی سەفەركردنەكەی.

٢. " پەیوەندیی كۆمەڵایەتی و كێشە و ڕووداوەكانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك و باری دەروونیی قسەكەر و جیاوازی هەریەكێك لەم فاكتەرانە دەبێتە هاتنەئارای چەند شێوازێكی جیاوازی كردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ بۆ دەربڕراوێك" [٢]. بۆ نموونە:

٦١_ ژوان: كەس سەهەند ناناسێت من باش ئەیناسم، كە چۆن كوڕێكە !

ئەگەر باری دەروونیی ( ژوان ) نائارام بێت مەبەستی گوتراوەكە دەبێتە ( توانجلێدان ) لە هەڵسوكەوتی (سەهەند)، بەڵام ئەگەر باسكردن بێت لە هەڵسوكەوتە چاكەكانی (سەهەند)، ئەوا دەبێتە (مەدحكردن)/ دەگونجێت (هێوركرنەوە) بێت ئەگەر بە خراپە باس لە هەڵسوكەوتی (سەهەند) كرابێت لەلایەن كەسێكی ترەوە. هەر بۆیە ئاوازەی ڕستەكە ، مەبەستەكە جیادەكاتەوە جگە لە كردە ناقسەییەكان.

---

[١] بەكر عومەر عەلی ، محەمەد عومەر عەول (٢٠١٠: ١٤).

[٢] سەرچاوەی پێشوو (٢٠١٠: ١٩).

٣. قسەکەر ئەم جۆری کردەی قسەییە " بە مەبەستی دەستکەوتنی ئامانجێکی دیار لە ڕێگەی تاقیکردنەوەیەکی دیاریکراوی گوێگر بەکاریدەهێنێت" [١] ، هەروەها " سەرکەوتووترین و کاریگەرترین ڕێگایە ، بە تایبەتی کەسێك هەڵسوکەوتی هەڵچوونی دەروونیی زۆرتر بێت" [٢]، دەتوانرێت بەم ڕێگایە هێوربکرێتەوە بە تایبەتی بەرامبەر بە ڕەگەزی مێ . بۆ نموونە:

٦٢_ ناکرێت نەچین بۆ ئاهەنگەکە؟ بە واتای: (ناچین) ئەگەر پیاوێك ڕاستەوخۆ بە خێزانەکەی ڕابگەیەنێت (ناچین) دەشێت تووشی هەڵچوونی دەروونیی و تووڕەبوون ببێت ، بەڵام شێوازی ناڕاستەوخۆ شێوازێکی سوودمەندە، کە قسەکەر دەتوانێت بە پێی باری دەروونیی گوێگر بەکاری بهێنێت.

## ١/ ٤_٤ ) لایەنی پۆزەتیڤی* تیۆری کردەقسەییەکان :

تیۆری کردەقسەییەکان هەروەك هەموو تیۆرە زمانییەکانی تر خاوەنی چەند خاڵێکی پۆزەتیڤە، لەوانە:

١. تیۆری کردەقسەییەکان، یەکەکانی گوتن لەدەربڕیندا دەخاتە ژێر تیشکی دەوروبەر، کات ، شوێنی گوتنەوە، مەبەستی گوتنی یەکەکان ڕووندەکاتەوە و دەیانکاتە تەنێکی زیندووی زمان بۆ ڕاپەڕاندنی کردەیەك.
٢. لەم تیۆرەدا ، ستراکچەری ڕستە لە هەڵەی وەسفی واتاناسە دێرینەکان دوورخرایەوە (ڕاست و هەڵەی ڕستە) ، بە واتای زیاتر گرنگی دراوە بە چوارچێوە، بارودۆخ ، ئەرکی کۆمەڵایەتیی ، چونکە " بارودۆخ بڕیار لەسەر واتای ڕستە دەدات" [٣].
٣. ئەم تیۆرە بوو بە بنەمایەك بۆ خستنەڕوو و دەرخستنی یەکنەگرتنەوەی ستراکچەری ڕستەیەك لە بۆتەی ڕێزمانیی و مەبەستی کرۆکەکەی . بۆ نموونە:

٦٣_ خواردەمەنی ڕێستۆرانتی کارینۆ تاڕادەیەك بەتامە. ( بۆتە ڕێزمانییەکەی دەریدەخات لە شێوەی ڕستەیەکی هەواڵداندایە ، بەڵام کرۆکە واتاییەکەی : دەگونجێت (توانجلێدان / مەدحکردن/ سەرسوڕمان/ داواکردن) بێت ، بە مەبەستی ڕۆشتنی قسەکەر و گوێگر بۆ ئەو ڕێستۆرانتە.

---

[١] عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١١: ٦١).

[٢] محەمەد مەعروف فەتاح ( ٢٠١١: ٢٠٣).

* زاراوەی پۆزەتیڤ ، کە لێرەدا بەکارهاتووە بە واتای ( لایەنی چاك / ئیجابی ) دێت .

[٣] قەیس کاکل تۆفیق (١٩٩٥: ٧٣).

## ٢ / ١ ) زاراوە و چەمکی هێورکردنەوە:

### ٢/ ١_ ١ ) زاراوەی هێورکردنەوە ( Calm Down ) :

لە زانستی سایکۆلۆژیادا بەرامبەر بە زاراوەی هێورکردنەوە، فۆرمەکانی (خاوکردنەوە Relaxation[*] ، کپکردن Repression ) بەکارهێنراوە، لە دەربڕینی زارەکی ناو قسەکەرانیشدا زاراوەی ( هێورکردنەوە ) بەرامبەر بە هاوواتای فۆرمەکانی : هێمنکردنەوە، ئارامکردنەوە، دامرکاندنەوە[**] ، ئاساییکردنەوە، ڕەواندنەوە، بە نەرمی جوڵاندنەوە Mitigation Device ، بەکارهێنراوە کە مەبەست لێی کەمکردنەوەی سترێسی دەروونی مرۆڤە لە ڕێگەی بەکارهێنانی فۆرمەکانی زمانەوە ، لە هەر کات و شوێنێکدا بێت . بۆ نموونە:

١_ بارودۆخی سیاسیی ئەمڕۆی شاری بەغداد هێورکرایەوە / هێوربووەتەوە. ( خودی ئەم زاراوەیە لە ڕووی چەمکەوە بەهۆی واتا کاریگەرییەکەی دەبێتە کەمکردنەوە / هاوسەنگکردنەوەی باری دەروونی گوێگر).

٢_ بارودۆخی سیاسیی ئەمڕۆی شاری بەغداد ئاساییکرایەوە.

### ٢/ ١_ ٢ ) چەمکی هێورکردنەوە:

گەر لە ڕوانگەی فۆرمی ( ڕەواندنەوە ) وە بڕوانرێتە دەربڕاوی هێورکردنەوە، ئەوا ڕەواندنەوە و ئاساییکردنەوەی کاریگەرییە دەروونییەکان دەگەیەنێت ، بە واتا فشارە کەڵەکەبووەکانی ناخی مرۆڤـ ڕێگەخۆشکەرە لە پەیوەندییە زمانییەکانیدا ، چ لە ئاسایی دەربڕین یان باری هەڵچووندا، لەم ڕوانگەیەوە " فەیلەسوفەکان باوەڕیان وایە، کە ئەو بارودۆخ و شتانەی بۆ کەسێك دێنەپێش ناودەبرێن بە : هەڵچوون ، چونکە ئەو شت و بابەتانەی هەستەکانی مرۆڤـ دەبزوێنن دەتوانن هەڵچوونەکانیش بوروژێنن "[١]، هاوکات هەڵچوونی دەروونیی " هێمایەکە بۆ دەوروبەر ، بە مەبەستی دەرخستنی بارودۆخی ئەو کەسانەی ، کە لە بارێکی هەڵچووندان (گوێگر)"[٢]، هەڵچوونیش هەروەك شوێنەوار بەسەر تاکە کەسەوە پۆلێنکراوە بۆ دوو جۆر[٣] :

١. هەڵچوونە پۆزەتیڤە خۆشەکان ( پێکەنین ، دڵشادبوون....).

٢.هەڵچوونە نیگەتیڤە ناخۆشەکان Asthenic ( ترس ، دڵەڕاوکێ، تووڕەبوون.....)

---

[*] زاراوەی ( Relaxation ) لەلایەن نووسەر ( Fred L.Miller ) لە بەرهەمێکیدا ( How to Calm Down Even IF you're Absolutely) ، 2003 بەکارهێنراوە.

[**] دامرکاندنەوەی دەمیی: دامرکاندنەوەیە لە ڕێگەی شێواز و تۆنی دەربڕینی تێرمینەکان، کە ڕێگەیەکە بۆ دەرخستنی شێوازی چۆنێتی قسەکردن بە شێوازێکی گونجاو ، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە : جان جاك لوسركل: ت.محمد بدوي (٢٠٠٥: ٤٢٣ ).

[١] ڕینێ دیکارت ، و: ئارام ئەمین شوانی (٢٠١٠: ١١).

[٢] عیزەدین ئەحمەد عەزیز (٢٠١٢ :٧٦).

[٣] نوری جەعفەر (١٩٧٠ : ١٣٨).

بیرۆکەی ناساندنی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ : " هەوڵ و کارەکانی (Fraser ١٩٨٠) کە پەیوەست بوو بە بابەتەکانی زانستی زمانەوانییەوە ، لەو کاتەی قسەکەران هەوڵی بەرهەمهێنانی ئەو ئامرازانەیان داوە، کە دژ بە هەمەجۆریی فاکتەرەکان بووە لە تێکەڵبوون بە هەستی وروژاندن " [١]. لەگەڵ ئەوەشدا واتای ئەم بیرۆکەیە لە زانستەکانی تردا بە شێوەی تر شیکردنەوەی بۆ کراوە ، لەوانە [٢]:

**١. لە تێڕوانینی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە :**

هێورکردنەوە ناوچەیەکی فراوانی کێڵگەیەکە لەناو لێکۆڵینەوەکانی ڕەفتار و ڕەوشتدا ، لەگەڵ ئەوەی ، کە پرۆسەیەکی هاندەرە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرە نێگەتیڤەکان .

**٢. دیاردە :**

هێورکردنەوە دیاردەیەك نییە وەك جۆرێکی تایبەت لە کردەی قسەیی ، بەڵام هەموارکردنە لە کردەیەکی قسەییدا ، کە کەمکردنەوەیە لە چەقی نێگەتیڤی کاریگەرەکان ، لەو بارەی کە کردەیەکی قسەیی کاریگەریی هەیە لەسەر گوێگر ، هەروەها گونجاندن لە جۆرێك دڵنیایی لە کردەی قسەدا پێکدەهێنێت .

٣. (Fraser) لە لێکۆڵینەوەکانیدا بەم شێوەیە پێناسەی هێورکردنەوە / نەرمی ڕەفتار ، کردووە کە: " فۆرمێکی تایبەتە لە پێداویستی ڕەوشتبەرزی ، لەو بارەدا دێتە کایەوە کە ئاخاوتن نادروست بێت ، هاوکات قسەکەر بە ڕەوشتەوە ڕەفتار بکات" [٣]. لەگەڵ ئەم تێڕوانینانەدا هێورکردنەوە لە خزمەتکردنی دوو باردا کاردەکات [٤] :

**١/ هێورکردنەوە لە خزمەتی خودییدا Self – Serving :**

دەگونجێت لە باری ئاخاوتندا ، کە قسەکەر و گوێگری تێدایە، قسەکەر لەپێناوی خزمەتی خودیی خۆیدا ڕەفتاری نەرمی پێڕەوبکات چ لەڕێگەی پێکهاتەی زمانیی / نازمانییەوە بێت .

**٢/ هێورکردنەوەی خۆنەویستانە Altrustic :**

لەم بارەدا قسەکەر بەشێوەیەکی خۆنەویستانە ڕەفتاری نەرم و هێور ڕادەپەڕێنێت ، بەتایبەتی لەناو کۆمەڵ و هەندێك بۆنەدا ، چونکە پێچەوانەی یاسا کۆمەڵایەتییەکان ، کاردانەوەی نێگەتیڤی ئاڕاستەی قسەکەر دەکرێتەوە.

---

1. www.sciencedirect.com/science/article/pii/B0080448542003928
2. www.sciencedirect.com/Science/Journal.
3. Henk HaverKate (1992 : 505)
4. www.sciencedirect.com/Science/Journal.

لەگەڵ دیاریکردنی ئەم شێوانەی هێورکردنەوانەدا ، لە زانستی دەروونناسییدا بۆ شیکردنەوەی حاڵەتی هەڵچوونی مرۆڤـ ، چەند تیۆرێکی جیاجیا هەن ، لەوانە [١] : ( تیۆری جیمس لانج ، تیۆری کانون – بارد [*] ، تیۆری دوو فاکتەر (شاشتر) ، تیۆری لۆدۆ ) ن، هەردوو تیۆری ( جیمس لانج ، کانون – بارد ) لەلای دەروونناسان جێگەی ڕەخنە بوون، بەڵام ئەوەی زیاتر تیشکی خراوەتەسەر تیۆری دوو فاکتەر (شاشتر)ە ، کە بە بۆچوونی زانا (شاشتر) هەردوو فاکتەری (جەستەیی ، مەعریفی ) ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە هەڵچوونەکاندا ، هەروەها لە تیۆری (لۆدۆ) دا جۆزیف لۆدۆ (١٩٩٦) باوەڕی وابوو ، کە هەموو مرۆڤێك سیستەمی تایبەتی خۆی هەیە بۆ شیکردنەوەی هەڵچوونەکانی ، هەر سیستەمێك لە سیستەمەکانی تر بەپێی جیاوازی هەڵچوونەکان جیاوازی هەیە، بە واتای لە هەر ڕەنگدانەوەیەکی هەڵچوونییدا ، چەند فاکتەرێك کاریگەر دەبن ، وەك لەم نەخشەیەدا ئاماژەی بۆ کراوە [٢] :




نەخشەی شەشەم : ( سیستەمی شیکردنەوەی هەڵچوونەکان بەپێی جۆری فاکتەری کاریگەرەوە )

هەریەك لەم چەشنی هەڵچوونانە پێویستی بە گوزارشتلێکردن و دەربڕین هەیە، مرۆڤیش بۆ ئەم مەبەستە زمانی کردووەتە چەکی دەربڕینی سەرجەم هەڵچوون و بیرکردنەوەکانی بەرامبەر بە ڕووداوەکانی ژیانی خۆی ، چونکە " گوزارشتکردن لە هەست ، ئەرکی زمانە و لەم ڕێگەیەوە هەستە جۆراوجۆرەکان دەردەبڕێن هەروەك دەربڕینی هەستی خۆشی/ ناخۆشی، توڕەبوون/ ڕازیبوون، جنێودان/ پیاهەڵدان" [٣] ، هاوکات لەگەڵ دەربڕینی زمانییدا ، جووڵەکانی جەستەش وەك دەربڕینێکی نازمانیی ، بەشداری دەکەن لە دەربڕینی ئەم هەست و هەڵچوونانە، بۆ نموونە: گرژبوونی ڕووخساری کەسێك لە بارودۆخێکدا دەبێتە دەرخستنی هەڵچوونی نێگەتیڤی وەك : بێزاربوون / تووڕەبوون ....، کەواتە زمان بۆ دەربڕینی بیر و هەستی دەروونی مرۆڤە.

---

[١] عیزەدین ئەحمەد عەزیز (٢٠١٢: ٨٤ – ٨٥).

[*] هەردوو تیۆری (جیمس لانج ، کانون– بارد) گوزارشتن لەشیکردنەوەی باری هەڵچوونی مرۆڤـ، بەڵام جێگەی ڕەخنە بوون چونکە لەم تیۆرانەدا ئاماژە بەو بارە هەڵچوونییە دەدەن ، کە لەدوای ڕەفتارەوە دێن نەك لەپێشی! بڕوانە : عیزەدین ئەحمەد عەزیز (٢٠١٢: ٨٣– ٨٦).

[٢] سەرچاوەی پێشوو.

[٣] هێمن عەبدولحەمید شەمس (٢٠٠٦: ١٧).

هەروەها لەگەڵ شێوازی دەربڕینی زمانییدا ، کەرەستە زمانییەکان ئاوێتەی هەست و سۆزی قسەکەرن " بەتایبەتیستراکچەری وشە ، چ بە گوتن چ بە نووسین بێت بەهۆی بایەخی فیسیۆلۆژیی و کۆمەڵایەتییەوە، کە ڕۆڵێکی بێهاوتا و مەزن دەگێڕێت لە باری هەڵچوون و هەڵوێستی مرۆڤدا ، چونکە بە دەربڕینی هەر وشەیەك کاردانەوەیەکی دیاریکراو بەدوای خۆیدا دەهێنێت ، کە هاوتایە لەگەڵ ناونراوەکەیدا"[١]، بۆ نموونە: پزیشکێك لە کاتی پشکنینی نەخۆشدا ، ئەو فۆرم و ستراکچەرە زمانییانەی دەریدەبڕێت بەرامبەر بە نەخۆش (گوێگر) دەگونجێت ببێتە پەیدابوون و ڕەنگدانەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لە دەروونی نەخۆشدا ، چونکە " فۆرمە زمانییەکان خانەکانی مۆخی کەسی کاریگەرپێدراو دەخاتە باری دەستبەرداربوون/ لەکار وەستانەوە، لەگەڵ مانەوەی چالێکی وروژێنراو و بەهێز لە مۆخدا، کە سەرنجی لەسەر واتای وشە و ئاماژەکان کۆکردووەتەوە و کاریگەرن" [٢]، بۆیە بەکارهێنانی ئەو وشە دڵنیاکەر[*] و هێورکەرەوانەی ، کە دەبنە مایەی پێبەخشینی دۆخێکی ئاسایی بۆ دەروونی نەخۆش پێویستە بەرجەستە بکرێت لە کاتی دەربڕیندا .

چەمکی هێورکردنەوە لە زانستی دەروونییدا بەم شێوەیە پێناسەی بۆ کراوە : " بە دامرکاندنەوەی هەڵچوونی دەروونی هەژماردەکرێت، کە لە کاتێکی دیاریکراو و لەژێر فشار و پاڵنەرێکی دیاریکراودا ڕوودەدات / شێوازێکە لە چۆنیەتی گۆڕینی ئاڕاستەی هەڵچوون دەکۆڵێتەوە ، کە ئەمەش یەکێکە لە گرنگترین بابەتەکانی دەروونزانیی کۆمەڵایەتی"[٣]. چونکە وروژاندن جوڵاندنی هەستی گوێگرە لەلایەن قسەکەرەوە لە ڕێگەی دەربڕینی دەمیی یان نادەمییەوە بێت ، ئەمەش ئەرکێکە لە ئەرکەکانی زمان. هەروەها دژواتای ئەم چەمکە، توند و زبریی زمانییە ( عنف اللغوي ) violence، کە گوزارشتکردنە لەو هەڵچوونە دەروونیەی مرۆڤ تووشی بووە بە واتای دیاردەیەکی زمانەوانییە ، کە هەست و هەڵچوونێکی ناوەکییە ، ڕەفتار و کاردانەوەیەکی دەرەکیشە ، کە لەڕێگەی زمانەوە گوزارشتی لێوە دەکرێت و لە هەموو ئاستە هێمایی و دەنگیی و فەرهەنگی ئاستی زماندا لەبەرچاوە و دۆخێکی کاتییە لەمیانەی کار و کاردانەوەدا ڕەنگدەداتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا چەمکی توند و زبریی لە ڕووی تێڕوانینی زانستی کۆمەڵایەتییەوە " بە ڕەوشتی تاکە کەس ناسراوە کەمتر لە کلتووری ڕێکخراو و شارستانێتی و

---

[١]. نوری جەعفەر (١٩٧٠ : ١٤٥).

[٢]. سەرچاوەی پێشوو: ١٤٨.

[*]. پسپۆرانی بواری پزیشکی سەلماندوویانە ئەو ستراکچەرانەی ، کە گوزارشتن لە وروژاندنی هەستی خۆشی و گەشبینی و هاندانی مرۆڤ بۆ لایەنی پۆزەتیڤ ، ژمارەی خرۆکە سپییەکانی (١٥٠٠) یەکە لە خوێندا زیاد دەکات، کە دەبێتە زووتر و ئاسانترین ڕێگەی چارەسەرکەر لە نەخۆشییەکانی مرۆڤدا، پێچەوانەی ئەمەش ستراکچەرە توند و وشك گوتراوەکان (١٥٠٠) یەکە لەژمارەی خرۆکە سپییەکانی خوێن کەمدەکاتەوە (کەریم شەریف قەرەچەتانی : ٢٠١٠: ٢٥٦).

[٣]. چاوپێکەوتنی تایبەت ، توانا فەرەیدون حسێن ، مامۆستای کۆلێژی کۆمەڵناسی ، زانکۆی کۆیە ، ٢٠١٢/١٢/٢١.

گروپی کۆمەڵایەتیی ، بە مەبەستی دەرکەوتنی شێوازی ڕەوشتی شەڕەنگێزانەی ئەو کەسە و شێوەکانی تری توندوتیژی"[1]. هەروەها بە پێی (تیۆری فرۆید) گریمانەی ئەوە کراوە ، کە " پاڵنەری توندوتیژی سەرەتا لە هێمنییەوە دەستپێدەکات ، بە تێپەڕبوونی کات وردە وردە هێمنی نامێنێت و هەڵدەگیرێت"[2]. هاوکات لە زانستی زمانەوانییدا ستراکچەرەکانی زمان ، کە بە مەبەستی جوڵاندنی هەست و دروستکردنی کاریگەریی و هەڵچوونە لەلای گوێگر دەچێتە بواری واتای کاریگەرییەوە، چونکە واتای کاریگەریی : " ئەو جۆرە واتایە دەگرێتەوە ، کە لەڕێگەی وشە و ڕستەی کاریگەر قسەکەر هەستوسۆز و هەڵوێستی خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر بە ڕووداو و کارتێکەرەکانی دەوروبەر"[3]، ئەمەش هەست وروژاندنی هەستی گوێگرە بە هەر شێوەیەك بێت. هەر بۆیە تا هەڵبژاردنی وشە کاریگەرەکان گونجاوتر بێت و شێوازی گوتنیان کاریگەربێت، شوێنەواری زیاتر بەجێدەهێڵێت لە هەردوو لایەنی پۆزەتیف و نێگەتیڤی دەروونیی مرۆڤدا ، ئەگەرچی " لە هەموو بارێکدا ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە ناگوترێن، زیاتر لە شێوەی ناڕاستەوخۆدا دەردەبڕرێن ، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بە زانیاریی گشتی و دەوروبەری دەروونییە بۆ لێکدانەوەی دروستی واتای فۆرمە گوتراوەکان"[4]. لەم بارەیەوە ستراکچەری وشە هەڵگری سێ ئەرکە لە زماندا [5]:

١. دەبێتە هەستدەربڕ : کە ڕەنگدانەوەی هەستی خودی قسەکەرە.

٢. دەبێتە هێما : بۆ تەن و ڕووداو و شتەکانی بەرامبەر وشەکە خۆی.

٣. دەبێتە هەست وروژاندن: بەپێی ئەو کاریگەرییەی ، کە لەسەر گوێگر دروستی دەکات.

هەست وروژاندنیش دەگونجێت قسەکەر بیەوێت هەستی خۆی دەربڕێت ئەگەرچی ئەو هەستە لەگەڵ بۆچوونی گوێگردا هاوتا ببێت یان نا ، یاخود دەگونجێت قسەکەر خاڵی لاوازی گوێگر بوروژێنێت بە مەبەستی دروستکردنی هەڵوێستێك ، بە واتای لێرەدا قسەکەر پاڵنەرێکە بۆ جووڵاندنی هەستی گوێگر. بە شێوەیەکی گشتی زمان چەکێکی بەهێزە بە مەبەستی شێوە توند و زبریی دەربڕین بەرامبەر بە هەست و هەڵچوونی مرۆڤـ ، هاوکات زمان بە تەکنیکی توانای کۆنترۆڵکردن و کەمکردنەوەو هێورکەرەوە دادەنرێت ، چونکە هەر گوتە و دەربڕینی گونجاوی زمانە ، کە دەبێتە هۆی بەهێزکردن/ لاوازکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ، نموونەی ئەمەش زیاتر لە ستراکچەری پەندی زمانی کوردیدا بەرجەستە بووە:

٣_مار بەقسەی خۆش لە کون دێتە دەر. (قسەکەر دەتوانێت لە ڕێگەی هێورکردنەوەوە دەستکەوت و مەبەستەکانی خۆی بەدەست بهێنێت ).

---

[1] www.arab-ency.com/index.php?module=pnEncyclopedia&func= display-term&id=1223&ms

[2] و: بەرزان محەمەد عەلی ، چەند نوسەرێك (٢٠١٢: ١١).

[3] عەبدولواحید موشیر دزەیی ( ٢٠٠٥: ٢٠٢).

[4] سەرچاوەی پێشوو ١٦٥.

[5] عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٠: ٩١).

## ٢/ ٢ ) هەمەجۆریی وروژێنەرەکانی دەروون بەپێی جۆری دەربڕین :

ئاماژەکردن بە دیاردە و ڕووداوەکانی ژیان بە یەکجۆر دەربڕین جێبەجێ ناکرێت ، چونکە فاکتەر و وروژێنەرەکان بۆ دەربڕین جۆراوجۆرن دەربڕینەکانیش زمانیی/ نازمانیی هەمەجۆریی لەخۆ دەگرن ، کاتێك کە پێڕەو دەکرێن ئەگەرچی لە قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتی سەرەتادا شێوازی دەربڕینەکان وەك قۆناغی ئێستای زمانیی نەبووە. کەواتە هەمەجۆریی : جۆراوجۆری شت و ڕووداو ئەو وروژێنەرانەیە ، کە فاکتەرێکن بەرامبەر بە جولاَندن و هەڵچوونی دەروونیی مرۆڤـ لەهەر کات و شوێنێکدا بێت. هاوکات دەبێت ئەمە لەیاد نەکرێت ، کە " زمانی ئاخاوتن کاراترین هۆکارە مرۆڤـ بۆ پەڕینەوەی بیری خۆی لە نێوان تاکەکاندا گرتویەتیەبەر، چونکە ئامرازەکانی دەربڕینی وەك : جووڵەی جەستە و بانگ و قیژە... لەبارياندا نەبووە ئەو ئەرکە زمانییە بە باشی و لە هەموو کات و شوێنێکدا بەرجەستە بکەن"[١]. هەروەها " قوتابخانەی ڕەفتاریی ، کە یەکێکە لە قوتابخانەکانی دەروونزانیی زانایانی ئەم قوتابخانەیە: ( ئیڤان پاڤلۆڤ، جۆن واتسۆن ، سکینر ) بۆچوونیان وابوو، کە مرۆڤ ڕەفتارەکانی میکانیکیە بۆیە لە کاتی ڕاڤەکردنی ڕەفتارەکانیدا دەبێت پەنا ببرێتە بەر وروژێنەرەکان، کە لە دەرەوەی مرۆڤدا ڕوودەدات نەك ڕووداوەکانی ناوەوەی مرۆڤ" [٢] ، چونکە زمان وەك پێڕەوێکی دەنگیی، کە هۆکاری لەیەکگەیشتنە و هۆی سەرەکی پەیوەندییکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا جیاوازەکانە، زمانی جەستەش بە هەموو بەشداربووەکانییەوە ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە وروژاندن و هێورکردنەوەی هەست و ناخی گوێگردا ، بە واتا کردە قسەییەکان شانبەشانی زمانی جەستە مەبەستەکان دەپێکن و هەڵچوون و ئارامکردنەوە بەرجەستە دەکەن، کەواتە: هێورکردنەوە بە دەربڕراوی زمانیی و ئاماژەی نازمانیی جێبەجێ دەکرێت ، بۆیە لەم بوارەدا ناتوانرێت زمانی جەستە و ئاماژەکانی باسی لێوە نەکرێت ، لەم بارەیەوە جۆری دەربڕین بە مەبەستی گوزارشتکردن بەم شێوەیە پۆلێنکراوە[٣]:

١. **دەربڕینی سروشتی وروژێنەرەکان ( الانفعال ) :**

گوزارشتکردنە لە دیاردە خۆشی و ناخۆشییەکان لەلایەن قسەکەر/ گوێگرەوە، بۆ نموونە : هاوارکردن، پێکەنین، گریان، هەموو ئەو دەرکەوتە بینینیانەی ، کە لە ڕووخساری گوێگردا ڕەنگ دەداتەوە قسەکەریش درکی پێدەکات. هەریەك لەم جۆری دەربڕینانە پەیوەست بە واتاوە بەکارهێنراوە، بەهۆی هەمەجۆریی وروژێنەرەکانەوە. کەواتە لەم قۆناغەدا وروژێنەرەکانی دەروون بریتی بووە لە دەوروبەر/ ڕووداوەکان، کە کاریگەرییان هەبووە لە گەیاندنی چەمکی پۆزەتیڤ/ نێگەتیڤ بۆ گوێگر .

---

[١] هۆگر مەحمود فەرەج (٢٠٠٧: ١٢١).

[٢] عیزەدین ئەحمەد عەزیز (٢٠١٢ : ٣٢).

[٣] علي عبدالواحد الوافي: و: ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم (٢٠٠٧: ١٠٩).

**٢.دەربڕینی هەستیی:**

ئەو دەربڕینانە دەگرێتەوە، کە گوێگر هەستی پێدەکات بە مەبەستی گوزارشتکردن لەو واتایانەی کەسێکی تر بەکاریدەهێنێت / درکی پێدەکات ، بۆ نموونە: ئەو دەربڕینانەی ، کە لەڕێگەی بینینەوە/ بیستنەوە دەگوێزرێنەوە بۆ گوێگر . هەروەك [١] :

١. ئەو نیشانە و ئیشارەتە یارمەتیدەرانەی ، کە یارمەتی قسەکردن دەدەن .

٢. بەکارهێنانی ئیشارەت لە نێوان قسەکەراندا پێکەوە، بە مەبەستی تێگەیشتن لە مەبەستی واتای ئیشارەتیان بەرامبەر بە گوێگر.

٣. بەکارهێنانی ئەو ئیشارەتانەی ، کە لەڕێگەی ئەندامی دەستەوە پراکتیزە دەکرێت بە مەبەستی دەربڕین لە هەست و نەستی قسەکەر خۆی. بەکارهێنانی ئەم نیشانە و ئیشارەتە نازمانییانە و دەربڕینە زمانییەکانیش ( هەڵبژاردنی ستراکچەرەکانی زمان ) لە ڕووی واتاوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەتوانن کاریگەری بخەنەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان قسەکەر و گوێگر ، بۆ نموونە کاتێك گوێگر لەلایەن قسەکەرەوە شێوە فۆرمێکی زمانیی پرسیاریی / جۆرە جووڵە و ئیشارەتێکی شێوە هەستی بینین ئاڕاستەبکرێت ، کە جێگەی وروژاندنی گوێگر بێت بەرامبەر بەو کردەیە ، هاوکات گوێگریش داوا لە قسەکەر بکات ، کە مەبەستی واتای جۆری دەربڕینەکەی بخاتەڕوو، ئەوا " هەموو ئەم ڕەفتارانە ، شێوازێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو دەوروژێنێت، کە لە چینێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو خاوەن جفرەیەکی واتایی دیاریکراوەوە بەرهەمهاتووە" [٢] .

## ٢/ ٢_١ ) وروژێنەری دەروونیی بەپێی قۆناغی دەربڕینە نادەمییەکان :

أ. **قۆناغی بانگ و قیژەی هەستدەربڕ** (The pooh-pooh Theory):

" زانای ئەڵمانی ( شتاینتاڵ ) لە لێکۆڵینەوەکانیدا پەیدابوونی زمان دەگەڕێنێتەوە بۆ دەنگی غەریزەیی" [٣]، لەمەوە ئەگەر زمان دەنگێکی غەریزەیی بێت بۆ گوزارشتکردن لە هەستی وروژێنراوی وەك : خۆشیی / تووڕەیی/ ئازار ... ، کەواتە وروژێنەرەکانیش لەم قۆناغەدا بوونەتە هۆی دروستکردنی بانگ و قیژە، چونکە هیچ نیشانەو ئیشارەتێکی نازمانیی ئەوتۆ نەبووە ، کە مرۆڤی ئەم قۆناغە سەرەتاییە توانیبێتی بەکاریبهێنێت، بە واتای لەم قۆناغەدا گوزارشتکردن لە هەستی وروژێنراویش لەڕێگەی زنجیرەیەك دەنگەوە بووە، کە بە ئیرادە و مەبەستەوە دەربڕاون.

[١] علي عبدالواحد الوافي: و: ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم (٢٠٠٧: ١١٠).

[٢] سەلام ناوخۆش (٢٠٠٨: ٢٨٨).

[٣] محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١١: ١٥).

### ب. بزاوتنی جووڵە و بەکارهێنانی نیشانە :

بەکارهێنانی نیشانە و ئیشارەتی نادەمیی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قۆناغەی ، کە مرۆڤـ لە کاتی دەربڕیندا هەوڵیداوە بۆ گوزارشتکردن لە هەستوسۆز و گواستنەوەی پەیامەکانی لەڕێگەی بزاوتن و جووڵاندنەوەی ئەندامەکانی لەش وەك: سەر ، دەستەکان، پەنجەکان ، شان ، چاوتروکاندن ، لێوقوچاندنەوە بێت، ئەگەرچی هەتا قۆناغی ئێستای بەکارهێنانی زمان، بەکارهێنانی جووڵە جەستەییەکان و نیشانە بەردەوامە کە ئەمانە دەبنە هۆی هەڵچوونی فیسیۆلۆژیی، بە واتای " جووڵە جەستەییەکان کاریگەرییان لەسەر گوێگر یان بینەر گەیاندنی واتادا هەیە و باری دەروونیی و ڕادەی هەڵچوونی قسەکەر دەگەیەنن" [1]، بۆیە کاتێك سەرنج لە یەکێك لە ڕەفتارە نازمانییەکان دەدرێت ، کە لە پەیوەندییەکی تەواوکەریی complementary بەکاردەهێنرێت دەبێتە هۆی کاردانەوەی هەڵچوونی فیسیۆلۆژیی ، بۆ نموونە : ٥

.أ. ئالان: بەکارهێنانی کردەی نادەمیی ( چاو داگرتن ).

ب. ژوان: ڕووگرژکردن و دروستکردنی چرچی لەسەر ناوچەوان*.( کاردانەوەی ژوان )

ئالان و ژوان کە پەیوەندیی نێوانیان نائاشنایە بەیەکتر لەم بارەدا ، بەڵام ئالان دەیەوێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەربڕینێکی نادەمییەوە وەك چاو داگرتن هەستی ژوان بوروژێنێت ، کاردانەوەی ژوانیش لەم بارەدا نێگەتیڤانەیە، چونکە واتای چاو داگرتن لەلای ژوان چەمکی نێگەتیڤ ( بە سووك ڕوانین ) دەگەیەنێت ، هەربۆیە "زانایان لەو باوەڕەدان ئەم ئاماژە و جووڵە جەستەییانە گوزارشتن لە هەستوسۆز، کە بەشێوەیەکی بەهێزتر هەستوسۆزی قسەکەر بەرامبەر بە گوێگر دەردەخات و باوەڕپێکراوترە" [2]. چونکە " کاریگەریی پەیامی ئەم جووڵە و نیشانە و ئیشارەتانە زۆر زیاترە لەو کاریگەرییەی ، کە وشەکان هەیانە لە قسەکردندا" [3]، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی واتاوە ئەم جووڵە و ئاماژانە لە کلتوورێکەوە بۆ کلتوورێکی دیکە دەگۆڕێت و تەنانەت لە ڕووی ئەو بارەی قسەکەر و گوێگر تێیدان ، هەروەها لە ڕووی وروژاندن و کاردانەوەی گوێگر بەرامبەر بەو ئاماژە و جووڵانەی قسەکەر دەیکات. بۆیە " جووڵەی برژانگ و چاوەکان لە ڕووی واتا و مەبەستەوە جیاوازن لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ دا ، هەروەك چۆن زەردەخەنە ئاماژە بە هەست و واتای خۆشی دەگەیەنێت ، هەندێکجار واتای ڕقگەیاندن/ جوانیی ڕەوشت/ ڕازیبوون/ بەرهەڵستکاری بەرامبەر بە ڕق ..دەگەیەنێت ، هەریەك لەمانە شێوازێکە بۆ ئەو کۆمەڵگا و ژینگە و شارستانیەتییەی ، کە تێیدا دەژین" [4].

---

[1] هێمن عەبدولحەمید شەمس (٢٠٠٦: ٥٢).

* گۆڕانکارییەکانی دەموچاو و شێوەی گوزارشتکردن بۆ هەڵچوونەکان ، بنەمایەکی فیسیۆلۆژیی و بۆماوەیی هەیە، لەگەڵ ئەوەی هەندێکجار شارستانیەت و شێوازی پەروەردەکردن ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لەم شێوە گوزارشتکردنانەدا ، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: کەریم شەریف قەرەچەتانی: (٢٠١١: ١٢٢).

[2] شنە ئەبوبەکر ئەحمەد (٢٠٠٨: ٣٠).

[3] سەرچاوەی پێشوو: ٣٣.

[4] هادی نهر (١٩٨٨: ١٥٥).

کەواتە بزاوتن/ جووڵە بەشداری دەکات وەك ووروژێنەرێکی دەروونیی بەرامبەر بە گوێگر. لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونەیەك لەو ووروژێنەرانە نازمانییانە کراوە ، کە جووڵەی جەستەیین و فاکتەرێکن بۆ هەڵچوونی تووڕەبوون لە دەروونی گوێگردا ، بەپێی ئەو بار و شوێن و پلەی پەیوەندییەی لە نێوان قسەکەر و گوێگر ( دووربوون / نزیکبوون ) ، ڕەگەز ( نێر / مێ ) دا هەیە ، هەروەها ڕادەی هەڵچوونیشیان:

## ووروژێنەرە جووڵە جەستەییەکان:

### أ. زمانی چاو :

ناردنی سیگناڵێکی نێگەتیڤە لە هەندێك دەوروبەری قسەکردندا بۆ توانای بەرزکردنەوەی بەرەنگاربوونەوە لە جیهانی کردەدا." هەروەك توێژەرەوانی بواری زانستی زمانی جەستە ( ئۆرتیگا ) ئەوەی خستۆتەڕوو، کە (سەرنجدان بە جووڵەی چاو) چیرۆکێکی تەواو دەرناخات ئەگەرچی واتاش بگەیەنێت، بۆ نموونە ستراکچەری وشەیەك کە واتایەکی هەیە بەڵام لەناو کۆنتێکستی ڕستەیەکدا دەتوانین واتای تەواوی ئەو وشەیە فێرببین، کە ئەمە بۆ جووڵەیەکی جەستەش دەگونجێت ، هەروەك ئەوەی لەناو کۆنتێکستێکی بارودۆخی تەواودا ئەم (سەرنجدان بە جووڵەی چاو) ە واتای تەواو بگەیەنێت" [١]. وەك لەم نموونانەی خوارەوە[٢] :

| نموونەی ووروژێنەرەکان : | کاریگەربووەکان |
|---|---|
| ١. جووڵاندنی یەك برۆ بە ئاڕاستەی سەرەوە. | مێ ~ نێر |
| ٢. چاوداگرتن . | مێ ~ نێر |
| ٣. چاوتێبڕین. | هاوسەنگ |

### ب. ئاماژە دەمارییەکان :

" زۆرجار زەردەخەنە بەتەنها سیگناڵێك نییە بە واتای : گاڵتەکردن / دەربڕینی هەستی خۆشی ، بەڵکو دەگونجێت بە واتای بەرگریکردن / بیانووگرتن بێت "[٣] . ئەمانەش چەند نموونەی دییکەن:

| نموونەی ووروژێنەرەکان : | کاریگەربووەکان |
|---|---|
| ١. زەردەخەنەی دروستکراو. | نێر ~ مێ |
| ٢. چاو و دەمی شێوە کراوە. | مێ ~ نێر |
| ٣. بڕینی نینۆکی پەنجەکانی دەست بە ددان. | نێر ~ مێ |

[١] Julius Fast: (1971: 143).

[٢] سەرچاوەی پێشوو ( 65 : 1971 )

[٣] سەرچاوەی پێشوو.

**پ.ئاماژەکانی دەست :**

شێوە دانانی پەنجەکانی هەردوو دەست/چۆنیەتی ڕاگرتنی هەردوو باڵ / هەمەجۆریی جوولاندنیان، کاردانەوە و واتای تایبەت بە گوێگر دەگەیەنێت وەك ئەوەی" قسەکەر وەستابێت، پەنجەکانی هەردوو دەستی لەسەر کەمەری جەستەی بە جۆرێك کە ئاڕاستەی پەنجەکان ڕوو لە خوارەوە (ئاماژەکردن بۆ ئەندامی زاوزێ) بێت ، دیمەنێك دەبەخشێك لە هەڕەشەی سێکسییانە(Sexuality Threat ) زیاتر لەوەی ، کە جووڵەیەکی ئالۆزە لە ڕقگەیاندن/ ئارەزووکردن/ هەستکردن بە ترس، هەربۆیە بە سیگنالێکی کاریگەر دادەنرێت وەك ئەوەی بە ستراکچەرێکی زمانیی[*] ئەم واتای هەڕەشەیە دەرببڕێت"[1]، ئەمانەش چەند نموونەی ئاماژەی ترن ، کە بەشدارن لە وروژاندنی هەستی نێگەتیڤی گوێگردا :

| نموونەی وروژێنەرەکان : | کاریگەربووەکان |
|---|---|
| ١. دەستدان لە ئەندامە وروژێنەرەکانی جەستە. | مێ ~ نێر |
| ٢. پەنجە بردن بۆناو ئەندامی لووت. | نێر ~ مێ |
| ٣. ڕاوەشاندنی پەنجەی شەهادەی دەست  بەرەو ڕووی گوێگر | نێر ~ مێ |



| | |
|---|---|
| ٤. جولاندن و دەرخستنی پەنجەی ناوەڕاستی دەست. | هاوسەنگ |



| | |
|---|---|
| ٥. داخستنی هەر پێنج پەنجەکانی دەست (شێوەی بۆکسلێدان) | نێر ~ مێ |



[*]. Julius Fast: (1971: 95) ئاماژەی بەم نموونە دەربڕینە زمانییەی داوە :

I am a sexual threat, I am a dangerous man for a woman to be alone with, I am all man and I want you! . ( من هەڕەشەی سێکسیم ، پیاوێکی ترسناکم بۆ ئافرەتێکی تەنها ، من هەموو گیانم پیاوەتییە و تۆم دەوێت ).

[1]. Julius Fast (1971: 95).

## ت. نیشانە شوێنییەکان و باری جەستە:

"ئەو شوێن و گۆشانەی جەستەی مرۆڤ ڕووی تێدەکات ئاماژەیەکی نادەمییە بۆ دەرخستن و پەیوەندی نێوان تاکەکان"[1]. کە یەکێك لەو وروژێنەرە جووڵەییە کاریگەرییانەی ، کە واتاکەی دروستکەری کاردانەوەیە لەلای گوێگر ، دانانی بەربەستێکە لە نێوان قسەکەر و گوێگردا ، وەك ئەوەی " فرۆشیارێك دانیشتبێت لە پشتی مێزێکەوە، هیچ کاردانەوەیەکی جووڵەیی نەبێت لە کاتی سەردانکردنی کڕیاردا ، ئەمەش کاردانەوەی واتایەکی نێگەتیڤە بەرامبەر بە وروژاندنی هەڵچوونی نێگەتیڤانە (تووڕەبوون)" [2].

نموونە:

١. نزیك دانیشتن لە گوێگر ، کە پەیوەندی نێوانیان ( نییە/ زۆر کەمە). مێ ~ نێر

٢. وەستانی شێوە داخراوی دوو کەس پێکەوە نەك شێوە سێگۆشە. مێ ~ نێر



٣. دانیشتنی شێوە کراوەی هەردوو قاچەکان* . مێ ~ نێر

٤. شێوە دانیشتنی قاچ لەسەر قاچدانان ، ڕاگرتنی ڕووی پێ بەرامبەر بە گوێگر . نێر ~ مێ



---

[1] Allan Pease (1981:171).

[2] سەرچاوەی پێشوو .(1981:169)

* چۆنیەتی وەستاندنی قاچ ، نیشاندەری ئەوەن کە چ شتێك لە هزری کەسەکاندا ئەگوزەرێن . بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە : Allan Pease (1981:175) .

ئەم ورووژێنەرە هەڵچوونیانە ڕێژەیین ، چونکە ڕێژەی کاردانەوەکان دەگۆڕێت بە واتای دەگونجێت گوێگر ورووژاندنی هەستی هەڵچوونی تووڕەبوونی سست بێت / زۆر بێت ، لەگەڵ ئەوەی کە دەگونجێت گوێگر بە کەمترین جووڵە زۆرترین کاردانەوەی شێوە توند بەکاربهێنێت لە ڕێگەی دەربڕینی ستراکچەری زمانییەوە/ نازمانییەوە بێت. بۆ نموونە : دەرکەوتەی کاردانەوەکانی گوێگر لە ڕووخساریدا ، یەکێك لەم حاڵاتانە بێت: ڕەنگ زەردهەڵگەڕان/ سوورهەڵگەڕان/ فراوانبوون و کرانەوەی ڕوواڵەتی دەموچاو/ تێکچوونی ماسولکەکانی دەموچاو. بۆیە ئەگەر سەرنج بدرێتە ئەو جووڵە جەستەییانەی ، کە مرۆڤ لە قۆناغی منالّییدا دەریدەبڕێت هەندێك جووڵەی بە مەبەستی بەجێگەیاندنی دەستکەوتی خودی خۆیەتی ، بۆ نموونە : " منالّ کاتێك ڕووی ڕووخساری خۆی گرژ دەکات / بەتوندی دەستەکانی ڕادەوەشێنێت هەتا بەئیرادە هەڵچوونی تووڕەیی خۆی دەربڕێت / بە ئەنقەست ڕووی ڕووخساری وێکدەچوێنێت و تووڕەیی نیشان دەدات ، بە مەبەستی ناڕەزایی دەربڕینی هەستی خۆی لە دیاردەیەکی ناخۆش" [١].

## ٢/ ٢_٢ ) ورووژێنەری دەروونیی بەپێی دەربڕینە دەمییەکان:

دەربڕینە دەمییەکان هاوشێوەی نازمانییەکان بەشداری دەکەن لە ورووژاندنی هەستی دەروونیی گوێگر لە باری جیاوازدا ، هەروەك :

**أ. یەکەی فەرهەنگیی ( وشە ):**

قسەکەر لەگەڵ ئەوەی ستراکچەرە زمانییەکان بەکاردەهێنێت بە مەبەستی کاریگەری خستنەسەر گوێگر و ورووژاندنی ، یەکێك لەو ستراکچەرانەی بەکاریدەهێنێت وشەیە ، بۆ ئەم مەبەستەش زیاتر وشە تابۆکان* بەکاردەهێنێت بۆ ورووژاندنی هەستی نێگەتیڤ، کە " بەکارهێنان و باسکردنی ئەم وشانە لەلایەن تاکی کۆمەڵگاوە ، دەبێتە هەڵچوون و کاردانەوەی تووڕەبوون لەلای گوێگر / بەکەم سەیرکردن و بێشەرمیی لەقەڵەمدان " [٢]. لەمەوە قسەکەر " بە مەبەستی نەرم و نیانی دەربڕین و ڕێزگرتن لە بەرامبەر قسەپێکەری زمانی کوردییدا ، لەبری ئەم جۆرە ستراکچەرانە جۆری تر دەردەبڕێت، کە هەمان چەمك و مەبەستی واتا دەگەیەنن"[٣]، بەمەش گوێگر لەو بارە دەروونیە ئاڵۆزەی ، کە قسەکەر مەبەستێتی لە گوێگردا ڕەنگبداتەوە دوور دەکەوێتەوە. بۆ نموونە:

٦. تۆپین ( HOT* ) _ مردن _ کۆچکردن _ گیانلەدەستدان ( COLD ) .

---

[١] علي عبدالواحد الوافي: و: ئیبراهیم ئەحمەد ئیبراهیم (٢٠٠٧: ١٤٦).

* وشە تابۆکان ، لەقاڵبدان/ لەچێوەدانی زمانە Framing لەلایەن کلتوورەوە ، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: شاخەوان جەلال فەرەج: (٢٠١١ : ٤٤).

[٢] یونس سلێمان ئەحمەد (٢٠١١: ١٠٦). هەروەها بڕوانە : عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٠: ١٧٥_١٨٦).

[٣] شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١١: ٦١).

* زاراوەی (HOT) لێرەدا بە واتای Hot under colar واتە تووڕەبوون دێت ، وەرگیراوە لە: www.thefreedictionary.com/Hot

٧. گێژ (HOT) _ حۆل _ عەقڵ پێنەشکان _ درك پێنەکردن ( COLD ).

کاریگەریی دەربڕینی ئەم وشە تابۆیانە بە پێی پەیوەندیی نێوان قسەکەر و گوێگر دەگۆڕێت، بە واتای ئەگەر پەیوەندی نێوانیان نزیك بێت ، ئەوا دەربڕینی ئەم تابۆیانە کەمتر وروژێنەرترە ، بە بەراورد لەو پەیوەندییە دوورەی نێوان قسەکەر لەگەڵ گوێگرێکی تردا هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕادەی وروژاندنی ئەم ستراکچەرانە زیاترە لە دید و ڕوانگە و تێگەیشتنی کۆمەڵگایەك بۆ کۆمەڵگایەکی تر* ، بۆ نموونە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا ، بەهۆی کاریگەربوونیان بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و پەسەندکردنی دەسەڵاتی پیاوسالاریی ، ڕادەی ئەم وروژێنەرانە و هەڵچوونەکان زۆرترە ، بۆیە زیاتر هەوڵدراوە قسەکەری زمانی کوردیی لە دەربڕینی وشە و ستراکچەرە وروژێنەرەکاندا بەئاگایانە بێت، لەگەڵ ئەوەی لە کلتوورێکی تردا ئەم جۆرە دەربڕینانە وەك خۆی بەبێ حسابکردنی پەیوەندییەکان دیاردەیەکی ئاساییە، بۆ نموونە:

٨. .....کردن** (HOT) _ جووتبوون _ سەرجێیکردن _ پێکەوە خەوتن.( COLD ).

٩. ....خواردن (HOT) _ ناماقوڵیکردن _ شەکرشکاندن (COLD). ( ناوی ڕووداون ، تابۆن ).

جگە لەم وشە تابۆیانە، " دەگونجێت وشەیەکی سادە جگە لە پێکهاتە زمانییەکەی ، پاڵنەرێکی سۆزداریی ببێتە بازنەیەك ، کە لە کاتی جیاواز و بەکارهێنانی جیاوازدا ڕەنگی جیاواز ببەخشێتە وشەکە"[١]، ئەمەش پەیوەندی بەو دەورووبەرە سۆزدارییەوە هەیە ، کە گوێگر تێیدایە. بۆ نموونە: وشەی ( زانکۆ ) واتا گشتییەکەی : شوێنی فێربوونی زانستە . بەڵام واتا تایبەتییەکەی لە گوێگرێکەوە بۆ گوێگرێکی تر دەگۆڕێت، دەگونجێت چەمکێکی نیگەتیڤ بگەیەنێت بۆ گوێگرێکی تر، هەربۆیە" کۆمەڵیش بەشێوەیەکی گشتی ، کلتوور و تاکیش بە شێوەیەکی تایبەتی ڕێگرە لە بەکارهێنانی دەربڕاوە تابۆیەکان وەك خۆی ، لەمەوە تاکی کۆمەڵگا جوانی دەربڕین وەك ئاستێکی جوانتر و هێورتری دوای ئەم دەربڕینە تابۆیانە بەکاردەهێنێت" [٢]. بەکارهێنانی ئەم جۆرە دەربڕراوانە لە شێوەزاری کۆمەڵایەتیی ئاستی نزمی وەك بازاڕییدا ئەگەرچی بەواتای گاڵتەکردن/ جنێودان بێت ، بەڵام لەلای ئەم گوێگرانە کاریگەریی کەمترە، دەربڕینیشیان بێپەردەیە.

---

* لە هەندێك چین و توێژی کۆمەڵایەتییدا وشە تابۆکان وەك وشە ئاساییەکان بۆ پەیوەندییکردنی ئاسایی بەکاردێن، جگە لەوەی لە ئێستای زمانی کوردیدا هەندێك لە وشە تابۆکان لەبری گەیاندنی هەستی وروژێنراوی نێگەتیڤی ، دەرخەری نزیکی و پەیوەندی گەرموگوڕی نێوان قسەکەر و گوێگر دەگەیەنێت ، وەك لە ( کەرە گیان ) بۆ بانگکردن بەکاردێت .

** وشە تابۆیە واتا نێگەتیڤەکان هەروەك هەمەجۆری وشە تابۆیەکانی تر ، وروژێنەری دەروونی تاك و کۆمەڵە بە تایبەتی کۆمەڵگای کوردەواری ، کە بەکارهێنانیان لە هەندێك بارودۆخدا نەشیاوە ، لەگەڵ ئەوەی هەندێکجار وابەستەی جنێودان و ڕەفتاری نێگەتیڤیی دژ بە ڕەگەزی بەرامبەر دەکەوێتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١١: ٨٠ –٨٣).

[١] سازان ڕەزا مەعین (٢٠٠٥: ٦٦).

[٢] شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١١: ٦٣).

بەشێوەیەکی گشتی قسەکەر لە پێناوی پاراستنی کەسایەتی خودی خۆی شێوازی هێوری دەربڕین[*] پەسەند دەکات، بەتایبەتی لەبەردەم ستراکچەرە تابۆیەکاندا ئەم وشانە دەکاتە پەرژینێك[**] لەبەردەم دەربڕینیاندا: بۆ نموونە: (بیلا مەعنا ، عەیب نەبێت ، حاشا حازری، دوور لە ڕووی تۆ ، لەگەڵ ڕێزمدا...). هاوکات چەند وشەیەکی تریش کە واتای توندیان هەیە و پەسنی هەڵچوونی نیگەتیڤ دەکات و پلەکانی (تووڕەبوون) دەخاتە ڕوو ، کە ئەمانەن: ( کوڵان لە تووڕەییدا/ گڕگرتن seething، دڵگرانی، بێزاربوون، لەژێر پەستان stressed، تاساو، شەرمەزاری، پەشۆکاو، بێمتمانەیی، خیانەتلێکراو، تەمەڵ، ڕەشبین، ماندوو، بێمەیل، بەخیل، حەسوودیی، تۆقیو...هتد).

## ب. فرێزەکان:

پەیوەست بە دەوروبەری کلتووریی و باری هەستوسۆزەوە ، ئەم ستراکچەرانە هاوشێوەی وشەکان کاریگەریی دەخاتە سەر دەروونی گوێگر بەپێی شیکردنەوە و چۆنیەتی و چەندێتی تێگەیشتنی گوێگر لە واتا و مەبەستی ئەم ستراکچەرانە. بۆ نموونە:

١٠. ئیسلامیی = ڕێکخراوی ئیسلامیی _ ڕێکخراوە ئیسلامییە توندڕەوەکان _ ڕێکخراوی قاعیدە(HOT).
لە تێڕوانین و کلتووری کورد خۆیەوە لە تێڕوانینی ئەمریکییەکانەوە

١١. هەینی= هەینی تووڕەیی (HOT) ( کاردانەوە و واتایەکی توندی هەیە ، کە پەیوەستە بەو ڕووداوە ئاڵۆزە سیاسییانەی مانگی شوباتی ساڵی ٢٠١١، شاری سلێمانی)

١٢. پزیشك = پزیشکی ددان / پزیشکی نەخۆشی ژنان / پزیشکی نەخۆشی هەناوی ( هەموو ئەم فرێزانە واتایەکی توند و ترسێنەری هەیە لە دەروونی ڕەگەزی مێ دا ).

١٣. ئەنفلەوەنزا = ئەنفلەوەنزای بەراز (HOT) .

١٤. هۆڵ = هۆڵی نەشتەرگەری ( بۆ ڕەگەزی مێ واتایەکی ترسێنەرە) / هۆڵی تاقیکردنەوە ( بۆ خوێندکار واتایەکی نێگەتیڤی هەیە).

## پ.ڕستە:

پاش و پێشکردنی ستراکچەرەکانی وشە و شێوەی ڕیزکردنیان لە ڕستەیەکدا / هەڵبژاردنی وشەی کاریگەر بۆ پێکهێنانی ڕستەی واتا کاریگەر/ شێوە دەربڕینی ناڕاستەوخۆ لە باری گوتندا ، واتا و کاریگەرییەکی شێوە بە مەبەستەوە بەرجەستە دەبێت لە دەربڕراوەکانی قسەکەردا ، کە دەبنە وروژێنەرو کاردانەوە لەسەر گوێگر . بۆ نموونە:

---

[*] شەرمکردن و دەرنەبڕینی بیروڕا بە شێوەی ڕاشکاوانە لەلایەن قسەکەرەوە ، شێوازێکە لە دەربڕینی هێورکردنەوە .

[**] لەم بارەیەوە بڕوانە بەشی سێهەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە ( ٣/ ١ . ٦ . پەرژینکردن Hedge ، ٧٩ ) .

١. له ڕستەی باسمەند[١] دا، کاریگەریی واتا بەرامبەر بە گوێگر زیاترە بە بەراورد لە ڕستەیەکی ئاساییدا :

١٥.أ. ئالان پەنجەرەی ژوورەکەی ژوانی شکاند. ( ڕستەی سادەی ئاسایی )

بکەر ئۆبجێکت کردار

ب. پەنجەرەی ژوورەکەی ژوان ، ئالان شکاندی. ( ڕستەی باسمەند )

Topic بکەر کردار ، کلیتیک

٢. هەڵبژاردن و بەکارهێنانی وشەی کاریگەر لە پێکهێنانی ڕستەیەکدا، کاردانەوەی زۆرتر لە گوێگردا ڕەنگدەداتەوە. بۆ نموونە:

١٦.أ. ژوان کەمتەرخەمە لە وانەی بیرکاریدا. ( دەگونجێت دەربچێت ).

ب. ژوان دەرناچێت لە وانەی بیرکاریدا. ( ناگونجێت کە دەربچێت ).

Hot ( کاریگەرە )

٣. بەکارهێنانی شێوەی ناڕاستەوخۆ * لە دەربڕیندا ، کە وروژێنەرترە بە بەراورد لە شێوەی ڕاستەوخۆ، لەئەنجامی ئەو تەمومژی لێکدانەوە واتاییەی ، کە لەلایەن گوێگرەوە شرۆڤە دەکرێت. بۆ نموونە:

١٧.أ. ئالان: چاوانی خوشکم بۆ ئاهەنگەکە جلی کوردی ڕەنگ کاڵ لەبەردەکات .

ب. ژوان: جلە سوورەکانی من تازەیە .

دەگونجێت لەم باری گوتنەدا ، مەبەستی ئالان دەرخستنی ئارەزووی خودی خۆی بێت بەرامبەر بە ڕەنگی کاڵ نەك سوور ، کە ڕەنگێکی تۆخ و وروژێنەرە / دەگونجێت ئاگادارکردنەوەیەك بێت بۆ ژوان ، چونکە بارودۆخی ئەو شوێنە وا گونجاوترە ، کە ڕەنگی جلوبەرگەکە کەمتر سەرنجڕاکێش بێت ، لەگەڵ ئەمەشدا کاردانەوەی ژوان شێوەی ناڕاستەوخۆیە واتا و مەبەستێك بە ئالان دەگەیەنێت ، کە جلوبەرگەکەی تازەیە بۆیە هەر لەبەریدەکات . ( کاردانەوەیەکی شێوە هەڵچوونێکی تووڕەییە بەڵام بە ناڕاستەوخۆیی ). زۆرجار لەگەڵ ئەم شێوە ناڕاستەوخۆیەدا ، واتای میتافۆریش کاریگەریی دەبێت لە وروژاندنی هەستی گوێگردا، بەتایبەتی لە ستراکچەری پەندی پێشیناندا ، کە هەندێکجار و لە هەندێك باردا بە واتای توانجلێدان دێت . بۆ نموونە:

١٨.أ. ئالان: مانگە شەو سەر لە ئێوارەوە دیارە !

ب. ژوان: ناشێت مەبەستت لە من بێت !

١٩. من ئەڵێم نێرە ، تۆ دەڵێیت بیدۆشە ! ( ناڕاستەوخۆ / توانجلێدان )

---

[١] کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨ :٦٠).

* لە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ، باس لەم شێوە دەربڕینە (ناڕاستەوخۆ) لە جۆری کردە قسەییەکاندا کراوە ، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ئەم لێکۆڵینەوەیە : بەشی یەکەم : (١/٤_٣_١ ) لا (٤٠_٤٢).

ئەم ستراکچەری پەند دەربڕینە واتایەکی نێگەتیڤی هەیە ئەگەرچی قسەکەر مەبەستی لە گوێگر نییە ، بەڵکو وەك شێوە ناڕاستەوخۆ باسلێوەکردن لە کەسێکی دیکە بۆ گوێگر کراوە ، لەگەڵ ئەوەی هەڵچوونی توورەبوون لەلای ( ژوان ) ڕەنگیداوەتەوە. شێوەیەکی تر لەم جۆرە وروژێنەرە دەربڕینە زمانییانە ، بریتییە " لەو ڕستانەی ، کە لەگەڵ هێز و ئاوازە و خێرایی دەربڕینەوە دەبنە گۆڕانی واتای دەربڕاوەکان"[١]. چونکە" ئەم هێز و ئاوازەیە دەبنە هۆی دروستبوونی لێڵی و تەمومژیی لە واتای ڕستەکان و دواجاریش ئاسانکردن/ پەکخستن و گرانکردنی پرۆسەکانی تێگەیشتن"[٢]. بۆ نموونە:



٢٠. أ. ئالان: ژوان قاپەکانی نەشۆریوە. ( جەختخستنە سەر بکەرە، کە ئەم کردارەی جێبەجێ نەکردووە)



ب. ئالان: ژوان قاپەکانی نەشۆریوە.( جەختخستنە سەر ئۆبجێکتە )



پ. ئالان: ژوان قاپەکانی نەشۆریوە.( جەختخستنە سەر کردارە ، کە کردارەکە جێبەجێ کراوە/ نەکراوە).

هێز و ئاواز ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دەرخستنی مەبەستی گوتنی قسەکەر، زۆرجار گوێمان لە دەربڕاوەکانی قسەکەر دەبێت لەڕێگەی ئاوازەوە تێدەگەین کە گوزارشت لە: بێزاربوون/ ڕەتکردنەوە/ بەبیرهێنانەوەی کردارێك/ هەڕەشەکردن/ ترساندنی گوێگر/ فەرماندان/ توانجلێدان/ قەدەغەکردن/ زەمکردن/ توورەبوون، دەکات . کەواتە "بەشداریکردنی هێز و ئاوازە و دەربڕینە نازمانییەکان لەگەڵ گوتنی دەربڕینە زمانییەکاندا بە مەبەستی زیاتر دروست دەربڕینی گوتراوەکانە" [٣]. هەروەها دەربڕینە ناڕاستەوخۆکان کاریگەرترن لە ڕاستەوخۆ ( فەرماندان ). بۆ نموونە:

٢١. أ. ئالان: زۆر بەکارهێنانی کۆمپیوتەر زیان دەگەیەنێت بە تەندروستی مرۆڤــ. ( هاندان )

ب. ئالان: چەند جار پێم وتیت ، کە زۆر کۆمپیوتەر بەکارمەهێنە. ( فەرماندان ) (شێوە توند دەربڕینە خێراتر کاریگەریی دەخاتە سەر وروژاندنی هەستی گوێگر ، دەگونجێت کاردانەوەی گوێگریش هاوچەشنی دەربڕین بێت یان بە پێچەوانەوە بێت ) .

---

[١] عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٠: ١٦٩).

[٢] ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠١٢: ١١٦).

[٣] هێمن عەبدولحەمید شەمس (٢٠٠٦: ٣١).

بۆیە بەرزکردنەوەی ئاوازەی دەنگ لە هەندێك دەربڕینی قسەی قسەکەراندا بەدیدەکرێت، کە هەندێکجار هیچ واتایەکی نێگەتیڤیش ناگەیەنێت* ، بۆ نموونە:

٢٢.أ. ئالان: باوەڕناکەم بەمزوانە مووچە وەربگرم.

ب. ژوان: دەزانم .. بەڵام بۆ تووڕە دەبیت!

پ. ئالان: کوا تووڕە بووم!

ت. ژوان: ئەی ئەوە نییە دەنگت بەرز کردەوە!

بە پێچەوانەوە ئەم نموونەیە و چەندین نموونەی قسەی ڕۆژانەی نێوان قسەکەر و گوێگر، ئەوە دەخاتەڕوو لە زمانێکی وەك زمانی کوردییدا بەتایبەتی شێوەزاری کرمانجی خواروو ، گوێگران ئەم بەرزکردنەوەیەی ئاوازە/ ئەندازەیەی دەنگ لەگەڵ دەربڕینی هەر ستراکچەرێکی زمانییدا بە ناوازە و واتای نیگەتیڤی دەزانێت ، چونکە کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە وروژاندنی هەستی گوێگر پەیوەست بە واتاوە، بە تایبەتی زۆرتر لە دەروون و شیکردنەوەی واتایی دەنگی لەلای گوێگری ڕەگەزی مێ دا . هەروەها لەگەڵ ئەم شێوە دەربڕین و ستراکچەرە وروژێنەرە زمانییانەدا ، هەندێك ستراکچەری زمانیی بەهۆی تەمومژییانەوە دەبنە وروژاندنی هەستی گوێگر ، بۆ نموونە:

## أ. پێکهاتەی کلیتیکەکان ( کلیتیکی تەمومژاویی )** :

هەندێك جۆری کلیتیکەکان تەمومژیی دروستدەکەن لە تێگەیشتنی دەربڕاوی زمانیی قسەکەر بەرامبەر بە گوێگر ، بۆ نموونە:

٢٣.أ. ئالان: هەموو پێکەوە دەچن بۆ سینەما، ئێمەش هیچ!(کلیتیکی (ن): واتای کەسی دووەمی کۆ:ئێوە. / واتای کەسی سێیەمی کۆ : ئەوان .

ب. ژوان: منی تیا نیم ، توانجم لێمەدە! ( گوێگر خێرا پاکانەیەك دەکات) .

## ب.بەکارهێنانی وشەی هاوبێژ/ فرەواتا لەناو ستراکچەری ڕستەدا :

بەشێوەیەکی گشتی ئەم وشانە هەڵگری واتای ڕەنگدانەوەن ، چونکە یەکێك لە واتاکانیان جیاوازترە لەو واتا هۆشەکییەی ، کە لە بنچینەدا هەیەتی ، بەکارهێنانیان لە کۆنتێکستی ڕستەشدا زۆرجار تەمومژیی لە تێنگەیشتندا دەهێننە ئاراوە و بەمەش باری دەروونی گوێگر دەوروژێت ، بۆ نموونە: ٢٤. أ. ئالان: وا جارێکی تر ئایار هاتەوە میزاجم تێکبدات . ( مانگی ئایار نەك مرۆڤـ ) .

ب. ژوان: بۆ ئەوەندە ڕقت لە ئایاری برامە! ( وا تێدەگات ئایار مرۆڤە نەك ناوی مانگ ).

---

* لە زمانی عارەبییدا بە تایبەتی شێوە دیالێکتی عارەبیی سوریا دەربڕینی قسە بە ئاوازەوەیە ، کە هەندێکجار گوێگری نائاشنا ، واتا و لێکدانەوەی نیگەتیڤانەی بۆ شیدەکاتەوە وەك ئەوەی هەستدەکات قسەکەر بە هەڵچوونەوە قسەکانی دەردەبڕێت ، گوێگریش لەگەڵ ئەم شێوە ڕەفتارەدا کاردانەوەی نێگەتیڤانە بە قسەکەر ڕادەگەیەنێت .

** لەم بارەیەوە بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە : ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠١٢: ١١٩ – ١٣٧).

## پ.ڕستەی بکەرنادیار:

شاردنەوەی بکەری ڕستە لە هەندێك باری دەربڕیندا دەبێتە هەڵچوونی گوێگر ، لە ڕووی تێڕوانینی کۆمەڵایەتیشەوە کۆمەڵگا بەکارهێنانی ئەم شێوە ڕستەیە بەهۆی ئەو تەمومژە واتاییەی ، کە دروستیدەکات لەلای گوێگران بە نادروستی دەزانێت . بۆ نموونە:

٢٥.أ. ئالان: کتێبی ناو کتێبخانەکەم تێکدراوە. ( بکەرنادیارە ).

ب. ژوان: وا دەزانیت من ئەو کردارەم کردووە ! ؟ ( کاردانەوەی هەستی گوێگر ).

ئەگەرچی ئالان لەم باری گوتنەدا مەبەستی واتای ئەنجامدانی ئەم کردارە لە ژوان نییە ، بەڵام تەمومژیی ستراکچەرەکە و شێوە دەربڕین و زیاتر کاریگەریی خستنەسەر هەست و لێکدانەوەی واتایی لەلای ژوان وا دەکات ، جێبەجێکەری ئەم کردارە دەخاتە سەر خودی خۆی .

## ت.گۆڕینی دیالێکت و شێوەزار لە باری قسەکردندا :

دەگونجێت قسەکەر لەهەندێك باری قسەکردندا ئەو دیالێکتەی/ شێوەزارەی لەناو چەند گوێگرێکدا قسەی پێدەکات، وا پێویست دەکات شێوەزاری قسەکردنەکە بگۆڕێت ، ئەمەش چەند مەبەست و بارودۆخێك دەیهێنێتە کایەوە، لەوانە:

١. بارودۆخی سیاسیی، ئەم بارە زیاتر لە شێوازی قسەکردنی سەرکردە و وەزیر و لایەنە بەرپرسە سیاسییەکانەوە ڕەنگدەداتەوە، بۆ نموونە: سەرۆکی هەرێم سەردانی یەکێك لەوڵاتە ئەوروپییەکان دەکات ، لەبارودۆخی چاوپێکەوتنندا لەگەڵ سەرکردەی ئەو نەتەوەیەدا ، زمانی قسەکردنی دەگۆڕێت بۆ ئەو زمانەی ، کە گوێگر لەو بارەدا لێی بەئاگایە و پرۆسەی تێگەیشتنی بۆ ئەم زمانە ئاسانە.

٢. دەگونجێت چەند گوێگرێك لەو بازنەی قسەکردنەدا بەشداربن، بەڵام قسەکەر وەك بەجفرە ناردنێك بۆ تاکە گوێگرێك لەناو چەند گوێگرێکدا پەیامەکەی دەنێرێت، بە واتای بەشدارینەکردن و تێنەگەیشتنی گوێگرانی تر، لە مەبەستی قسەی نێوان قسەکەر و ئەو تاکە گوێگرەدا .

٣. گوێگر ئاشنا نییە لەو دیالێکت/ شێوەزاری قسەکردنەی ، کە قسەکەر قسەی پێدەکات ، بۆ نموونە: لەناو شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا ، ئەگەر قسەکەر بەشێوەزاری هەورامی قسە بۆ گوێگرێك بکات ، کە شێوەزاری کرمانجی ژووروو( بادینان ) لە قسەکردندا پێڕەوبکات ، پرۆسەی تێنەگەیشتن بەرجەستەدەبێت لەلای گوێگر ، بۆیە قسەکەر ناچارە بەگۆڕینی ئەو شێوەزارە بۆ شێوەزاری گوێگر بە مەبەستی تێگەیشتن .

هەر یەکێك لەم خاڵانەی ، کە تیشکی خرابووەسەر پێچەوانە بکرێتەوە و ئاڕاستەی قسەکەر بەرامبەر بەگوێگر بگۆڕرێت ، ئەوا بەتوندیی زمانی کۆمەڵایەتی (Language Social Violence)/ ڕەگەزپەرستی زمانی هەژماردەکرێت لەلایەن تێڕوانینی کۆمەڵگاوە . بەشێوەیەکی گشتی ، زمان لەگەڵ ئەوەی هۆکاری پەیوەندییکردنی نێوان قسەکەر و گوێگرە ، چەکێکە لەنێوان چەند چەکێکی تردا، کە لەشەڕی کردەی قسەییدا بەکاردەهێنرێت . بە واتای " زمان ، بە تەنها بەکارناهێنرێت بۆ بیرکردنەوە و گەیاندنی مەبەستی کردەکان و لێکدانەوەیان بەشێوەی هۆشیی، بەڵکو هۆکارێکە ، کە قسەکەر بەکاریدەهێنێت بۆ مەبەستی تێکشکاندنی هەست و بیرکردنەوەی گوێگر" [١].

## ج.بابەت :

گێڕانەوەی نوکتە (Jokes) کە لە پڕاگماتیکدا بەخشکەیی دەربڕینە، وەك بابەتێکی وروژێنەر و هەڵبژاردنی بابەتی نوکتەیەك لەناو هەمەجۆریی نوکتەکاندا ، دەبێتە دەرخستنی کاریگەریی لەسەر کاردانەوەی هەستی گوێگر ، کە قسەکەر لە باسلێوەکردنی ئەم بابەتانەدا پێویستە نزیك و دووربوونی خودی خۆی لە گوێگر ، ڕادەی پەیوەندیی نێوانیان ، بارودۆخ و کات و شوێنی دەربڕین ڕەچاو بکات ، چونکە لە باری گێڕانەوەی هەمەجۆریی نوکتەدا " لەگەڵ ڕادەی تۆنی دەربڕیندا ، کە چەند دەنگێکی پێکەوە کۆکردۆتەوە لە ستراکچەرێکی ڕستەدا، لەگەڵ ئەوەی یەکیەتیی تێیدا نییە و شێوازێکی نائارامە، جگە لەوەی جوانپۆش نییە ، لەگەڵ ئەوەی مەبەستی باسکردنی قسەکەر لەم بابەتە ، دەربازبوونە لە هەڵچوونی تووڕەبوون"[٢]، بەڵام هەروەك بینراوە دەربڕینی ئەم شێوازە گاڵتەهێنەرە بە مەبەستی وروژاندنی هەستی پۆزەتیڤانە و گۆڕینی ئاڕاستەی هەڵچوونە نێگەتیڤەکانە بۆ کەمێك پۆزەتیڤ ، هاوکات دەبێتە وروژاندنی هەستی نێگەتیڤی بەهۆی گەیاندنی چەمکی نێگەتیڤانە لەلای هەندێك گوێگر ، بە تایبەتی ئەو نوکتانەی کە بابەتەکانیان باسکردنە لە دیالێکت / شێوەزاری قسەکردنی ناوچەیەك/....هتد ، ئەمەش بە پێی ڕەگەزە بەشداربووەکان بە تایبەتی گوێگر (نێر / مێ) بێت ، ڕادەی هەڵچوون و چەندێتی تێگەیشتن لە چەمکی ئەو بابەتە دەگۆڕێت ، بۆ نموونە: چەمکی نوکتە نێگەتیڤییەکان زۆرتر لەلای ڕەگەزی مێ ، کاردانەوەی هەڵچوونی نێگەتیڤی وەك تووڕەبوونی تێدا ڕەنگدەداتەوە ، ئەگەر قسەکەر لە ڕەگەزی نێر بوو ، لەگەڵ ئەوەی چەندێتی پەیوەندیی نێوانیان بریتی بێت لە دووربوون لە یەکتر.

---

[١] جان جاك لوسركل: ت.محمد بدوي (٢٠٠٥: ٤٤٢).

[٢] سەرچاوەی پێشوو: ٤٢٧.

گێڕانەوەی بابەتی ئەو نوکتانەی باسکردنە لە گاڵتەپێکردن بە شێوەزارە ناوچەییەکان* ئەگەرچی لێرەدا ڕەگەزەکانیش هاوڕەگەزبن وەك ئەوەی ( نێر بۆ نێر / مێ بۆ مێ ) ، ڕادەی وروژێنەرەکان نزیکترن لەیەکترەوە چونکە گەیاندنی چەمکی نیگەتیڤ لەم جۆرە بابەتەدا زۆرترە . بە شێوەیەکی گشتی هەمەجۆریی باسکردنی بابەتەکانی نوکتە لە لای گوێگران لەگەڵ ئەوەی گەیاندنی چەمکی پۆزەتیڤە ، هاوکات گەیاندنی چەمکی نێگەتیڤیشە بە ڕەچاوکردنی ڕەگەزی قسەکەریش نەك بە تەنها گوێگر ، چونکە گوێگر بەو ڕەگەزەش کاریگەر دەبێت ، کە بابەتی نوکتەکان باسلێوە دەکات . بۆ نموونە:

| قسەکەر | گوێگر | کاردانەوە |
|---|---|---|
| مێ | مێ | = |
| مێ | نێر | HOT کەمترە |
| نێر | نێر | = |
| نێر | مێ | HOT زۆرترە |

## ٢/ ٣ ) تەکنیکی پرۆسێسی هێورکردنەوە:

خودی هێورکردنەوە تەکنیکێکە، کە بەکاردەهێنرێت بۆ دروستکردن و گەڕاندنەوەی بارودۆخی وروژاوی دەروونی لە کۆمەڵگادا ، وەك : ( ترس ، گریان، تووڕەبوون ) ، بۆ بارێکی پۆزەتیڤانە لەهەر بۆنەیەکی کۆمەڵایەتیی/ باری ژیانی ڕۆژانەی تاکدا بێت . هەروەك زۆرجار دەوترێت :

٢٦. ئاوێکی کرد بە ئاگرەکەدا.

٢٧. با لە دەنکە نۆکێك کفتەیەك دروست نەکەین!

دەربڕینی ئەم ستراکچەرانەش بەرامبەر بە چەند دەربڕاوێك دەوەستنەوە، وەکو:

٢٨. بیبەری تیژی زۆر خواردووە.

٢٩. ئەڵێی شیرە/ نیسکێنەیە زوو هەڵدەچێت** .

٣٠. دۆ و دۆشاوی پێکەوە تێکەڵکردووە.

---

* گۆڕینی شێوەزاری قسەکردن بە دەڤەری هەولێریی لەلایەن قسەکەری دەڤەری سلێمانی لەگەڵ گوێگری دەڤەری هەولێرییدا ، گەیاندنی چەمکی نیگەتیڤە ، هەروەها بابەتی نوکتەکان کە باسلێوەکردن بێت لەسەر یەکێك لەو دەڤەرانەدا ، لەم بارودۆخی دەربڕینەدا چەمکە نێگەتیڤەکان زۆرتر دەبن بە بەراورد بە گەیاندنی چەمکە پۆزەتیڤەکان لەلای گوێگر .

** بۆ ئەم جۆرە کەسانەی ، کە زۆر زوو تووڕە دەبن سایکۆلۆجیستەکان زاراوەی (Exploder) بۆ بەکارهێناوە ، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (کەریم شەریف قەرەچەتانی : ٢٠١٠: ١٢٦).

تەکنیکی هێورکردنەوە بەچەند ڕێگایەکی هەمەجۆرییەوە پێڕەودەکرێت ، بۆنموونە: سایکۆلۆجیستەکان ڕێگای تایبەتیان پێڕەو کردووە ، هەروەها خودی زمان کە گرنگترین ئامرازی بەستنەوەی پەیوەندییەکانە ، بەکارهێنانی هەروەك ڕەگەزێکی بەشداربوو بۆ تەکنیکی ئەم پرۆسێسە بە ستراکچەری زمانیی و نازمانییەکانیەوە گرنگی خۆی دەخاتە ڕوو . تەکنیکەکانیش ئەمانەن:

## ٢/ ٣_١ ) تەکنیکی سایکۆلۆژیی[١] :

دەروونناسەکان دوو پۆل تەکنیکیان پێڕەو کردووە وەك :

### أ. تەکنیکە مەعریفییەکان:

ئەم شێوە تەکنیکەش چەند تەکنیکێکی تری لەخۆ گرتووە وەك : ( گوزارشتکردن / دیالۆگی ناوەکی Self-Talk، وەستاندنی بیروباوەڕ، ڕاهێنان لەسەر شارەزایی لە چارەسەرکردنی گرفتەکاندا، تەکنیکی ABCD). بەشێوەیەکی گشتی ئەم پۆلە تەکنیکەیە زیاتر تیشك دەخاتە سەر بەکارهێنانی دیالۆگ بۆ گوزارشتکردن لەو هەڵچوونە وروژاوەی کە گوێگر تووشی بووە/ دانانی گریمانە بۆ باشتر و زووتر چارەسەرکردنی بارودۆخەکە . بەڵام شێوە تەکنیکی ABCD لە شێوە تەکنیکەکانی تر جیاوازترە، ئەم تەکنیکە (ئەلبێرت ئەلیس) گرنگی پێداوە تێیدا چەمکی نیگەتیڤی باری هەڵچوو دەگۆڕێت بۆ چەمکێکی پۆزەتیڤانە و باری هەڵچووی تاك دەگەڕێنێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی / کەمتر لەو بارە هەڵچووەی کە تێیدابووە . بۆ ئەمەش تەکنیکی گریمانە و هاوکێشەی بەکارهێناوە[*] ، بەم شێوەیەیە:

( باری وروژاو ) $1.\ A^- + B = AB^-$

( باری هێوربوونەوە ) $2.\ AB^- + A^+ = B^o$

$A^-$: وروژێنەر ، B: لێکدانەوە و تێگەیشتنی مرۆڤ ، $AB^-$ : باری هەڵچوونی تووڕەبوون،

$A^+$: کردەی هێورکردنەوە ، $B^o$: باری ئاسایی .

بە بڕوای (ئەلیس): "هیچ کاتێك وروژێنەر و ڕووداوەکانی جیهانی دەرەوە نابنە مایەی هەڵچوونی تووڕەبوون ، بەڵکو لێکدانەوە و چۆنیەتی تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ ئەو وروژێنەر و ڕووداوانە هۆکاری سەرەکین"[٢] .

---

[١] کەریم شەریف قەرەچەتانی (٢٠١٠: ١٣٤). هەروەها بڕوانە ئەم لینکە ئەلەکترۆنیانە :

1. http://www.bookloons.com/cgi-bin/Review.asp?bookid=1499.
2. http://www.skyewentworth.org/miller.html.

[*] لەم کاری لێکۆڵینەوەیەدا گۆڕانکاری لە ناونانی گریمانەی هاوکێشەکە کراوە ، بەرامبەر بە $C = AB^-$ ، بەرامبەر بە $A^+$ = D دانراوە، بەڵام چەمکەکان وەك خۆی بەبێ دەستکاری دانراوەتەوە.

[٢] کەریم شەریف قەرەچەتانی (٢٠١٠: ١٣٨).

**ب. تەکنیك و ستراتیجیەتی هەڵچوون و ڕەفتارەکان :**

ئەم شێوەی تەکنیکە کاریگەرییەکی پۆزەتیڤانەی لەسەر باری وروژاوی تاکدا هەیە، بە واتای بە کاریگەرترین تەکنیکی هێورکردنەوە دادەنرێت لەلایەن سایکۆلۆجیستەکانەوە ، کە ئەمەش چەند تەکنیکێکی لەخۆ گرتووە ، لەوانە: ( پراکتیزی خاوکردنەوەی ماسولکە گرژبووەکان (الاسترخاء) * ، چالاکی ڕۆڵ پلەی ، شێوازی تری گونجاو بۆ گوزارشتکردن لەباری هەڵچوون ** ) ئەم هەمەجۆریی تەکنیکەیە زیاتر تیشك دەخاتە سەر بەکارهێنانی چەند چالاکییەك زیاتر لە بەکارهێنانی گوزارشتکردنی بەهۆی دەربڕینە زمانی/ نازمانییەکان.

## ۲/ ۳ _۲ ) تەکنیکی نادەمیی و دەمیی:

پێکەوە بەشداریکردنی ستراکچەرەدەمیی و نادەمییەکان دەبنە ڕەگەزی بەشداربوو بۆ تەکنیکی کەمکردنەوەی ئاکامە نێگەتیڤەکان، کە ئەمانەن[1] :

**١. دەربڕینی تۆنی دەنگێکی نۆرماڵی / هێوریی Calm Voice:**

دەربڕینی تۆنی دەنگێکی نۆرماڵیی بەمەبەستی هێوریی دەرخستن دەبیسترێت، بەرامبەر بەو تۆنە دەنگە توندە گڕەی لەبارودۆخی وروژاودا لەلایەن قسەکەرەوە دەردەبڕێت ، ئەمەش دەبێتە نۆرماڵکردنەوە و کاریگەریی خستنەسەر تۆنی دەنگی قسەکەر ، بۆیە " قسەکەری تووڕەبوو پێویستە گڕی دەنگ کەمتر بکاتەوە، هەتا بتوانێت ئەو گوتراوانەی هەستی دەریدەبڕێت ، گوێگر بتوانێت ببیستێت" [2]. چونکە ئەو ناوەندەی ، کە شەپۆلی دەنگی قسەکەری پێدەگوێزرێتەوە و پێویستی بە تۆنی دەنگێکە تا ئەو شەپۆلە دەنگییە ببیسترێت.

**٢. دوورکەوتنەوە لە کردەی جووڵە وروژێنەرەکان( هەڕەشەییەکان ) Non-Threatening stance:**

دوورکەوتنەوە لە هەندێك جووڵەی وروژێنەری واتا گەیاندنی هێورییە بەرامبەر بە گوێگر ، چونکە کاردانەوە و تێگەیشتنی گوێگران لە واتای ئەم جووڵانە لەیەکتر جیاوازن ، ئەمەش تەکنیکێکی نازمانییە، کە قسەکەر بەرامبەر بە گوێگری هەڵچوو بەرجەستەی دەکات .

* تەکنیکی خاوکردنەوەی ماسولکە گرژبووەکان (الاسترخاء) ، لەلایەن زانای ئەمریکی (جوزیف ولب) و هەندێك لە توێژەرەوانی بواری سایکۆوە بەکارهێنراوە لەچارەسەرکردنی کێشە دەروونییەکانی تاکدا ، لە ڕێگەی خاوکردنەوەی ماسولکە گرژبووەکانی جەستەوە ، کە دەربڕی وەڵامی باری دەروونە ، هاوکات دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی چالاکییەکانی سەمپەساوی و هێورکردنەوەی مرۆڤـ . کەریم شەریف قەرەچەتانی :(٢٠١٠ : ١٤٠).

** سەرجەم کتێبە ئاسمانییەکان و زانایانی بواری ئایینی ، تیشك دەخەنەسەر هێوریی و دروستکردنی ژینگەیەکی ئارام بۆ ژیانی مرۆڤایەتی، بە مەبەستی دوورخستنەوەی تاکی کۆمەڵگا لەبارە هەڵچوونە نێگەتیڤەکان و کەمترکردنەوەی بارودۆخ و ڕووداوی نێگەتیڤانە.

[1] http://www.ehow.com/info 8113513 techniques-calm-down-angry-person.html.

[2] سەرچاوەی پێشوو.

### ٣. باسلێوەنەکردن دەربارەی ڕووداو :

کاتێك هەستی گوێگر وروژاوە بە هەڵچوونی تووڕەبوون، کە لەم بارودۆخەدا قسەکەر دەبێتە گوێگرێك بۆ ئەو هەستی هەڵچوونەی گوێگر تێیدایە پێویستە لەسەرەتای بارودۆخەکەدا گوتراوی (چی بووە؟ چی ڕوویداوە؟) نەگوترێن تاکو باری هێوربوونەوەی هەستی گوێگر، پاشان قسەکەر چەند ستراکچەرێکی زمانیی لە شێوەی ڕستەی پرسدا ئاڕاستەی گوێگر بکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئاکامەکان.

### ٤. کردەی گوێلێگرتن :

تەکنیکێکی زمانییە ، لێرەدا قسەکەر گوێ لە کاردانەوەکانی گوێگر دەگرێت و دەبێتە گوێگر و هاوکات کەسی گوێگریش دەبێتە قسەکەر بۆ گوزارشتکردن لە هەڵچوونەکانی . واتای ئەم کردەی گوێلێگرتنەی قسەکەر بەرامبەر بە واتای ئەو گوتراوە زمانییە دەوەستێتەوە وەك ئەوەی وترابێت :

" گوێم لێتە، دەزانم کە تۆ تووڕەیت"[١]. کەواتە کردەی گوێڕاگرتن بارودۆخێکی هێوربوونەوە بەرجەستە دەکات ، بەڵام بەرپەرچدانەوەی گوێلێگرتن ڕێگەگرتنە لە گوتەکانی گوێگری تووڕەبوو کاتێك دەبێتە قسەکەر ، ئەمەش وادەکات گوێگر بەو هەستە هەڵچوونییەوە شوێنی قسەکردن بەجێبهێڵێت . چونکە " نهێنی سەرکەوتنی پەیوەندییەکانی نێوان قسەکەر و گوێگری هەڵچوو بریتییە لەو کات و بارەی، کە تاکێك قسە دەکات پێویستە تاکەکەی تر گوێلێگرتن پێڕەوبکات"[٢] .

### ٥. کردەی نوسین بە زمانێکی سادە[٣] :

ئەم کردەیە ڕێگایەکی سادەیە بۆ هێوربوونەوەی جەستە ، تەندروستی ، دروستکردنی بارێکی پۆزەتیڤانە بۆ گوێگری هەڵچوو لەلایەن خودی خۆیەوە ئەم کردارە جێبەجێ دەکرێت .

### ٦. کۆتا هەنگاوی تەکنیك :

کۆتاییهێنان بە بارودۆخێکی نێگەتیڤانەی وروژاو لەڕێگای دەربڕینی زمانییەوە دەبێت، کە وەك شێوە ستراکچەرێکی بەڵێنپێدانە[٤]، بۆ باسلێوەکردن و بەدواداچوون بۆ چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی وروژێنەرەکان . بۆ نموونە:

٣١. بەڵێندەدەم ، چارەسەرێك بۆ ئەم بابەتە بکەم.

---

[1]. http://www.ehow.com/info 8113513 techniques-calm-down-angry-person.html.
[2]. http://www.ehow.com/how 2325649 calm-angry-person.html.
[3]. http://www.skyewentworth.org/Miller.html
[4]. http://www.ehow.com/how 2325649 calm-angry-person.html.

لەگەڵ ئەم شێوە تەکنیکەی باسی لێوەکرا ، شێوە تەکنیکێکی تر ، کە هەر لەڕێگەی تەکنیکی زمانییەوە پێڕەو دەکرێت ، ئەویش **( تەکنیکی هێورکردنەوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ )یە، بەپێی جۆری تیۆری کردە قسەییەکان :**

هێورکردنەوە یەکێکە لە نیاز و مەبەستی قسەکانی ژیانی ڕۆژانەمان ، چونکە " هەر کاتێك کە قسە دەکەین هەندێك مەبەست و قەسدمان هەیە، هەندێکجار ئەو مەبەستە بەشاراوەیی و بەخشکەییە ، بە واتای ڕاستەوخۆ لەڕێی دەربڕاوە بەرهەمهێنراوەکەوە بە دەستەوە نادرێت و نادرێت بە کەسی بەرامبەر لە کاتی دییکەدا، دەربڕاوەکە خۆی بە وشەیەك / ئیشارەیەك بە مەبەست و قەسدەکەمان دەدات" [١]. لەگەڵ ئەوەشدا " دەگونجێت ئەم مەبەستی بەخشکەیی دەربڕینە ببێتە دروستکردنی کاریگەریی نامۆ لە لای گوێگر ، لە کاتێکدا کە سەرکەوتوو نەبێت لە ناسینەوەی مەبەست و قەسدی قسەی ناڕاستەوخۆی قسەکەرێکی دییکە" [٢] ، بۆیە بە گشتی هۆکاری زۆرتر بەکارهێنانی جۆری کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ" شێوەیەکی واتا_جوانبەخش / بەڕەوشتی بەکارهێنان لە ڕووی تێڕوانینی کۆمەڵگاوە زۆرتر لە بەکارهێنانی شێوەی ڕاستەوخۆدا " [٣]، هێوریی دەربڕینیش بەپێی جۆری کردەقسەییەکان دەتوانرێت پۆلێنبکرێت بە بەکارهێنانی ستراکچەرە زمانییەکان . دەربڕین بە هەریەکێك لەم شێوانە (هێورکردنەوەی ڕاستەوخۆ ، ناڕاستەوخۆ) پەیوەستە بە کات و شوێن و ئەو باری قسەکردنەی ، کە قسەکەر و گوێگری تێدایە ، چونکە هەندێك باری ئاڵۆزی وەها دەگونجێت پێویست بە دەربڕینی شێوە هێورکردنەوەی ڕاستەوخۆ بکات زۆرتر وەك لە شێوەی ناڕاستەوخۆدا ، بۆ نموونە:

٣٢. ئالان: ئێرە هۆڵی کتێبخانەیە. ( ستراکچەرێکی هەواڵدانە ، ئەگەر مەبەستی گوتنی قسەکەر لەم دەربڕینە پیشاندان و ئاماژەبۆکردنی شوێنێك بێت ، کە جێگەی سوود بۆ وەرگرتنی زانیاریی بێت بۆ گوێگر/ خوێنەر) لێرەدا مەبەستی ئەم ڕستەیە کردەی قسەیی ڕاستەوخۆیە ، هەواڵدانە . ئەگەر دەربڕینی ئەم ستراکچەری هەواڵدانە بە مەبەستی دییکەوە دەربڕێت ، وەك ئەوەی مەبەستی لەم شێوەیە بگەیەنێت:

٣٣. ١. تکایە بێدەنگی! ( هێورکردنەوەی ڕاستەوخۆیە ) گوتنی ئەم دەربڕینە بەرامبەر بەو گوێگرانەیە، کە لەو هۆڵەدا دانیشتون و باری ئارامیی ئەو شوێنەیان جووڵاندووە. لەم بارەدا مەبەستی واتای ڕستەی (٣٣) دەگۆڕێت و دەبێتە ( هێورکردنەوەی ناڕاستەوخۆ / لە ستراکچەری داواکردندا نەك هەواڵدان ).

٣٤. ئالان: ئافرەت!!!....ئەو مناڵە خەوتووە. ( هێورکردنەوەی ناڕاستەوخۆ ) یە ، بەخشکەیی داوالێکردن لە گوێگرە ، کە بارودۆخەکە نەکاتە ژاوەژاو لەبەر خەوتنی مناڵەکەیان لە ژوورێکدا .

---

[١]. محەمەدی مەحویی : بەرگی دووهەم ( ٢٠٠٩ : ٢١٣).

[٢]. George Yule (2006 : 119).

[٣]. سەرچاوەی پێشوو.

لەگەڵ بەکارهێنانی ئەم شێوە هێورکردنەوەیە لە دەربڕیندا ، شێوەیەکی تر لەم بەکارهێنانە بریتییە لە دانانی چەند فۆرمێکی زمانیی لەپێش دەربڕینی ستراکچەری ڕستەی هێوریی دەربڕین ، کە لەڕوانگەی تێڕوانینی کۆمەڵگاوە شێوەیەکی نەرم و جوانی دەربڕینە ، کە کاریگەریی دەخاتەسەر شێوەکانی دەربڕین بەتایبەتی بۆ هێوریی دەربڕین، بۆ نموونە " گوتنی فۆرمەکانی :(تکایە ، بەبێ ئەرك، بەیارمەتیت، فەرموو)، کە هاوشانێتی پلەی نێوان قسەکەر و گوێگر دەردەخات و هاوکات کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی بەهای واتای سەر لەبەری دەربڕینەکان دەبێت و نالەباری و ڕەقێتی دەربڕینەکە کەمتر دەکاتەوە"[1]. بەکارهێنانی ئەم فۆرمانە لە کۆنتێکستی جیاواز بە واتای جیاواز ، مەبەستی جیاوازیش دەگەیەنێت ، بۆ نموونە :

٣٥. ژوان: بەیارمەتیت ... کەمێك لەسەرخۆ قسە بکە. ( هێورکردنەوەی ڕاستەوخۆیە )

فۆرمی زمانیی ئاوەڵکردارە کە کاریگەریی بۆ سەر واتا و مەبەستی ئەم دەربڕاوە هەیە زیاتر تیشك دەخاتە سەر هێوریی دەربڕین لەم بارودۆخەی گوتنەدا.

٣٦. ژوان: قسەکردن بەم شێوەیە جوان نییە ! ( هێورکردنەوەی ناڕاستەوخۆیە، داواکردنە).

ئەم دوو نموونەیە ( ٣٥، ٣٦ ) ئەگەرچی لەڕووی واتا و مەبەستەوە هاومەبەستیشن ( هێورکردنەوەی بارودۆخە ) بەڵام شێوەی دەربڕین و بەکارهێنانی فۆرمەکان لەیەکتر جیاوازن و دەرخستنی جیاوازی پلەی هاوشانیەتی نێوان قسەکەر و گوێگرە. لەگەڵ ئەم شێوە دەربڕینانەدا ، هەندێکجار بەکارهێنانی ستراکچەری ( تاکە وشەیەك/ فرێزێك) لەناو ستراکچەرێکی ڕستەدا وەك تیشکێك بۆ گەیاندنی چەمکی هێورکردنەوە لەدەربڕیندا بەکاردەهێنرێن ، بۆ نموونە:

٣٧. أ. ئالان: وا دایکم تووڕەدەبێت.

ب. ژوان: ئاوی ساردمان لەلایە. ( هێورکردنەوەی ناڕاستەوخۆ )

بەکارهێنانی فرێزی (ئاوی سارد) لەم ڕستەیەدا دەرخستن و گەیاندنی واتایەکە بۆ نۆرماڵکردن و هێورکردنەوەی ترسی ئالان لە تووڕەبوونی دایکی و هێورکردنەوەی باری هەڵچوونی دایکی ئالان.

٣٨. ئالان : خۆ تۆ دایکی ئەم مناڵەیت ، باوەژنی نیت !

هێنان و بەشدارییپێکردنی هەردوو وشەی سەربەخۆی وەك (دایك) ، (باوەژن) لە یەك ڕستەی وەك نموونەی (٣٨) دا ، کە نیشانەی کۆمەڵایەتیین و یەکێکن لە کەرەستەکانی بواری خزمایەتی بە مەبەستی گوزارشتکردن لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ، گوتنی وشەی (دایك) گەیاندنی واتای دڵسۆزی و هێورکەرەوەی گریان و ترسی منداڵە، هەربۆیە ئالان لە ستراکچەرێکی توانجلێداندا گوێگر ئاگادار دەکاتەوە و پەیوەندی نێوان گوێگر (دایك) بۆ منداڵەکەی هێوردەکاتەوە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ.

---

[1] هۆگر مەحمود فەرەج (٢٠٠٠ : ٥٧).

به شێوەیەکی گشتی هەمیشە " تاك / قسەکەر بۆ پاراستنی کەسایەتی خۆی لەناو کۆمەڵگادا بەپێی توانا هەوڵدەدات ڕووبەڕووی تووڕەیی کۆمەڵگا نەبێتەوە و لە وروژاندنیش دووربکەوێتەوە بۆیە لە دەربڕینەکانیشدا هەوڵدەدات لەم بارە بەدووربێت"[1] ، کەواتە پێڕەوکردنی هێوریی دەربڕین گرنگە.

هاوکات ئەم نموونانەش ئاماژەبۆکردنی هەردوو جۆری دەربڕینی هێورکردنەوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیە بە بەشداریکردنی ستراکچەرەکانی (وشە/ فرێز) لەستراکچەرێکی ڕستەدا، کە دەبێتە هۆی گەیاندنی مەبەستەکە بە ڕاستەوخۆیی/ ناڕاستەوخۆیی، بۆ نموونە :

٣٩. سەلاَواتی لێبدەن، ئەمە کەی بابەتە ئێوە باسی دەکەن! ( هێورکردنەوەی ناڕاستەوخۆ).
( بەواتای وازهێنان و دوورکەوتنەوە لەو بارودۆخە ئاڵۆزبووە )

٤٠. کەمێك ئارامبە، با شەڕەکە گەرمتر نەبێت. ( هێورکردنەوەی ڕاستەوخۆ ).

٤١. زۆر گوتن قورئان خۆشە، هێندە لەسەری مەڕۆ. ( هێورکردنەوەی ناڕاستەوخۆ ).
( بۆ کەمترکردنەوەی سترێسی قسەکەر )

٤٢. پاراستنی ئەمنیەت و ئارامی هاوڵاتییان لەیادی دووساڵەی حەڤدەی شوباتدا. ( هێورکردنەوەی ڕاستەوخۆ/ ستراکچەری هەواڵگەیاندن ) .

٤٣. من دڵنیام ، کە بە هاتنی ئەوان بۆ ئێرە تووڕە نابیت. ( هێورکردنەوەی ناڕاستەوخۆ/ ستراکچەری ناکردن ).

٤٤. هەتا کەی ئەم تووڕەبوونەت بە باش دەزانیت بەرامبەر بە من؟ ( هێورکردنەوەی ناڕاستەوخۆ/ ستراکچەری پرسیاری ).

٤٥. با من بێم لەگەڵتاندا بۆ خەستەخانە . ( هێورکردنەوەی ناڕاستەوخۆ / فەرماندانی ناڕاستەوخۆیە ، کە کاریگەرترە لە فەرماندانی ڕاستەوخۆ ) .

٤٦. نەخۆشیەکەت هێندە گران نییە، بەلاَم وریای خۆت بە. (هێورکردنەوەی ناڕاستەوخۆ) . بەکارهێنانی ستراکچەرەکانی ( هێندە +گران + نییە) لەم ڕستەیەدا هێورکردنەوەی ترسی وروژاوی نەخۆشە (گوێگر) بەرامبەر بەو نەخۆشییەی ، کە تووشی بووە بۆیە پزیشك شێوازی بەکارهێنانی ناڕاستەوخۆ لە مەبەستی قسەکانیدا پێڕەوکردووە و ڕێژەی مەترسی و ئاڵۆزی نەخۆشیەکە دەرناخات ، ستراکچەری (هێندە گران نییە) بەرامبەر بە ستراکچەری گوتنی (کەمێك گرانە) دەوەستێتەوە ، بەلاَم بەکارهێنانی شێوەی ناڕاستەوخۆ بۆ دەروونی گوێگر دروستتر و هێورترە.

---

[1] یونس سلێمان ئەحمەد (٢٠١١: ١٠٦) .

## ٢/ ٤ ) زمانی جەستە و هێورکردنەوە :

هەمەجۆریی وروژێنەرەکان (نادەمیی/ دەمیی) دەبنە دەرکەوتەی هەمەجۆریی تەکنیکی پرۆسێسی هێورکردنەوە، بە واتای تەنها ستراکچەرە زمانییەکان ڕەگەزی بەشداربووی ئەم تەکنیکە نین، بەڵکو نازمانییەکانیش هاوشێوەی زمانییەکان ڕەگەزی بەشداربوون هەروەك (بەکارهێنانی ئاماژە ، باری ڕوخسار، جووڵە جەستەییەکان). کەواتە زمانی جەستە گرنگی خۆی هەیە لە گەیاندنی واتادا وەك ئەوەی ، کە " زمانی قسەکردن پێچەوانە دەکاتەوە، ئەگەر حاڵەتی قسەکردنەکە (وشەکان) هاوڕێك نەبوو لەگەڵ واتای باری جەستەکەدا، ئەوا گومان دەکەوێتە ناو بارودۆخی قسەکردنەکەوە و کاریگەرییەکەشی لاواز دەبێت"[١] . بۆ نموونە: ئەگەر قسەکەر ستراکچەرێکی زمانی دەربڕێت ، کە گوزارشتکردن بێت لە واتای هێورکردنەوە ، لەگەڵ ئەم دەربڕینەدا باری ڕوخساری شێوە گرژبوون و هەڵچوون لە قسەکەردا ڕەنگبداتەوە ئەمەش دەبێتە دژ وەستان و یەکنەگرتنەوەی واتای گوتراوەکە ، بۆیە دەرکەوتنی ئەم بارە ڕوخسارییانە بەپێی باری دەربڕین واتا و مەبەستێك دەگەیەنێت ، کە جیاوازە لەو واتا و مەبەستەی لە بارێکی دییکەدا گەیاندوویەتی ، بۆ نموونە: " لە زۆر باردا دەرکەوتنی زەردەخەنە لەسەر ڕوخسارماندا بە تەنها هێمایەك نییە بۆ گاڵتەکردن/ دەربڕینی هەستی خۆشی ، بەڵکو دەگونجێت بۆ گەیاندنی واتای : پاساو هێنانەوە، هێمایەك بێت بۆ بەرگریکردن / بیانووگرتن بێت" [٢]، ئەمەش لە لایەن ( ئیرڤین گۆفمان ) بە ( Wear Mask ) ناوبراوە. بۆ نموونە :" کاتێك پاسەکە لەپڕ وەستا ، من یەکسەر بەر ئەو کەوتم، بۆیە زەردەخەنەیەکم بۆ خستە سەر لێوەکانم، کە دەیوت : ببورە نەمویست ئازارت بدەم ، داوای لێبورد دەکەم! " * . لێکۆڵینەوە و گرنگیدان بە زمانی جەستە یەکێکە لەو بابەتانەی، کە زانایانی زمانی کۆمەڵایەتی توێژینەوەیان لەسەر کۆمەڵێك ئاماژە ** و هەندێك جووڵەی جەستەیی کردووە ، کە بۆ دەربڕینی واتایەکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت ، بەکارهێنانی هەریەك لەم جووڵانە لە هەر بارێکدا گرنگی خۆی دەردەخات.

## ٢ / ٤ _ ١) گرنگی زمانی جەستە لە هێورکردنەوەدا :

بەکارهێنانی هێما و ئاماژەکان لە بەکارهێنان و گەیاندنی واتا و دەربڕیندا ، لە کلتوورێکەوە بۆ

---

[١] شنە ئەبوبەکر ئەحمەد (٢٠٠٨: ٣٢ ).

[٢] Julius Fast: (1971: 65)

* واتای ئەم بارە ڕوخسارییانە بەرامبەر بە دەربڕینی ستراکچەرێکی زمانیی وە ك ئەم نموونەیە دەوەستێتەوە:
I am thrown against someone in a bus , but a sudden stop , and my smile says: I did not intend to hurt you , I beg your pardon. (سەرچاوەی پێشوو (65 :1971) .

** لە کۆمەڵگای وەك ئوستورالیدا قەشە مەسیحییەکان ڕەفتاری بێدەنگبوونیان لەباری قسەکردندا پێڕەو کردووە ، بە واتای پەیوەندییەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانی ئیشارەت و جەستەوە بووە و دەربڕینی وشە بە ڕەفتارێکی نادروستیان زانیوە. ( هادی نهر: ١٩٩٨: ١٥٣ ).

کلتورێکی دییکە جیاوازن ، چونکە ڕێکەوتنی باو و ڕۆیشتووی کۆمەڵی لەسەرە و لەگەڵ ئەوەشدا "هێما جێگرەوەی ستراکچەرێکی قسەیە و بەکاردەهێنرێت لە جێگەی دەربڕینی قسەدا، لە کاتێکدا بەکارهێنانی ئاماژەکان لەگەڵ قسەکردنی قسەکەردایە"[١]، گرنگی ئەمانەش لە واتاکانیاندا زۆرتر دەردەکەوێت ، بۆ نموونە: " بەکارهێنانی ئاماژەی بەرزکردنەوەی پەنجە گەورەی دەست بە ئاڕاستەی سەرەوە لەلایەن فرۆشیارێکەوە بەرامبەر بە کڕیار (گوێگر) ، گەیاندنی واتای ئارامی و تەواوکردنی مامەڵەی کڕینی نێوانیانە ، بەڵام ئەگەر کاردانەوەی گوێگر دەربڕینی ئاماژەی پەنجەکانی دەست بە شێوەی داخراو (بۆکسلێدان ) و دانانی هەردووباڵ بە کۆکراوەیی لەسەر سنگ ، باری ڕوخساریشی کراوەو شارەزاییانە بوو"[٢]، ئەوا دەبێتە کاردانەوەی برپارێکی واتا نێگەتیڤ بۆ مامەڵەکەی نێوانیان، بۆیە بە مەبەستی هێورکردنەوەی ئەم کاردانەوەیە پێویستە " فرۆشیار جارێکی تر لەڕێگەی دەربڕینی گوتراوێکی زمانییەوە قسە لەسەر نرخی کاڵاکە و پرسیار ئاڕاستەکردن لە کڕیار دووبارەبکاتەوە"[٣]، کەواتە بەکارهێنانی ئەم ئاماژە و حاڵەتانە " کۆمەڵ پەسەندیکردوون و مرۆڤیش بۆ لەیەکترگەیشتن بەکاریان دەهێنێت ، کە ئەوانەن ناوابەستە لە زماندا هەن، بۆ نموونە : جەستە، سیما، دەموچاو...هتد، گفتوگۆکردن و لەیەکگەیشتن دەتوانێت تەنها ئەم هێما نادەمییانە سەربگرێت ، کە لەگەڵ ئاخاوتن و گفتوگۆکردنی دەمییدا دێن و هیچ پەیوەندییەکی زمانیی نێوان دوو کەس بەبێ بەکارهێنانی جەستە و سیما و دەموچاو سەرناگرێت و بیری لێناکرێتەوە و نییە" [٤]. لێرەدا جگە لەم نموونەیە ، ئاماژە بەچەند نموونەی تریش دراوە ، کە بەکارهێنانی ستراکچەرە نازمانییەکان ڕۆڵدەگێڕن لە هێورکردنەوەی وەك (ترس، گریان، تووڕەبوون) ، ئەمانەن :

### أ. گرنگی بەکارهێنانی ئاماژەکان لە هێورکردنەوەدا :

دەرخستن/ بەرزکردنەوەی ڕووی لەپی دەست ئاماژەن بۆ واتای پۆزەتیڤ بەرامبەر بە گوێگر ، کە " یارمەتیدەرە بۆ هێورکردنەوە لە هەندێك زانیاری نادروست ، کە دەگونجێت بگوترێن / هانبدرێن کە زیاتر لەو بارەدا ڕاشکاوانە بن بەرامبەر بە قسەکەر"[٥]، واتایەکیشە بۆ دڵنیابوون و متمانەکردن بەرامبەر بە هەر کردە و جووڵە / دەربڕاوێکی زمانیی قسەکەر، وەك لەو بارە ئاڵۆزەی ، کە قسەکەر دەیەوێت پەیامێکی واتا هێورکەرەوە و بەرجەستەکردنی متمانە بگەیەنێت وەك ئەوەی بگوترێت :

٤٦. من ئەم کارەم <u>نەکردبوو!</u> <u>داوای لێبوردن دەکەم</u>، ئەگەر من تۆم شڵەژاندبێت [٦].

---

١. George Yule (2006: 172).

٢. Allan Pease ( 1981: 61).

٣. سەرچاوەی پێشوو.

٤. محەمەدی مەحویی: بەرگی یەکەم (٢٠٠٩: ٥٥).

٥. Allan Pease ( 2004 : 35) .

٦. سەرچاوەی پێشوو (2004: 33)

لەدەربڕینی ئەمستراکچەرەدا بەهۆی بەکارهێنانی کرداری (نەکردبوو) و ستراکچەری پۆزشهێنانەوە لە کردەی وروژاندن و شڵەژاندنی باری دەروونی گوێگردا ، هێورکردنەوە بەرجەستە دەبێت زیاتر لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئاماژەی خستنە ڕووی هەردوو لەپی دەستی قسەکەر . جگە لە بەکارهێنانی ئەم ئاماژەیە سێ شێوە ئاماژەی دیکەش لە هێور گەیاندنی کردەی فەرماندا گرنگی خۆیان دەگێڕن ، کە ئەم کردەیە کردەیەکی واتا توندە بە بەراورد لە کردەی داواکردن Request ، کە واتایەکی پۆزەتیڤ و نەرمتری هەیە، ڕەنگدانەوەی ئەم واتا توندییەش لە بەکارهێنانی ئەم ئاماژانەدا ڕەنگیداوەتەوە ، کە ئاماژەکانیش ئەمانەن: ( دەرخستنی ڕووی لەپی دەست بەشێوەی کەمێك بەرزکراو palm up * ، داخستنی ڕووی لەپی دەست Palm down** ، داخستنی ڕووی لەپ و ئاماژەدان بە پەنجەی شەهادە -Palm closed Finger pointed) بۆ نموونە:

٤٧. دەتوانیت لە ئەمڕۆوە ئەم کارانە بکەیت. ( داواکردنە / هێوری دەربڕینە)



٤٨. ئەم کارانەم بۆ بکە . ( بە هەمان ئاماژە دەربڕین ) ( فەرماندانە/ کەمێك هێورە COLD)



٤٩. دەبێت ئەم کارانە بکەیت. ( فەرماندانە/ HOT)



٥٠. زوو ئەم کارانەم بۆ بکە. ( فەرماندانە HOT)

---

* سەرنج لەو کەسانە بدە ، کە لەسەر شەقامەکان سواڵدەکەن ئاماژەی دەستیان Palm up بەرامبەر بە گوێگران بە مەبەستی واتای خۆبەدەستەوەدان و دووربوونیان لە ڕەفتاری شەڕەنگێزی و توندیی ، هەروەها لە بۆنەی کۆمەڵایەتی وەك پێشوازیکردن لە میوان ( گوێگر) ڕەنگدانەوەی ئەم ڕەفتارە لەلایەن قسەکەرەوە بە واتای ( ڕێزلێگرتن ) ئەم جووڵەیە بەرجەستە دەکات .

** Palm down شێوە ڕاستەوخۆ گەیاندنی واتای فەرماندان و ڕەنگدانەوەی هەستکردن بە ڕەفتاری دوژمنانە و بە دەسەڵاتداریّتی بەرامبەر بە خەڵکی تر ، کە هاوکات (ئەدۆلف هیتلەر) سەرۆکی ئەڵمانیا لە بارودۆخی سڵاوکردندا ئەم شێوە ئاماژەیەی بەکارهێناوە بە واتای بەتوانابوون و زاڵبوونی بەسەر هێزی ستەمکاری لەو سەردەمەیدا .(37 : 2004 ): Allan Pease

پێڕەو کردنی ئاماژەی خستنەڕووی لەپی دەست Palm up لەزمانی جەستەدا ، دروستکردنی کاریگەری واتای پۆزەتیڤە ئەگەرچی لە کردەی فەرماندانداا / دروستبوونی کێشە و گرفت بێت ، کەواتە ڕەفتارێکی هێوری قسەکەرە بۆ گوێگر . جگە لەم ئاماژانە ، سێ شێوە ئاماژەی دییکە بەدیکراوە بە واتای دڵنیابوون و جێگیرکردنی باری ئارامیی دەروونیی گوێگر بە تایبەتی لەشوێنی کارکردنی وەك فەرمانگەکاندا بۆ دروستکردنی کەشێکی هێور و هێمنانە ، ئەگەرچی واتای هەریەکێك لەم ئاماژانە لە کلتوورێکەوە بۆ کلتوورێکی تر دەگۆڕێت ، ئاماژەکانیش ئەمانەن:



Ok / Good



Ok

بەکارهێنانی ئەم دوو ئاماژەیە پێکەوە لە باری کارکردندا لە لایەن قسەکەر و گوێگر واتای ستراکچەری: ( ٥١ . ئارام بە ، هەموو شتێك باشە.) دەگەیەنێت.



Ok (*)

جگە لەم ئاماژانە، لە زۆربەی کلتوورەکاندا واتای جوڵاندنی سەر بە ئاڕاستەی خوارەوە (نزمکردنەوەی ئاماژەی سەر) چەمکێکی نێگەتیڤە، کە پێویستە ئەو ڕەفتارە بگۆڕرێت ، بەکارهێنانی ئەم ئاماژەیە زۆرجار لەگەڵ بەکارهێنانی جوڵاندنی لێو وەك شێوەی گازگرتن لە لێو / داخستنی هەردوو چاو لەگەڵ نزمکردنەوەی سەر / بەکارهێنانی ئاماژەکردن بە پەنجە palm closed – finger pointing بە واتای نەکردنی ئەو کردارە / وەستاندنی بە مەبەستی پاراستنی هێوری بارودۆخەکە / دوورخستنەوەی بارودۆخ لە بارێکی وروژاندن دەگەیەنێت .

* لە کلتووری وەك ئیتاڵیادا ، واتای ئەم ئاماژەیە بریتییە لە پاراستن دژی واتای کردەی چاوتێبڕینی نێگەتیڤانە / لە ئەمریکادا بە واتای خۆ پاراستن لە بەختی خراپ دێت ( Allan Pease : 2004: 110).

## ب. گرنگی بەکارهێنانی باری جەستە لە هێورکردنەوەدا :

بەکارهێنانی باری جەستە لەهەر دەوروبەرێکی قسەکردندا پەیوەستە بەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی نێوان قسەکەر و گوێگر ( نزیکبوون/ دووربوون ) لەیەکتر لەو پەیوەندییەدا ، هەروەها پلە و پایەی کۆمەڵایەتی کەسەکانیش کاریگەرییان هەیە لەسەر چەندێتی بەکارهێنانی ئەم بارانە لە قسەکردندا، هەر بۆیە " بەرزی و نزمی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی لە پلەکانی ئاخاوتندا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت" [١] ، کە ئەمەش لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتییدا گرنگی پێدراوە ، لەگەڵ ئەمەشدا چۆنیەتی شێوازی وەستان و دانیشتن و داگیرکردنی هەرێمی کەسەکانیش جێگەی گرنگیپێدانن لەو پەیوەندییەی نێوانیاندا ، چونکە هەر تاکێك لەباری وەستان / دانیشتندا هەرێمێکی تایبەت بەخۆی هەیە ئەگەرچی ئەو پەیوەندییە دوور/ نزیك بێت. چونکە لە ڕووی تێڕوانینی دەروونی و کۆمەڵێشەوە هەتا هەرێمی ناوچەی کەسەکان فراوان بێت کەشێکی هێور و ئارام لەخۆدەگرێت ، هەروەك لەم بارودۆخانەدا:

أ. لە بارودۆخی خۆپیشاندانی جەماوەرییدا بۆ ئەو ئامانجەی دەیانەوێت بەدەستی بهێنن ، پەیوەندی کۆبوونەوەی نێوان تاکەکان لەکاتی وەستاندا دوورە لەیەکتر ، بەڵام ماوەی هەرێمی هەریەکێکیان لەیەکترەوە تەواو چڕ و نزیکە ، بۆیە ئەم جووڵە و داگیرکاریی هەرێمی وەستاندنە واتایەکی نێگەتیڤی شێوە هەڕەشەی لەخۆ گرتووە ، پۆلیس ڕەفتارێك لەو دەوروبەرەدا دەگەیەنێت ، کە بوار دەدات بە هەر تاکێك و بڵاویان دەکاتەوە بە مەبەستی پێدانی هەرێمی خۆی و دامرکاندنەوەی دۆخەکە .

ب. ئەم شێوە داگیرکردنی هەرێمە واتاکەی لەنێوان ڕەگەزەکاندا تەنانەت لەکلتورەکانیشدا جیاوازن ، بۆ نموونە: ئەگەر قسەکەرێکی ڕەگەز نێر لەکاتی قسەکردندا هەرێمی وەستانی گوێگرێکی ڕەگەز مێ داگیربکات ، ئەوا کاریگەرییەکی نێگەتیڤانە لە هەستی گوێگردا ڕەنگدەداتەوە تەنانەت لەڕووی تێڕوانینی کۆمەڵگاشەوە ئەگەرچی پەیوەندی نێوان هەردوو ڕەگەزەکە نزیك بێت [*] .

پ.کەسی تاوانبار لەهۆڵی دادگاییکردندا ، هەرێمی وەستانی کەمە هەروەك ئەو هەرێمە تەسك و کەمەی، کە پۆلیسی لێکۆڵینەوە لە کاتی لێپرسینەوەدا بۆی تەرخانکردووە (لەسەر کورسییەکی جێگیر نەك سوڕاوە)، ئەمەش کاریگەرییەکی نێگەتیڤ لەلای تاوانبار دروستدەکات و هانیدەدات هەڵوێستی دروست و دانپێدانان بخاتە ڕوو بە مەبەستی زوو ڕزگاربوون لەو هەرێمە کەمەدا .

ت. هەرێمی وەستاندنی نێوان دوو کەس وا گونجاوترە شێوەی سێگۆشەیی بێت و ئاڕاستەی قاچیان بەشێوەی کراوە و وەستانی هەردوو باڵ بەشێوەی کراوە بێت ئەمەش دەبێتە دروستکردنی

---

[١] هێمن عەبدولحەمید شەمس (٢٠٠٦: ٤٣).

[*] تێڕوانینی ڕەگەزی مێ بۆ ئەم شێوە وەستانە لەلایەن ڕەگەزی نێرەوە بە واتای جووڵەی نێگەتیف لێکدەداتەوە، ئەمەش لەکۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی و هەندێك لە کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی وەك دانیمارکی دا هەمان تێڕوانینە. ( Allan Pease: 1981: 39).

هەرێمێکی پۆزەتیڤانە بۆ گوێگری تر کاتێك بیەوێت بێتە ناو هەرێمی گفتوگۆکردنەوە ، بۆیە "وەستانی قسەکەر بە شێوەی سێگۆشەی کراوە ڕێگە خۆشکەرە بۆ کۆبوونەوەیەکی ئارام و هێور / بۆ مەبەستی ئامۆژگارییکردن" [١]. هەندێکجار لەم هەرێمانەدا بەربەستێك بەدیدەکرێت وەك دانانی مێز لەنێوان قسەکەر و گوێگردا ، کە دەبێتە کاریگەرییەکی نێگەتیڤانە، بەڵام تەنها لەنێوان پزیشك و نەخۆشدا هەبوونی ئەم بەربەستە واتایەکی هێوری دەبەخشێت بە دەروونی گوێگر ( نەخۆش ) . جگە لە بەربەستی وەکو مێز ، لە هەندێك شوێندا بەربەستی وەك هەبوونی (پەنجەرە) ئامرازێکە بۆ بێزارکردن و نائارامی گوێگر بە تایبەتی لەو دامودەزگایانەی ، کە مامەڵەکردن بە شێوەی نۆرەگرتن و وەستان لەپشت پەنجەرەیەکەوە / نێوان خۆی و کارمەندەکەدا ، ئەم شێوە وەستاندنە دەبێتە تەسك بوون و کەمکردنەوەی هەرێمی تاکەکان، کەواتە بۆ هێورکردنی ئەم بارودۆخانە پێویستە بەربەستەکان کەمتر بکرێن/ نەهێڵرێن ، هەرێمێکی فراوان بۆ دانیشتنی گوێگر ( ئەو کەسانەی مامەڵەدەکەن ) دروستبکرێت / ئەو هەرێمی وەستاندن و نۆرەگرتنی وەستانە کەمتر بکرێتەوە.

## پ. گرنگی بەکارهێنانی باری ڕووخسار لە هێورکردنەوەدا :

"خودی سیماکانی ڕووخسار سەرچاوەی زانیارییە و هاوشانی ئاخاوتنی مرۆڤە" [٢] ، بە واتا ئامرازێکە بۆ گەیاندنی واتای نێگەتیڤ/ پۆزەتیڤ لەو بارەی کە تێیدا دەردەکەوێت لە بارەکانی وەك : (خۆشەویستی، گەشبینی، ڕقلێبوونەوە، پاشگەزبوونەوە، بێهیوابوون، ملکەچبوون، ترس) ، کە دەگونجێت هەندێك شێوەی گوزارشتکردن لە هەر یەکێك لەم حاڵەتانە لەکلتوورەکاندا نزیکبن ، لەگەڵ ئەوەی کە دەرکەوتنی " باری ڕووخسار face لەناو پراگماتیکدا بریتییە لە وێنەی گشتی خودی خۆت، گوزارشتە لە هەستەکان و سێنسی کۆمەڵگادا ، کە هەر یەکێك لە تاکەکان دەتوانێت حاڵەتەکان بناسێتەوە"[٣]، بۆیە لە دەربڕینی کردەی قسەیی ڕاستەوخۆدا ڕوخساری شێوەیەکی هەڵچوونی نێگەتیڤی پێوە دیار ببێت وەك ئەوەی ، کە توانای پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە کەسەکانی دییکەوە زۆرتر بێت ، بۆ نموونە:

٥٢. ئەو کلیلانەم بدەرێ. ( کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ/ فەرماندان ) لەگەڵ دەربڕینی ئەم ستراکچەرەدا دەرکەوتنی حاڵەتی ڕوخساریش شێوە توندی و زاڵبوونە (Face – threatening act) .

٥٣. دەتوانیت ئەو کلیلانەم بدەیتێ . ( کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ/ داواکردن ) حاڵەتی ڕوخساری قسەکەر لەم بارەدا جێگیرە (Face-saving act) ، واتا " دەرکەوتنی سیماکانی ڕوخساری نێگەتیڤ گەیاندنی واتای خراپ نییە بەڵکو بە پێچەوانەوە واتای پۆزەتیڤە ، کە دەیەوێت سەربەخۆبێت لەو بارەی

---

١. Allan Pease: (2004: 176).

٢. شنە ئەبوبەکرئەحمەد (٢٠٠٨: ٦٤).

٣. George Yule:( 2006: 119).

بەسەریدا سەپێنراوە، بارەکانی ڕوخساری پۆزەتیڤیش واتای پێویستبوون بە کۆنێکتبوونە تا ببێتە ئەندامێك لەناو ئەو گروپەی، کە دەیەوێت"[1]، هەندێکجار لە بارودۆخێکی تردا دەرکەوتنی هەندێك لەو بارە ڕوخساریانە دەبێتە جێگەی توانج لەلای کۆمەڵگا ، کە ڕێژەی زۆرتر دەرکەوتنی هەریەکێك لەم بارانە لە ڕەگەزێکەوە بۆ ڕەگەزێکی تر دەگۆڕێت ، بۆ نموونە: لە ڕەگەزی (مێ) دا زۆرتر حاڵەتی ڕوخساری پێکەنین / گریان دەردەکەوێت بەبەراورد لە ڕەگەزی (نێر) [*] ، بەڵام دەروونناسەکان باوەڕیان وایە دەرکەوتنی حاڵەتی ڕوخساری وەك زەردەخەنە لە باری هەڵچوونی کەسێکی تردا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی درك و زانین و ئاگایی هەستی گوێگری تووڕەبوو هاوسەنگ دەکاتەوە، کەواتە کەسی زەردەخەنەکەر دەورێکی گرنگ دەبینێت لە گۆڕینی باردا بۆ کەسی زەردەخەنە بۆکراو (گوێگر)، بەڵام دەگونجێت قسەکەر چەند شێوە زەردەخەنەیەکی هەبێت، بۆ ئەمەش دەبێت گوێگر بە ئاگاییەوە لە واتاکەی تێبگات . بۆ نموونە لە بارودۆخێکی وروژاوی وەك لە کاتی خۆپیشاندانادا دژ داگیرکار چەند وێنەیەکی زەردەخەنە بە واتای سووککردنی ڕژێم/ داگیرکار ئاراستە دەکرێت ، کە بارێکی هێوربوون و متمانەیی و توانای بەرەنگاربوونەوە لەنێوان تاکەکاندا بەرجەستە دەبێت . کەواتە ئەم دەرکەوتەی زەردەخەنەیە ئامرازێکی هێورکەرەوەیە بەرامبەر بە دەرکەوتەی حاڵەتە نێگەتیڤەکانی وەك ( ترس، گریان، تووڕەبوون)، لەگەڵ ئەوەشدا لە توێژینەوەکانی (مارڤین هیتچ) و (ماریانا لا فرێنس) ئاشکرایان کردووە دەرکەوتەی حاڵەتی زەردەخەنە بە مەبەستی زاڵبوون / ملکەچکردنی گوێگر لە پەیوەندی ئاشنا/ نائاشناییدا بەکاردەهێنرێت)[**] .

## ت.گرنگی بەکارهێنانی زمانی چاو لە هێورکردنەوەدا :

چاو هەروەك ئەندامەکانی دییکەی جەستە ئامرازێکە بۆ گوزارشتکردن لە هەستە هەمەجۆرەکانی مرۆڤـ ، بە واتای قسەکەر و گوێگر دەتوانن لەڕێگەی ئاماژەی چاویانەوە هەستیان دەربڕن، چونکە کاریگەریی چاو زۆرتر و وردترە بەبەراورد لەکاریگەری ئاماژەکانی دییکە، لەگەڵ ئەوەشدا " جووڵەی برژانگ و چاوەکان لەنێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێدا واتاکەیان جیاوازە ، کە واتای ئەم ئاماژانە بەستراوە بەو بارە کۆمەڵایەتیی و پلەی شارستانی و چین و ژینگەیەی کە تێیدان"[2] .

---

[1]. George Yule (2006:120)

[*] لە کۆمەڵگای خۆرهەڵاتیدا ڕەنگدانەوەی هەردوو شێوەی حاڵەتی ڕوخساری پێکەنین و گریان لەڕەگەزی نێردا بە ڕێژەی زیاتر لە ڕەگەزی مێ، بە ڕەفتارێکی نادروست دادەنرێت وەك ئەوەی کە وتراوە : گریان بۆ پیاو ڕەفتارێکی جوان نییە . ئەمەش لەبەرئەوەی ڕەگەزی نێر زیاتر هەست بە گەورەیی و هەبوونی دەسەڵاتی خۆی لەناو کۆمەڵدا دەکات ( شنە ئەبوبەکر ئەحمەد: ٢٠٠٨: ٦٩).

[**] قسەکەر دەتوانێت سێ جۆر زەردەخەنە لە ڕوخسارییدا بە پێی ئەو بارەی ، کە خۆی و گوێگری تێدایە دەربخات هەروەك :١. زەردەخەنەی هەستپێکراو ٢. زەردەخەنەی بێهیوایی ( ئاماژەیە بۆ ئارامبوونەوەی هەستی تەنگژە و ئاڵۆزی تاکە کەسێك لەو بارەی کە تێیدا بێهیوایە). ٣. زەردەخەنەی ساختە . بڕوانە : ( Allan Pease: 1981: 218).

[2]. هادی نهر (١٩٨٨: ١٥٥).

یەکێك لەو ئاماژانەی گوێگر دەخاتە گومانەوە داپۆشینی چاوە بە چاویلکەی ڕەش ، چونکە گوێگر وێنای نێگەتیڤی وەك چاوتێبڕین لێکدەداتەوە ، کە ئەم جووڵەیە لە زۆربەی کلتوورەکاندا واتای شەڕکردنی کەسەکان دێت، کە بەرامبەر بەیەکتر بەکاریدەهێنن ئەگەرچی چاوتێبڕینەکە لە نێوان ڕەگەزی نێر بۆ نێر/ نێر بۆ مێ / مێ بۆ مێ دا بێت ، بەمەش شێوەی چاوی کەسی گوێگر دەگۆڕێت بەرامبەر بەو ئاماژەیە ، کە "بیلبیلەی چاوەکان گەورە و بچووك دەبن هەر بۆیە کەسی تووڕەبوو چاوەکانی بچووك دەبن وەك ئەوەی ، کە ناسراوە بە چاوی مورو" [١]. کەواتە دەبێت لەم بارودۆخە وروژاوەدا کەسی هەڵنەچوو بەرامبەر بە کەسی هەڵچوو ڕوانینی پراکتیکی پێڕەو بکات ، چونکە ئەم شێوە ڕوانینە " ڕوانینێکی گونجاوە بۆ بەکارهێنان و دروستکردنی کاریگەری پۆزەتیڤی بۆ کەسی بەرامبەر و ئەو هەستەی دەداتێ ، کە کەسی بەرامبەری ڕاستگۆیانە قسەی لەگەڵ دەکات" [٢]. خۆ ئەگەر بەرامبەر بە ڕوانینی چاوەکانی کەسی هەڵچوو ڕوانینی چاوی فەرامۆشبکرێت دەبێتە کاردانەوەیەکی نێگەتیڤی و بارودۆخەکە کەمتر هێوردەبێتەوە.

هەموو ئەو نموونانەی ، کە تیشکی خرایە سەر گرنگی ئەو ئاماژە و جووڵە جەستەییانە دەردەخات ، کە بۆ گەیاندنی کاریگەرییەکی پۆزەتیڤانەیە بۆ کەسی بەرامبەر و هێورکردنەوەی بارودۆخە وروژاوەکانی نێوان قسەکەر و گوێگرە.

## ٢ / ٤ _٢) پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی هێورکردنەوە لە زمانی جەستەدا :

### ١. پۆزەتیڤی هێورکردنەوە لە زمانی جەستەدا :

لەو دۆخەدا ڕەنگدەداتەوە ، کە تێگەیشتن لە واتای زمانی جەستە کەمتر تەمومژاوییە بە بەراورد لە تێگەیشتن لە ستراکچەرە زمانییەکان لەکاتی دەربڕیندا ، چونکە ئاشنایی و بە ئاگابوون لە واتای هەریەکێك لە جووڵە و ئاماژەکان لە کلتورێکەوە بۆ کلتورێکی تر ، کاردانەوەی پۆزەتیڤ لە هەستی گوێگردا دروستدەکات ، کە دەتوانرێت بەکارهێنانی ئەو ئاماژە و جوولانە ئاسانتر پێڕەو بکرێن  بە مەبەستی هێورکردنەوەی بارودۆخ ، لەگەڵ ئەوەی پەیوەندیی زمانیی لەگەڵ کەسی هەڵچوودا بەکارنەهێنرێت . بە واتای دەتوانرێت ئەم پەیوەندییە نازمانییانە بەکاربهێنرێت بەهۆی ئاشنایی لە بەکارهێنانیان دا ، دۆخەکە هێوردەکرێتەوە.

---

[١]. Allan Pease (1981: 134).

[٢]سەرچاوەی پێشوو .(139 :1981).

### ٢. نێگەتیڤی هێورکردنەوە لە زمانی جەستەدا :

هێورکردنەوە لە زمانی جەستەدا ئەگەرچی سەرکەوتووبێت لەو پرۆسەیەدا ، بەلاّم دەربڕینە دەمییەکان کاریگەرتر و سەرکەوتوترن ، چونکە لەگەڵ دەربڕینی ستراکچەری زمانییدا چەند ڕەگەزێك بەشداریدەکەن ، وەك : ئاوازە و تۆن ، کە کاریگەرییان زۆرترە لەو کاریگەرییەی ئاماژە نادەمییەکان دەیگەیەنن، بۆ نموونە: ئەگەر لەبارودۆخێکی قسەکردندا سێ کەس بەشداربن ، کەسی ٢ بیەوێت هەستی کەسی ١ بوروژێنێت کەسی ١ لەڕێگەی ئاماژەی چاوتێبڕین (چاو لێسوورکردنەوە) و گەستنی لێو ئاڕاستەی کەسی ٢ بکات بە مەبەستی قسە لەسەرنەکردنی ئەو بابەتەی کە کەسی ١ ئارەزووی ناکات ، هاوکات دەگونجێت کەسی ٣ بەم جوولّە و ئاماژانە کەمتر بەئاگابێت ، بەمەش کەسی ١ ڕزگاری دەبێت لە بەئاگابوونی کەسی ٣ بەرامبەر بەو زانیاریانەی کە کەسی ٢ دەیەوێت قسەی لێوەبکات ، بەمەش بارودۆخەکە ئاسایی دەبێتەوە لەڕێگەی ئەم کردە نادەمییانەی کە بەکارهێنران .

لە جێگەی بەکارهێنانی ئاماژە و جوولّە جەستەییەکان لە هەمان بارودۆخدا ، ئەگەر کەسی ١ ستراکچەری زمانیی بەکاربهێنێت بۆ ڕزگاربوون لەو بارودۆخە دەتوانێت:

١. ڕاستەوخۆ لە کاتی گفتوگۆکردندا بابەتەکە بگۆڕێت.
٢. بەکارهێنانی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ کەسی ٢ لێئاگاداربکرێتەوە بۆ قسەلێوەنەکردن لەو بابەتە، بۆ نموونە: ( با قسە لەسەر کۆمپانیاکەی کاك ئاسۆ نەکەین ، کێشەی ئێمە نییە ).
٣. لەگەڵ دەربڕینی ستراکچەرە زمانییەکەدا ، جوولّە/ ئاماژەیەکی نازمانیی بەکاربهێنرێت بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی کەسی ٢.

کەواتە پرۆسێسی هێورکردنەوە زۆرتر لە دەربڕینە زمانییەکاندا بە کاریگەرترە، ئەگەرچی تاکە ئاماژە/ جوولّەیەك دەتوانێت بە بێ بەکارهێنانی ستراکچەری زمانیی دۆخێکی وروژاو هێوربکاتەوە . چونکە " هەریەکێك لەو شێوە جوولاّنە بە تەنها جوولّەی بایلۆژیی نین ، بەلّکو سیستەمێکی زمانیشن ، کە ناتوانرێت لێیبکۆلّرێتەوە تەنها لە ڕێگەی ئەو چوارچێوە کۆمەلاّیەتییەکەوە دەتوانرێت ، کە تێیدایە"[١].

---

[١] عبده الراجحي (٢٠٠٤ : ٤٢ ).

## ٣/ ١ ) کەتیگۆری نیشانە پراگماتیکییەکان وەك ئامرازی هێورکردنەوە :

بە بۆچوونی Brucer Fraser (١٩٨٠):" درککردن بە دیاردەی هێورکردنەوە پێویستی بە ئەنجامدانی ڕەفتارێکە لەو کاتەی ، کە ئاخاوتن بە شێوەی نادروست بێت . بە واتای هێورکردنەوە تەنها ڕوودەدات ، کە قسەکەر بە ڕەفتارەوە کاربکات "[١]. بۆیە ئەو ڕەفتارانەی قسەکەر جێبەجێی دەکات دەرخستنی توانایە لە ئاڕاستەکردنی کاردانەوەکانی گوێگر بە شێوەی پۆزەتیڤ / نێگەتیڤ .

بەواتای بەکارهێنان و پێڕەوکردنی هەندێك نموونەی کەتیگۆری زمانیی، ڕێگەخۆشکەرە بۆ بەرهەمهێنانی پێکهاتەی ڕەوشتیی Polite Formulation لە دەربڕیندا ، کە (Fraser) جیاوازی لە بەکارهێنانی ئەم ئامرازانەدا کردووە [٢]:

## ٣ / ١ – ١ ) شێوەی ڕەنگدانەوەی ئامرازەکانی ڕەوشتیی polite Formulatiom لە دەربڕیندا :

### ١. بەکارهێنانی ناڕاستەوخۆیی لە کردەی قسەییدا :

لەم شێوە بەکارهێنانەدا دەربڕینەکانی قسەکەر کاریگەریی گوتن Perlocutionary Effect بەهێز دەکات ، بەتایبەتی لەو کردانەی ، کە ( داواکردن / فەرماندان ) لە جێبەجێکردنی ئەو کردارانەی ، کە دەبێت گوێگر لە کاتی گوتن / پاش گوتندا ڕایبپەڕێنێت . بۆ نموونە:

١.ئەگەر پەنجەرەکە دابخرێت ، ژوورەکە گەرمتر دەبێت . لەم ڕستە مەرجییەدا ( ڕۆنان ) کردەی داوالێکردن لە گوێگر خراوەتە ڕوو بە ناڕاستەوخۆیی ، کە بەرامبەر بە واتای فۆرمی شێوەی ڕاستەوخۆی ( پەنجەرەکە دابخە ) دەبێت لە کاتی گوتن / پاش گوتن.

### ٢. زانیاریی ناتایبەت بۆ قسەکەر / گوێگر :

بە مەبەستی ئاوێتەکردنی هێورکردنەوە لەو زانیارییانەی قسەکەر لە تەکنیکی ماوەی قسەکردندا پێشکەشی دەکات پەیوەست بە زانیارییە ناڕاستەوخۆکان ، هاوکات " قسەکەر دەبێتە ڕەگەزێکی خۆ دەرخەر ، بۆ پێکهێنانی مەبەستی داواکردنێك لەو ماوەیەی ، کە کردەکەی تێدا ڕادەپەڕێنێت " [٣].

بۆ نموونە لەو دۆخەی ، کە فڕۆکەوانێك چەند زانیارییەکی گشتی بۆ گەشتیارانی ناو فڕۆکەکە پێشکەشدەکات ، لەپێناوی جێبەجێکردنی ڕەفتارێکی نەرم بەرامبەر بە جێگیرکردنی باری هێوریی گەشتیاران لە گەشتەکەیاندا .

---

[١]. Henk Haverkate : ( 1992 : 505 )

[٢]سەرچاوەی پێشوو ( 506 : 1992)

[٣]سەرچاوەی پێشوو .

### ٣. کردەی جیابوونەوە Disclaimers :

گوزارشتکردن لە کردەی داواکردن بە یەکێك لە شێوەکانی ڕێنماییکردن لە کردەی قسەییدا / بە زبری دەربڕین ، کە فرایزەر لەم بارەدا پێڕەوی دوو چەشن بەکارهێنانی ناوەڕۆکی ڕستەی بە ئامرازەکانی (ئەگەر، هەتا) کردووە ، کە تێیدا ئەرکەکانی هێورکردنەوەی لە ئاماژەکردن بۆ گوێگر پێکدێت ، لەو کاتەی، کە قسەکەر دڵنیا نییە لە پەیوەستبوون بە ڕاپەڕاندنی ئەو کردە قسەییەوە ، کە دەریدەبڕێت . بۆ نموونە [*] :

٢. باش هەوڵبدە هەتا سەرکەوتوو بیت .

٣. سەرکەوتوو دەبیت ئەگەر باش هەوڵبدەیت .

### ٤. دەرکەوتنی کرداری ئیعترازی Parenthetical :

درککردن بە بیرێك لە کاتێکی درەنگدا لە مێشکی قسەکەردا ، کە تێیدا کاریگەریی هێورکردنەوە بەرهەمدێت ، کەتیگۆری ئەم جۆرە کردەیە ( هێورکردنەوە ) ڕوودەدات لە شوێنی سەرەتای ڕستە Initial Position / کۆتایی ڕستە Final Position . بۆ نموونە :

٤. أ. { Initial+ } = من هەستدەکەم ، کە پێویستم بە پارەی زۆرترە بۆ ئەم خانووە.

ب . { + Final } = کۆبوونەوەی ئەم مانگەی پەرلەمانی عێراق من بزانم / پێم وایە ، دوابخرێت .

### ٥. دەربڕینی ڕستەی پرسیاری ( کلکە پرسیار ) :

لەگەڵ دەربڕینی ئەم جۆری ڕستەیەدا ، بەرزکردنەوەی ئاوازەی دەنگ لە یەکێك لە ستراکچەرەکانی ئەم ڕستەیەدا ، گەیاندنی واتای هێورکردنەوەیە بۆ گوێگر ، چونکە بەکارهێنانی ڕستەی کلکە پرسیار بە شێوازێك میکانیزمی کارکردنی هێورکردنەوە دەخاتە ڕوو بۆ نەرمکردنی ئەو کاریگەرییەی ، کە لەبارێکی تری قسەکردندا بە زەبرەوە بە گوێگر ڕاگەیەنراوە . بۆ نموونە :

٥.أ. ئالان : چاوان لە ماڵەوە بوو ؟ ڕستەی پرسیاری سادە (HOT)

ب. .: چاوان لە ماڵەوە بوو ، وانییە ؟ ڕستەی پرسیاری ( کلکە پرسیار ، بەکارهێنانی ئاوازە ) (COLD ).

---

[*] ئەم شێوە کەتیگۆرییانە لە سەرچاوەی Henk Haverkate : 1992 وەرگیراوە .

### ٦. پەرژینکردن Hedge * :

ئەم دیاردە زمانییە : (شێوەیەکە بۆ باری پەشیمان بوونەوەی قسەکەر لە مەبەستی قسە ، لە پێناوی ڕەخساندنی پەنامەکی و پەنهانی مەبەستی گوتن) [١]. لەبەردەم دەربڕین و گەیاندنی واتا بنجیی فۆرمەکە بەهۆی بەکارهێنانی چەند فۆرمێکی وشەوە لەناو ئەو ستراکچەری ڕستەیەدا ، کە وەك پەرژینێك ڕۆڵدەگێڕن . بۆ نموونە :

٦.أ. ئالان : چاوانی هاوڕێت چۆنە ؟

ب. ژوان : ڕەنگە هەڵە بم ، بەڵام وا بزانم هەڵسوکەوتی لەگەڵماندا گۆڕاوە . {+ Initial }

کاردانەوەی گوێگر دەرخستنی مەبەستی ئەو زانیارییە هاوبەشەی نێوان خۆی و قسەکەرە ، چونکە لەم بارەدا قسەکەر هەواڵپرسین ناکات ، بەڵکو بەخشکەیی دەربڕینە لە پلە و ڕادەی پەیوەندیی نێوان ( ژوان ) و ( چاوان ) لە کاتی ئێستادا . بۆیە گوێگر لە وەڵامدانەوەیدا چەند وشەیەك دەکاتە پەرژینێك وەك فرێزی کرداری ( ڕەنگە هەڵەبم + وا دەزانم ) ، کە شیکردنەوەی ئەم کۆدانە لەلایەن قسەکەرەوە پەیوەستە بە زانیاری هاوبەشی نێوانیان دەربارەی ئەو بابەتەی قسەی لەسەر دەکەن . بەکارهێنانی ئەم شەش کەتیگۆرییە زمانییە پەیوەست بە بەشداریکردنی نیشانە پراگماتیکییەکان لەناو پێکهاتەی ئەم کەتیگۆرییانەدا ئەوە دەگەیەنێت ، کە ئەم نیشانانە ئامرازێکن بۆ زۆرتر و باشتر تێگەیشتنی قسەکەر و گوێگر لە مەبەستی قسەکانی پرۆسەی پەیوەندییکردن و چەندێتی گەیاندنی ئەو مەبەستانە ، لەگەڵ ئەوەی ئەم نیشانانە " ئەو فۆرمە زمانییە تەمومژاوییانەن ، کە ئاماژە بۆ کەس ، کات ، شوێن ، پلەوپایە...هتد ، دەکات و زمان و دەوروبەر پێکەوە دەبەستێتەوە ، هەریەك لەم نیشانانە پێڕەوی ئاماژەکردن پێکدەهێنن و لە ڕێزماندا ڕەنگدەدەنەوە " [٢]. جگە لەمە ، گرنگی ئەم نیشانانە لە بواری پڕاگماتیکدا ئەگەرچی نیشانە سیمانتیکییەکان** جیاوازن لەم نیشانانە ، بە گۆڕینی دەوروبەری قسەکردن واتاکانیان دەگۆڕێت. قسەکردن لەسەر نیشانە پڕاگماتیکییەکان بەپێی ئەو پۆلێنکارییەی ( فیلمۆر ١٩٧٥ ) کردوویەتی بەم جۆرە پۆلێنکراوە [٣] :

#### ١. نیشانە کەسییەکان :

لە هەندێك زماندا ئەم نیشانانە ، کە ئاماژەن بۆ بەشداربوون لە قسەکردن بە ڕەچاوکردنی جۆری ڕەگەزەکان ( +مێ ، +نێر ) جیاکراونەتەوە، بەڵام لە زمانی کوردییدا جیاکردنەوەی نیشانەکان بەمجۆرە

---

* بەکارهێنانی زاراوەی Hedge پەرژینکردن لەلایەن ( لاکۆف ـ ١٩٧٢ ) بووە ، لەگەڵ ئەوەی پەیوەست بووە بە کار ولێکۆڵینەوەکانی ( Fraser ) هوە . بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەم تیۆرە ، بڕوانە :
Brucer Fraser ( Pragmatic Competence: The Case Of Hedge : 2010 ) . و George Yule(1996:9)

[١] ئاڤێستا کەمال مەحمود : ( ٢٠٠٦ : ٨٣ ) .

[٢] سەرچاوەی پێشوو : ( ٢٠٠٦ : ٨٤ ) .

** لەم بارەیەوە بڕوانە : عەبدولواحید موشیر دزەیی : ( ٢٠١١ : ٩٦ — ٩٨ ) .

[٣] عەبدولواحید موشیر دزەیی : ( ٢٠١١ : ٩٥ ) .

دەستنیشان نەکراون ، تەنها لە دۆخی بانگکردندا مۆرفیمەکانی : ( ە = نێر ، یَ = میَ ) دیاریکراون.
لە زمانی کوردیدا نیشانە کەسییەکانیش ئەمانەی لەخۆ گرتووە :

( + یەکەمی تاك ) من – ئێمە ( + یەکەمی کۆ ) ⟷ قسەکەر

( + دووهەمی تاك ) تۆ – ئێوە ( + دووهەمی کۆ ) ⟷ گوێگر

( + سێهەمی تاك ) ئەو – ئەوان ( + سێهەمی کۆ ) ⟷ قسەلێوەکراو

لەم بارەیەوە ( شیکردنەوەی کاریگەرییەکانی هێورکردنەوەی سەرەکی ، بەهۆی بەکارهێنانی نیشانە ڕێژەییەکانی کۆ بەرجەستەدەبێت و ڕێژەیەکی مامناوەند بۆ نەرمکردنی فۆرمەکان لە ڕەوشتی دەربڕینی زمانییدا پێشکەشدەکات) [١]. کەواتە دەبێتە تەکنیکێکی ستراتیژی ، کە قسەکەر بە ئامانجی خۆ دوورگرتن لە کردەی سەپاندن و زبری مەبەستی قسەکان بۆ گوێگر پێڕەویدەکات ، بە واتای قسەکەر بەکارهێنانی نیشانەکانی کۆ[*] پەیوەست بە دەربڕاو و ستراکچەرە زمانییەکان پێڕەوبەندانە دەکات :

بەکارهێنانی نیشانەی کۆ ( ئێمە ) ≤ نیشانەی تاك ( من ) .

بەکارهێنانی نیشانەی کۆ ( ئێوە ) ≤ نیشانەی تاك ( تۆ ) .

بەکارهێنانی نیشانەی کۆ ( ئێمە ) لە دەربڕینەکانی پەیوەندییە قسەییەکانی نێوان پزیشك و نەخۆش ، مامۆستا و خوێندکار ، دایکوباوك و منداڵ ) بەدیدەکرێن ، کە کردەی کاریگەری هێورکردنەوە لەو گوتراوانە بەهێزتر دەکات . بۆ نموونە :

٧. أ. بەیانی ئێمە شیکاری ڕاهێنانەکان لەناو پۆلدا دەکەین .

بەکارهێنانی ئەم نیشانە کۆیە جەخت خستنەسەر تەنها چەند خوێندکارێك نییە بۆ ئەم کارە،بەڵکو دەرخستنی بەشداریکردنی کۆی هەموو خوێندکارەکانە بە هاوکاریکردنی قسەکەر ( مامۆستا ) .

ب. بەیانی ئێوە شیکاری ڕاهێنانەکان لەناو پۆلدا دەکەن .

دەربڕینی هەمان گوتراو بەڵام بە بەشداریکردنی فۆرمی نیشانەی کەسی دووهەمی کۆ ( ئێوە ) کاریگەریی هێورکردنەوە تێیدا کەمترە ، چونکە قسەکەر لەم دەوروبەری قسەکردنەدا بەشداریکردنی خودی خۆی لەگەڵ گوێگراندا بۆ شیکاری ڕاهێنانەکان ڕەتدەکاتەوە ، بەمەش زبریی / توندییەك لە دەربڕینی گوتراوەکەیدا بۆ گوێگران بەرجەستە دەکات .

---

١. Henk Haverkate ( 1992 : 517 )

[*] بە بۆچوونی محەمەدی مەحویی : ئەو کەسانەی تێناگەن زمانی خۆیان لەگەڵ هاودەمی جیاوازدا بگونجێنن ، کەسێك کە ئەزموونی کۆمەڵایەتی تەواوی هەیە / تۆ / لەبری / ئێوە / بەکاردەهێنێت ، لە هاودەم نرخاندنەکەیدا ئاماژە بەوە دەدات ، کە هاودەمەکەی بە سووك دادەنێت . ( ٢٠٠٩ : ٨٤ ) .

٨. أ. ئێستا کاتی ئێمەیە بۆ وەرگرتنی چارەسەری نەخۆشییەکەمان . ( پزیشك بۆ نەخۆش شێوەیەکە لە بە نەرمی جولاّنەوە Mitigating Device ) .

ب. ئێستا کاتی تۆیە بۆ وەرگرتنی چارەسەری نەخۆشییەکەت . ( پلەی نەرمی تێدا کەمترە )

لەپێناوی گۆڕینی دۆخی ژینگە و ئەو دەوروبەری بارەی * ، کە قسەکەر و گوێگری تێدایە ، دەگونجێت " قسەکەر بە هۆشیارییەوە گەنجی وشەیەکی فرەچەشن و جیا لە قسەکردندا بەکاربهێنێت " [١].

## ٢. نیشانەی کات ** :

دەرخستنی کاتی ئاخاوتنە لەو بارەی ، کە قسەکەر و گوێگر تێیدا پرۆسەی قسەکردن بەردەوامی پێدەدەن، لەڕووی چالاکییەوە ئەم نیشانەیە پۆلێن دەبێت بۆ دوو جۆر :

١. کاتی گوتن Coding Time.

٢. کاتی زانیاریی Reference Time.

دەگونجێت کاتی گوتن ڕووبدات بەلاّم کاتی زانیاریی و مەبەست لەلای گوێگر درەنگتر ڕووبدات ، چونکە کاتی مەبەست پەیوەستە بە پرۆسەی تێگەیشتن و چەندێتی لە مەبەست و نیازی ئەو پەیامە زانیارییەی، کە قسەکەر ئاڕاستەی گوێگری دەکات . پەیوەست بەم دوو جۆر کاتەوە ، کاتی دەوروبەر دێتە کایەوە ، کە " شێوەیەکی زمانییە و ئاخاوتن دەیخولقێنێت ، لە پێناوی ئەوەدا ، کە قسەکەر دەیلێت ، نەك لەچی دەدوێت " [٢]. بۆ نموونە :

٩. أ. ئالان : ئەو کاتەی ، کە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە ، باوکم لەکوێ بوو ؟

ب. ژوان : لە دوکانەکەی بەرامبەر ماڵەوە بوو .

لەم دەوروبەری گوتنەدا کات بەشێوەیەکی پڕاگماتیکی لەنێوان قسەکەر و گوێگردا بەکارهێنراوە ، بەهۆی ئەو زانیارییە پێشینەی ، کە لێی بەئاگان ، چونکە چ قسەکەر چ گوێگر دەزانن ئەو کاتەی قسەی لەسەر دەکەن چ کاتێکە ، ئەگەرچی گوێگرانی تر لەم پرۆسەی پەیوەندییکردنەدا تێنەگەیشتن بەرجەستە ببێت ، لەگەڵ ئەوەی دەستنیشانکردنی کات لەم ڕۆنانە قسەییەدا نییە ، بەلاّم ئامرازی ( کە ) ڕوونکەرەوەی فیچەری ئەم کاتەیە کە {+ ڕابردوو }ە .

* دەوروبەری بار Context of Situation : ئەو بارودۆخە دەگرێتەوە ، کە قسەکەی تێدا دەگوترێت و ئەو نیشانانەش لێکدەداتەوە ، کە تێیدا واتاکەی ڕووندەکرێتەوە . ئەم دەوروبەرە لەلای زمانەوان ( فێرث ) چەند لقێکی لەخۆ گرتووە : ١. هاوبەشەکانی ئاخاوتن ٢.توانای دەربڕینی بەشداربووان ٣.کەلوپەلە پەیوەندیدارەکان ٤.کاریگەریی توانای دەربڕین ، ئەم خاڵەش چەند تەوەرەیەك دەگرێتەوە :
أ. شێوەی دانیشتن ب. دۆخ پ.کات و شوێن ت. شت و ڕووداوی پەیوەندیدار ج. پەیوەندی نێوان قسەکەران ، بڕوانە ( عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١١ : ٢٩ ).

[١] محەمەدی مەحویی ( ٢٠٠٩ : ٩٦ ) .

** بڕوانە : ئاڤێستا کەمال مەحمود ( ٢٠٠٦ : ٣٠ ) ، هۆگر مەحمود فەرەج ( ٢٠٠٠: ٩٣ ) .

[٢] هۆگر مەحمود فەرەج ( ٢٠٠٠: ٩٣ ).

بۆیە " فیچەری کاتی {+ ڕابردوو }: پێکهێنانی لینکێکە لەنێوان هەردوو کاتی گوتن و مەبەستدا ، بەڵام فیچەری کاتی {+ داهاتوو }: خاڵی ئاماژەپێدەرە لە ڕێکخستنی کاتی مەبەستی ڕابردوو "[١] ، کە لەگەڵ پرۆسەکردنی شیکاری کردەی قسەییدا لە باری هێورکردنەوەدا بەکاردێت ، لەڕوانگەی بەدیهێنانی مەبەستەکانی گوتن بە دوو شێوە [*] :

1. **کردەی سەپاندن Assertive .**
2. **کردەی ڕێنماییکردن Directive.**

**١.کردەی سەپاندن Assertive** : قسەکەر بە نیازی کەمترکردنەوەی کاریگەرییە نێگەتیڤییەکان لە بەدەستهێنانی زانیارییەکاندا ئەم کردەیە پێڕەودەکات بەتایبەت بەهۆی بەکارهێنانی فۆرمەکانی خۆزگەخواستنەوە ، کە لە دوو مۆدێلی گوتەییدا بەدیدەکرێت :

**أ. گوتەی قسەلێوەکراو Argumentative Statements:**

دەرکەوتنی ئەم مۆدێلەی سەپاندن زۆرتر بەهۆی بەشداریکردنی کردارەکانی ( توانین ، کرداری ناسەرەکی Modal Verb) دەبێت . بۆ نموونە :

١٠. أ. ئالان : حەزدەکەم بڵێم ، کە سبەینێ ئەنجامی تاقیکردنەوەکان ڕادەگەیەنرێت .

ب. : دەتوانم بڵێم ، کە سبەینێ ئەنجامی تاقیکردنەوەکان ڕادەگەیەنرێت .

پ. : من پێشنیازی ئەوە دەکەم : کە سبەینێ ئەنجامی تاقیکردنەوەکان ڕابگەیەنرێت .

لەم نموونانەدا کردارەکانی (وتن ، توانین ، پێشنیازکردن) لەڕووی هێزی کاریگەریی هێورکردنەوەوە لەیەکتر جیاوازن ، چونکە کرداری ( وتن ، توانین ) لە ڕستەی ( ١٠ .أ ، ب ) دا ، واتای خۆسەپاندنی قسەکەر بەسەر توانای گوێگردا دەرخستووە، لە کاتێکدا لە ڕستەی ( ١٠.پ ) دا ، بەهۆی بەکارهێنانی کرداری پێشنیازکردنەوە ، پلەی زیاتری ئەو هێزی کاریگەریی هێورکردنەوەیە دەستنیشان دەکات ، کە دەگونجێت ڕاپەڕاندنی کرداری ڕاگەیاندنی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان دوابخرێن ، بەمەش کاریگەریی نێگەتیڤی لەلای گوێگر کەمتر دەبێتەوە.

**ب. گوتەی خۆ دوورگرتن / سارد دەربڕین Reserved Statements :**

دەگونجێت قسەکەر لەباری قسەکردندا پێڕەوی ئەم مۆدێلە بکات دەربارەی کەمتر قسەکردن لەسەر بابەتێك / زانیارییەك ، کە نایەوێت گوێگر بەدەستی بهێنێت لەکاتی گوتندا ، بۆیە گوێگر لەم بارەدا درك بە کەمتەرخەمی پرۆسەی پەیوەندییەکەی نێوانیان دەکات ، هاوکات پێڕەوکردنی ئەم مۆدێلی گوتنە لە هەندێك باردا بەرجەستەکردنی نەرمی جوڵاندنەوەیە .

---

[١]. Hen HaverKate (1992:513)

[*]هاوشێوەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە کردارانە لە زمانی ئینگلیزیدا ، I Would think وای بۆ دەچم ، Believe وا باوەڕ دەکەم ، Assume خەملاندن ، ە لەپێناوی چەسپاندنی کاریگەریی بەهێزتر لە هێورکردنەوەی کردەقسەییەکاندا .

بۆ نموونە : کەسێك سەردانی قسەکەرێك دەکات لە بارێکی نەگونجاودا ، لەگەڵ کردەی زمانیی وەك (سلاوکردن) ، کاردانەوەی قسەکەر بریتی بێت لە ڕووگرژکردن / کەمتر ڕووکردنە ڕوخساری گوێگر، واتایەکی نێگەتیڤ لەلای گوێگر بەرجەستە دەبێت لەم پرۆسەی پەیوەندییکردنەدا . ئەمەش شێوەیەکە لەخۆ دوورگرتنی ڕەفتاری قسەکەر بەرامبەر گوێگر .

**٢.کردەی ڕێنماییکردن Directive :**

لەم بارەیەوە سیریەل (١٩٦٩) پێڕەوکردنی هەمەجۆریی دەربڕین بە ڕەچاوکردنی چوارچێوەی بابەت و مەرجەکانی پێشینە ، کردەی ڕێنماییکردن خزمەتی ستراتیژی ڕەوشتیی دەکات ، کە ئەمەش
بە ( هێزی ئاماژەی ئەم کردەیە ، کە شێوەیەکە لە هاندانی قسەکەر بە مەبەستی هێوریی و ڕاپەڕاندنی کردارەکە لەلایەن گوێگرەوە )[١]. بۆ نموونە :

١١. أ. پەرداخێك ئاوم بۆ دەهێنیت ؟ ( ڕازیکردن / داواکردن )

ب. دەتوانیت پەرداخێك ئاوم بۆ بهێنیت ؟ ( توانین / داواکردن )

پ. ئایا ، دەتوانیت پەرداخێك ئاوم بۆ بهێنیت ؟ ( داواکردن بۆ دەرخستنی توانای ڕاستییەك )

ت. بەیارمەتیت ، دەتوانیت پەرداخێك ئاوم بۆ بهێنیت ؟ ( داواکردن بە ڕەوشتی ستاندەر )

دەربڕین بەم هەمەجۆرییەوە ئاڕاستەکردنی گوێگرە بۆ ڕاپەڕاندنی کرداری فەرماندانی ڕاستەوخۆی وەك ( پەرداخێك ئاوم بۆ بهێنە ) کە تایبەتمەندی واتایەکی زبر لەخۆ دەگرێت . هەروەها بڕیاری پاکانەکردنە بۆ هاندانی گوتراوێك ، کە قسەکەر پێڕەوی دەکات لە خستنەڕووی هێزی هێورکردنەوە ، ئەمەش زۆرتر لە فۆرمی ڕستەی ئاوێتەدا بەدیکراوە ، بۆ نموونە :

١٢. خانوویەکی باش دەکڕیت ، ئەگەر پارەیەکی باش پاشەکەوت بکەیت .

ئامرازی (ئەگەر) لە پێکەوە بەستنی ئەم دوو ڕستەیەدا خستنەڕووی بارێکی پۆزەتیڤە بەشێوەی ڕێنماییکردن .

**٣. نیشانەی شوێن [١]:**

دەربڕینی نیشانەی شوێن لە گوتندا ، ئاماژەپێدانی قسەکەرە لە واتای ڕوون و ئاشکرا گەیاندنی زانیارییەکاندا بە ڕەچاوکردنی پلەی پەیوەندیی ( نزیکبوون / دوور بوون ) ی قسەکەر و چەقی شوێنی گوێگر لەیەکترەوە/ جەماوەر/ کەسیتر. نیشانەی شوێن گرنگی خۆی هەیە لە زماندا ، بۆیە (بەکارهێنانی زمان، پەیوەستە بە کات و شوێنەوە ، کە پێکەوە بنیاتی قسەکەر و واتای دەرخستنەکەی تێدا دادەڕێژێت)[٢].

---

١. Hank HaverKate (1992 : 513 )

٢. هۆگر مەحمود فەرەج ( ٢٠٠٠ : ٧٣ ) .

بەکارهێنانی نیشانەی شوێن لە زمانی کوردیدا بەپێی باری قسەکردن واتاکانی دەگۆڕێت ، بۆ نموونە :

١٣.کە سەردانی خوێندنگاکەم دەکەم ، مامۆستاکان لە ژوور خۆیانەوە دامدەنیشێنن .

لەلای ژوور / سەرەوە : نیشانەی شوێنییە ، ئاماژەکردنە بۆ کردەی ڕێزگرتن لە گوێگر لەناو ئەو کۆمەڵەی ، کە پەیوەندییان پێکەوە هەیە .

١٤.لەوێ دامەنیشە ، فەرموو لێرە دابنیشە .

لەگەڵ ئەوەی کرداری ئەمستراکچەرە فەرماندانە ، بەلاّم بە دەربڕینی دوو نیشانەی شوێنی و فۆرمی ڕێزگرتنی ( فەرموو ) ئاماژەکردنە بۆ هەرێمێکی پۆزەتیڤیی بۆ گوێگر ( دوورخستنەوەی گوێگرە لە شوێنی ناجێگیر ) دا ، ئەمەش شێوەیەکە لە ماگزیمی ڕێزگرتن و نەرمی ڕەفتاری قسەکەر . لێرەدا دەبێت ئەوە دەستنیشانبکرێت ، کە واتای ئەم نیشانە و ئاماژەکردنانە لە کلتوورێکەوە بۆ کلتوورێکی تر، فراوانی پەیوەندیی نزیکی/ دووریی نێوان کەسەکان دەگۆڕێت ، چونکە دەگونجێت لە بارێکی قسەکردندا ئاماژەدان بە نیشانەی شوێنی ( سەرەوە / نزیکبوون لە قسەکەر ) لەلای گوێگر کاردانەوەی نیگەتیڤی ڕەنگبداتەوە ، کە کاریگەریی هێورکردنەوە کەمدەکاتەوە .

**٤. نیشانەی دەق :**

پەیوەست بەو سێ جۆر نیشانە پڕاگماتیکەی ، کە فیلمۆر دەستنیشانیکردوون ، ئەم نیشانەیە گرنگی دەق لەبار و دەوروبەری قسەکردندا دەردەخات ، بە واتای ( ئامرازی دەرخستنی پەیوەندیی نێوان گوتن و دەوروبەرەکەیەتی ، کە لە شێوەی ئاوەڵکارەکانی : کات ، شوێن ، ئاماژە، دەردەکەون و ئەرکی ئەم نیشانانە دەگەڕێتەوە بۆ دەقەکە خۆی )[١]، کە بەپێی ڕۆنانی گوتنەکە دەگۆڕێت . بۆ نموونە:

١٥. ئەم قوماشی جلی کوردییە هەرزانە . ( ڕستەی سادە )

نیشانەی دەقە ، ئاماژەیە بۆ ڕستەکە .

١٦. ئەم کارانە زوو تەواوبکە ، چونکە پاداشتی باشی بۆ دانراوە . ( ڕستەی ئاوێتە )

١٧. کارەکانمان گرانن ، بەلاّم هەر سەردەکەوین . ( هەریەك لە ئامرازەکانی : چونکە ، بەلاّم نیشانەی دەقن لەڕستەکاندا، کە دەقێك بە دەقێکی تر دەبەستنەوە )[٢]، ئامرازیشن بۆ هێوریی .

* سەرنج بدە ئەو ئاماژانەی قسەکەر بۆ شوێنی دانیشتن دەستنیشانی دەکات لە شوێن و بۆنە فەرمییەکاندا ( بۆنە کۆمەلاّیەتییەکان ) قسەکەر بکەری ئەم هەڵوێست نواندنەیە بۆ بەرجەستەکردنی کاریگەرییەکی پۆزەتیڤی بەرامبەر بە گوێگر .

[١] عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١١: ١٠٩ ) .

[٢] محەمەد مەعروف فەتاح ( ٢٠١١ : ٢٠٧ ) .

**٥. نیشانەی کۆمەڵایەتی :**

دەستنیشانکردنی باری کۆمەڵایەتی و پلەوپایەی ڕەگەزەکان چ قسەکەر / گوێگر، دەبنە هۆی دیاریکردنی جۆری ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی نێوان ڕەگەزە بەشداربووەکان و جۆری بابەتی قسەلێوەکراو لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەم نیشانەیەوە . بۆ نموونە :

١٨.أ. وەرە . ( فەرماندانی ڕاستەوخۆ )

ب. دە* وەرە. ( فەرماندانی ڕاستەوخۆ )

پ. تۆ کوڕە وەرە. ( بەکارهێنانی فۆرمی بانگکردن + فەرماندانی ڕاستەوخۆ )

ت. بەبێ ئەرك ، برا وەرە. ( بەکارهێنانی فۆرمی ڕێزگرتن + فەرماندانی ڕاستەوخۆ )

ج. بەبێ ئەرك ، تۆ هەتا ئێرە بێیت. ( بەکارهێنانی فۆرمی ڕێزگرتن + فەرماندانی ناڕاستەوخۆ)

د. بەبێ ئەرك ، بەڕێز / کاکە / مامۆستا هەتا ئێرە نایەیت . ( بەکارهێنانی فۆرمی ڕێزگرتن + داواکردن ) .

هەمەجۆریی گوزارشتکردن لە شێوازی بانگکردن بۆ ڕاپەڕاندنی کردارێك لە شێوەی فەرماندان / داواکردندا،لەلایەن قسەکەرەوە ئاماژە و دەستنیشانکردنی ناسنامەی قسەکەر ، جۆر و پلەی پەیوەندیی نێوان قسەکەر و گوێگرە. هاوکات پێڕەوکردنی هەر شێوازێکی دەربڕین لەم شێوازانە، پلەیەکن بۆ دەرخستنی ماگزیمێك لە ماگزیمەکانی ڕێزگرتن ، کە تەکنیکێکن بۆ باری نەرمی ڕەفتار و هێورکردنەوەی بەرامبەر . لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێك چوارچێوەی باری قسەکردندا، قسەکەر بە ڕەچاوکردنی جۆری پەیوەندیی و چەندێتی ئەو پەیوەندییە لەگەڵ هاودەمی قسەکردنیدا ( گوێگر ) چەند کردەیەکی زمانیی دەگرێتە بەر ، ئەویش لە ڕێگەی گۆڕینی نیشانە کۆمەڵایەتییەکانەوە، وەکو :

**١. لە ناڕەسمییەوە بەرەو ڕەسمی چوون :**

ئەم شێوە ڕەفتارە لەنێو ئەو تاکانەدا پێڕەو دەکرێت ، کە پلەی پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر بریتی بێت لە نزیکیی ( ئەندامانی خێزان ، هاوڕێیان ) بە بەشداربوونی کەسانی دەرەوەی ئەم کۆمەڵەیە شێوازەکە گۆڕانی بەسەردا دێت و دەچێتە ئاستێکی تا ڕادەیەك ڕەسمییەوە. بۆ نموونە :

١٩.أ. ئالان : ژنەکە چەندجارم وت ، کە حەزم لە نیسکێنە نییە .

ب. : ژوان چەندجارم وت ، کە من نیسکێنە ناخۆم .

پ.: ژوان دەزانیت ، کە من نیسکێنە ناخۆم .

ت.: ژوان ، دەکرێت خواردنێکی ترم بۆ ئامادەبکەیت . (گۆڕانی نیشانەی کۆمەڵایەتیی)

* بە بۆچوونی هۆگر مەحمود فەرەج : نیشانەکانی ( وا ، دەی ، دەدەی ، دەسا....) پرتکەی پراگماتیکین ، کە بوونەتە هۆی گۆڕینی واتای کات لەو ڕستەیەی تێیدا بەکارهاتووە . (٢٠٠٠ : ١٢٦ ) . هەروەها بە بۆچوونی محەمەد مەعروف فەتاح : لە ڕێزمانی دێریندا بەهۆی لێکنەدانەوەی ئەم وشانە ، پشتگوێخراون و ئەوەیان خستووەتەڕوو ، کە هیچ ئەرکێکیان نییە نە لەڕووی ڕێزمانەوە نە لەڕووی واتاوە ، بەشێکیش نین لە ڕستە . (٢٠١١: ٢٠٤ ). لەم بارەیەوە بڕوانە ( ئەبوبەکر عومەر قادر : پارتیکڵ لە زمانی کوردیدا : ٢٠٠٧).

**٢. له ڕەسمییەوە بەرەو ناڕەسمی چوون :**

قسەکەر لەم بارەدا ڕاستەوخۆ بەبێ ڕێگە خۆشکردن ، چەندێتی پەیوەندیی لەگەڵ گوێگردا بە شێوازی ڕەسمی ، زانیارییەکانی ئاڕاستەی گوێگر دەکات ، کە دەگونجێت کاردانەوەی نێگەتیڤی ڕەنگبداتەوە . بۆ ئەمەش قسەکەر جارێکی تر شێوازی دەربڕینی زمانییەکەی دەگۆڕێت بۆ شێوەی ناڕەسمی . بۆ نموونە :

٢٠. أ. ئالان : بێزەحمەت ، کاکە ئەگەر بتوانیت تایەی ئەم پاسکیلەم بۆ چاکبکەیت .

ب. : ئەرێ کوڕە ، تایەی ئەم پاسکیلەم بۆ چاك بکە . ( گۆڕانی نیشانەی کۆمەڵایەتی[١] + بەکارهێنانی فۆرمی ڕێزگرتن + گۆڕینیستراکچەری ڕستە ) .

هاوکات لەگەڵ دەربڕینی ئەم ستراکچەرانەدا ، بەشدارییکردن و بەکارهێنانی ئیدیۆمەکانیش لە زمانی کوردیدا جۆرێکن بۆ ڕەفتاری نەرمی و هێوریی گوتن ، کە " لە ڕووی فۆرم و واتاوە ئیدیۆم دەستنیشان دەکرێت و پێکهاتەیەکی تایبەتی و ئاڵۆزە ، لە یەکگرتنی هەندێك وشە / توخمی زمانیی، واتایەکی تایبەتی پەیدا دەبێت ، کە لە ڕووی دەربڕینەوە لە واتای وشە نزیکدەبێتەوە "[٢] . ئەمەش مۆدێلێکە لە مۆدێلی هێوریی دەربڕین لەلایەن قسەکەرەوە ، کە تێگەیشتنی واتای ئەم فۆرمانە پەیوەستە بە کلتوورێکی دیاریکراوەوە .

٢١. دنیا پێچی مێزەرێکە . : خەفەت نەخواردن لە شت و دەستەکەوتەکانی دونیا.

٢٢. مێش میوانی نییە . : کێشەکانی ژیانی هەروا بە ئاسانی وەرگرتووە.

## ٣ / ١ – ٢ ) ڕێزگرتن و ماگزیمەکانی :

ڕێزگرتن، کە دیاردەیەکی ڕەوشتیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵە ، دەبێتە جێگیرکردنی تاك لەو دەوروبەرو ژینگەیەی، کە تێیدا دەژی. لەگەڵ ئەوەی تێڕوانینێکی پۆزەتیڤی دەبێت لەلایەن کۆمەڵگاوە. شێوەی گوزارشتکردن لەم دیاردەیە لەلایەن قسەکەر / گوێگرەوە بە دوو شێوە پێڕەوکراوە[٣]:

أ. ڕاستەوخۆ .

ب. ناڕاستەوخۆ .

[١] هۆگر مەحمود فەرەج (٢٠٠٠: ١٨٠ ).

[٢] محەمەدی مەحویی ، بەرگی یەکەم ( ٢٠٠٩: ١٧٣ ).

[٣] عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١١: ٦٩ ).

هەروەك لە زۆرینەی گوزارشتکردن لە دیاردەکانی ناو پرۆسەی پەیوەندییکردندا ، بە مەبەستی ڕێزگرتن لە دەوروبەر و کەسانی تر ، شێوازی ناڕاستەوخۆیی پێڕەو دەکرێت ، بەهۆی بەرجەستەکردنی ڕەفتاری هێوریی و بەنەرمی نواندن. لەم بارەیەوە (لاکۆف) یاساکانی ڕێزگرتنی لە چەند خاڵێکدا ئاماژەپێداوە[١] :

١. خۆدوورگرتن لە ڕەفتاری خۆسەپاندن بەسەر گوێگردا.
٢. پێڕەوکردنی مامەڵەی هاوڕێیانە لەگەڵ گوێگردا.
٣. سەرپشکی و سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکان لەلای گوێگر .

هاوکات لەگەڵ ئەم یاسایانەدا ، کرداری سڵاوکردن بە یەکێك لە دۆخی پۆزەتیڤی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دانراوە ، بە واتای " سڵاوکردن بە هەموو جۆرەکانییەوە ، بۆ دەربڕینی سۆز و هێورکردنەوەیە لە بۆنە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی ، وەك : چاوپێکەوتن ، پێکەوە دانیشتن ، ئاهەنگی کۆمەڵایەتی ...هتد " [٢]. بۆیە سڵاوکردن شێوەیەکە لە ڕەفتار و فۆرمی ڕێزگرتن Politeness Form هەروەها دوو جۆر ڕێزگرتن پۆلێنکراوە [*] :

أ. ڕێزگرتنی پۆزەتیڤی .
ب. ڕێزگرتنی نێگەتیڤی.

ڕەنگدانەوەی هەریەکێك لەم جۆرانە ، پەیوەستە بە پێڕەوی چەند ماگزیمێك ، کە ئەم ماگزیمانەش پەیوەستن بە پەسەندکردنی پرەنسیپەکانی ڕێزگرتنەوە ، ئەم پرەنسیپانەش ( گرنگی ڕاپەڕاندنی ئەرکی ڕێزگرتن دەردەخات ، کە ڕاستەوخۆ بەستراوە بە کردەی واتای نافۆرمی و ئامانجی کۆمەڵایەتییەوە ) [٣]. دەرکەوتنی ماگزیمەکان لە گوتراوی قسەکەردا لەڕێگەی ئاماژەدان بە چەند نموونەیەکەوە جۆری ماگزیمەکان و ڕەفتاری نەرمی و هێورکردن دەستنیشانکراوە :

٢٤. قاپەکانم لەگەڵدا بشۆ . ( فەرماندان ) Hot

٢٥. قاپەکانم لەگەڵدا دەشۆیت؟ ( داواکردن ) Cold

٢٦. بەئەرك نەبێت ، قاپەکانم لەگەڵدا دەشۆیت؟ماگزیمی بەوێڵی Tact Maxim (Coldest)

دەربڕینی ئەم ڕستە شێوە پرسیارییە ، کە واتاکەی نافۆرمییە ( داواکردن ) ە لە گوێگر ، لەم جۆرە ماگزیمەدا قسەکەر بەرزترین قازانجی بەکارهێناوە بۆ گوێگر لەپێناوی گەیاندنی مەبەستی گوتنەکەی ،

---

[١] ئاڤێستا کەمال مەحمود ( ٢٠٠٦ : ١٣٢ ) .

[٢] شەهاب شێخ تەیب ( ٢٠١٠ : ١٢٢ ) .

[*] هەریەکێك لەم دوو جۆری ڕێزگرتنە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پتەوی پەیوەندییەکاندا ، ئەگەرچی ڕێزگرتنی نێگەتیڤی پێچەوانەی جۆری پۆزەتیڤی ، دوورییەکی کۆمەڵایەتی لە نێوان قسەکەر و گوێگردا دەخاتە ڕوو ، بەهۆی بەکارهێنانی ( نازناو ، شێوازی فەرمی ، کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ ) ، بڕوانە ئاڤێستا کەمال مەحمود ( ٢٠٠٦ : ١٢٩– ١٣٢ ).

[٣] ئاڤێستا کەمال مەحمود ( ٢٠٠٦ : ١٣٣ ) .

بەمەش پلەی ڕێزگرتنی بەرامبەر بە گوێگر بەرزکردووەتەوە و پەیوەستبوونی خۆی بەم ماگزیمەوە دەرخستووە.

٢٧.أ. ئالان : چاوان شێوازی دوورینی جلەکانی بەدڵبوو ؟

ب. ژوان : خراپ نەبوو ، دەستی بەرگدرووەکە خۆشبێت . Cold

پ. ژوان : بەڵێ ، دەستی بەرگدرووەکە خۆشبێت . ماگزیمی بەباشزانین Approbation Maxim ( Coldest ) .

ت. ژوان : دەستی خۆشبێت ، بەڵام هیوادارم جارێکی تر جوانتر بۆی بدورێت .

نموونەی ( ب ) بەهۆی فۆرمی ( خراپ نەبوو ) ەوە ، کەمکردنەوەی نرخاندنە / کەمتر بەزاندنە لە مەرجەکانی ئەم ماگزیمە، چ قسەکەر چ گوێگر لە پێڕەوکردنی ڕەفتاری نەرمیی و چەسپاندنی هێورکردنی کاردانەوەکانی یەکتری لەم ماگزیمەدا ، نرخاندنی بەرامبەر بە پلەی بەرزتر بەرجەستەدەکرێن هەروەها لە نموونەی ( پ ) دا بەهەمان شێوە بەڵام پلەی هێوری و نەرمی ڕەفتار و ئەم ماگزیمە زۆرترە لە نموونەی ( ب ) . لە نموونەی ( ت ) دا بەهۆی بەکارهێنانی فۆرمی لێکدەری ( بەڵام ) ەوە ، دەبێتە کەمکردنەوەی هێزی چاکەی بەرامبەر لەگەڵ ئەوەی ماگزیمی بەباشزانینە.

٢٨. ژوان : بەقوربانی جوانەمەرگتان بم ، درەنگ بە مەرگیم زانی . ماگزیمی بەخاکیبوون Modesty Maxim. دەربڕینی ئەم ستراکچەرە لەلای قسەکەر لە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی وەك ( پرسە ) دا ، قسەکەر ڕاستەوخۆ هاوخەمی خۆی یەکدەخات لەگەڵ گوێگردا و ناڕاستەوخۆیانە پۆزشهێنانەوە ئاڕاستەی گوێگر دەکات لەپێناوی هێورکردنەوە و دڵڕاگرتنی گوێگردا . بە واتای لەم ماگزیمی ڕێزگرتنەدا قسەکەر کەمترین قازانجی بۆخۆی داناوە و پلەی گوێگری بەرز ڕاگرتووە .

٢٩. أ. ئالان : سەیرانی هەفتەی ڕابردوو خۆشتر بوو لەم سەیرانەی ئەمڕۆ ، وایە ؟

ب. ژوان : منیش وا هەستدەکەم . Coldest ماگزیمی ڕێککەوتن Agreement Maxim

پ. ژوان : ڕەنگە وابێت . Cold

ت. ژوان : نەخێر وانییە . Hot

کاردانەوەی گوێگر دەگونجێت بەهۆی پلەوپایەی کۆمەڵایەتییەوە ، شێواز و چەشنی کاردانەوەکان جیاواز دەربخات بەرامبەر بەو ڕێککەوتنەی لەنێوانیاندا هەیە. خودی فۆرمی ( نەخێر ) ئاماژەیە بۆ کەمی ئەو ڕێزگرتنە .

* خستنەڕووی جۆری ماگزیمەکان وەرگیراون لە : ئاڤێستا کەمال مەحمود ( ٢٠٠٦ : ١٣٢ –١٤٦ ) .

٣٠. دەتوانیت پێڵاوە تازەکانی من لەپێ بکەیت . ماگزیمی بەخشندەیی Generasity Maxim

ئەم شێوەی ڕەفتاری پێشکەشکردنەی قسەکەر بەرامبەر بە ڕازیبوون و ڕازینەبوونی گوێگر ئاماژەیە بە نەرمی ڕەفتار ، چونکە زۆرلێکردنی بەرامبەری تێدا نییە ، بەواتای هەڵبژاردنی کردەکان لەلایەن گوێگرەوەیە . بۆیە قسەکەر کەمترین قازانج بۆ خۆی و بەرزترین تێچوون بۆ گوێگر دەستنیشان دەکات.

٣١. دڵنیابە پورت خۆشحاڵ دەبێت ، ئەگەر سەردانی بکەیت . ( داواکردن ) بەرامبەر بە ستراکچەری فەرماندانی ڕاستەوخۆی ( سەردانی ماڵی پورت بکە ) فۆرمی ( ئەگەر ) بەدواداهاتنی ستراکچەری ڕستیلەی ( سەردانی بکەیت ) دەبێتە ماگزیمی هاوخەمی بوونی قسەکەر Sympathy Maxim

لەپێناوی هاندانی پۆزەتیڤی کاردانەوەی گوێگر لەو بارە نیگەتیڤەی ، کە تێیدایە . کەواتە قسەکەر بەرزترین هاوخەمی بوونی لەنێوان خۆی و گوێگردا بەرجەستەکردووە.

٣٢. چۆنیت ، لەگەڵ ئیشوکارتدا باشیت ؟ ئیشەکەت گران نییە ؟ (پرسیارنییە) ، بەڵکو بەردەوامی لە دەربڕینی ئەم ستراکچەرانە لە زەمینەی قسەکردندا شێوەیەکە لە موجامەلەکردن / ماگزیمی بەسەرو زمانبوون Phatic Maxim ، چونکە دەگونجێت کردەی بێدەنگبوون لەهەندێك دۆخدا بارێکی نێگەتیڤە لەلای گوێگر .

بەشێوەیەکی گشتی ماگزیمەکانی ڕێزگرتن ، کە ( لیچ ) تێیدا بەو شێوەیە پۆلێنکاری کردووە ، دەبێتە دۆخێکی پۆزەتیڤی بۆ گوێگر و ئەو دەوروبەری قسەکردنەی ، کە پرۆسەی پەیوەندییکردنەکەی تێدا کراوە.

جۆرج یۆلۆ * ، له‌ لێکۆڵینه‌وه‌کانیدا ئاماژه‌ی به‌ میکانیزمی کرده‌ی داواکردن داوه‌ ، که‌ به‌ شێوازی ده‌ربڕینی هێوریی و نه‌رمی جولانه‌وه‌ پێڕه‌و ده‌کرێت ، وه‌ك ئه‌م نه‌خشه‌یه‌ی خواره‌وه‌ :




( له‌ زمانی کوردییدا، ئه‌م شێوازه‌ ده‌ربڕینه‌یه‌ به‌م شێوه‌یه‌یه:

١. ده‌کرێت ئه‌و پێنووسه‌تم به‌ قه‌رز بده‌یتێ؟
٢. ئاخۆ ده‌توانم پێنووسه‌که‌ت به‌کاربهێنم؟

**نه‌خشه‌ی حه‌وته‌م : ( میکانیزمی شێوازی داواکردن به‌ ستایلی هێوریی و نه‌رمی ده‌ربڕینه‌وه‌)**

* به‌کارهێنانی ئه‌م نه‌خشه‌یه‌ ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ Brown & Levinson ( 1987) وه‌رگیراوه‌ له‌ هه‌مان سه‌رچاوه‌ (2004: 65) . بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانه‌ : George Yule ( 2004: 66).

## ٣ / ٢ ) ڕەنگدانەوەی هێورکردنەوە لە دەربڕیندا ( زمانی کوردی ) :

کۆمەڵگا و یاسا :

پێڕەوکردنی هەر دەستورێك * لەناو کۆمەڵگادا ، ئاماژەیە بۆ بەئاگابوونی تاك بەرامبەر بە کۆمەڵە یاسا و پرەنسیپێك . هاوکات زۆری / کەمی پێڕەوکردنی دەستورەکان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێت. بۆ نموونە لە کۆمەڵگایەکی شارنشیندا کاردانەوەی پەیامەکان چەمکی پۆزەتیڤی لای گوێگر بەرجەستە دەکات ، لە ڕوانگەی پێڕەوکردنی دەستووره باوەکانەوە ، بەڵام لە کۆمەڵگایەکی گوندنشیندا پێچەوانەیە.

دەرکەوتنی ڕادەیەکی کەمی هێوریی زیاتر لە کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا (کۆمەڵگای کوردی) بەدیکراوە ، بۆیە پەیوەستبوونی تاك بە پێڕەوکردنی یاساکانەوە گرنگی پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ دەستنیشان دەکات ، بۆ ئەمەش " زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لەم پەیوەندییە دەکۆڵێتەوە ، هەوڵدەدات لەبەر ڕۆشنایی پەیوەندییەکان و بەپێی هەلومەرج و بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگا ، سنور و کاریگەریی ئەو پەیوەندییە بدۆزێتەوە " [١]. ڕەنگدانەوەی جیاوازی شێوازی دەربڕین بە پێی جۆری کێشە، پۆلێنکردنی توخمە بەشداربووەکانی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی وەك ( ڕەگەز ، تەمەن ، پلە و پایەی کۆمەڵایەتی ، جۆری پیشە ) دەستنیشانکراوە.

## ٣/ ٢ – ١ ) پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەنگدانەوەی هێورکردنەوە لە دەربڕینی کێشەکاندا:

### ٣/ ٢ – ١– ١ ) پێکهاتەی کۆمەڵایەتی :

**أ. ڕەگەزی نێر + Male :**

تاکێکی پلە یەکی ناو کۆمەڵە ، کە شێوازی دەربڕین و گوزارشتکردن لە دیاردەکانی دەوروبەری جیاوازترە لە دەربراو و گوزارشتەکانی ڕەگەزی مێ ، هەروەك ( لە ئەنجامی توێژینەوەکانی دەروونناسان دەرکەوتووە ، کە زەنگینی گەشەی فەرهەنگی ئاوەزیی ** ئەم ڕەگەزە کەمترە و دەربڕینی ستراکچەری ڕستەکانیشی کورتبڕییە ) [٢].

---

* دەستوری یاسا : ئەو یاسا کۆمەڵایەتییانە دەگرێتەخۆ ، کە سیستەمی کۆمەڵگا بنیاد دەنێت وەك یاسای ڕێزگرتن ، یاساکانی دادگا ، یاسای بیروباوەڕی ئایینی ، یاسی دەوروبەری قسەکردن و کاتی واتایی . بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە :

بەهار زاهیر محەمەد : (٢٠٠٩: ٧٢_٧٦).

[١] یونس سلێمان ئەحمەد : ( ٢٠١١: ١٠٥ ) .

** مەبەست لە فەرهەنگی ئاوەزیی: وشەنامەی ناو مێشکە ، کە داڕشتەی سایکۆلۆژیی زانیاریی لێکسیکییەکانە، زاراوەیەکە بۆ چۆنیەتی ڕێکخراوەی ئاوەزیی گەنجی وشەی مرۆڤێك . محەمەدی مەحویی : ( ٢٠٠٦ : ١٢ ) .

[٢] کەریم شەریف قەرەچەتانی : ( ١٩٧٧ : ٦٤ ) . هەروەها بڕوانە : نایف خرما : (١٩٧٨ : ١٩٦).

له شێوازی دەربڕینیشدا لەسەر بنچینەی توندی / زبری و خۆزاڵکردن بەسەر ڕەگەزی مێ دا گفتوگۆ دەکەن ، کە ئەمەش لە فەرهەنگی ئاوەزییاندا زۆرتر فۆرمەکانی وەك ( بێڕێزی ، سوککردنی بەرامبەر ) دەبینرێن ، کە کاردانەوەی نێگەتیڤی لەلای گوێگر بەرجەستە دەکات. هەروەها ئەم ڕەگەزە لە پێڕاگەیاندنی مەبەست و نیازی قسەکانی ڕۆژانەیدا بەرامبەر بە گوێگر ، زۆرتر لە جۆری کردەی قسەیی ڕاستەوخۆدا پێڕەو دەکەن . بۆ نموونە :

٣٣. أ. ئالان : ئەم نەخۆشە چیتر چاکنابێتەوە ، چونکە سەرەتانێتی .( بەشداریکردنی ئەم دوو فۆرمە لە شێوازی دەربڕینی ڕەگەزی مێ دا بەشێوەی ناڕاستەوخۆ / تابۆ دەگوترێن بە واتای شێوەیەك لە نەرم دەربڕین نەك بەم شێوە ڕاستەوخۆیە ) .

ب. ژوان : ڕەنگدانەوەی باری نێگەتیڤی ( ترس ) لە ڕووخساریدا .

## ب. ڕەگەزی مێ $^{+}$Female :

له تێڕوانین و پۆلێنکردنی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەم ڕەگەزە بە پلە دوو هەژمارکراوە. ئەم ڕەگەزە لە ئەرك و کردار و شێوازی قسەکردندا چەند تەکنیکێك پرۆسە دەکات بەرامبەر بە تێڕوانینی کۆمەڵگا ، لەو تەکنیکانە* :

### أ. بنەمای بە زەق دەرنەبڕین ( هێڵی خۆپاراستن ) :

بەهۆی پەیوەستبوونی ئەم ڕەگەزە بەو بارە کۆمەڵایەتییەی ، کە تێیدا دەژی ئەم بنەمایە پێڕەو دەکات ، کە پێچەوانە دەوەستێتەوە لەگەڵ ڕادەی سەربەستی و باوەڕبەخۆکردنیدا.

### أ. بە ناسکی / نەرم دەربڕین :

بە مەبەستی ڕەنگنەدانەوەی ڕاستەوخۆ کاریگەریی نیگەتیڤی لە مەبەستی پەیامەکانیدا بەرامبەر بە گوێگر ، ئەم شێوە تەکنیکە پێڕەو دەکەن بە تایبەتی لە چۆنیەتی هەڵبژاردن و بەکارهێنانی فۆرمەکانی وشە ، ئەگەرچی واتای دەربڕاوەکان توانجلێدانیش بێت . بۆ نموونە :

* پێڕەوکردنی ئەم تەکنیکانە لە شێوازی دەربڕینی گوتراوی ڕەگەزی مێ دا ڕاستەوانەیە لەگەڵ ڕادەی سەربەستی و مافەکانیدا ئەمەش وا دەکات بێئاگایانە بێت لەبەکارهێنانی ئەم تەکنیکانە و نزیکدەبێتەوە لە ڕەنگدانەوەی شێوازی قسەکردنی ڕەگەزی نێر لەهەردوو ئاستی ڕستەسازی و پراگماتیکدا . محەمەد مەعروف فەتاح : ( ٢٠١٠ : ٩٤ ) .

٣٤. أ. ژوان : ئەم کراسە ڕەشە لەبەربکەیت جوانترە لەو کراسە زەردە.

ب. : ئەم کراسە ڕەشە لەبەربکە ، دەزانم لە تۆ جوانە .

پ. : ئەم کراسە ڕەشە لە تۆ دێت نەك ئەو زەردە.

دەربڕینی ئەم ڕستانە بەرامبەر بەم ڕستە توانجلێدانە دەبێت :

أ. ئەم کراسە زەردە لەبەر مەکە. ( فەرماندانی ڕاستەوخۆ ) .

ب. کراسی زەرد بۆ تۆ جوان نییە . ( ڕاستەوخۆ توانجلێدانە ) .

جگە لەم تەکنیکانە ، جیاوازی لە بنەمای ئاستەکانی زمانیی ئەم ڕەگەزەدا بەرامبەر بە ڕەگەزی نێر دەبینرێت :

**١. فەرهەنگی گەنجی وشە :**

دەتوانرێت زەنگینیی فۆرمەکانی زمان لەم فەرهەنگەدا دەستنیشانبکرێت ، بەهۆی پەیوەستبوونی ئەم ڕەگەزە زۆرتر بە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان ، کاری ناوماڵ ( زەنگینی فۆرمەکانی ماڵداری ) * پێچەوانەی ڕەگەزی نێر ، کە پەیوەستە بە کارکردنی لە بوارەکانی بازرگانی ، ئابووریی ، سیاسیی ...هتد. بۆیە ڕەگەزی مێ توانای دەسەڵاتشکاندنەوەی بەسەر هەڵبژاردنی فۆرمەکان و بەکارهێنانیان بە چەند واتا و مەبەستێکەوە هەیە .

**٢. دەربڕینی ڕستە:**

چۆنیەتی لێکدان و پێکەوە بەستن و ڕیزکردنی وشە و فۆرمەکان بۆ پێکهێنانی ستراکچەرێکی ڕستەی واتابەخش ( ڕستەی سادە / لێکدراو / ئاڵۆز ) ، درێژبڕیی لە فۆرمەکانی ڕستەدا ڕێکدەخات ، کە هەندێکجار لێکدانەوەی واتای ئەو ڕستانە دەبێت لە هەردوو ئاستی ڕووکەش و قووڵدا ** شرۆڤە بکرێن پەیوەست بە ڕەچاوکردنی دەوروبەرەوە چونکە " واتای دروست و تەواوی ڕستە ، تەنها لە دەوروبەردا لێکدەدرێتەوە و دەکەوێتە بەر گریمانەکردن ، کە ئەگەری ڕاستی و ناڕاستی تێدایە ، بەمەش لێکدانەوەی واتای ڕستە سنوری سیمانتیك دەبەزێنێت و دەچێتە ئاستی پڕاگماتیکەوە " [١].

---

* بە بۆچوونی محەمەدی مەحویی : بەکارهێنانی وشە واتا–جوانبەخشەکان بێلایەنن بەڵام وشە واتا– ناشرین بەخشەکان بەپێچەوانەوە ڕەنگدانەوە و زۆرتر بەکارهێنانی ئەم وشانە لە گوتراوەکانی ڕەگەزی مێ دا دەبینرێن . ( بەرگی دووهەم : ( ٢٠٠٩: ٧٣).

** تیۆری لێکدانەوەی ئاستی واتای ڕووکەش و قووڵ دەگەڕێتەوە بۆ ( کار و لێکۆڵینەوەکانی ( کاتز و فۆدەر ١٩٦٣ – پێکهاتەی تیۆریی سیمانتیکی ) کە بە تەواوکەری ڕێزمانی بەرهەمهێنانی چۆمسکی دادەنرێت . لەم تیۆرەدا دوو ئەرك دەستنیشانکراوە :

١. جیاکردنەوەی پەیوەندی لۆجیکی نێوان ڕستەکان ، وەك : هاوواتا ، دژواتا، بەش لە گشت و گرتنەوە ... ڕستە تەمومژەکان .

٢. دیاریکردنی لێکدانەوەی واتای ڕێزمانی ڕستە ، لەسەر بناغەی شیکردنەوەی واتای وشە بۆ کەرەستە پێکهێنەرەکانی) . بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە : عەبدولواحید موشیر دزەیی: واتای وشە و ڕستە : (٢٠١٠ : ١٥٥ ) .

[١] عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٠ : ١٥٤ ) .

هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت چەند تەکنیکێکی تر پرۆسەدەکرێن ، وەکو بەکارهێنانی : (ئاوازە و تۆنی دەنگ ، جووڵەی جەستە ، هێما ...). لە ڕوانگەی پتەوی پەیوەندییشەوە ( شێوازەکانی پەیوەندی لەم ڕەگەزەدا گەرموگوڕترن ، دیاردەی موجامەلە لەلای پیاو دەچێتە چوارچێوەی عەیبەوە)[١].

**پ.تەمەن :**

قۆناغەکانی گەشەکردنی زمان و وێناکردنی دیاردە و ڕووداوەکان و تێگەیشتن لە واتای کردە زمانیی و نازمانییەکان لە تەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکی تر دەگۆڕێت . هێوری و نەرمی دەربڕین بەپێی جۆری ئەو زمانەی ، کە قسەکەر گوزارشتی پێدەکات جیاوازە تا ئەو قۆناغەی گەشە دەکات ، چونکە زەنگینیی و هەژاری گەنجی وشەی زمانی قسەکەر پەیوەستە بە چەند هۆکارێکەوە، بۆ نموونە :

**١. تەمەنی منداڵ [٢] :**

توانای دەستپێداگەیشتنی منداڵ بۆ بەکارهێنانی فۆرمە زمانییەکان بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی دەگۆڕێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەگەزی مێ توخمێکە بۆ هێورکردنەوە لە واتای ئەو دەربڕراوانەی ، کە منداڵ دەریدەبڕێت بەپێ چەند قۆناغێك . قۆناغەکانیش ئەمانەن :

**أ. قۆناغی هاوارکردن :**

گوزارشتکردن بەرامبەر بە کردەکانی ( برسیبوون ، تینووبوون ، ئازار پێگەیشتن ) لە ڕێگەی چەند دەربڕراوێکی وەك ( قیژە ، گریان ، هاوارکردن ) ئاماژە بە بار و دۆخی هەستەکانی دەدات ، کە ئاماژەیەکە بۆ مەبەستی کاردانەوەی گوزارشتەکانی ، هەروەها شیکردنەوەی کۆد و ناسینەوە و تێگەیشتن لە واتای ئەم دەنگانە پەیوەستە بە چەندێتی تێگەیشتنی گوێگرەوە* ( + Female ) . هێورکردنەوەی ئەم قۆناغەی منداڵ لەڕێگەی کردە جووڵەییەکانی وەك دامرکاندنەوەی دۆخی برسێتی ، تینوویەتی ....هتد ، دەبێت .

[١] تابان محەمەد سەعید (٢٠٠٨ : ٣٣ ) .

[٢] کەریم شەریف قەرەچەتانی ( ١٩٩٧ :٦٤).

* توانای تێگەیشتن لە واتای دەنگە دەربڕراوەکانی منداڵ لەلای گوێگر جیاوازە ، کە هەندێك گوێگر ئەم توانای تێگەیشتنەی کەمترە تا گوێگرێکی تر .

**ب. قۆناغی گرِۆگالْ :**

لەم قۆناغەدا دەنگە دەربڕراوەكان لەگەلْ دەربڕینی ئاواز و ڕیتمێكە ، كە جیاكردنەوە و توانای تێگەیشتن لە شیكردنەوەی واتای ئەم دەنگانە ئاسانترە ، هێوركردنەوەش لەم قۆناغەدا ئاسانتر بەرجەستە دەكرێت ، كە هاوشێوەی ئەو دەنگە دەربڕراوە ئاوازدارییەیە ، كە منالْ لەپێناوی گوزارشتكردن لە هەستەكانی پێڕەوی دەكات . بۆ نموونە :

دەربڕینی دەنگی ( بڤڤە ) = نەكردنی كردەیەكی نێگەتیڤی .

**پ.قۆناغی لاساییكردنەوە :**

توانای منالْ بەسەر لاساییكردنەوەی دەنگ و فۆرمە بیستراوەكان ( وشە ) لەدوای تەمەنی ( ٥ ) مانگییەوە دەستپێدەكات ، بەلاَم توانای تێگەیشتن لە واتای وشەكان كەمترە . بۆیە لەم قۆناغەدا هێوری دەربڕین بەهۆی مۆدێلی وێنەگرتنی دەنگ بە دەنگەوە * لەلایەن قسەكەرەوە هاوشێوەی قۆناغی ڕابردوو پێڕەو دەكرێن .

**ت. قۆناغی واتاپێدان :**

( پابەندبوون بە شوێنی وشە و ئەو دیاردەیەی ، كە گوزارشتی لێدەكرێت ، منالْ فێری واتای شتەكان دەبێت ، بەلاَم ناتوانێت ڕستە دەربڕێت ، بەواتای دەربڕینی وشەیەك لە شوێنی دەربڕینی ڕستەیەكدا بەكاردەهێنێت ) [١] بۆ مەبەستی هێوركردنەوە ئەمەش گونجاوە. بۆ نموونە :

دەربڕینی وشەی وەك ( حەم ) ** = دەربڕینی ڕستەی : برسیمە خواردنم بۆ بهێنە .

( نەء ) = دەربڕینی ڕستەی : نەكردنی كردارێك ، كە مایەی زیانگەیاندن بێت .

جگە لە فاكتەری(١) كە ئاماژەی پێدرا، چەند فاكتەری تریش ڕۆلْدەبینن لە گەشەكردنی زمانی منالْدا :

٢.باری تەندروستی .

٣. جۆری ڕەگەز ( نێر / مێ ) .

٤. ئاستی زیرەكی .

٥.ژینگەی كۆمەلاَیەتی و ڕۆشنبیری .

---

* مۆدێلی وێنەگرتنی دەنگ بە دەنگ: چەشنێكی گۆڕدراو و دەستبەسەرداهێنراوی لەسكەدانە ، تێیدا فۆرمی وشەیەك لەڕێی لاساییكردنەوەی دەنگی سروشتییەوە دادەڕێژرێت و وشە نوێیەكە وەك ئەو دەنگە سروشتییە دروستدەكرێت ، وەك خشەخش .

[١] كەریم شەریف قەرەچەتانی : (١٩٩٧: ٦٣).

** فێربوونی وشە و ئامراز و ڕستەكانی زمان پەیوەستە بە قورسی و سوكی فۆرمەكان ، بە واتای منالْ لەسەرەتادا فێری وشە ، ڕستەی ئاسان ، سادەكان دەبێت ، پاشان لێكدراو و ئالۆز . سەرچاوەی پێشوو : (١٩٩٧: ٥٨) .

بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە : محەمەدی مەحویی : بەرگی یەكەم : (٢٠١٠: ١٢٤).

به شێوەیەکی گشتی سەرجەم ئەم هۆکارانە بەشدارن لە زەنگینیی فەرهەنگی زمانی مناڵ هاوکات ئامرازێکیشە لە یارمەتیدانی هێورکردنەوەی باری ورۆژاو لەلای منالّ.

**٢. تەمەنی هەرزەکار :**

به شێوەیەکی گشتی لەناو گروپی خێزاندا ، ڕەفتاری نەرمی و هێورکردنەوە بەهۆی چەند کردەیەکی زمانیی و نازمانییەوە بەرجەستە دەکرێت [١] ، وەك کردەکانی ( مشتومڕکردن ، ڕازیکردن، دادوەریکردن ، لێپرسینەوە ، دەستنیشانکردنی ئاکامی ڕەوشتی ، ئامۆژگارییکردن ) . جێبەجێکردنی ئەم کردانە لە چەند فۆرمێکی زمانییدا دەستنیشان دەکرێن لەگەڵ ئەوەی لێکۆڵەرەوان جەخت دەخەنە سەر دەربڕینی ( فۆرمی ڕستەی پرسیاری ) [*] ، زۆرتر لەم شێوە فۆرم و کردانەی ، کە ئاماژەی پێدراوە.

بۆ نموونە :

٣٥. {+Initial} پێم وتبوویت ، کە نابێت ئەم کارە بکەیت . ( ئامۆژگارییکردن )

٣٦. {+Initial} ئێوە نەدەبوو ، کە بچوونایە بۆلای مامۆستای زیندەوەرزانی . ( دادوەریکردن )

٣٧. {+Final} ئەم کەلوپەلانەی تۆ کڕیوتە ، زیان بە ئابووریت دەگەیەنێت . ( دەستنیشانکردنی ئاکامی ڕەوشتی ) .

بەرامبەر بەم ستراکچەرانە ، دەربڕینی ئەم گوزارشتانە پەسەندترن :

٣٨. ئامانجت چی بوو لە کردنی ئەم کارەدا ؟

٣٩. بۆچی ڕۆشتبوون بۆلای مامۆستای زیندەوەرزانی ؟

٤٠. ئایا سوود لە کڕینی ئەم جۆرە کەلوپەلانە وەردەگریت ؟

## ٣ / ٢ – ١– ٢ ) هەمەجۆریی پیشە و پێگە کۆمەڵایەتییەکان :

زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی لە زمانی چین و توێژەکانی کۆمەڵ بە هەمەجۆری پیشەوە لە جۆر و شێوازی زمانیان دەکۆڵێتەوە ، چونکە قسەکەر بەهۆی ئەو شێوازەی [**] ، کە قسەی پێدەکات هەڵسوکەوت و کەسێتی و جۆری پیشەکەی دەخاتەڕوو ، بۆ ئەمەش ( شوێن و پلەی کۆمەڵایەتیی قسەکەر لە کۆمەڵدا گرنگە ، چونکە دەبێتە دەستنیشانکردنی هەڵسوکەوتی زمانیی قسەکەر لە ڕۆڵە

---

[١] گلێن ستێن ( ٢٠٠٩ : ٨٠ ) .

[*] ئەگەر بەکارهێنانی ستراکچەری پرسیاری بۆ دەستکەوتنی زانیارییەکان لە کەسی گوێگر کاریگەرتر و هێورترە لە جۆری ستراکچەرەکانی تر .

[**] سەرنج بدرێتە ئەو دەربڕراوانەی ، کە سەربازەکان لە بارودۆخی دەربڕینی پەیامی سلاوکردندا بەرامبەر بەیەکتر ڕادەگەیەنن ، واتا و مەبەستی تایبەتیان هەیە ، کە تێگەیشتن لەلایەن گوێگری پیشە جیاوازی ترەوە ئاسان نییە ، ئەمەش وەك بەکارهێنانی کۆدێکی زمانی هێمایی لێدێت.

کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا ، ئەمەش بە پێی ژمارەی هاودەمەکانی دەگۆڕێت و کاریگەریی لەسەر دەربڕراوەکانی قسەکەر خۆیدا هەیە )[١] . کەواتە بۆ هەر جۆری پیشە و پێگەیەك شێوازێکی تایبەت هەیە، بەڵام ( هەندێك لە قسەکەران یەکخستن لە زمانی پیشەیاندا دروستدەکەن ، ئەگەرچی گرانی و ئاڵۆزی بدۆزرێتەوە لە تێگەیشتنی زمانەکەیاندا لە پرۆسەی پەیوەندییکردن بەو گوێگرانەی ، کە هاودەم/ بەشێك نین لە چەشنی پیشەکانیان )[٢] . بۆ نموونە : فەرهەنگی وشەی پزیشکێك لە فەرهەنگی وشەی مامۆستایەك جیاوازە لە ڕووی بەکارهێنان و زەنگینی فۆرمەکانەوە ، ئەم جیاوازییەش لەنێوان دوو لقی جیاوازی هاوپیشەدا هەیە ، بۆ نموونە :

بێژەری هەواڵ لەکاتی پێشکەشکردنی هەواڵدا ← هەواڵی ئابووری
← هەواڵی سیاسی
← هەواڵی وەرزشی

نائاگایی و ئاشنانەبوونی گوێگر لە فۆرمە بەکارهێنراوەکاندا ، ئاڵۆزیی و تێکدان لە واتای گوتراوەکاندا دروستدەبێت . بۆیە دەگونجێت لە دەربڕینی باری قسەکردنێکی ئاساییدا ، فەرهەنگی وشە و شێوازی قسەکردنی قسەکەرێك دەربکەوێت ، لەمەوە " گەشە و جیاوازی گەنجینەی وشەکان تەنها لە ژمارەی وشەکاندا نییە، بەڵکو لە شێوازی قسەکردنیشدا دیارە" [٣].

هەر وەکو لە باری سڵاوکردندا . بۆ نموونە :

٤١. أ. ئالان : ئەم کاتەت باش .

گ١ ب: سەرچاو ، بەخێربێیت . ( پیشە : ڕەشۆکی [*] )

گ٢ پ: عەلەیکوم سەلام، ڕەحمەتوڵاهی وە بەرەکاتو . ( پیشە : مامۆستای ئایینی )

گ٣ت: ئەم کاتەت باشتر/ ئەهلەن . ( پیشە : پزیشك )

شێوازی کاردانەوەی گوێگر دەگۆڕێت بەرامبەر بە پەیامی قسەکەر بەپێی ئاستی خوێندەواری ، جۆری پیشە، کەسێتی ، ئاستی کۆمەڵایەتی . لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت بەهۆی دەربڕینی فۆرمەکانی وشەی هەر گوێگرێك لە پێڕاگەیاندنی کاردانەوەکانی بۆ ئەو فۆرمە زمانییانە بەدەست بکەون ، کە گوزارشتە لە واتای هێورکردنەوە / نەرمی دەربڕین.

---

[١]. محەمەدی مەحویی : (٢٠٠٩ :٩٦).

[٢]. عبده الراجحي : (٢٠٠٤ :٧٠).

[٣]. تابان محەمەد سەعید ( ٢٠٠٨: ٣٤ ) .

[*] زمانی ڕەشۆکی Slang : زارێکی کۆمەڵایەتییە ، کە بەکاردەهێنرێت لەنێو ئەو گروپە کۆمەڵایەتییەی ، کە لە ڕووی تەمەنەوە گەنجترن لە تەمەنی تر ، لە دەربڕینییاندا زۆرتر ئەو زاراوە و وشانە بەکاردەهێنن ، کە لەنێوانیاندا باوە / گرنگی پێدەدەن . بڕوانە : George Yule (2006:211).

بۆیە هەر تاکێکی کۆمەڵ دەتوانێت بە پێڕەوکردنی ئاستی گوێگر شێوازی دەربڕینەکانی بگۆڕێت ، چونکە زمانیش وەك زۆربەی دیاردە کۆمەلأیەتییەکانی تر ، دەبێت بەپێی باری قسەکردن ، کات ، شوێن بۆ بەکارهێنەرەکەی ، خۆی بگونجێنێت ، چونکە "جیاوازی لە ئیشوکاردا بووەتە هۆی دروستبوونی زاری خاوەن پیشەکان ، کە هەریەکەیان زمانێکی تایبەتی خۆی هەیە ، وشە و زاراوەکانیشیان لە وشە ناچالاکەکانن ، کە زوو پەیدادەبن و زووش لەناودەچن ، بەلأم بە هاتنیان بۆناو زمان گەنجینەی وشە فراوان دەکەن "[١].

## ٣/ ٢ – ١ – ٣ ) کێشەی سیاسی و ئابووری :

هەڵبژاردن و بەکارهێنانی وشەی چەمکە بریقەدارەکان لە هەر بارێکی گوتندا لەلایەن قسەکەری پیشە سیاسییەوە ، دەستنیشانکردنی دوو چەشن لە هەڵوێستی گوێگرە لە هەر ڕەگەز و تەمەن و ئاستێکدا بێت. بە واتای بە دەنگەوە چوونی واتای ئەم فۆرمانە کاردانەوەی پۆزەتیڤ بەرجەستە دەکات لەگەڵ ئەوەی مەبەستی قسەکەر لەبەکارهێنانی ئەم چەمکانەدا ، گۆڕینی ئاڕاستەی ڕەفتاری گوێگرە بۆ ئەو ئاڕاستەیەی ، کە مەبەستێتی . هەروەها دەگونجێت شێوەیەکی تر لە دەربڕینی زمانیی بکرێتە ئامراز و کەرەستەی کاریگەر ، بۆ نموونە : بەکارهێنانی ( زمانی هێما ) ، کە ( زمانی نێوان دوو کەس / گروپ بەمەبەستی تێنەگەیشتن لە واتای فۆرمەکان ، کە بەکارهێنان و شێوەی ئەم زمانە بەردەوام لە گۆڕاندایە)[٢]. لەم جۆرە زمانەدا ئەو وشانەی بەکاردەهێنرێن هێمان بۆ وشەی تر ، کە لە فەرهەنگی زمانەکەدا واتای زۆر لێك دووریان هەیە ، چ لە بواری کێشەی سیاسیی / ئابووری دا بێت . بۆ نموونە :

٤٢. ئالان : لە <u>کاتژمێر سفردا</u> <u>جەنگەڵەکان</u> <u>لە چەقەڵەکان</u> <u>پاککرانەوە</u>[٣].

لە کاتژمێر سفردا : دەرخستنی کاتە ، کە قسەکەر مەبەستی لە کاتێکە ژمارە (سفر) ی کردووەتە هێما لە نێوان خۆی و گوێگردا.

جەنگەڵەکان : هێمایە بۆ ئەو شوێنەی ، کە دەبێت پاکبکرێتەوە.

چەقەڵەکان : هێمایە بۆ هێزی بەرامبەر ( دژ ) .

---

[١]. تابان محەمەد سەعید ( ٢٠٠٨: ٢٥ ).

[٢]. سەرچاوەی پێشوو.

[٣]. بەهزاد حسێن (٢٠٠٨ : ١٢١).

پێکەوە ڕیزکردن و لەیەکدان و کۆکردنەوەی کەرەستەی وشە و فرێزەکان پێکەوە لە ستراکچەرێکی ڕستەییدا، بە ڕەچاوکردنی لۆژیك ڕیکدەخرێن . هەروەك دەزانرێت لە نموونەی (٤٢) دا فرێزی (کاتژمێری سفر) لەگەڵ لۆژیکدا ناگونجێت ، چونکە ( لۆژیك زانستی هزرە بۆ جیاکردنەوەی بیرکردنەوەی دروست لە نادروست ، بە واتای بیرکردنەوەی دروست بەبێ لۆژیك نابێت ) [*] .

بۆ چۆنییەتی ڕیزکردنی کەرەستە زمانییەکان بە واتایەکی دروستەوە ، پێویستە پێڕەوی هەردوو پەیوەندییە واتاییەکانی : ( تەکنیشینی و ستوونی ) بکرێن ، کە :

## ١. پەیوەندیی تەکنیشینی :

بەیەکەوە هاتن و میکانیزمی ڕێکخستنی وشەکان پێکەوە لە سنوری ستراکچەری ( فرێز / ڕستە ) دا ، دەبێتە دەستنیشانکردنی هاوڕێیەتی و پێکەوە گونجاندنی هێماکان . بۆ نموونە :

٤٣. ئازادی ژن ، هەوێنی کۆمەڵایەتیی و ئایندەی گەلە. ( هاوڕێیەتی لەنێوان کەرەستەکاندا هەیە).

## ٢. پەیوەندیی ستوونی :

گرنگی وشە و هێماکان لەم پەیوەندییەدا لە کاتی بەکارهێناندا دەردەکەوێت ، کە ( لەجیاتی دانان / گۆڕینی وشە بە وشەیەکی تری هاوئەرك لەو تەوەرەیەدا بەبێ کاریگەری خستنەسەر تێکدانی پەیوەندی ئاسۆیی نێوان وشە و هێماکان ) [١] .

٤٤. ئەوان بایەخ دەدەن بە پێشخستنی باری ئابووری وڵات .

جێناوی ( ئەوان ) لەم ڕستەیەدا لەگەڵ جێناوەکانی تری وەك ( من ، ئێمە ، تۆ ، ئێوە ، ئەو) دا پەیوەندیی هەیە و پۆلێکی پەیوەندیی وشەسازی دروستدەکەن ، کە جێناون دەتوانرێن ئاڵوگۆڕ بکرێن.

ڕەنگدانەوەی نەرم و هێوریی دەربڕین لە گوتراوە سیاسییەکاندا زۆرتر و بە مەبەستەوەیە ، بە واتای هەمەجۆریی لەشێوەکانی دەربڕیندا پێڕەو دەکرێن ، وەك بەکارهێنانی ( هێما ، ئیدیۆم ، ناڕاستەوخۆیی). بۆ نموونە :

٤٥. سەرکەوتنی گفتوگۆکان ، پێدانی مافی سیاسیی دیموکراتی کوردە لە باکووری کوردستان.

بەکارهێنانی فرێزی ( دیموکراتی کورد ) پەیوەستە بە تەواوکردنی واتای هێزی فۆرمی فرێزی ڕستەکەی پێشەوە ( سەرکەوتنی گفتوگۆکان ) . لەگەڵ ئەوەشدا دەگونجێت چەند مەبەستێکی قسەیی لە دەربڕینی ئەم ستراکچەرەدا هەبێت لەلایەن قسەکەری سیاسییەوە.

---

[*] بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە : ئارام قادر : شرۆڤەی لۆجیکی زمان ( ٢٠١٠ ).

[١] عەبدولواحید موشیر دزەیی ( ٢٠١٠: ١٠٩).

لە کێشەی ئابوورییدا ، فۆرمەکان کەمتر تێکەڵ بە واتای هێوربوون دەبن ، زۆرتر بەهۆی بەکارهێنانی فۆرمەکانی ( ڕادە : کەم ، زۆر ، نزم ، بەرز ....) لە شێوەی فرێزدا ، دەتوانرێت واتایەکی هێور و نەرم بە واتای دەربڕراوەکان ببەخشێت ، کە لە ستراکچەرێکی وەك فرێزدا یەکدەخرێت و پاشان لە ستراکچەری ڕستەدا بەکاردەهێنرێن . بۆ نموونە :

٤٦. کەمی خۆراك ( واتا نێگەتیڤ : نزمبوونەوەی ئاستی بژێوی )

٤٧. بەرزبوونەوەی نرخی دراوی ئەمریکی ( واتا نێگەتیڤ )

٤٨. کەمبوونەوەی فشاری ئابووری ( واتا پۆزەتیڤ )

٤٩. کەمکردنەوەی پچڕاندنی پەیوەندی ئابووری ( واتا پۆزەتیڤ )

## ٣/ ٢ – ٢ ) هێورکردنەوە لە زمانی ڕاگەیاندندا ( ڕۆژنامە) :

( ڕاگەیاندن لقێکی تایبەتە لە پرۆسەیەکی گەورەدا ، کە پێگەیاندنی جەماوەرییە )[١]، ئەم لقەی ڕاگەیاندنە چەند لقێکی تری لە خۆ گرتووە بۆ نموونە : ڕۆژنامە کە : ( لقێکی ڕاگەیاندنە و فۆرمەکانی زمان تێیدا ( وشەی نوسراو ) هێز و کاریگەرییەکی بۆ سەر خوێنەر تێدایە لە پێناوی کۆنترۆڵکردنی کاتدا) [٢]. لە زمانی ڕۆژنامەدا لەگەڵ ڕەگەزەکانی ئاخاوتندا ، چەند ڕەگەزێکی تر هاوڕێیانە بەشداردەبن لە کردەی گەیاندن و پرۆسەی پەیوەندییکردنی نێوان قسەکەر و گوێگردا [٣]:

هەریەکێك لەم ڕەگەزانە پەیوەستن بە چەند نیشانەیەکەوە :

١. کەی = دەرخستنی نیشانەی کات.

٢. کێ = دەرخستنی نیشانەی بکەر .

٣. لەکوێ = دەرخستنی نیشانەی شوێن .

٤. ( چی ، چۆن ، لەبەرچی ) = پەیوەستە بە بار و دەوروبەری قسەکردنەوە .

لەناو هەریەکێك لەم ڕەگەزانەدا گرنگی دەرکەوتنی یەکێکیان لەپێش یەکێکی تر زۆرترە . هەروەك لە ڕۆژنامەنووسی کوردییدا ، گرنگی دەرکەوتن لەپێشەوە ڕەگەزی ( کێ) زۆرترە :

٥٠. خۆپیشاندەران گۆمی مەنگی دەسەڵات دەشڵەقێنن.[٤] ( وروژاندن × هێورکردنەوە )

( کێ = بکەر = فرێزی ناوی )

---

[١] سەلام کەریم عەلی ( ٢٠٠٥ : ٩ ) .

[٢] سەرچاوەی پێشوو ( ٢٠٠٥ : ٣٠ ) .

[٣] ڕەحیم قادر سورخی ( ٢٠٠٥ : ٨٠).

[٤] هاوڵاتی ( ٢٠١١ : ژ ٧١٤ : ١).

٥١. ژنانی سلێمانی ، داوای ئاشتی دەکەن .[١] ( هێورکردنەوە )

( کێ = بکەر = ف . ن )

٥٢. نوسەران و ڕۆشنبیران ، گەشبینن بە دەستپێکردنی پرۆسەی دیالۆگی نیشتمانی .[٢] ( هێورکردنەوە )

( کێ = بکەر = وشەی لێکدراو )

لەم نموونانەدا گرنگی ڕەگەزی (کێ) بکەری ئەو کردانە لە ڕاپەڕاندنی کردارەکاندا بەها و کاریگەریی دەخاتەسەر گوێگر بە هەر ئاڕاستەیەك بێت ، کە ئەم بکەرە دەگونجێت تەنها لە شێوەی ( ناو ، جێناو ) بێت ، لەڕووی پێکهاتنیشەوە بە شێوەی ( سادە ، لێکدراو ، ستراکچەری فرێز ) دەربکەون . کەواتە لەڕووی دەرکەوتنی هەریەکێك لەو ڕەگەزانە دەبنە دەرکەوتنی کاریگەریی گوتن perlocutionary Effect ، بە تایبەتی لە بەشی سەری ڕۆژنامەدا Lead ، کە ئەم بەشە بە " پەرەگرافی یەکەمی هەواڵ لە داڕشتنی بە شێوازی قوچەکی سەراوبن پێناسە کراوە . لە ڕووی ئەرکیشەوە : ڕێبەریکردنی خوێنەرە بۆ درێژەدان بە خوێندنەوە / ڕاگرتنی لە بەردەوامبوونی لەسەر خوێندنەوەکە " [٣].

بۆ ئەم کارە چەند نموونەیەك ( فۆرمەکانی دوو ڕۆژنامەی کوردی ) [*] ، شرۆڤە کراوە بە دەرخستنی ئەو ڕەگەز و کاریگەرییانەی هەواڵ ، کە تێیاندا دەردەکەوێت ، هاوکات خستنەڕووی ئەو شێوازە زمانییەی تێیدا بەکارهێنراوە لەڕووی هێوریی و زبرو توندییەوە ، کە دەبێتە گەیاندنی ئەرکێك لە ئەرکەکانی زمان ، ئەمەش کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆیە و کاردانەوەی پۆزەتیڤی / نێگەتیڤی دەخاتە سەر گوێگر / خوێنەر:

[١]. هاولاّتی (٢٠١١ : ژ ٧٢٦ : ١).

[٢]. کوردستانی نوێ ( ٢٠١١: ژ ٥٤١٢ :٨).

[٣]. ڕەحیم قادر سورخی (٢٠٠٥: ٨١).

[*] بۆ ئەم مەبەستە لەم کاری لێکۆڵینەوەیەدا نموونەکان لە هەردوو ڕۆژنامەی کوردی ( هاولاّتی ، کوردستانی نوێ ) لە ڕووداوەکانی کاتی ( ٢٠١١/١/٣٠ – ٣٠ /٢٠١١/٧ ) شاری سلێمانی ، وەرگیراوە . ڕۆژنامەی ( هاولاّتی ) وەك نموونەی ڕۆژنامەی ئۆپۆزسیۆن ، کە زۆرتر ئاماژەدان و ڕەنگدەرەوەی کاردانەوەکانی گوێگرە لەو بارودۆخ و ژینگەیەی تێیدایە بەکارهێنانی ستراکچەرەکان زیاتر وروژاندنە ، ڕۆژنامەی ( کوردستانی نوێ ) وەك نموونەی ڕۆژنامەی دەسەلاّت ، کە ئاماژەپێدەری بار و کاردانەوەکانی گوێگرە بەلاّم بە چەمکێکی پۆزەتیڤی و بەکارهێنانی ستراکچەر و فۆرمەکان واتای هێورکردنەوەی جەماوەرە . وەرگرتنی نموونەکانی هەردوو ڕۆژنامەکە بە مەبەستی زیاتر خستنەڕوو و ئاماژەدان بەو کاریگەرییە گوتنەی لە ڕێی ستراکچەری ئەم هەواڵانەوە کاردانەوەی هەبووە لەلای گوێگران / خوێنەران . نموونەکانیش لە سێ هەفتەی یەکەم = ٢٠١١/١/٣٠ – ٢٠١١/٢/٢٣ ، سێ هەفتەی دووهەم = ٢٠١١/٤/١٣ – ٢٠١١/٥/٤ ، سێ هەفتەی سێهەم = ١٠ /٢٠١١/٧ – ٢٠١١/٧/٢٧ ئاماژەی پێدراوە.

**شیکردنەوەی نموونەکان لە سێ هەفتەی یەکەمدا ( ٢٠١١/١/٣٠ – ٢٠١١/٢/٢٣ ) :**

**نموونەکانی بەرواری ( ٣٠ / ١ / ٢٠١١ / یەك شەممە ) :**

٥٣. أ. هەر دەسەلاَتێك گرنگی بە بژێوی خەڵك نەدات ، هەمان چارەنووسی ( تونس) ی دەبێت .[١].

ب. كۆمەڵەی كاسبكاران و پیشەوەران : دەیانەوێت گرانیی بڵاوبكەنەوە و كاسبی خەڵك تێكبدەن.[٢]

لە نموونەی ( ٥٣.أ) دا : هەردوو ڕەگەزی ( كێ = هەر دەسەلاَتێك ) ، ( لەكوێ = هەر شوێنێك ) بەشدارن ئەگەرچی ڕاستەوخۆ كەرەستەی نیشانەی شوێنی لێرەدا ئاماژەپێنەدراوە ، ئەمەش جۆرێكە لە دەربڕین بە هێوریی ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بە ڕووداوی نیگەتیڤی بارودۆخی وڵاتی وەك (تونس) دراوە ، واتە قسەكەر نزیكخستنەوە و لێكچواندنێك / پەیوەندییەك بۆ ئەو شوێنەی مەبەستێتی دروستدەكات ، لەگەڵ ئەو شوێنەی ، كە پێیدەشوبهێنێت . دیارە لێرەدا مەبەستی ئەم كردەی قسەییە ناڕاستەوخۆییە داواكردنە لە بكەر لەپێناوی بایەخدان بە باری ئابووری میللەت . ئەم ستراكچەرەش شێوە ڕاستەوخۆكەی دەگەڕێتەوە بۆ یەكێك لەم شێوە ڕاستەوخۆ دەربڕینانە ، كە دەگونجێت زیاتر كاریگەریی لەلای گوێگر بەرجەستە بكات بە شێوەی زبر و توند :

١. هەر دەسەڵاتێك گرنگی بە بژێوی خەڵكی ئەم شارە نەدات ،.............

نیشانەی شوێنی

٢.هەر دەسەڵاتێك گرنگی بە بژێوی خەڵكی شاری سلێمانی نەدات ، ..........

ناوی شوێنی

هەروەها لەهەمان باری گوتندا ، نموونەی (٥٣.ب) كە ڕەگەزی ( كێ ) و ڕەگەزی ( چی = دەیانەوێت گرانی بڵاوبكەنەوە و ......) بە ئاشكرا ڕاپەڕاندنی كردارەكە ئاماژەی پێدراوە ، ئەگەرچی لێرەدا ڕەگەزی ( شوێن = شوێنی ڕووداوەكە =شاری سلێمانی ) گوێگر بەهۆی زانیاریی هاوبەشەوە لە مەبەستەكانی قسە ئەم پرۆسەیە تێگەیشتنی ئاسانترە . هاوكات قسەكەر بەهۆی ستراكچەری كرداری (دەیانەوێت + $پ_1$ + $پ_2$ ) ئاماژە بە ڕوودانی كردەیەك بدات ، كە لە دەمی ڕانەبردوودا ڕوودەدات .

ئەم شێوە دەربڕین و گوزارشتكردنەی قسەكەر لە ڕووی واتای فۆرمە بەشداربووەكانەوە شێوەیەك لە هێوریی و ڕوونیی دەبەخشێت بە گوێگر .

---

[١] هاوڵاتی ( ٢٠١١ : ژ ٧٠١ :٧).

[٢] كوردستانی نوێ (٢٠١١: ژ ٥٣٩١ : ٥).

**نموونەی بەرواری ٢٠١١/٢/١٦ / چوارشەممە :**

٥٤.أ. پێنج شەممە لە سلێمانی خۆپیشاندانە.[١]

ب. پەرلەمانتاران : دەبێت بەرژەوەندی گشتی بخرێتە پێش بەرژەوەندی حیزبەوە .[٢]

لە نموونەی (٥٤.أ) دا ڕەگەزی (کێ) ، ( کوێ)، (چی) بەشدارن ، هەرسێ ڕەگەزەکە بەپێی شێوەی ڕیزکردنیان و بەدوای یەکترداهاتنیان ، کاریگەریی دەخەنە سەر ڕاپەڕاندنی ئەو کردارەی قسەکەر مەبەستێتی لە جێبەجێکردنیدا ، لەگەڵ ئەوەی هێزی گاریکەریی کرداری ( خۆپیشاندان ) بۆسەر گوێگر کاردانەوەی وروژاندنی لێ ڕوودەدات ، بەڵام بەشداریکردنی هەردوو ڕەگەزی ( کات ) ، ( شوێن ) لەم ستراکچەرەدا دەبێتە نیشانکارێك بۆ ڕوودانی ئەو کردارە لە کاتی گوتن / مەبەستی گوتن ، ئەمەش لەڕووی شێوازی دەربڕینەوە چەشنێکە لە زبری نەك هێوریی .

لە نموونەی (٥٤.ب) دا ڕەگەزی (کێ= پەرلەمانتاران ) هێزێکی کاریگەر بۆسەر گوێگر دەخاتەڕوو، بە واتایەکی پۆزەتیڤی لەپێناوی بەرجەستەکردنی دۆخێکی پۆزەتیڤی و هێورکردنەوەی گوێگر، ئەم هێزەش کاریگەرییەکەی لە کرداری ( دەبێت / پێویستە ) و کەرەستەی دوای خۆی ( بەرژەوەندی گشتی = میللەت) زۆرترە . بەشدارییکردنی ڕەگەزەکانی ئەم نموونەیە لە ڕێگەی واتای کردارەکەوە ، کە پۆزەتیڤە دەربڕینێکی هێوریی و نەرمی لەلای گوێگر بەرجەستە کردووە.

**نموونەی بەرواری ( ٢٠١١/٢/٢٠ / یەك شەممە) :**

٥٥.أ. پێنج شەممەی سووری سلێمانی .[٣]

ب. هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە .[٤]

نموونەی (٥٥.أ) فۆرمی فرێزی ( پێنج شەممەی سووری سلێمانی ) بەهۆی ئاوەڵناوی (سوور) ەوە ، کە ئاوەڵناوێکی واتا ترسبەخشە بۆ گوێگر ، پەسنێکە بۆ گوزارشتکردن لە ڕووداوی ئەو شوێنە لە کاتێکی ڕابردوودا . بەشدارییکردنی هەردوو ڕەگەزی (کەی) و (لەکوێ) بە واتایەکی ترسهێنەر کاریگەریی نێگەتیڤی دەخاتەسەر گوێگر. هەروەها لە نموونەی (٥٥.ب) دا ، کە ڕەگەزی بکەر (کێ = نیشانەی بکەری = ین) ئاماژەیە بۆ نیشانەی کەسی (ئێمە) بەهۆی زانیاریی هاوبەشی نێوان قسەکەر و گوێگران ئەوە دەردەخات (بکەر = چینی دەسەڵات) بە جێبەجێکردنی ئاشکرای کردەی قسەیی ڕاستەوخۆی (هێورکردنەوە و گەڕانەوەی دۆخی ئاسایی) یە ، کە ئەمەش لەڕووی شێوازی دەربڕینەوە ڕاستەوخۆ ئاماژەدانە بە هێوریی زمانی قسەکەر.

---

[١] هاوڵاتی (٢٠١١: ژ ٧٠٦ :١ ).

[٢] کوردستانی نوێ (٢٠١١: ژ ٥٤٠٦ : ٨).

[٣] هاوڵاتی (٢٠١١: ژ ٧٠٧: ١).

[٤] کوردستانی نوێ ( ٢٠١١: ژ ٥٤٠٩ : ٨).

**نموونەکانی سێ هەفتەی دووهەم ( ٢٠١١/٤/١٣ – ٢٠١١/٥/٤ ) :**

**نموونەکانی بەرواری ( ٤/١٣ / ٢٠١١ / چوارشەممە ) :**

٥٦.أ. گەڕاندنەوەی موڵکی داگیرکراو ....ئەی سزاکەی؟ [١]

ب. ئایا ئەوەی ئۆپۆزسیۆن داوایدەکات داواکاری هەموو خەڵکە ؟ [٢]

نموونەی (٥٦.أ) ڕەگەزی (چی) کە لەپێش ڕەگەزەکانی ترەوە بەشدارە ، ئاماژەدانە بۆ ئاساییکردنەوەی / جێبەجێکردنی ئەو کردارەی ، کە ڕادەپەڕێنرێت لەکاتی مەبەستی گوتندا ، بەڵام لەگەڵ ئەم ڕاپەڕاندنەدا ، قسەکەر ڕاستەوخۆ داوایەك request دەکات بۆ جێبەجێکردنی ئاشکرا ، کە (سزادان) ە ، بۆ بکەری ئەو کردەیە ( داگیرکردنی موڵکی خەڵك = واتایەکی نێگەتیڤی هەیە ) ، لەگەڵ ئەوەشدا داواکردنی ( ئەی سزاکەی؟) لە فۆرمێکی پرسیارییدا زبری و توندییەکە بەرامبەر بە بکەر ، هاوکات هێوربوونەوەیە بۆ ڕەگەزی ( بەرکار = موڵکی خەڵك ) کە لێیان زەوتکراوە.

بەڵام نموونەی (٥٦.ب) کە قسەکەر فۆرمێکی پرسیاری دەربڕیوە لە ئەرکی (هێورکردنەوە) دایە ، چونکە قسەکەر لەڕێگەی بەکارهێنانی فۆرمی فرێزی ( هەموو خەڵك ) دەیەوێت ژمارەی ئەو خەڵکانە دیارییبکات بەرامبەر بە ڕاپەڕاندنی کرداری ئەو داواکردنەی ئاڕاستەی قسەکەر کراوە .

بۆیە قسەکەر وەك پرسێك لە گەیاندنی ئەرکێکی وەك ( توانجلێدان ) دا دەستنیشاندەکات ، کە ڕەگەزی ( کێ ≠ هەموو خەڵك ) بەڵکو ( کێ = بەشێك لە خەڵك ) بەمەش فۆرمی پرسی ( ئایا ) دەبێتە ڕەواندنەوە و هێورکردنەوەی گوێگر لە پرۆسێسی تێگەیشتن و ئاڕاستەکردنی گوێگر بۆ بارێکی پۆزەتیڤی .

**نموونەی بەرواری ( ٢٠١١/٤/٢٤ / یەك شەممە) :**

٥٧.أ. هێزی ترس ناتوانێت دەنگی ناڕەزایی بخنکێنێت. [٣]

ب. تەنها دیالۆگ چارەسەرە . [٤]

لە نموونەی (٥٧.أ) پەسنکردنی فۆرمی (هێز) بە ئاوەڵناوێکی واتا نێگەتیڤی ( ترس ) ڕەواندنەوەی ئەو هەڵچوونی ترس و شڵەژاوییەی گوێگرە بەرامبەر بەو هێزە ، کەواتە ڕەگەزی (کێ = ڕەگەزێکی بچووککراوەیە لەڕووی تواناوە) ، هەروەها بەشدارییکردنی کرداری ( ناکردن = ناتوانێت ) +ڕانەبردووە ، بەرامبەر بە جێبەجێکردنی ئاشکرا و نائاشکرای ئەو کردەیەی ، کە دەبێت ڕاپەڕێنرێت ، ئەمەش دەبێتە نەرمی و هێوربوونی ئەو دەوروبەری گوتنە ، کە هێزی کاریگەریی گوتن لەسەر ئەم کردارە زۆرترە.

---

[١] هاوڵاتی (٢٠١١: ژ ٧٢٢: ٢).

[٢] کوردستانی نوێ (٢٠١١: ژ ٥٤٥٢ : ١٠).

[٣] هاوڵاتی (٢٠١١: ژ ٧٢٤: ١٤).

[٤] کوردستانی نوێ ( ٢٠١١ : ژ ٥٤٦١: ٢).

لەگەڵ ئەوەشدا ستراکچەری فرێزی ( دەنگی ناڕەزایی ڕەگەزی کیٚ ٢ ) بووەتە ڕکابەری / هێزی سەرکەوتوو بەسەر ڕەگەزی ( کیٚ ١) هەر بۆیە لێرەدا قسەکەر دوو ڕەگەزی ( کیٚ ) بەشدارییپێدەکات دژ بەیەکتر ، کاریگەریی سەرکەوتنی ڕەگەزی (کیٚ ٢) بەسەر ڕەگەزی (کیٚ ١) بەرز دەنرخێنێت لەبەرامبەر جێبەجێنەکردنی ئەو کردارە نێگەتیڤەدا .

بەڵام لە نموونەی (٥٧.ب ) دا قسەکەر ڕەگەزی ( چی ) دەکاتە ڕەگەزێکی کاریگەر = دیالۆگ و گفتوگۆ، بۆ جێبەجێکردنی ئەو کردە قسەییە ناڕاستەوخۆیەی کە مەبەستێتی ، چونکە لێرەدا زانیارییەکی تەواو لەسەر ڕاپەڕاندنی کردارەکان نەخراوەتە ڕووی گوێگر ، بەڵام ڕەگەزی ( چی ) ڕەواندنەوە و دامرکاندنەوەی کاردانەوەی گوێگر و دەوروبەری قسەکردنەکەیە.

**نموونەی بەرواری ( ٢٠١١/٤/٢٧ / چوارشەممە ):**

٥٨.أ. داوای خەڵك بە جێبەجێکردن چارەسەر دەبێت نەك بە توندوتیژیی. *[1]

ب. چۆن چاکسازی بکەین ؟ [2]

لە نموونەی ( ٥٨.أ) قسەکەر ڕەگەزی ( چی ١) و (چی ٢) ئاماژەپێداوە ، دەیەوێت جەخت بخاتەسەر ئاشکرایی لە جێبەجێکردنی کردارەکاندا ( کردەی قسەیی) چونکە لێرەدا کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ لە ڕاپەڕاندنی ئەو کردارانەیە ، کە دەبێت لە دەمی داهاتووی قسەکردندا بکرێت . کەواتە ڕەگەزی ( چی١ = داوای خەڵك ) گرنگترە بۆ جێبەجێکردن نەك بە کردەی واتا نێگەتیڤی ( توندوتیژیی ) .

لە نموونەی (٥٨.ب) دا فۆرمێکی پرس دەربڕاوە بەڵام لە ئەرکی هەستبزواندنی گوێگراندا ، وەك ئەوەی لە نموونەکانی پێشتردا ئەوە خراوەتەڕوو ، کە دەربڕینی فۆرمی پرسیاریی ، گەیاندنی واتایەکی پۆزەتیڤی و نەرمی گوتن بۆ پرۆسەی تێگەیشتنی گوێگر لە مەبەستەکانی گوتندا ڕەنگدەداتەوە . لێرەدا ئەگەرچی قسەکەر بە وردی نایەوێت زانیارییەکان دەربخات ، بەڵکو لە ڕێگەی وەرگرتنی زانیاری لە گوێگر و میکانیزمی چارەسەرکردن هەر لەلای گوێگر وەربگرێت ، بۆیە ڕەگەزی ( کیٚ = نیشانەی ین ) و ستراکچەری کرداری ( چاکسازی = هەڵگری واتا پۆزەتیڤ ) دەبێتە نەرمی ڕەفتاری ڕەگەزی (کیٚ) بەرامبەر بە گوێگر.

---

* هاوشێوەی ئەم نموونەیە : ئاگر بە ئاو دەکوژێتەوە .

[1] هاوڵاتی (٢٠١١: ژ ٧٢٦ : ١٣).

[2] کوردستانی نویٚ (٢٠١١: ژ ٥٤٦٤: ١٠).

**نموونەکانی سێ هەفتەی سێهەم ( ٢٠١١/٧/١٠ – ٢٠١١/٧/٢٧ ) :**

**نموونەکانی بەرواری ( ٢٠١١/٧/١٠ / یەك شەممە) :**

٥٩.أ. ئۆپۆزسیۆن : دەسەلأت بەلێنەکەی نەبردەسەر .[١]

ب. دانیشتنێکی ڕاشکاوانە.[٢]

لە نموونەی (٥٩.أ) دا دەربڕینی فۆرمێکی هەواڵدانە لە ئەرکی ( توانجلێدان ) دا ، کە خستنەڕووی هەردوو ڕەگەزی ( کێ = دەسەلأت ) ، (چی = بەلێندان ) لەم ستراکچەرەدا ، جۆرێکە لە دەربڕینی کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ لە جێبەجێنەکردنی ئەو کردارەی ، کە دەبوو ڕاپەڕێنرایە (جێبەجێکردنی بەلێن ) هەروەك ( ئۆستن و سیریەل ) کردارەکانی ( بەلێندان ، ئاگادارکردنەوە ) بە ئاشکرا ڕاپەڕاندنی کردەیەك دادەنێن ، بەلأم لەم نموونەی ئەرکی توانجەدا ئەوە دەخرێتە ڕوو کردەی ( نەکردن = +ڕابردوو) بەلێنەکە جێبەجێنەکراوە، ئەمەش لە ڕووی ستایلی دەربڕینەوە بە گوتنێکی زبر و توند دادەنرێت نەك هێوریی .

نموونەی ( ٥٩.ب) کە ستراکچەرێکی فرێزە (ف.ك = ناوی ڕووداو : دانیشتن + ئاوەلکردار : ڕاشکاوانە) کە پەسنی ناوی ڕووداوەکەی کردووە ، کە دەربڕینی خودی ئەم فرێزە قسەکەر ئەوە دەردەخات ، کە ڕاپەڕاندنی کردارێکی نائاشکرا جێبەجێدەکرێت ، ئەگەرچی ڕەگەزی (کێ)، ( لەبەرچی) ڕاستەوخۆیانە بەشدارنین ، هاوکات بەهۆی تێگەیشتنی پراگماتیکییانە(بەخشکەیی دەربڕین Implication ) لە کردەی جێبەجێکردنی ئەو کردارە ، دەگونجێت ئەم ستراکچەری فرێزە لە ڕستەدا بە یەکێك لەم شێوازانە دەربڕێن :

١. دانیشتنێکی ڕاشکاوانە ڕادەپەڕێنرێت . ( کردن )

٢. دانیشتنێکی ڕاشکاوانە ڕاناپەڕێنرێت . ( ناکردن )

بۆیە لەم نموونەیەدا لەڕێگەی مەرجەکانی پێشینە و زانیارییە هاوبەشەکانی نێوان قسەکەر و گوێگر و ئەو بارەی قسەی تێدا دەگوترێت پرۆسەی تێگەیشتن لە دەربڕینی ئەم کردەی قسەییەدا ئاسانترە و کاریگەریی گوتن لە فۆرمی فرێزەکەدا دەبێتە کاردانەوەی پۆزەتیڤی بۆ گوێگر . ئەم دەربڕراوەش جۆرێك لە نەرمی گوتنە بەهۆی بەشداریکردنی فۆرمی ( ئاوەلکردار = ڕاشکاوانە)ی واتا پۆزەتیڤ .

---

[١] هاولأتی (٢٠١١: ژ ٧٤٧: ٤).

[٢] کوردستانی نوێ ( ٢٠١١: ژ ٥٥٢٧: ٢).

**نموونەکانی بەرواری ( ٢٠١١/٧/٢٠ / چوار شەممە) :**

٦٠.أ. کێن ئەوانەی لە ڕۆژنامەنووسان دەدەن ؟ [١]

ب. کامیان زیانی زیاترە ؟ پێکهێنانی هەرێمێکی تر ، یان پێشێلکردنی دەستوور ؟ [٢]

لە نموونەی (٦٠.أ) دا دەرکەوتنی کرداری ( لێدان = واتا نێگەتیڤ) لە ڕەگەزی ( بەرکار ) جێبەجێکردنی ئاشکرای کردارێکی واتا نێگەتیڤە ، کە دەگونجێت لە کاتی گوتندا کردارەکەش جێبەجێکرابێت ، بەڵام قسەکەر بە دەمی ( + ڕانەبردوو) گوزارشت لە دەربڕینی ئەو کردەیە دەکات ، هاوکات ڕەگەزی (کێ) بە ئاشکرا ناخاتەڕوو چونکە دەیەوێت لە فۆرمێکی پرسیاریی ئەرك ( توانجلێدان) دا ، مەبەستی قسەکە دەستنیشانبکات . بۆیە ڕاستەوخۆ ئاماژەنەدان بە ڕەگەزی (کێ) لە دەربڕیندا نەرمی گوتنە.

هەروەها لە نموونەی ( ٦٠.ب) دا ، هێنانە ئارای هەردوو ڕەگەزی ( چی ١ = پێکهێنانی هەرێمی تر ) ، (چی ٢ = پێشێلکردنی دەستوور : ف.ك ) لە فۆرمێکی ڕستەی پرسی ئەم نموونەیەدا بۆ گەیاندنی ئەرکی (هەستوروژاندن) بۆ ناڕاستەی پۆزەتیڤی گوێگر دەبنە هێزی کاریگەر لە دەربڕیندا ، هاوکات بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی کرداری (زیانگەیاندن) لەم فۆرمەدا ، بەرامبەر بە دوو فۆرمی چەمکی دژواتایی ، بووەتە جۆر و مۆدێلێك لە هێوریی نائاشکرای جێبجێگەیاندنی کردارێکدا .

**نموونەی بەرواری (٢٤ / ٧ / ٢٠١١ / یەك شەممە):**

٦١.أ. گوێگرتن یان گوێز ژماردن.[٣]

ب. کابینەی شەشەم : تەمەنێك کەمتر لە ٢ ساڵ ، هەگبەیەکی پڕ لە بەرهەم. [٤]

نموونەی (٦١.أ) ڕەگەزەکانی ( چی١ = گوێگرتن : ناوی ڕووداوی چەمکێکی پۆزەتیڤ) و ( چی ٢ = گوێز ژماردن : ناوی ڕووداوی چەمك نێگەتیڤ ) کۆکردنەوە و لێکدانی ئەم دوو فۆرمە دژواتایە لە دەربڕینی ستراکچەرێکی هەواڵدان لە ئەرکی ناڕاستەوخۆی ڕاپەڕاندنی نائاشکرای کردەیەك ( گوێگرتن لە بۆچوونەکانی خەڵك) و دەرخستنی لایەنە نێگەتیڤەکان لە ناڕاپەڕاندنی کردەکەدا دەبێتە ئاگادارکردنەوەی ڕەگەزی ( کێ = بکەر ) چونکە دەبێت ( بەرکار = گوێگران ) بەرامبەر بە گوتراوەکانی بکەر هاندەربن ، کە پێچەوانەی جێبەجێکردنی ئەم کردەیە ، ناوی ڕووداوی واتا نێگەتیڤی ( گوێز ژماردن ) لەلای گوێگران بەرجەستەدەبێت.

---

[١] هاوولاتی (٢٠١١: ژ ٧٥٠: ١٣).

[٢] کوردستانی نوێ ( ٢٠١١: ژ ٥٥٣٦ : ٤).

[١] هاولاتی ( ٢٠١١: ژ ٧٥١: ١٢).

[٢] کوردستانی نوێ ( ٢٠١١: ژ ٥٥٣٩: ٩).

هەروەها نموونەی (٦١. ب ) کە فۆرمێکی هەواڵدانە لە ئەرکی (ڕاپەڕاندن) و بەخشینی زانیاریی پۆزەتیڤە بە گوێگر و ئەو دەوروبەرەی گوتنی تێدا ڕوودەدات ، قسەکەر زانیارییەکان بەشێوەی ڕاستەوخۆ وەك ئاماژەدان بە جێبەجێکردنی کرداری ( هەگبەیەك لە بەرهەم ) و ڕەگەزی ( کێ = کابینەی شەشەم ) دەخاتە ڕووی گوێگر ، بەمەش کاریگەریی گوتن لە دەربڕینی ئەو زانیارییانەدا دەبێتە چەمکێکی پۆزەتیڤی.

کەواتە لە نموونەکاندا ئەو لایەنانە دەردەخرێن ، کە بە تەنها ستراکچەری جێبەجێکردنی / نەکردنی کردەی قسەییەکان هێزی کاریگەریی گوتنیان نابێت ، بەڵکو شێوازی گوتن بە شێوەکانی وەك ڕاستەوخۆیی / ناڕاستەوخۆیی ڕۆڵدەگێڕن ، لەگەڵ ئەوەی دەگونجێت گوێگر بەپێی چەندێتی ، چۆنیەتی لە تێگەیشتنی مەبەستی قسەکاندا کاردانەوەی پۆزەتیڤ ، نێگەتیڤی دەستنیشان بکات .

فۆرمە زمانییەکان بەتایبەتی ستراکچەری ڕستە ( پرسیاری / فەرماندان / هەواڵدان) کاریگەریی هەریەکێکیان لەوی تر جیاوازە ، چونکە جۆری دەربڕینەکان ئەوە دەسەلمێنن فۆرمی پرسیاریی ، کە قسەکەر ( وەرگرتنی زانیاریی / بۆچوون ) لە گوێگر پێڕەو دەکات ، دەبێتە فۆرمێکی نەرمی دەربڕین بە بەراورد لە دەربڕینی فۆرمی ڕستەی فەرماندان دا ( ڕاستەوخۆ ، ناڕاستەوخۆ ) کە سەپاندنی ئاشکرا ڕاپەڕاندنی کردارێکە بەسەر گوێگردا. بۆیە کەرەستە زمانییەکان بارگاویی دەبن ئەم بارگاوییبوونەش دەبێتە گەیاندنی واتا و مەبەستی کردەی قسەیی قسەکەر لە ڕێگەی ( ڕستەی فرەواتا / هاوبێژ ، هێز و ئاوازە ، ئەندازەی دەنگ ، چۆنیەتی ڕێکخستنی ڕستە ) دەبێت.

لەم بارەیەوە تایبەتمەندییەکانی زمانی پڕوپاگەندە* دەستنیشاندەکرێت ، کە بەشێوەیەکی گشتی لە زمانی ڕاگەیاندن جیا دەکاتەوە[١] :

١. هێورکردنەوەی ڕەوانبێژی :

بەکارهێنانی ئەو دەربڕاو و فۆرمانەیە ، کە لەلایەن گوێگرەوە جێگەی ڕازیکردن و وەرگرتنە.

٢. وروژاندن :

قسەکەر ئەو فۆرمانە دەردەبڕێت ، کە هەستی گوێگر نا ئارام دەکات و دەبێتە هۆی وروژاندن.

٣. زیادەڕەویی :

نرخپێدانی زانیاری پەیامی قسەکەرە ، لەپێناوی فراوانکردنی بازنەی کاریگەر لەسەر گوێگر .

* زمانی پڕوپاگەندە : بریتییە لە هەوڵی کاریگەریی دروستکردن لەسەر هزر و دەروونی جەماوەر و توانای دەستپێداگەیشتن بەسەر ڕەفتاریاندا ، بە مەبەستی گومانلێکراو لە کۆمەڵگە و کاتی دیاریکراودا . بڕوانە : سەلام کەریم عەلی ( ٢٠٠٥ : ١١ ) .

[١] سەلام کەریم عەلی ( ٢٠٠٥ : ١٢ ) .

٤. فەرمانکردن و ئاڕاستەکردن :

بەکارهێنانی فۆرمە زمانییەکان بەشێوەی ستراکچەری فەرماندان ، بە مەبەستی ئاڕاستەکردنی گوێگر بۆ ئەو بارەی قسەکەر مەبەستێتی .

٥. خوازە :

دەربڕینی فۆرمی وشەیەك دوور لە واتا فەرهەنگییەکەی ، بۆ دروستکردن و بەخشینی واتایەکی جوانتر لەلایەن قسەکەرەوە پێڕەوبەندانەیە بۆ ئەو پەیامەی بە گوێگر ڕادەگەیەنێت .

## ٣/ ٢ –٣ ) هێورکردنەوە لە گوتاردا ( گوتاری ئاینیی ) :

هەریەکێك لە ڕاڤە زمانییەکانی وەك : گفتوگۆ ، وانەگوتنەوە ، نووسینی پاراگراف ، دەق .... بە ئامانجی پێکهێنانی واتای پراگماتیکی لە زماندا ، جۆرێك لە گوتار پێکدەهێنن ، شیکردنەوەی ئەو گوتارەش Discourse Analysis پەیوەستە بە چەند بابەتێکەوە [١] :

١. دەرخستنی کاریگەریی هەڵبژاردنی ئامرازەکانی : ناسیاوی ، جێناو ، دەمکات ... بۆ سەر ڕۆنانی گوتار.
٢. دەستنیشانکردنی پەیوەندیی نێوان گوتەکان لە گوتارێکی دیاریکراودا .
٣. ئەو هەنگاوانەی ، کە قسەکەران لە هێنانە ئارای بابەتێکی نوێدا / گۆڕینی بابەتی قسەلەسەرکراودا پێڕەویدەکەن .

پێڕەوکردنی هەریەکێك لەم هەنگاوانە ، کاریگەریی خۆی هەیە . لەم ڕوانگەیەوە شیکردنەوەی گوتار بە واتای تاووتوێکردنی شێوەی ئاخاوتنە / " پێناسەکردنی پەیوەندیی ڕستەکان لەگەڵ یەکتر و سەیرکردنی گشت ئەو شتەیە ، کە لەم پەیوەندییەوە پەیدادەبێت " [٢] . بەمەش شێوەیەك لە شێوەکانی گوتار پێکدێت ، کە هەریەکێك لەم شێوانە پەیوەستە بە " بار و دەوروبەر ، باری کۆمەڵایەتی ، ڕووداوی پەیوەندییکردن " [٣]. ئەمەش کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتی تاوتوێکردنی دەق ، گفتوگۆ ... هەیە .

لەگەڵ دەربڕینی هەر گوتارێکدا گرنگی چەند توخمێك بەشداردەبن لە پرۆسێسی پەیوەندییکردن و تێگەیشتن لەو پەیامی گوتارانەدا :

---

[١] هـ . د . ویدۆوسن ، و: هۆشەنگ فاروق ( ٢٠٠٨ : ١٣٨).

[٢] ڕەحیم قادر سورخی ( ٢٠٠٥: ٥٢).

[٣] سەرچاوەی پێشوو .




چۆن دەگات ؟ چۆن لێکدەدرێتەوە؟
دەرخستنی ئەرکی زمان گرنگە

لەم بارەیەوە دوو نموونەی ( گوتاری ئاینیی ) خراوەتە ڕوو لەگەڵ چۆنیەتی شیکردنەوەی ناوەڕۆکە واتای گوتارەکە* ، کە بابەتی هەردوو نموونەکە یەکجۆریی ناوەڕۆکە بەڵام لە ڕووی شێوازی گەیاندن و دەربڕین و کاریگەریی خستنە سەر گوێگر لەیەکتر جیاوازن :

**<u>نموونەی گوتاری ( ١ )</u>** :

( .... براکانم ، مردن میوانێکە و گەڕانەوەی نییە ، وەڵاهی ئەمڕۆ یان بەیانی بۆمان دێت ، شاعیرێك دەفەرمووێت : مردن دەرگایەکە هەموو خەڵكێك دەبێت پێیدا بپەڕێتەوە ، بەڵام خۆزگە دەمانزانی دوای ئەو دەرگایە دەبێت چ ماڵێك چاوەڕێمان بکات ! کام ماڵە بەهەشت یان جەهەنەم ! خودا بمانپارێزێت ... لە عوسمانی کوڕی عەفان ( د.خ) پرسیار کرا : کاتێك باسی بەهەشت و جەهەنەم دەکەین ناگریت! بەڵام کاتێك قەبرێك دەبینیت زۆر دەگریت ، هۆکار چییە؟ لە وەڵامدا فەرمووی : قەبر یەکەم مەنزلی ئاخیرەتە .... پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی : هەر کەسێك حەز بە گەڕانەوە بۆلای خوا بکات ، خوای گەورە خۆشی دەوێت و ڕێزی لێدەگرێت .... بەڵام بۆچی ئەمڕۆ ئێمە حەزمان لە مردن نییە ! بۆ بیر لە مردن ناکەینەوە؟ کە پێغەمبەر ( د.خ ) فەرموویەتی : بیر لە مردن بکەنەوە ، بیرکردنەوە لە مردن چەند سودێکتان پێدەگەیەنێت......)[١] .

---

* چۆنیەتی شیکردنەوەی ناوەڕۆکە واتای گوتار پەیوەستە بە پرۆسەی تێگەیشتنی گوێگرەوە perception process ، خودی گوێگر کێیە؟ ئەمە بۆ قسەکەر گرنگە چونکە بە ڕەچاوکردنی : پلە و پایەی کۆمەڵایەتیی و باری ڕۆشنبیریی ، جۆری ڕەگەز ( نێر / مێ ) ، تەمەن، ڕادەی پەیوەندیی گوێگر لەگەڵ قسەکەردا دەبێتە دەستنیشانکردنی ڕادەی تێگەیشتنی واتای پەیامی قسەکەر لەلایەن گوێگرەوە.

[١]. www.YouTube.com/watch?V= 50oNKxmEyY ( م. عەبدوللەتیف ئەحمەد مستەفا ، وتاری هەینی ) .

بابەتی ئەم پەیامی قسەکەرە ( مردن ) ە ، کە هەڵگری چەمکێکی ترسهێنەر و نێگەتیڤە بۆ باری دەروونی گوێگر ، بەڵام قسەکەر دەتوانێت ئەم پەیامە واتا ترسهێنەرە لەلای گوێگر هێوربکاتەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشەی واتا_جوانبەش / چەمك پۆزەتیڤ ، بە واتای تێهەڵکێشکردنی وشە واتا پۆزەتیڤەکان بە وشە بزوێنەرە واتا نێگەتیڤەکان لەناو دەقی ڕستەی گوتاردا ، کە کاریگەریی نەرمیی و هێورکردنەوە بەرجەستەبکات ، ئەمەش لەڕێگەی شێوەی چۆنیەتی شیکردنەوەی دەقی ئەو گوتارەوە[١] لەلایەن گوێگرەوە دەردەکەوێت ، کە لێرەدا پراگماتیك و ئەرکی زمان گرنگی خۆیان دەردەخەن لە گەیاندنی واتادا:

| ژ | کەرەستە زمانییەکان Structures | کەتیگۆریی و فۆرم | ئەرك Function |
| --- | --- | --- | --- |
| ١ | براکانم | ناو – فرێزی ناوی | هێورکردنەوە و بە نەرمی بانگکردن. |
| ٢ | مردن | ناوی ڕووداو – وشەی سەربەخۆ | ئاگادارکردنەوەی گوێگرە بەرامبەر بەڕوودانی کردارێك لە کاتی داهاتوودا و هێورکردنەوەی ئەو ترسە. |
| ٣ | مردن میوانێکە ..... دژواتایە | ئاوەڵناو – فرێزی ناوی. | هێورکردنەوە و پەسنکردنە بەهۆی چواندنی وشەیەکی دژواتای پۆزەتیڤ. |
| ٤ | مردن دەرگایەکە ..... | ناو – فرێزی ناوی | هێورکردنەوەیە بە هۆی چواندنی وشەی ( مردن ) بە وشەیەکی واتا پۆزەتیڤ. |

[١]. شیکردنەوەی گوتار Dicourse Analysis ، کە میتۆدێکی چۆنییەتییە لە توێژینەوەدا ، لە میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆك کە میتۆدێکی چەندییە جیادەبێتەوە ، هاوکات وەك زاراوەیەکی گشتی بۆ هەندێك بواری بەکارهێنانی زمان ( زمانێك ، کە لە ئاکامی پرۆسەی پەیوەندییکردندا بەرهەمدێت ) بەکاردەهێنرێت . بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە : ڕەحیم قادر سورخی ( ٢٠٠٥ : ٥٠ – ٥٥ ) .

| ژ | کەرەستە زمانییەکان Structures | کەتیگۆریی و فۆرم | ئەرک Function |
|---|---|---|---|
| ٥ | ماڵی بەهەشت یان ماڵی جەهەنەم | ناوی شوێن — ف . ن | ماڵی بەهەشت : ئاڕاستەکردنی گوێگرە بۆ هاندان لە پێناوی جێبەجێکردنی ئەو کردارانەی پۆزەتیڤن . ماڵی جەهەنەم : هاندان و ئاگادارکردنەوەی گوێگرە بۆ دوورخستنەوە لە ڕاپەڕاندنی کرداری نێگەتیڤی . |
| ٦ | قەبر مەنزلی ئاخیرەتە. | ناوی شوێن — ڕستەی سادە . | ئاگادارکردنەوەی گوێگرە . |
| ٧ | مردن گەڕانەوەیە بۆلای خوا . | ناوی ڕووداو — ڕستەی سادە . | هێورکردنەوەیە ، هاوکات پەسنکردنی مردنە بە بار و دۆخێکی پۆزەتیڤی ، چونکە پەیوەست بەم ڕستەیەوە ، قسەکەر سێ جۆر ڕستەی تری واتا پۆزەتیڤ تێهەڵکێش کردووە: ١. خوای گەورە حەز بە گەڕانەوەی ئەو دەکات. ٢. خوای گەورە ئەو* کەسەی خۆشدەوێت . ٣. خوای گەورە ڕێز لە ئەو دەگرێت . |

* بەکارهێنانی جێناوی ( ئەو ) لەلایەن قسەکەرەوە، کە نیشانەی کەسی سێهەمی تاکە ، نەرمیی دەربڕینە بەرامبەر بە گوێگر ، قسەکەر دەیەوێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم نیشانەیەوە گوێگر ئاڕاستەی کردەی پۆزەتیڤی بکات، ئەمەش نیشانەیەکە لە ماگزیمەکانی ڕێزگرتن.

| ژ | کەرەستە زمانییەکان Structures | کەتیگۆرییەکان | ئەرك Function |
| --- | --- | --- | --- |
| ٨ | بۆچی ئەمڕۆ ئێمە حەزمان لە مردن نییە؟ بۆ بیر لە مردن ناکەینەوە ؟ | ڕستەی پرسیار | وروژاندنی گوێگرە بۆ جێبەجێکردنی چاکەکاری و دوورکەوتنەوە لە کردە نێگەتیڤەکان . |
| ٩ | بیرکردنەوە لە مردن چەند سودێکمان پێدەگەیەنێت . | هەواڵدان – ڕستەی سادە | هاندان لە پێناوی گەیشتنی گوێگر بەو سوودانە . |

کەواتە گرنگی پەیامی قسەکەر لەوەدا دەردەکەوێت ، کە قسەکەر بتوانێت قسەکردن لەسەر بابەتە واتا نێگەتیڤەکان لە ڕێگەی ستراکچەری واتا پۆزەتیڤەوە بوروژێنێت ، مەبەستەکانی قسە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ بە گوێگر بگەیەنێت . لەپێناوی جێگیرکردن و دوورخستنەوەی گوێگر لە ئاکامی ڕاپەڕاندنی ئاشکرا و نائاشکرای کردارە نێگەتیڤەکان . هاوکات قسەکەر شێوازی زمانی هێوریی و نەرمی پێڕەوبەندانە بکات لە پرۆسەی پەیوەندییکردندا بە مەبەستی شیکردنەوەی پۆزەتیڤی گوێگر لە مەبەستەکانی قسەی پەیامی قسەکەر.

**نموونەی گوتاری ( ٢ ) :**

( ... دواڕۆژی هەموو بوونەوەرێك ، مردن : لەناوچوون و فەنابوون و کۆتاییهاتنە . پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی ، کە خۆمان بۆ ئەو کاتە ئامادەبکەین ، داوای لێکردووین ، کە زۆر زیکر و یادی شتێك بکەین ، کەوا خۆشی لەزەتی ئینسان قەتع دەکات و کۆتایی پێدەهێنێت . ئەسحابەکان لە پێغەمبەریان پرسی : ئەو شتە چییە ، کە داوامان لێدەکەیت بیری لێبکەینەوە! پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی : ( مردن ) مردن ئەو قەرارەیە ، کە خوای گەورە بڕیاری لەسەر داوە . خەڵکێك کە ئەگەر پێشی ڕازی نەبێت ، بەڵام دەبێت ملکەچی ئەم قەرارەی خوای گەورە ببێت ، کەس نییە خۆی لێ ڕزگاربکات . کەس نییە شمولی نەکات ! ......خوای گەورە لە ئایەتی (١٩) ی سورەتی ( ق ) باسی ئەو ئازار و ئەزییەتەی کاتی ڕۆحکێشانمان بۆ دەکات ، با بزانین چ ئازارێکی هەیە ! لێو دەوەستێت ، چاوەکان کوێر دەبن ! زمان لاڵ دەبێت . مردن دەگاتە هەموو ئەندامانی جەستە .... لە هەر شوێنێك بن مردن دەتانگاتێ.....) [١] .

[١] www.YouTube.com/watch?V=50On6kXmEyY ( م. عەبدولسەمەد : گوتاری هەینی ) .

| ژ | کەرەستە زمانییەکان Structures | کەتیگۆرییەکان و فۆرم | ئەرك Function |
|---|---|---|---|
| ١ | مردن ( بابەتی پەیامەکە ) | ناوی ڕووداو – وشەی سادە | وروژاندنی هەستی ترسهێنەر و دروستکردنی کاریگەریی نێگەتیڤییە نەك هێورکردنەوە. |
| ٢ | مردن لەناوچوون و فەنابوون و کۆتاییهاتنە. | ڕستەی لێکدراوە | وروژاندنی هەستی ترسهێنەر و دروستکردنی کاریگەریی نێگەتیڤییە نەك هێورکردنەوە. |
| ٣ | مردن بڕیاری خوایە ، کە دەبێت بوونەوەر ملکەچی ببێت . | ڕستەی ئاوێتە – فەرماندانی ناڕاستەوخۆیە. | ئاگادارکردنەوەی گوێگر لە بەدیهاتنی ئەو ڕووداوە لەکاتی مەبەستی گوتندا . |
| ٤ | با بزانین ڕۆحکێشان چ ئازارێکی هەیە ! | ڕستەی سادە– فەرماندانی ناڕاستەوخۆیە . | ئاڕاستەکردنی گوێگرە بۆ ڕاپەڕاندنی کرداری پۆزەتیڤی و دوورکەوتنەوە لە کردارە نێگەتیڤەکان . |
| ٥ | مردن دەگاتە هەموو ئەندامەکانی جەستە ، لێو دەوەستێت ، زمان لاڵ دەبێت ، چاوەکان کوێر دەبن . | ڕستەی لێکدراو – هەواڵدانە . | پەسنکردنی ناوی ڕووداوەکەیە ، ترساندن و وروژاندنی هەستی گوێگرە، کۆتاییپێهێنانی هیواکانە. |

لە ڕوانگەی شیکردنەوەی ئەرکی ستراکچەرەکانی ئەم دوو گوتاری یەکجۆر بابەتەیە ، چەند خاڵێکی بەراوردکاری لێهەڵهێنجراوە :

١. پەسنکردنی ناوی ڕووداوی ( مردن ) کە ئەگەری ڕەنگدانەوە و کاردانەوەی نێگەتیڤی لەلای تاکی گوێگر دروستبکات ، بەڵام بە چەمکێکی پۆزەتیڤییەوە وەك لە گوتاری ( ١ ) دا ئاماژەی بۆ کراوە ، زانیارییە هاوبەشەکانی نێوان قسەکەر و گوێگر بە چەمکی پۆزەتیڤی زۆر زیاتر دەبێت بە بەراورد لەو زانیارییانەی ، کە قسەکەری گوتاری ( ٢ ) بە گوێگری ڕادەگەیەنێت .

کەواتە پێڕاگەیاندنی زانیارییەکان لەسەر وشە واتا ترسهێنەر و ڕقلێبووەکان بە شێوازی دەربڕینی نەرم و پەسنکردنی بە هێوریی کاریگەرترە لە شێوازی دەربڕین بە زمانی زبر و توند .

٢. لە ڕووی بەکارهێنانی فۆرمی ڕستەکانەوە ، گوتاری ( ١ ) بەکارهێنانی فۆرمی هەواڵدان لە دەربڕیندا زۆرتر پێڕەوکراوە بە بەراورد لە فۆرمی ڕستەکانی گوتاری ( ٢ ) کە فۆرمی فەرماندان (ڕاستەوخۆ / ناڕاستەوخۆ ) پێڕەوکراوە . ئەم پێڕەوەش کاریگەریی نەرمی و هێوریی لە دەربڕیندا لەلای گوێگر لە گەیاندنی واتا و مەبەستی پەیامەکاندا دەستنیشاندەکات . بۆیە قسەکەر ئەگەر ڕەچاوی پلە و پایەی گوێگر و جۆری ئەو پەیوەندییەی نێوان خۆی و گوێگر نەکات ، دەتوانێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی فۆرمی ڕستەی هەواڵدان و پرسیاریی ، نەرمیی و هێوریی لە پێڕاگەیاندنی واتای پەیامەکەی خۆی بە گوێگر جێبەجێ بکات، چونکە لە دەوروبەری گوتندا ئەگەرچی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان قسەکەر و گوێگر نزیك بێت ، بەڵام دەربڕینی فۆرمی ڕستەی فەرماندان کاریگەریی نێگەتیڤی دەخاتە پرۆسەی پەیوەندییکردنەوە.

٣. زمانی هێوریی و ڕەفتاری نەرمی جوڵانەوە Mitigating Devices لە دەربڕینی گوتاری (١) دا زۆرتر ڕەنگیداوەتەوە بە بەراورد لە شێوازی دەربڕینی گوتاری (٢) دا . ئەگەرچی قسەکەری هەردوو گوتارەکە لەگەڵ شێوازی دەربڕیندا ، بەکارهێنانی ئاوازە و تۆنی دەربڕینیان پێڕەو کردووە ، بە تایبەتی لە فۆرمەکانی گوتاری (٢) دا بەکارهێنانی ئاوازە زۆرتر لەسەر وشە کاریگەرە واتا نێگەتیڤەکان وەستاوە ، بۆ نموونە :

**ئاوازەی فۆرمەکانی گوتاری ( ١ )** :



١. مردن میوانێکە و گەڕانەوەی نیە .

( هەواڵدەر و هاندەرە دوور لە ترس ، چونکە بەرزدەربڕینی ئاوازە لەسەر فۆرمە واتا پۆزەتیڤەکەیە ) .



٢. کام ماڵی بەهەشت بێت یان جەهەنەم .



٣. هەر کەسێك حەز بە گەڕانەوە بۆلای خوا بکات ، خوای گەورە ڕێزی لێدەگرێت .

**ئاوازەی فۆرمەکانی گوتاری ( ٢ ) :**

١. مردن خۆشی و لەزەتی ئینسان قەتع دەکات . ( هەواڵدەر و وروژێنەری باری ترسە ، چونکە ستریسەکە لەسەر فۆرمی واتا نێگەتیڤەکان وەستاوەتەوە )

٢. دەبێت ملکەچی ئەم بڕیارەی خودا بین .

٣. ڕۆحکێشان بە ئازارە .

## ٣/ ٣ ) کاریگەریی هێورکردنەوە لە دەربڕیندا :

لە ئاخاوتنی نێوان قسەکەر و گوێگر دا ، کاریگەریی هێورکردنەوە لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ دا کاردانەوەی جیاواز بەدیدەکرێت . بۆ دەستنیشانکردنی ئەم کاردانەوە جیاوازە چەند داتایەك بە ڕێگای ئامار وەك دەرخستنی ڕەهەندی چەندێتی ئەو کاردانەوەیە پێشکەشکراوە لەڕێی وەڵامی هەردوو ڕەگەز بۆ ئەو پرسییارانەی لێیانکراوە ، کۆی ئەو فۆرمانەش ( ٢٠٠ ) بووە ، کە ( ٨٥ ) نێر و (١١٥) مێ بوون .

**خشتەی یەکەم :**

کاریگەریی هێورکردنەوە بەهۆی بەکارهێنانی دەربڕاوە زمانییەکان .

| لە دەربڕیندا کام لەمانە کاریگەریی زۆرترە لەسەر گوێگر؟ | ژمارە | ڕێژە ٪ |
|---|---|---|
| وشە | ٥٤ | ٢٧ |
| فرێز | ١٤ | ٧ |
| ڕستە | ١٠٦ | ٥٣ |
| دەق | ٢٦ | ١٣ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪ ١٠٠ |

لە خشتەی ( ١ ) دا دەرکەوتووە ، کە ( ١٠٦ ) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی ( ٪٥٣) پێیان وایە کە ستراکچەری ڕستە کاریگەرترین فۆرمە بۆ باری هێورکردنەوە لە پرۆسێسی پەیوەندییکردن و کردەی تێگەیشتندا ، هەروەها (٥٤) کەس لەکۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٪٢٧) لە دوای ستراکچەری ڕستەوە ، دەربڕاوی وشە بە کاریگەر دەزانن بەهۆی ڕاستەوخۆ گەیاندنی واتای

تەواوی ئەو وشەیە بۆ کەسی گوێگر ، هاوکات ستراکچەری دەق (٢٦) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بەرێژەی (١٣٪) هەڵبژێردراوە ، بەڵام ستراکچەری فریز (١٤) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە رێژەی (٧٪) هەڵبژێردراوە ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات ، کە ستراکچەرێکی هێواشە بۆ کاریگەریی دەربڕین بەرامبەر گوێگر .

**خشتەی دووهەم :**

پێڕەوبەندانەی شێوازی نەرم دەربڕین .

| لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتییدا پێڕەوکردنی دەربڕین ، بە شێوازی نەرم و هێوریی پێویستە لە : | ژمارە | ڕێژە٪ |
|---|---|---|
| بۆنەی کۆمەڵایەتیی | ٢٠ | ١٠ |
| هەموو کات و شوێنی گوتن | ٩٠ | ٤٥ |
| هەندێك بار و دەوروبەر | ٤٨ | ٢٤ |
| باری دەروونی گوێگر | ٤٢ | ٢١ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠٪ |

خستنەڕووی داتاکان ، ئامرازێکە بۆ بە ئاگاکردنەوەی قسەکەر لە باری ئاخاوتندا ، بەوەی قسەکەر پێویستە لە هەموو کات و شوێنی گوتندا چۆنیەتی لە شێوازی دەربڕیندا پەیڕەوبکات ، چونکە دەگونجێت بابەتی پەیامێك لە بارێکی ئاسایی / نەوروژاوی گوێگردا کاریگەریی نێگەتیڤی بەرجەستە نەکات. بۆیە لە خشتەی ( ٢ ) دا ، (٩٠) کەس لەکۆی یەکەکانی نموونەکە بەرێژەی (٤٥٪) بۆ هەموو کات و شوێنی گوتن هەڵبژێردراوە، هەروەها (٤٨) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە رێژەی (٢٤٪) بۆ هەندێك بار و دەوروبەر هەڵبژێراوە ، پاشان (٤٢) کەس بەرێژەی (٢١٪) بۆ ڕەچاوکردنی باری دەروونی گوێگر هەڵبژێراوە ، دواتر لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا (٢٠) کەس بەرێژەی (١٠٪) هەڵبژێراوە.

**خشتەی سێهەم :**

جۆری ڕەفتاری هێورکردنەوە .

| ڕێزگرتن بەشێکە لە ڕەفتاری هێورکردنەوە | ژمارە | ڕێژە٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٢٠ | ٦٠ |
| تاڕادەیەك | ٧٤ | ٣٧ |
| نەخێر | ٦ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠ |

لەناو هەر کۆمەڵگایەکدا چەند ماگزیمێك دەستنیشاندەکرێت بۆ ڕەفتاری ڕێزگرتن ، پێڕەونەکردن لە یاسای ئەو ماگزیمانە کاردانەوەی نێگەتیڤی دەبێت لە تێڕوانینی ناو کۆمەڵگادا ، هێورکردنەوەش وەك ڕەفتارێك بە بەشێك لە ڕێزگرتن دەستنیشانکراوە ، لە خشتەی ( ٣ ) دا ، داتاکان ئەوە دەخەنە ڕوو ، کە (١٢٠) کەس لەکۆی یەکەکانی نموونەکە بەڕێژەی (٦٠٪) هێورکردنەوە وەك ماگزیمێکی ڕێزگرتن وەڵام دراوەتەوە باوەڕیان وایە ڕێزگرتن لە باری قسەکردندا دەبێتە پاراستن و مانەوەی باری پۆزەتیڤی دەروونیی گوێگر ، هاوکات (٧٤) کەس لەکۆی یەکەکانی نموونەکە بەڕێژەی (٣٧٪) لەدوای وەڵامی (بەڵێ) وە ( تاڕادەیەك ) هەڵبژێراوە ئەمەش دەبێتە نزیکخستنەوەیەك لە وەڵامی ( بەڵێ) ، بەڵام تەنها (٦) کەس لەکۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٣٪) هەڵبژێراوە ، کە کاریگەریی ئەم وەڵامە کەمترە لە وەڵامە پۆزەتیڤەکانی سەرەوە.

**خشتەی چوارەم:**

پێڕەوبەندانەی فاکتەرە پۆزەتیڤەکانی باری ئاخاوتن .

| لە کاتی قسەکردن و ئاخاوتندا قسەکەر پێویستە پێڕەوی کام لەمانە بکات : | ژمارە | ڕێژە٪ |
|---|---|---|
| پلە و پایەی ڕۆشنبیری گوێگر | ٤٨ | ٢٤ |
| باری دەروونیی گوێگر | ٦٢ | ٣١ |
| تەمەن و جۆری ڕەگەزی گوێگر | ٦٦ | ٣٣ |
| جۆری بابەتی پەیامی قسەکەر | ٢٤ | ١٢ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠ |

له خشتەی ( ٤ ) دا ، ( ٦٦) کەس لەکۆی یەکەکانی نموونەکە بەڕێژەی ( ٣٣٪) هەڵبژێراوە کە کەمن و جۆری ڕەگەزی گوێگرە ، فاکتەرێکی گرنگە بۆ باری قسەکردنی پۆزەتیڤیی ، چونکە پێڕەوبەندانەی جۆری ڕەگەز وەك ( نێر / مێ ) پێویستە ، هەریەکێك لەم ڕەگەزانە هەڵگری پەرچەکردارێکە کە جیاوازە لە ڕەگەزەکەی تریان ، هاوکات چەندێتی و چۆنیەتی تێگەیشتن لە واتای فۆرمەکانی زمان ( پەیام ) ، بۆیە ئەم ڕێژەیە لەلایەن وەڵامدەرەوەکانەوە زۆرترە بە بەراورد لە وەڵامەکانی تر ، (٦٢) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٣١٪) هەڵبژێراوە ، لەدوای ئەم فاکتەرەوە ، کەواتە ئاڕاستەکردنی جۆری پەیام بۆ بە ڕەچاوکردنی باری دەروونیی گوێگر گرنگە ، بەڵام (٤٨) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٢٤٪) پلە و پایەی ڕۆشنبیری کەسی گوێگر بە گرنگ دەزانن ، دواتر جۆری پەیام (٢٤) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بەڕێژەی (١٢٪) هەڵبژێراوە ، ئەمانەش دەبنە فاکتەری پۆزەتیڤیی بۆ باری ئاخاوتن بەرامبەر بە گوێگر.

**خشتەی پێنجەم :**

کاریگەریی وشەی واتا–جوانبەخشەکان بۆ باری هێورکردنەوەی گوێگر .

| دەربڕینی وشە واتا– جوانبەخشەکان بە کاریگەرترن بۆ ئاڕاستەکردنی پۆزەتیڤی کەسی گوێگر : | ژمارە | ڕێژە ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٠٦ | ٥٣ |
| تاڕادەیەك | ٨٢ | ٤١ |
| نەخێر | ١٢ | ٦ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠٪ |

واتای فۆرمەکانی زمان لە دەربڕیندا کاریگەریی تەواو دەخەنە سەر باری دەروونیی گوێگر ، هاوکات دەربڕاوی وشە بە تایبەتی وشەی واتا– جوانبەخش گەیەنەری واتای پۆزەتیڤە لەباری وروژاودا بێت/ نەوروژاو ، کە پەیوەندیی کۆمەڵایەتییەکانی نێوان قسەکەر و گوێگر بە پۆزەتیڤیی دەهێڵێتەوە ، لە خشتەی (٥) دا ، (١٠٦) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٥٣٪) هەڵبژێراوە ، کە دەبێتە بەرزکردنەوە و پشتگیریی بۆ ئەو فاکتەرە ، هەروەها (٨٢) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بەڕێژەی (٤١٪) دیاریکراوە، ڕێژەی ئەم هەڵبژاردنەش نزیکخستنەوەیەك بۆ وەڵامی (بەڵێ) ، بەڵام (١٢) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٦٪) وەڵامی (نەخێر) دیاریکراوە ، ئەمەش ڕێژەیەکی کەمە بۆ ئەو فاکتەرە.

**خشتەی شەشەم:**

بزوێنەری کاردانەوەی پۆزەتیف و نێگەتیف .

| کام لەمانەی خوارەوە بزوێنەرترە بۆ کاردانەوە / وەڵامدانەوەی پۆزەتیف یان نێگەتیڤی گوێگر ؟ | ژمارە | ڕێژە ٪ |
|---|---|---|
| پەیام | ٢٢ | ١١ |
| چەندێتی و چۆنیەتی شیکردنەوەی پەیام لەلایەن گوێگرەوە | ٤٤ | ٢٢ |
| بار و دەوروبەری گوتن | ٣٤ | ١٧ |
| هەموو ئەوانەی پێشتر | ١٠٠ | ٥٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠ |

دیارە فاکتەری بزوێنەر بۆ کاردانەوەی پۆزەتیف / نێگەتیڤی گوێگر زۆرن ، بە واتای هەمەجۆرییە، بۆ خشتەی (٦) ، (٤٤) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بەڕێژەی (٪٢٢) دیاریکراوە بۆ وەڵامی چەندێتی و چۆنیەتی شیکردنەوەی پەیامی گوێگر ، چونکە پرۆسەی ئینکۆدینگ و دیکۆدینگ لەنێوان قسەکەر و گوێگردا جیاوازە ، هەروەها (٣٤) کەس لەکۆی یەکەکانی نموونەکە بەڕێژەی (٪١٧) بۆ باری دەوروبەری گوتن دیاریکراوە ، بەڵام (٢٢) کەس لەکۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٪١١) هەڵبژێراوە، بەڵام (١٠٠) کەس لەکۆی یەکەکانی نموونەکە بەڕێژەی (٪٥٠) هەموو هۆکارەکان پێکەوە بە بزوێنەر دەزانن .

**خشتەی حەوتەم :**

کاریگەریی ئامرازی ڕاگەیاندن لە گەیاندنی پەیامدا.

| ئایا میدیا و ڕۆژنامەکان ، ئامرازی سەرەکیی گواستنەوەن بۆ ئاڕاستەکردنی گوێگر بۆ کرداری پۆزەتیف یان نێگەتیف لەناو کۆمەڵگادا ؟ | ژمارە | ڕێژە٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٩٢ | ٤٦ |
| تاڕادەیەك | ١٠٢ | ٥١ |
| نەخێر | ٦ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠ |

له خشتەی (٧) دا ، (١٠٢) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٥١٪) وەڵامی (تاڕادەیەك) دیاریکراوە بۆچوونیان وایە، کە ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانییەوە بزوێنەرن بۆ گوێگر لەڕێگەی پێڕاگەیاندنی جۆری پەیامەکەیەوە ، کەواتە ڕاگەیاندن ئامرازێکی کاریگەرە بەتایبەتی لەسەردەمی ئەمڕۆدا، هەروەها (٩٢) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٤٦٪) وەڵامی (بەڵێ) دیاریکراوە، دەرکەوتنی ئەم ڕێژەیەش بۆ هەردوو وەڵامەکە بەئاگاکردنی گوێگرە لە کاردانەوەی بۆ پەیامی ئاڕاستەکراو ، بەڵام (٦) کەس لەکۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی ( ٣٪) هەڵبژێراوە ، کە ڕێژەیەکی کەمە بۆ ئەم وەڵامە.

**خشتەی هەشتەم :**

گرنگی پەیامی ئاینیی بۆ هێورکردنەوە لەباری ئاخاوتندا .

| پەیامی ئاینیی کاریگەرترین ئامرازی ئاڕاستەکرداری گوێگرە بۆ ڕەفتاری هێوریی و هێمنانە : | ژمارە | ڕێژە٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٠٤ | ٥٢ |
| تاڕادەیەك | ٩٠ | ٤٥ |
| نەخێر | ٦ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠٪ |

پەیامە ئاینییەکان وەك جۆری تری پەیامی قسەکەر گرنگی خۆی هەیە بۆ باری وروژاندن / هێورکردنەوەی گوێگر ، بە تایبەتی بۆ ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری گوێگر بۆ باری پۆزەتیڤیی ، لە خشتەی (٨)دا ، (١٠٤)کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٥٢٪) دیاریکراوە بۆ وەڵامی (بەڵێ) ، کە دەبێتە دەستنیشانکردنی کاریگەریی پۆزەتیڤی ئەو جۆرە پەیامە لەباری هێورکردنەوەی ئاخاوتندا ، هەروەها (٩٠) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٤٥٪) وەڵامی (تاڕادەیەك) دیاریکراوە ، کە نزیکخستنەوەیە بۆ وەڵامی (بەڵێ) ، وەڵامی (٦) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٣٪) هەڵبژێراوە ، کە کەمتر خستنەڕووی لایەنی نێگەتیڤە بۆ ئەو داتایە.

**خشتەی نۆهەم :**

گرنگی پەیامی وێنەدار لە پرۆسەی گەیاندن و پەیوەندییکردندا .

| دەربڕینی پەیام بە وێنەوە لە پرۆسەی گەیاندنی مەبەستی قسەدا سەرکەوتوترە لە پەیامێك بەبێ وێنە: | ژمارە | ڕێژە ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٢٤ | ٦٢ |
| تاڕادەیەك | ٦٢ | ٣١ |
| نەخێر | ١٤ | ٧ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠ |

دیارە هەر پەیامێك لە باری دەربڕیندا کاریگەریی دەخاتە سەر گوێگر بۆ ئەو شێوە کاردانەوەیەی ، کە ئاڕاستەی قسەکەر دەکاتەوە لە مەبەستی گوتنەکەیدا ، هاوکات لە ڕاگەیاندندا لەپێناوی ڕوونتر بەدەستەوەدانی مەبەستی قسە و دەربڕاوەکان ، وێنە وەك ئامرازێکی ئاشکراتر و ڕەواندنەوەی تەمومژی گوتراوەکان بەکاردەهێنرێت ، لە خشتەی (٩)دا ، (١٢٤) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بەڕێژەی (٪٦٢) بۆ وەڵامی (بەڵێ) تەرخانکراوە ، هەروەها (٦٢) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٪٣١) بۆ وەڵامی (تاڕادەیەك) هەڵبژێراوە ، ڕێژەی ئەم دوو وەڵامە دەستنیشانکەرێکە بۆ ڕەواندنەوەی تەمومژیی و لێڵواتایی مەبەستی گوتنی قسەکەر لە پەیامدا ، کەواتە بەکارهێنانی وێنە لەگەڵ پەیامی ڕاگەیاندندا کاریگەریی واتا دروستی لەلای گوێگر بەرجەستەدەکات ، هەروەها (١٤) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٪٧) وەڵامی (نەخێر) هەڵبژێراوە .

**خشتەی دەهەم :**

پێڕەوبەندانەی شێوازی زمان زبریی لە دەربڕیندا .

| زبری و توندی دەربرین ، یەکێکە لەو شێوازە زمانییەی ، کە لەلای تاك و کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتیی نەویستە | ژمارە | ڕێژە ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٦٨ | ٣٤ |
| تاڕادەیەك | ٩٤ | ٤٧ |
| نەخێر | ٣٨ | ١٩ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠ |

ئەگەرچی لە کۆمەڵگایەکی وەك ڕۆژهەلأتییدا ، ڕەفتاری توند و دەربڕین بە ستایلی زبریی ، کاردانەوەی نێگەتیڤی لەلای گوێگر ڕەنگدەداتەوە ، بەلأم ئەم ڕەفتارە / کردارە لە هەندێك باردا کاردانەوەی پۆزەتیڤی هەیە ، لە خشتەی (١٠) داتاکان ئەوە دەردەخەن ، کە (٩٤) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٤٧٪) وەلأمی (تاڕادەیەك) پەسەند کردووە ، هاوکات (٦٨) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٣٤٪) وەلأمی (بەڵێ) پەسەند کردووە، ئەم دوو وەلأمەش دەستنیشانی ئەو تێڕوانینەی کۆمەڵگای ڕۆژهەلأتیی دەردەخات ، کە ئاخاوتنی زبر و توند دەبێتە کاردانەوەی نێگەتیڤیی ، هاوکات (٣٨) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (١٩٪) وەلأمی (نەخێر) پەسەند کردووە ، کە ڕێژەیەکی کەمترە بەبەراورد لە ڕێژەی وەلأمەکانی تر.

**خشتەی یانزدەهەم :**

ستایلی زمان و چینەکانی کۆمەڵگا .

| زمان زبریی ، تایبەتە بە چینی کۆمەڵگای بازاڕیی ، زمان هێوریی تایبەتە بە چینی کۆمەڵگای ڕۆشنبیران : | ژمارە | ڕێژە٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٦٢ | ٣١ |
| تاڕادەیەك | ٦٦ | ٣٣ |
| نەخێر | ٧٢ | ٣٦ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠٪ |

هەر چینێکی کۆمەڵگا شێوازێکی تایبەت پەیڕەو دەکەن لە دەربڕیندا ، هەندێك لە بۆچوون باوەڕیان وایە هەتا پلەی ئەو چینی کۆمەڵگایە بەرەو ڕۆشنبیرتر هەنگاوبنێت ، ستایلی دەربڕینی نەرم و هێورە بە پێچەوانەی ئەو چینە کۆمەڵگایەی ، کە شێوازی زمانیان بە زمانی ڕەشۆکی پەسنکراوە و زمانی زبر و نێگەتیڤی پێڕەودەکەن ، لە خشتەی (١١) دا ، (٦٦) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بەڕێژەی (٣٣٪) باوەڕیان وایە ، کە تاڕادەیەك زمان زبریی تایبەتە بەچینی کۆمەڵگای بازاڕیی ، هەروەها (٦٢) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٣١٪) وەلأمی (بەڵێ) پەسەندکردووە ، ئەم دوو وەلأمە بەرزکردنەوەی نرخێکە بۆ بەئاگابوونی قسەکەران لە پێڕەوی ستایلی دەربڕیندا بە هەردوو شێوازەکەیەوە ، بەلأم وەلأمی نەخێر (٧٢) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٣٦٪) پەسەندکردووە ، ئەم وەلأمە لە ڕێژەی دوو وەلأمەکەی تر زۆرتر پەسەندکراوە ، لەگەڵ ئەو باوەڕەدان ستایلی دەربڕین کەمتر پەیوەستە بە دەستنیشانکردنی چینەکانی کۆمەڵگاوە .

**خشتەی دوانزدەهەم :**

هێورکردنەوە و کاردانەوەی نێگەتیڤیی .

| هێورکردنەوە و ڕەفتاری نەرمی جولاندنەوە لە کۆمەلگای ڕۆژهەلاتیدا ڕەفتارێکی نێگەتیڤە (ئیستغلالکردن/ گێلکردنی بەرامبەر) بە بەراورد لە کۆمەلگای ڕۆژئاواییدا پێچەوانەیە: | ژمارە | ڕێژە٪ |
| --- | --- | --- |
| بەلێ | ٧٠ | ٣٥ |
| تاڕادەیەک | ٨٤ | ٤٢ |
| نەخێر | ٤٦ | ٢٣ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠ |

هێورکردنەوە لە کۆمەلگای وەک ڕۆژهەلاتییدا لە هەندێک باری ئاخاوتندا ، دەبێتە کاردانەوەی نێگەتیڤیی (پێشێلکردنی ڕەفتاری پۆزەتیڤیی) ، لە خشتەی (١٢) دا ، (٨٤) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٪٤٢) وەلامی تاڕادەیەک پەسەند کردووە ، هەروەها (٧٠) کەس لەکۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٪٣٥) بە بەلێ وەلامدراوەتەوە ، ئەم دوو ڕێژەیە ئاماژەیە بۆ ئەو کاردانەوە نێگەتیڤییەی کە دەگونجێت جێبەجێبکرێت بەرامبەر بە قسەکەر ، هەروەها (٤٦) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بەڕێژەی (٪٢٣) وەلامی ( نەخێر) هەلبژاردووە ، کە ڕێژەیەکی کەمە بۆ ئەو کاردانەوەیە.

**خشتەی سیانزدەهەم :**

کاریگەریی کردە نادەمییەکان لە وروژاندن و هێورکردنەوەدا .

| بەکارهێنانی کردەی نادەمیی ( جوولەی جەستە ) زۆرتر کاریگەرترن بۆ باری هەلچوون یاخود هێورکردنەوە ، بە بەراورد لە دەربڕینی کەرەستە زمانییەکان | ژمارە | ڕێژە ٪ |
| --- | --- | --- |
| بەلێ | ٧٦ | ٣٨ |
| تاڕادەیەک | ٨٨ | ٤٤ |
| نەخێر | ٣٦ | ١٨ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠ |

بەشێوەیەکی گشتی لەسەرجەم زمانەکانی جیهاندا کردە نازمانییەکان وەك فۆرمە زمانییەکان کاریگەریی خۆیان لەباری ئاخاوتندا چ بۆ قسەکەر چ بۆ گوێگر هەیە ، لە خشتەی (١٣) دا ، (٨٨) کەس لە کۆی نموونەکە بە ڕێژەی (٤٤٪) وەڵامی (تاڕادەیەك) هەڵبژێراوە ، لەو باوەڕەدان ، کە کردە نازمانییەکان زۆرتر کاریگەرترن بۆ وروژاندن / هێورکردنەوە ، هەروەها (٧٦) کەس لەکۆی نموونەکە بە ڕێژەی (٣٨٪) وەڵامی (بەڵێ) هەڵبژێراوە ، بەڵام بە بۆچوونی (٣٦) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بەڕێژەی (١٨٪) وەڵامی (نەخێر) هەڵبژێراوە ، چونکە فۆرمە زمانییەکان کاریگەرترن بەبەراورد لە کردە نازمانییەکان ئەگەرچی لە هەر کلتوور و زمانێکدا واتای خۆی هەیە .

**خشتەی چواردەهەم :**

پرۆسەی تێگەیشتن و واتایستراکچەرەکان .

| گرنگی پرۆسەی تێگەیشتن لە واتای فۆرمە زمانییەکان پەیوەستە بەو بار و دەوروبەرەی کە گوێگری تێدایە نەك بەتەنها خودی قسەکەر : | ژمارە | ڕێژە ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٠٦ | ٥٣ |
| تاڕادەیەك | ٧٦ | ٣٨ |
| نەخێر | ١٨ | ٩ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠ |

دەوروبەری گوتن لە پرۆسەی پەیوەندییکردن و تێگەیشتندا گرنگی دەبینێت بۆ کەمکردنەوەی تەمومژیی واتای فۆرمە زمانییەکان ، پەیوەست بەو بارەی قسەکەر و گوێگری تێدایە ، نەك بە تەنها ئەو دەوروبەرەی ، کە قسەکەر خۆی تێدایە ، لە خشتەی (١٤) دا ، (١٠٦) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٥٣٪) وەڵامی (بەڵێ) پەسەند کراوە ، هەروەها (٧٦) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٣٨٪) وەڵامی (تاڕادەیەك) پەسەندکراوە ، بەڵام بە بۆچوونی (١٨) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٩٪) وەڵامیان بە نەخێر پەسەندکردووە ، هەڵبژاردنی ئەو ڕێژەیە بۆ وەڵامی (١،٢) دەبێتە دەستنیشانکردنی گرنگیی ئەو دەوروبەرەی ، کە گوێگری تێدایە .

**خشتەی پانزدەهەم :**

جیاوازی کاردانەوەکانی ڕەگەزی نێر و مێ لە چەندێتی و چۆنیەتی تێگەیشتنی واتای ستراکچەرەکاندا.

| ڕادەی وروژاندن و کاریگەربوون بە واتای فۆرمە زمانیی و نازمانییەکان لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ دا جیاوازن لەیەکتر ئەویش بەهۆی جیاوازی ڕەفتار و بایلۆژیی و پەرچەکرداری هەریەکێکیانەوە | ژمارە | ڕێژە ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٠٦ | ٥٣ |
| تاڕادەیەك | ٨٤ | ٤٢ |
| نەخێر | ١٠ | ٥ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی (١٥) دا ، (١٠٦) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٪٥٣) باوەڕیان بە جیاوازی کاردانەوەی نێوان هەردوو ڕەگەز هەیە بەهۆی جیاوازی بایلۆژیی و پەرچەکرداریانەوە بەرامبەر بە ڕەفتارەکانی قسەکەر ، هەروەها (٨٤) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٪٤٢) وەڵامی تاڕادەیەك پەسەندکراوە ، بەڵام (١٠) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٪٥) وەڵامی (نەخێر) پەسەندکراوە کە ڕێژەیەکی کەمە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە .

**خشتەی شانزدەهەم :**

هێورکردنەوە وەك کردەیەکی پۆزەتیڤیی .

| هێورکردنەوە لە هەر دۆخێکی وروژاودا بێت ، بارێکی پۆزەتیڤە نەك نێگەتیڤ : | ژمارە | ڕێژە ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٩٢ | ٤٦ |
| تاڕادەیەك | ٧٦ | ٣٨ |
| نەخێر | ٣٢ | ١٦ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠ |

لە کاری ئەم لێکۆڵینەوەیەدا هێورکردنەوە وەك کردەیەکی قسەیی شیکراوەتەوە ، لێرەدا وەك کردەیەکی واتا پۆزەتیڤیی ، (٩٢) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٪٤٦) بە (بەڵێ)

وەڵامەکەیان پەسەندکردووە ، چونکە هێورکردنەوە وەك چەمکێکی دەربڕینی هەستیی ( Emotional Expression ) ڕەواندنەوەیە بۆ سترێسە کەڵەکەبووەکانی باری دەروونیی گوێگر ، (٧٦) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٣٨٪) بۆ وەڵامی (تاڕادەیەك) هەڵبژێراوە ، بەڵام (٣٢) کەس لەکۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (١٦٪) هەڵبژێراوە کە کەمتر بە کردەیەکی واتا نێگەتیڤیی پەسەند دەکەن.

**خشتەی حەڤدەهەم :**

ڕەفتاری توند وەك چەمکێکی پۆزەتیڤیی .

| ڕەفتاری زبر و توند لە هەندێك باری قسەکردندا گرنگی خۆی هەیە ئەگەرچی گەیاندنی واتای نێگەتیڤ بێت بۆ کەسی گوێگر | ژمارە | ڕێژە٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٢٠ | ٦٠ |
| تاڕادەیەك | ٥٨ | ٢٩ |
| نەخێر | ٢٢ | ١١ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠٪ |

گەیاندنی پەیامی واتا نێگەتیڤیی بۆ گوێگر لە باری ئاخاوتندا ، دەگونجێت واتاکەی بگۆڕێت بۆ واتای پۆزەتیڤیی بۆ مەبەستی قسەی قسەکەر ، کە دەیەوێت بیگەیەنێت لە پرۆسەی پەیوەندییکردندا ، لە خشتەی (١٧) دا ، (١٢٠) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٦٠٪) وەڵامیان بۆ (بەڵێ) دەستنیشانکردووە ، بۆچوونیان وایە ، کە دەگونجێت لە هەندێك باردا گەیاندنی واتایەکی پۆزەتیڤ بێت، هەروەها ( ٥٨) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٢٩٪) وەڵامیان بۆ (تاڕادەیەك) پەسەندکردووە ، بەڵام (٢٢) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (١١٪) وەڵامیان بە (نەخێر) پەسەند کردووە ، کە ڕێژەیەکی کەمە بۆ چەندێتی تێگەیشتن لە واتای ڕەفتار / زمانی زبر .

**خشتەی هەژدەهەم :**

کردەی پۆزشهێنانەوە و هێورکردنەوە وەك دوو چەمکی نزیك واتای یەکتر .

| کردەی پۆزشهێنانەوە لە هەموو بارێکی قسەکردندا ≠ بە چەمکی هێورکردنەوە بۆ کەسی گوێگر | ژمارە | ڕێژە٪ |
| --- | --- | --- |
| بەڵێ | ٨٠ | ٤٠ |
| تاڕادەیەك | ٧٠ | ٣٥ |
| نەخێر | ٥٠ | ٢٥ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠ |

به باوەڕی قسەکەر لەباری ئاخاوتندا بەهۆی کردەی پۆزشهێنانەوەوە ، کردەی هێورکردنەوە بۆ باری ئاڵۆزیی گوێگر بەرجەستە دەکرێت ، بەڵام لەلای هەندێك گوێگر پێچەوانەیە ، بەهۆی پەیوەستبوونی تاگی گوێگر بەو بارە دەروونییەی تێیدایە ، لە خشتەی (١٨) دا ، (٨٠) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بەڕێژەی (٪٤٠) وەڵامی (بەڵێ) یان هەڵبژاردووە ، هەروەها (٧٠) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٪٣٥) وەڵامی (تاڕادەیەك) هەڵبژاردووە ، ڕێژەی ئەم دوو وەڵامە خستنەڕووی واتای پۆزشهێنانەوەیە نزیك نییە لە واتای کردەی هێورکردنەوە ، بەڵام (٥٠) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٪٢٥) وەڵامیان بۆ (نەخێر) پەسەندکردووە ، دیارە ئەم ڕێژەیە باری دەروونیی گوێگر دەردەخات بەرامبەر بە چەمکی کردەی پۆزشهێنانەوە لە باری ئاخاوتندا.

**خشتەی نۆزدەهەم :**

پێڕەوبەندانەی زمانی هێوریی لە پەروەردەکردنی خێزانی کورددا .

| لە خێزانی کوردەواریدا تا چ ڕادەیەك زمانی نەرم و هێوریی ڕەفتار بەرامبەر بە ئەندامانی خێزان لە باری پەروەردەکردندا پێڕەو دەکرێت : | ژمارە | ڕێژە ٪ |
| --- | --- | --- |
| بەڵێ | ٢٦ | ١٣ |
| تاڕادەیەك | ١٥٠ | ٧٥ |
| نەخێر | ٢٤ | ١٢ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪ ١٠٠ |

له خشتەی (١٩) دا ، بەرامبەر بە پێڕەوکردنی ڕەفتار نەرمیی لە پەروەردەکردنی خێزانی کورددا، (١٥٠) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٧٥٪) پەسەندکراوە ، بۆچوونیان وایە بە ڕێژەیەکی مامناوەندانە ڕەفتاری نەرم لە خێزانی کورددا پێڕەودەکرێت ، (٢٦) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (١٣٪) وەڵامی (بەڵێ) پەسەندکردووە ، کە ئەم ڕێژەیە ئاماژەیە بۆ دەرخستنی ئەو ڕادەی توند و نەرمییەی لە خێزانی کورددا پێڕەودەکرێن ، (٢٤) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (١٢٪) وەڵامی (نەخێر) پەسەندکردووە ، دەگونجێت ئەم ڕێژەیە ئاماژەیەکی کەمبێت بۆ پێڕەوی ڕەفتاری نێگەتیڤیی .

**خشتەی بیستەهەم :**

گرنگی ستراکچەرە زمانییەکان بۆ وروژاندن / هێورکردنەوەی گوێگر .

| دەربڕینی ڕستەی لێڵواتایی و فرەواتایی ستراکچەری کاریگەرن چ بۆ باری هێورکردنەوە چ بۆ وروژاندنی باری نێگەتیڤی ( تووڕەکردن ) ی کەسی گوێگر : | ژمارە | ڕێژە ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٨٢ | ٤١ |
| تاڕادەیەك | ١٠٢ | ٥١ |
| نەخێر | ١٦ | ٨ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ ٪ |

ڕستە لێڵواتاییەکان و فرەواتاییەکان لە باری ئاخاوتنی قسەکەر و گوێگردا کاریگەرترین فۆرمن بۆ وروژاندن / هێورکردنەوە ، چونکە دەگونجێت قسەکەر لە تەمومژیی واتای فۆرمەکاندا مەبەستی قسەکانی بە جۆر و چەشنێکی تر بۆ گوێگر شیبکاتەوە ، لە خشتەی (٢٠) دا ، (١٠٢) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٥١٪) وەڵامیان بە (تاڕادەیەك) پەسەند کردووە ، هەروەها (٨٢) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٤١٪) وەڵامیان بە (بەڵێ) پەسەندکردووە ، بەڵام (١٦) کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەکە بە ڕێژەی (٨٪) وەڵامیان بە (نەخێر) پەسەند کردووە ، کە بە بۆچوونی ئەمانە زۆرتر ستراکچەری ڕستە سادەکان کاریگەرترن بۆ وروژاندن / هێورکردنەوەی گوێگر .

## ٣/ ٤ ) فەرهەنگی وشە نەرم و واتا_جوانبەخشەکان لە زمانی کوردییدا :

لەم پارەدا سەرجەم ئەو وشە واتا– جوانبەخشانە کۆکراونەتەوە ( کۆکراوەی دەربڕاوە پۆزەتیڤەکانی زمان ) Cold Structures ، کە لە دەربڕینی زمانی کوردییدا کاریگەریی پۆزەتیڤی بۆ گوێگر بەدەست دەخات ، نموونەکانیش ئەمانەن :

| دەربڕاوەکان | لێکدانەوەکان |
|---|---|
| ئـ | |
| ئارامگرتن | ناوی ڕووداوی واتا پۆزەتیڤە. |
| ئازادیی | ئاوەڵناوی واتا – جوانبەخشە بۆ پەسنی ناو بەکاردێت . |
| ئازیز | ناوی بانگکردنە ، لە ماگزیمی ڕێزگرتنە . |
| ئاساییکردنەوە | ناوی ڕووداوی واتا پۆزەتیڤە. |
| ئاشتی | ئاوەڵناوی واتا – جوانبەخشە بۆ پەسنی ناو بەکاردێت . |
| ئاوی سارد | فرێزی ناوی یە ، واتا پۆزەتیڤە. |
| ئیف | پارتیکڵە. |
| ئێوە | نیشانەی کەسییە بۆ یەکەمی کۆ واتا پۆزەتیڤە لەجێگەی بەکارهێنانی نیشانەی کەسی یەکەمی تاک ( من ) . |
| بـ | |
| باوکەکەم | ناوی بانگکردنە ، لە ماگزیمی ڕێزگرتنە . |
| بەتام | ئاوەڵناوی واتا – جوانبەخشە بۆ پەسنی ناو بەکاردێت . |
| برا | ناوی واتا پۆزەتیڤە ، لە ماگزیمی ڕێزگرتندا بەکاردێت . |
| بەڕێز | ناوی واتا پۆزەتیڤە ، لە ماگزیمی ڕێزگرتندا بەکاردێت . |
| بەنەرمی جولآنەوە | فرێزی کردارییە ، واتا پۆزەتیڤە . |
| بەهەشت | ناوی شوێنی واتا پۆزەتیڤە. |
| بەه بەه | پارتیکڵی واتا پۆزەتیڤە . |
| پـ | |
| پاراستن | ناوی ڕووداوی واتا پۆزەتیڤە بەرامبەر بە کردارێکی واتا نێگەتیڤی. |
| پشتگیرییکردن | ناوی ڕووداوی واتا پۆزەتیڤە بەرامبەر بە کردارێکی واتا نێگەتیڤی. |

| | |
|---|---|
| پۆزشهێنانەوە | ناوی ڕووداوی واتا پۆزەتیڤە بە مەبەستی گۆڕینی بارێکی نێگەتیڤی بۆ پۆزەتیڤی. |
| پیرۆزبایکردن | ناوی ڕووداوی واتا پۆزەتیڤە لە ماگزیمی ڕێزگرتندا . |
| تـ | |
| تکاکردن | ناوی ڕووداوی واتا پۆزەتیڤە. |
| توانین | ناوی ڕووداوی واتا پۆزەتیڤە. |
| چـ | |
| چارەسەرکردن | ناوی ڕووداوی واتا پۆزەتیڤە. |
| چاکسازییکردن | ناوی ڕووداوی واتا پۆزەتیڤە. |
| خـ | |
| خەڵاتکردن | ناوی ڕووداوی واتا پۆزەتیڤە. |
| خۆشحاڵبوون | ناوی ڕووداوی واتا پۆزەتیڤە ، دەربڕینی هەستییە . |
| خۆشویستن | ناوی ڕووداوی واتا پۆزەتیڤە ، دەربڕینی هەستییە . |
| د | |
| درکپێنەکردن | ناوی ڕووداوی واتا پۆزەتیڤە. |
| دایکی دایکم | فرێزی ناویی واتا پۆزەتیڤە ، بۆ بانگکردنە . |
| دڵەکەم | فرێزی ناویی واتا پۆزەتیڤە ، بۆ بانگکردنە . |
| دیالۆگی نیشتمانی | فرێزی ناویی واتا پۆزەتیڤە ، بۆ تاوتوێکردنی ڕووداوە نێگەتیڤەکان . |
| دیموکرات | ناوی واتا پۆزەتیڤە . |
| ڕ | |
| ڕەواندنەوە | ناوی ڕووداوی واتا پۆزەتیڤە. |
| ڕەنگە | فۆرمێکی زمانیی واتا پۆزەتیڤە . |
| ڕێزگرتن | ناوی ڕووداوی واتا پۆزەتیڤە. |
| سـ | |
| سەرپێچینەکردن | ناوی ڕووداوی واتا پۆزەتیڤە، بە مەبەستی نەکردنی کرداری نێگەتیڤی. |
| سەرکەوتوو | ئاوەڵکرداری واتا – جوانبەخشە . |
| سوپاسکردن | ناوی ڕووداوی واتا پۆزەتیڤە، لە ماگزیمی ڕێزگرتندا . |

| | |
|---|---|
| کـ | |
| کاکە | ناوی بانگکردنە ، لە ماگزیمی ڕێزگرتنندا . |
| کەمتەرخەم | ناوی ڕووداوی واتا پۆزەتیڤە . |
| کچی خۆم | فرێزی ناوی بانگکردنە ، لە ماگزیمی ڕێزگرتنندا. |
| کۆچکردن | ناوی ڕووداوی واتا پۆزەتیڤە . |
| گــ | |
| گەشبینی | ئاوەڵناوی واتا — جوانبەخشە . |
| گیانلەدەستدان | ناوی ڕووداوی واتا پۆزەتیڤە . |
| فــ | |
| فەرموو | فۆرمی زمانی ماگزیمی ڕێزگرتنە. |
| قـــ | |
| قسەی خۆش | فرێزی ناوی واتا پۆزەتیڤە . |
| قسەی جوان | فرێزی ناوی واتا پۆزەتیڤە . |
| ل | |
| لەسەرخۆ | ئاوەڵکرداری واتا پۆزەتیڤە. |
| هـــ | |
| هاوسەرگیریکردن | ناوی ڕووداوی واتا پۆزەتیڤە . |
| هاوسەنگکردن | ناوی ڕووداوی واتا پۆزەتیڤە . |
| هێمنکردنەوە | ناوی ڕووداوی واتا پۆزەتیڤە . |
| هێورکردنەوە | ناوی ڕووداوی واتا پۆزەتیڤە . |

## ئــــــەنــجـــــام :

١. هەمەجۆریی پەیوەندییکردن لەنێوان قسەکەر و گوێگردا ، کاریگەریی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ دەستنیشاندەکات ، هەتا ئامرازەکانی پرۆسەی پەیوەندییکردن زۆرتربێت ، کاریگەرییەکانیش پۆزەتیڤ و ساناتر دەبن.

٢. بەکارهێنانی کردە نادەمییەکان ( جوولّە و ئاماژەکانی جەستە ) گرنگییان لە چەندێتی گەیاندنی مەبەست و واتای گوتراوەکاندا پەیوەست بە کلتوور و بەئاگایی گوێگرەوە هەیە ، چونکە چەندێتی تێگەیشتن لەو واتایانە ، پەیوەستە بە چۆنیەتی شیکردنەوە و لێکدانەوەیان لە دەوروبەری گوتندا .

٣. دەوروبەر ، مەبەستەکانی زنجیرەی قسەکردن و تێگەیشتنی قسە ڕوونتر و ئاشکراتر دەکات ، دووریاندەخاتەوە لە لێڵواتایی و نادروستی لێکدانەوەی چەمکەکان .

٤. کردەی ڕێزگرتن ، بە هەمەجۆریی ماگزیمەکانییەوە وەك یەکێك لە ڕەفتارە پۆزەتیڤەکانی کۆمەڵگا ، جۆرێکی پراکتیکییە لە هێورکردنەوەی ئاخاوتندا .

٥. نیشانە پڕاگماتیکییەکان ، وەك کەرەستەیەکی زمانیی لە پرۆسەی هێورکردنەوەدا بەشداردەبن، بە تایبەتی نیشانە کەسییەکانی کۆ ( ئێمە – ئێوە – ئەوان ) ، بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی نێگەتیڤی دەربڕاوەکان گرنگن .

٦. کردە قسەییەکان ، کە بۆ شیکردنەوەی مەبەستی دەربڕاوەکانە ، بەهۆی ( هێزی ڕەوانبێژی ، ئاماژە ، کاریگەری گوتن ) ەوە ، هاوکات ( هێورکردنەوە ) وەك کردەیەکی قسەیی بۆ ساناتر کردنی مەبەستەکانی قسەیە چ لە بواری سیمانتیك چ لە بواری پڕاگماتیك . هێورکردنەوە وەك کردەیەکی قسەیی ، کەمکردنەوەی ئاڵۆزییەکانی تێنەگەیشتنە لە مەبەستی دەربڕاوەکان .

## ئەنجامە ڕاپرسییەکان:

١. گرنگی ڕەگەزی نێر و مێ ، لەوەدا دەردەکەوێت ، کە وەك دوو دەرخەری کاردانەوە جیاوازەکانی مەبەستی پەیامی قسەکەرن ، کە ئەمەش ساناکردنێکە بۆ قسەکەر لەپێناوی هێورکردنەوەی گوێگردا .

٢. دەگونجێت لە هەندێك باری گوتندا ، زبری و توندی زمان پەیڕەو بکرێت ، ئەگەرچی زمان هێوریی پێویستە ، بەڵام پراکتیزەکردنی ئەو توندییە دەبێتە کاردانەوەی پۆزەتیڤی لەلای هەندێك گوێگر ، لە پێناوی پێشێلنەکردنی ڕەفتارە پۆزەتیڤەکانی قسەکەر خۆی . ( ئەم فاکتەرە یەکێکە لە فاکتەرە پۆزەتیڤەکانی بەکارهێنانی زمان زبریی ) .

٣. گرنگی پەیامە ئاینییەکان لەو کاردانەوانەی گوێگردا بەدیدەکرێت ، کە تاکە قسەکەرێك دەتوانێت بەهۆی پەیامی واتا پۆزەتیڤەوە ئاڕاستەکرداری نێگەتیڤی ژمارەیەك لە گوێگر بگۆڕێت، هاوکات بۆ ڕاگەیاندنیش دەگونجێت .

٤. بەکارهێنانی هەریەکێك لە جۆری ستراکچەرە ڕستەکان لە ڕووی ڕۆنانەوە (هەواڵدان ، پرسیاریی، فەرماندان) گرنگی خۆیانیان هەیە بۆ پرۆسێس هێورکردنەوە ، کە بە باوەڕی گوێگران بەکارهێنانی ستراکچەرە (هەواڵدان ، پرسیاریی) هێورتر و نەرمترن بە بەراورد لە بەکارهێنانی ستراکچەری (فەرماندان) ، بەکارهێنانی خودی ( فەرماندان ) ( فەرماندانی نائاشکرا ) هێورتر و نەرمترە لە ( فەرماندانی ئاشکرا ) .

بۆ ئەم کارە داتای وەرگیراو لە (٢٠٠) خوێندکاری زانکۆی سلێمانی بە بەکارهێنانی پرسیاری ئامادەکراو سەبارەت بە بابەتی لێکۆڵینەوەکە بۆساڵی خوێندنی (٢٠١٢ _ ٢٠١٣ ) ئەنجامدراوە ، کە پرسیاری گشتی و پرسیاری تایبەت بە بابەتی لێکۆڵینەوەکە لەخۆ گرتووە .

## پاشکۆی ژمارە (١) :

### خشتەی (١):

**شوێنی نیشتەجێبوون .**

| شوێنی نیشتەجێبوون | ژمارە | ڕێژە٪ |
|---|---|---|
| ناوەندی پارێزگا | ٨٨ | ٤٤ |
| قەزا | ٦٢ | ٣١ |
| ناحیە | ٣٤ | ١٧ |
| گوند | ١٦ | ٨ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠ |

### خشتەی (٢) :

**ئاستی ئابووری**

| ئاستی ئابووری | ژمارە | ڕێژە٪ |
|---|---|---|
| زۆرباش | ١٨ | ٩ |
| باش | ٦٤ | ٣٢ |
| مامناوەند | ١١٤ | ٥٧ |
| خراپ | ٤ | ٢ |
| زۆر خراپ | ٠ | ٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠ |

**خشتەی (٣) :**

**ئاستی خوێندەواری باوك**

| ئاستی خوێندەواری | ژمارە | ڕێژە٪ |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ٦٤ | ٣٢ |
| خوێندەواری هەیە | ٤٤ | ٢٢ |
| سەرەتایی | ٨ | ٤ |
| ناوەندی | ١٢ | ٦ |
| ئامادەیی | ٤ | ٢ |
| دبلۆم | ٢٨ | ١٤ |
| بەکالۆریۆس | ٢٤ | ١٢ |
| ماستەر | ٠ | ٠ |
| دکتۆرا | ١٦ | ٨ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠ |

**خشتەی (٤) :**

**ئاستی خوێندەواری دایك**

| ئاستی خوێندەواری | ژمارە | ڕێژە٪ |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ٧٢ | ٣٦ |
| خوێندەواری هەیە | ٣٥ | ١٧,٥ |
| سەرەتایی | ٢٥ | ١٢,٥ |
| ناوەندی | ٢٠ | ١٠ |
| ئامادەیی | ٨ | ٤ |
| دبلۆم | ٥ | ٢,٥ |
| بەکالۆریۆس | ٣٥ | ١٧,٥ |
| ماستەر | ٠ | ٠ |
| دکتۆرا | ٠ | ٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠ |

## پاشکۆی ژمارە (٢) :

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان / سکوڵی زمان
بەشی کوردی

## فۆرمی زانیاری دەربارەی ﴿ کاریگەریی هێورکردنەوە لە دەربڕینی زمانی کوردیدا ﴾ توێژینەوەیەکی زمانیی مەیدانییە لە زانکۆی سلێمانی

ئامادەکار : نــاز ئەکرەم سەعید
خوێندکاری خوێندنی باڵا ( ماستەر )
سەرپەرشتیار : پ.ی.د.ئەبوبەکر عومەر قادر

ژمارەی فۆرم : ٢٠٠
شوێنی چاوپێکەوتن : زانکۆی سلێمانی
بەرواری چاوپێکەوتن : ٥ / ٥ / ٢٠١٣

**تێبینی** //

١. پێویست ناکات ناوی خۆت بنووسیت .
٢. نیشانەی گونجاو ( √) لە شوێنی گونجاودا دابنێ .

********************************************

**زانیاریی گشتیی** :

١. ڕەگەز : نێر (  )   مێ (  )
٢. تەمەن (  )
٣. شوێنی نیشتەجێبوون : ناوەندی پارێزگا (  ) ناوەندی قەزا (  ) ناوەندی ناحیە (  ) گوند(  )
٤. ژمارەی ئەندامانی خێزان : (  ) کەس

٥. ئاستی ئابووری : زۆرباش (   ) باش (   ) ، مامناوەند (   ) ، خراپ (   ) ، زۆرباش(   ) ، زۆر خراپ (   ).

٦. ئاستی خوێندەواری باوك : نەخوێندەوار (   ) خوێندەواری هەیە (   ) دەخوێنێتەوە و دەنووسێت (   ) سەرەتایی (   ) ناوەندی (   ) ئامادەیی (   ) دبلۆم (   ) بەکالۆریۆس (   ) ماستەر (   ) دکتۆرا (   ) .

٧. ئاستی خوێندەواری دایك : نەخوێندەوار (   ) خوێندەواری هەیە (   ) دەخوێنێتەوە و دەنووسێت (   ) سەرەتایی (   ) ناوەندی (   ) ئامادەیی (   ) دبلۆم (   ) بەکالۆریۆس (   ) ماستەر (   ) دکتۆرا (   ) .

***************************************

**<u>زانیارییە پسپۆرییەکان</u>** :

٨. لە دەربڕیندا کام لەمانە کاریگەریی زۆرترە لەلای گوێگر :

أ. وشە (  )   ب. فرێز (  )   پ. ڕستە (  )   ت. دەق (  )

٩. لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتییدا پێڕەوکردنی دەربڕین ، بە شێوازی نەرم و هێوریی پێویستە لە :

أ. بۆنە کۆمەلآیەتییەکاندا (  )   ب. هەموو شوێن و کاتی قسەکردن (  )   پ. هەندێك بار و دەوروبەر (  )   ت.ڕەچاوکردنی باری دەروونیی کەسی گوێگر (  )

١٠. ڕێزگرتن بەشێکە لە ڕەفتاری هێورکردنەوە :

أ. بەڵێ (  )   ب. تا ڕادەیەك (  )   پ. نەخێر (  )

١١. لە کاتی قسەکردن و ئاخاوتندا قسەکەر پێویستە پێڕەوی کام لەمانە بکات :

أ. پلە و پایەی ڕۆشنبیری کەسی گوێگر (  )   ب. باری دەروونیی کەسی گوێگر (  )

پ. تەمەن و جۆری ڕەگەزی کەسی گوێگر (  )   ت. جۆری بابەتی پەیامی قسەکەر خۆی (  )

١٢. دەربڕینی وشە تابۆکان یان وشە واتا– جوانبەخشەکان کاریگەرترن بۆ ئاڕاستەی پۆزەتیڤی کەسی گوێگر :

أ. بەڵێ (  )   ب. تاڕادەیەك (  )   پ . نەخێر (  )

١٣. کام لەمانەی خوارەوە بزوێنەرترە بۆ کاردانەوە / وەڵامدانەوەی پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤی گوێگر :

أ. پەیام (  )   ب. چەندێتی و چۆنیەتی شیکردنەوەی پەیام لەلایەن گوێگرەوە (  )

پ. بار و دەوروبەری گوتن (  )   ت. هەموو ئەوانەی پێشتر (  )

١٤. ئایا میدیا و ڕۆژنامەکان ، ئامرازی سەرەکیی گواستنەوەن بۆ ئاڕاستەکردنی گوێگر بۆ کرداری پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ لەناو کۆمەڵگادا :

أ. بەڵێ (  )   ب. تاڕادەیەك (  )   پ. نەخێر (  )

١٥. پەیامی ئاینیی کاریگەرترین ئامرازی ئاڕاستەکرداری گوێگرە بۆ ڕەفتاری هێوریی و هێمنانە:

أ. بەڵێ ( )   ب.تاڕادەیەك ( )   پ. نەخێر ( )

١٦. دەربڕینی پەیام بە وێنەوە لە پرۆسەی گەیاندنی مەبەستدا سەرکەوتوترە :

أ. بەڵێ ( )   ب. تاڕادەیەك ( )   پ. نەخێر ( )

١٧. زبری و توندی دەربرین ، یەکێکە لەو شێوازە زمانییەی ، کە لەلای تاك و کۆمەڵگای ڕۆژهەلاتیی نەویستە :

أ. بەڵێ ( )   ب. تاڕادەیەك ( )   پ. نەخێر ( )

١٨. زمان زبری ، تایبەتە بە چینی کۆمەڵگای بازاڕیی ، زمان هێوریی تایبەتە بە چینی کۆمەڵگای ڕۆشنبیران :

أ. بەڵێ ( )   ب. تاڕادەیەك ( )   پ. نەخێر ( )

١٩. هێورکردنەوە و ڕەفتاری نەرمی جولاندنەوە لە کۆمەڵگای ڕۆژهەلاتیدا ڕەفتارێکی نێگەتیڤە ( استغلالکردنی بەرامبەر) بە بەراورد لە کۆمەڵگای ڕۆژئاواییدا پێچەوانەیە :

أ. بەڵێ ( )   ب. تاڕادەیەك ( )   پ. نەخێر ( )

٢٠. بەکارهێنانی کردەی نازمانیی ( جووڵەی جەستە ) زۆرتر کاریگەرترن بۆ باری هەڵچوون یاخود هێورکردنەوە ، بە بەراورد لە دەربڕینی کەرەستە زمانییەکان :

أ. بەڵێ ( )   ب. تاڕادەیەك ( )   پ. نەخێر ( )

٢١. گرنگی واتای تێگەیشتن لە واتای فۆرمە زمانییەکان پەیوەستە بەو بار و دەوروبەرەی کە گوێگر تێیدایە نەك قسەکەر :

أ. بەڵێ ( )   ب . تاڕادەیەك ( )   پ. نەخێر ( )

٢٢. ڕادەی وروژاندن و کاریگەربوون بە واتای فۆرمە زمانیی و نازمانییەکان لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ دا جیاوازن لەیەکتر ئەویش بەهۆی جیاوازی ڕەفتار و بایلۆژیی و پەرچەکرداری هەریەکێکیانەوە :

أ. بەڵێ ( )   ب. تاڕادەیەك ( )   ت. نەخێر ( )

٢٣. هێورکردنەوە لە هەر دۆخێکی وروژاودا بێت ، بارێکی پۆزەتیڤە نەك نێگەتیڤ :

أ. بەڵێ ( )   ب. تاڕادەیەك ( )   پ. نەخێر ( )

٢٤. ڕەفتاری زبر و توندیی لە هەندێك باری قسەکردندا گرنگی خۆی هەیە ئەگەرچی گەیاندنی واتای نێگەتیڤ بێت بۆ کەسی گوێگر : أ. بەڵێ ( )   ب. تاڕادەیەك ( )   پ. نەخێر ( )

٢٥. کردەی پۆزشهێنانەوە لە هەموو بارێکی قسەکردندا ≠ بە چەمکی هێورکردنەوە بۆ کەسی گوێگر:

أ. بەڵێ ( )        ب. تاڕادەیەك (   )            پ. نەخێر ( )

٢٦. لە خێزانی کوردەواریدا تا چ ڕادەیەك زمانی نەرم و هێوریی ڕەفتار بەرامبەر بە ئەندامانی خێزان لە باری پەروەردەکردندا پێڕەو دەکرێت :

أ. بەڵێ ( )        ب. تاڕادەیەك (   )            پ. نەخێر ( )

٢٧. پەیوەستبوونی تاك بە کلتوور و تێڕوانین و یاسا و دەستووری کۆمەڵگا ، جۆرێکە لە هێوریی و ڕەفتار نەرمی ئەو تاکە لەناو ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژی :

أ. بەڵێ ( )        ب. تاڕادەیەك (   )            پ. نەخێر ( )

٢٨. دەربڕینی ڕستەی لێڵواتایی و فرەواتایی ستراکچەری کاریگەرن چ بۆ باری هێورکردنەوە چ بۆ وروژاندنی باری نێگەتیڤی ( تووڕەکردن ) ی کەسی گوێگر :

أ. بەڵێ ( )        ب.تاڕادەیەك (   )            پ. نەخێر ( )

*****************************************

## سەرچاوەکان :

### أ. کتێب :

- **بەزمانی کوردی :**


١. چەند نووسەرێك : و : بەرزان محەمەد عەلی ، ( ٢٠١٢ ) ، **نەخۆشییە دەروونیەکان هۆکارو چارەسەر** ، چاپی یەکەم ، چاپەمەنی چوارچرا ، سلێمانی .

٢. ڕەفیق شوانی ، ( ٢٠٠٩ ) ، **زمانەوانی ( کۆمەڵێك وتار )** ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی خانی (دهۆك)، هەولێر .

٣. ڕێنێ دیکارت ، و : ئارام ئەمین شوانی ، ( ٢٠١٠ ) ، **هەڵچوونەکانی دەروون** ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی خانی ( دهۆك ) ، هەولێر .

٤. سەلام کەریم عەلی ، ( ٢٠٠٥ ) ، **زمان و ڕۆژنامە** ، چاپی یەکەم ، چاپەمەنی چوارچرا ، سلێمانی.

٥. سەلام ناوخۆش – نەریمان خۆشناو ، ( ٢٠٠٩ ) ، **زمانەوانی** ، بەرگی (١ ، ٢ ، ٣ ) ، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە ، هەولێر .

٦. شیلان عوسمان عەبدولرەحمان ، ( ٢٠٠٩ ) ، **کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا** ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی هاوسەر ، هەولێر .

٧. عەبدولواحید موشیر دزەیی ، ( ٢٠٠٥ ) ، **ڕەهەندی دەروونی لە بواری ڕاگەیاندندا** ، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب ، هەولێر .

٨. __________ ، ( ٢٠١٠ ) ، **واتاسازی وشە و ڕستە** ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر .

٩. __________، ( ٢٠١١ ) ، **زانستی پراگماتیك** ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی پاك ، هەولێر .

١٠. عەلی عەبدولواحید ئەلوافی ، و : ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم ، ( ٢٠٠٧ ) ، **زانستی زمان** ، چاپی یەکەم ، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر .

١١. عیزەدین ئەحمەد عەزیز ، ( ٢٠١٢ ) ، **بنەماکانی دەروونزانی گشتی** ، چاپی سێهەم ، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر .

١٢. کەریم شەریف قەرەچەتانی ، ( ١٩٩٧ ) ، **سایکۆلۆژییەتی مناڵ** ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی زانکۆ، هەولێر .

١٣. __________، ( ٢٠١٠ ) ، **نەخۆشی و گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان** ، چاپی دووهەم ، چاپخانەی پەیوەند ، سلێمانی .

١٤. کۆمەڵێك زمانەوان ، و : محەمەدی مەحویی ، ( ٢٠٠٩ ) ، **مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان** ، چاپخانەی ڕەنج ، سلێمانی .

١٥. گلێن ستێن هاوس ، و : عەلی ئەکبەر مەجیدی ، ( ٢٠٠٩ ) ، **کلیلی پەروەردەی منداڵ** ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی .

١٦. لارس میلێن ، و: غازی عەلی خورشید ، ( ٢٠١٠ ) ، **سایکۆلۆژیای زمان** ، چاپخانەی سپیرێز ، دهۆك.

١٧. محەمەد ئەمین حسێن ، ( ٢٠٠٤ ) ، **زمانی جەستە ( پەیوەندییە گۆنەکراوەکان )** ، وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان .

١٨. محەمەد محەمەد یونس عەلی ، و : نەریمان خۆشناو ، ( ٢٠١٠ ) ، **سەرەتایەك بۆ زانستەکانی واتاسازی و پراگماتیك** ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر .

١٩. محەمەدی مەحویی ، ( ٢٠٠١ ) ، **زمان و زانستەکانی زمان ( سەرەتایەك بۆ زانستی زمان )** ، بەرگی یەکەم ، چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی .

٢٠. ____________ ، ( ٢٠٠٦ ) ، **ئاوەزداریی و ڕێزمانی ناوەڕۆك _ وابەستە** ، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی .

٢١. ____________ ، ( ٢٠٠٩ ) ، **زانستی هێما ، واتا و واتا لێکدانەوە** ، بەرگی یەکەم ، چاپخانەی پەیوەند ، زانکۆی سلێمانی .

٢٢. ____________ ، ( ٢٠٠٩ ) ، **زانستی هێما ، واتا و واتا لێکدانەوە** ، بەرگی دووهەم ، چاپخانەی پەیوەند ، زانکۆی سلێمانی .

٢٣. محەمەد مەعروف فەتاح ، ( ٢٠١٠ ) ، **لێکۆڵینەوە زمانییەکان** ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر .

٢٤. ____________ ، ( ٢٠١١ ) ، **زمانەوانی** ، چاپی سێهەم ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.

٢٥. نوری جەعفەر ، و : سابیر بۆکانی ، ( ١٩٧٠ ) ، **سروشت و پەرەسەندنی هزر** ، چاپی یەکەم .

٢٦. هـ. د. ویدۆوسن ، و : هۆشەنگ فاروق ، ( ٢٠٠٨ ) ، **سەرەتایەك بۆ زمانەوانی** ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی خانی ( دهۆك ) ، هەولێر .

## ب. **نامەی ئەکادیمی** :

١. ئەبوبەکر عومەر قادر ، ( ١٩٩٢ ) ، **پرسیار لە زمانی کوردیدا** ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سلێمانی .

٢. ئاڤێستا کەمال مەحمود ، ( ٢٠٠٦ ) ، **پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان** ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی .

٣. ئاڤێستا کەمال مەحمود ، ( ٢٠١٢ ) ، **پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا** ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی .

٤. بەهار زایر محەمەد ، ( ٢٠٠٩ ) ، **زمان و یاسا کۆمەلآیەتییەکان** ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلآحەدین .

٥. تابان محەمەد سەعید ، ( ٢٠٠٨ ) ، **گەشەسەندن و پوکانەوەی گەنجینەی وشە لە زمانی کوردیدا**، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی .

٦. تریفە عومەر قادر ، ( ٢٠٠٨ ) ، **مەبەستە پراگماتیکییەکان لە وتاردا** ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سەلآحەدین .

٧. ڕەحیم قادر سورخی ، ( ٢٠٠٥ ) ، **ڕۆڵی واتا لە پرۆسێسی پەیوەندییە گشتییەکاندا** ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی پەروەردە ، زانکۆی سەلآحەدین .

٨. سازان ڕەزا مەعین ، ( ٢٠٠٥ ) ، **واتا و دەوروبەر** ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان .

٩. شاخەوان جەلال فەرەج ، ( ٢٠١١ ) ، **تابۆ ( وەك نموونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کلتوور )** ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی .

١٠. شنە ئەبوبەکر ئەحمەد ، ( ٢٠٠٨ ) ، **زمانی جەستە** ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سەلآحەدین .

١١. قەیس کاکل تۆفیق ، ( ١٩٩٥ ) ، **جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردەقسەییەکان** ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلآحەدین .

١٢. هۆگر مەحمود فەرەج ، ( ٢٠٠٠ ) ، **پراگماتیك و واتای نیشانەکان** ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی .

١٣. هێمن عەبدولحەمید شەمس ، ( ٢٠٠٦ ) ، **شێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەلآیەتییەکاندا** ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە .


### پ.ڕۆژنامە :


١. کوردستانی نوێ ، ( ٢٠١١ ) ، ژمارە ( ٥٣٩١_ ٥٥٣٦ ) ، سلێمانی .

٢. هاوولآتی ، ( ٢٠١١ ) ، ژمارە ( ٧٠١ _ ٧٥٠ ) ، سلێمانی .

**ت. گۆڤار :**

١. بەكر عومەر عەلی _ محەمەد عومەر عەول ، ( ٢٠١٠ ) ، **ئاواز و پراگماتیك لە ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆدا** ، گۆڤاری زانكۆ ، ژمارە ٢٨ .

٢. بەهزاد موحسین ، ( ٢٠٠٨ ) ، **كۆ زمانەوانی** ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە ١٢٩ .

٣. سەمیرە ئەحمەد ، ( ٢٠٠٨ ) ، **گەیاندن و ڕاگەیاندن لە كۆمەڵگا هاوچەرخەكاندا** ، گۆڤاری بیری نوێ ، ناوەندی ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە ٤٣ ، هەولێر .

٤. شەهاب شێخ تەیب ، ( ٢٠١٠ ) ، **زمان و كۆمەڵ** ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە ١٥٦ .

٥. فلیپ لیبرمان ، و : ڕۆشنا ئەحمەد ، ( ١٩٨٨ ) ، **مرۆڤ چۆن توانای ئاخاوتنی دەستەبەر كرد ؟** ، گۆڤاری زانستی زمان ، ژمارە ٣٤ .

٦. كاوە عەبدولكەریم ، ( ٢٠٠٧ ) ، **زمان و پرۆسەی پەیوەندییكردن** ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە ١١٨ .

٧. محەمەد مەعروف فەتاح ، ( ١٩٨٦ ) ، **سنوور و بنەما و ئەركەكانی كۆ زمانەوانی** ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژ ١١٢ .

٨. یونس سلێمان ئەحمەد ، ( ٢٠١١ ) ، **زانستی زمانی كۆمەڵایەتی وەك لقێكی زانستی زمان** ، گۆڤاری ڕامان ، ژ ١٧٠ .

**چاوپێكەوتن** :

١. توانا فەرەیدون حسێن ، مامۆستای كۆلێژی كۆمەڵناسی ، زانكۆی كۆیە ، ٢١ /١٢ /٢٠١٢.

- **بە زمانی عەرەبی :**

١. ابراهيم محمود خليل ، ( ٢٠٠٧ ) ، **في اللسانيات و نحو النص** ، الطبعة الاولى ، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة ، عمان .

٢. جان جاك لوسركل ، ت : محمد بدوي، ( ٢٠٠٥ ) ، **عنف اللغة** ، الطبعة الاولى ، المركز الثقافي العربي، الجزائر .

٣. جمعة سيد يوسف ، ( ١٩٩٠ ) ، **سيكولوجية اللغة و المرض و العقلي** ، سلسلة عالم المعرفة ، الكويت .

٤. جون لاينز ، ت : عباس صادق وهاب ، (١٩٨٧ ) ، **اللغة و المعنى و السياق** ، وزارة الثقافة و الاعلام دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد .

٥. حاتم صالح الضامن ، ( ١٩٨٩ ) ، **علم المعاني** ، طبع بمطابع التعليم العالي ، الموصل .

٦. عبده الراجحي ، ( ٢٠٠٤ ) ، **اللغة و علوم مجتمع** ، دار النهضة العربية ، لبنان .

٧. فردينان دى سوسور ، ت : يوئيل يوسف عزيز ، ( ١٩٨٨ ) ، **علم اللغة العام** ، مطبعة بيت الموصل.
٨. نايف خرما ، ( ١٩٧٨ ) ، **أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة** ، سلسلة كتب ثقافية ، يصدرها المجلس الوطني للثقافة و الفنون الادب ، الكويت .
٩. هادي نهر ، ( ١٩٨٨ ) ، **علم اللغة الاجتماعي عند العرب** ، الطبعة الاولى ، دار الغصون بيروت – لبنان .
١٠. هدسون ، ت : محمود عبدالغني عياد ، ( ١٩٨٧ ) ، **علم اللغة الاجتماعي** ، الطبعة الاولى ، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد .

- **به زمانى ئينگليزى :**

1. Akmajian ,A. others , ( 1984 ) , **An Introduction to Language and Communication** , Fourth Edition , Cambridge –London .
2. Pease , A. ( 1981 ) , **Body Language** , First Published , By Camel Publishing Company.
3. Pease ,A. ( 2004 ) , **psychology Body Language** , Published in Australia .
4. Shelly , C. ( 1992 ) , **Speech Act and Pragmatics in Sentence Generation**,universityWaterloo,Canada.
5. Crystal , D. ( 1992 ) , **An Encyclopedya Language and Languages** , USA, First Published .
6. Yule , G. ( 1996 ) , **Pragmatics** , First Published , Oxford – New York.
7. Yule , G. ( 2006 ) , **The study of Language** , Third Edition , Published in the United States of America By Cambridge University Press , New york.
8. Haverkate , H. ( 1992 ) ,**Deictic Categories As Mitigating Device**, University of Amesterdam.
9. Verschueran , J. ( 1999 ) **, Understanding Pragmatics** ,London .
10. Fast , J. ( 1971 ) , **Body Language** , First Published , Britain – London.
11. Fromkin,others,( 2007 ),**An introduction to Language and Communication**, Fourth Edition, Cambridge – London.

**پێگەی ئینتەرنێت :**

1. www.rle.mit.edu/smcg/perkell-people.html
2. http://www.cognitiveatlas.org/term/id/trm 4a3fd79d0b247
3. Joi-commstudies.blogspot.com
4.http://www.sciencedirect.com/science/article/pii/B0080448542 010750.
5.www.sciencedirect.com/science/article/pii/B008044854200392.
6. www.sciencedirect.com/Science/Journal.
7. www.arabency.com/index.php?module=pnEncyclopedia&func= display-term&id=1223&ms.
8. www.thefreedictionary.com.
9. http://www.bookloons.com/cgi-bin/Review.asp?bookid=1499.
10. http://www.skyewentworth.org/miller.html.
11.http://www.ehow.com/info 8113513 techniques-calm-down-angry-person.html.
12. www.YouTube.com/watch?V= 50oNKxmEyY .

# ملــــخص البحــث

هده الدراسة الموسومة ( أحداث الكلامية (( تهدئة في التعبيرات )) دراسة تطبيقية ، و هي أحداث كلامية و مفهوم سلوكي ، مع ان هدا المفهوم بشكل حاجز أمام التعابير الغير لغوية و التعابير اللغوية دات معاني سلبية ، فأنه مفهوم نفسي لانه مرتبط بتقليل الانفعالات و التعقيدات النفسه للمستمع الدي يصيبها جراء التأثير الدي يحدثه المتكلم . لهدا تقل التعقيدات في كيفية و نوعية تحليل مقاصد الكلام في كلتا العمليتين الأتصال و الفهم ، فهناك من البيئة التي تؤثر على العمليتين كالمحيط الفيزيائي ، اللغوي ، المادي ،....)

هدا البحث يتألف من ثلاثة فصول :

**الفصل الأول** : يتضمن أربعة محاور في هدا الفصل حددنا الجوانب النظرية للمواضع متنوعة كاللغة و الأحداث، عملية كلام ، الأتصال ..... نظرية الأحداث الكلامية و انواعها ، الجوانب لايجابية .

**الفصل الثاني** : خصصنا هدا الفصل للعلاقة بين لغة الجسد و التهدئه ، و يتألف من أربع محاور ، قمنا بتحليل مصطلح و مفهوم التهدئة و أيضا بحثنا في مواضيع كثيرة منها تنوع لانفعالات النفسيه حسب نوعية التعبير مع تلك التقنيات التي تشارك في عملية لتهدئة وضحنا ايجابيات و سلبيات التهدئه في لغة الجسد.

**الفصل الثالث** : خصصناه لانعكاسات التهدئة في التعبير في اللغة الكردية و هدا الفصل أيضا يتألفِ من أربعة محاور و فيه لم نتطرق الا قليلا الى الجوانب النظرية لأننا اشرنا الى جمع تلك الأمثلة التي تتمحور حول ( المشاكل السياسية ، الأقتصادية ، لغة الأعلام ) و التي تركت اثارهما الايجابية و السلبية على المستمع لأن في عصرنا الحالي وسائل الأعلام ضمن عنصر المتكلم و دلك بسبب التطور الحاصل في مجال التكنولوجيا و هدا ما أدى الى اثارة المتكلم ورد فعل مقابل للمجتمع .

و في النهاية عرضنا أحصاء علميا ( بأختيار نوعية العينة ) من طلاب جامعة السليمانية ، أعتمد عليها الباحث حيث شمل (٢٠٠) طالب و طالبة ، و دلك بغية تحديد أهمية و تأثير التهدئة على عنصر المستمع في التعبير باللغة الكردية .

# Abstract

This research where is the name of thesis : Speech Acts ***( Calm- Down in Kurdish Language's Expressions )*** focusing on Giving importance to such a subject of sosio- linguistic science as a speech act is practical analysis; a real expression of calm is a behavior meaning , although this expression is considered as a hedge in comparison with the verbal and non-verbal or negative structures , Also this expression is psychological because it is related to the status of reducing angriness and its psychological difficulties . This happens because of the factors and effectiveness of the speaker (verbal and non-verbal structures) . And so the instability and difficulties be reduced in analyzing the speaker’s purpose in the both processes of understanding and communication. And so those two processes affected some types around. Such as (physical status, linguistic, community, psychological,….)

This research is consist of : a Preface , three main parts and a Conclusion . **The first part** contains 4 sections , which take part in such theoretical sides like ( language and speech acts, speech production process , speech perception , communicating , and speech act theory , and the positive side of speech act theory) are assigned.

**The second part** is assigned to relation between body language and calm . And this part composed of 4 sections . Along with analyzing language and expression of calm. Some of the subjects have given its interest such as (various psychological affects according to the type of expression. With those techniques that participate in calm process. After that calm negative and positive use in body language. That mentioned in those subjects.

**The third part** is specified to (effect of calm in Kurdish language expression) , which this part is composed of 4 sections . In this part less mentioned about theoretical sides, more interest are given about (political issues , economic , media language) its effective and importance in comparison with the negative and positive reactions of the listener. Because in mean time gender speaker also contains media reasons, Because of various changing in technology, and this takes to expansion in effect of speaker and reaction of listener.

Also in this part field science work have mentioned by disclosing scientific instrument ( choosing the quality of sample ) where the researcher depends on a structure of a class set of sulaymaniah university students, rated by 200 units of both sex male and female in purpose of disclosing importance and effectiveness of calm in Kurdish language expression by the listener gender.